# عەبدوڵڵا پەشێو

## شاعیرێک لە ڕەگەزی سەربزێوی



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی:
زیاد نادر عاڵڵایی

# عەبدوڵڵا پەشێو
# شاعیرێک لە ڕەگەزی سەربزێوی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی:

**زیاد نادر عاڵڵایی**

٢٠١٣

لە بڵاوکراوەکانی
خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

(٥)

له بڵاوكراوەكانی

خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە

ناوی كتێب: عەبدوڵڵا پەشێو شاعیرێك لە ڕەگەزی سەربزێوی

ئامادەكار: زیاد نادر عاڵڵایی

نەخشاندنی بەرگ: حامید سەقزی

تایپ: سەنگەر عارەب، شێرزاد عەزیز، حوسێن عەبدولڕەحمان،

خەسرۆ ئیسماعیل

هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپخانەی شەهاب – هەولێر

سەرپەرشتیاری هونەری چاپ

ئەردەلان عەبدولڕەحمان ڕەشید

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە

سپاردنی ٢٦ ساڵی ٢٠١٣ی دراوەتێ

**پێشکەشە بە:**

**– دایک و باوکی خۆشەویستم**

**– چاوەکانی سروە ، ڤارین ، داڤین.**

**– ڕۆحی هەرمانی کەریم نادر عاڵلایی،**
**ئەو ئەدیب و شاعیرەی لە شەوستاندا، چلچرایەکی**
**ڕۆشنا و داگیرساو بوو.**

**– عاشقانی دنیای سەوز و مەستانەی پەشێو،**
**لە هەر کونج و کەلەبەرێکی دنیادا هەن.**

# خەونێک، پڕ مەراق و ماندوویەتی

لەوەتەی وشە و قەڵەم و کتێب و شیعرم ناسیوە، لەوەتەی ئاشنا و ڕۆشنای دنیای سەوز و مەستانەی ئەدەب و فەرهەنگ و ڕووناکبیری بووم، لە هەموو ئەدیب و نووسەر و شاعیرێک زێدەتر و زیاتر (عەبدوڵڵا پەشێو) چ وەکو شاعیر.. چ وەکو مرۆڤ و سیمبول.. چ وەکو کەسێکی کاریزما و خودان هەڵوێستی ڕەند و جوامێرانە لە ڕۆژە ناسک و نەگریسەکاندا، ڕۆح و چاو و هەستی منی پەلکێش و ڕاکێشی چەمەنستانی شیعرەکانی خۆی کردووە.

پەشێو دەریایەکە، هەمیشە سیحراوی و ئەفسووناوی و دڵڕفێن خۆ دەنوێنێ،

گەوهەرستانێکە، شیعرەکانی گەواهی نەمری و مانەوە و خۆشەویستین،

شاعیرێکە، لە ڕێگەی شیعرە شەنگ و شەپاڵ و دەلالەکانیەوە، زۆربەی سنوور و جوگرافیا و کەوشەنەکانی بەزاندووە. پەشێو نزیکترین شاعیرە لە ڕۆحی شکاو و ڕەنجاو و سووتاوی عاشقان و خوێنەران. لە دیدی منیشدا پەشێو، وەکو شاعیرێکی بە ئەزموون و خودان ستایل و سەبک و شێوازی تایبەتیی خۆی، خۆشەویستە. هەر ئەو خۆشەویستییەش هانی دام مل بدەمە بەر ئەو کارە فەرهادییە. بەڵام، وەکو ئەوەی شیعرەکانی ئەو کاریگەرییان لەسەر زمان و زەین و شیعر و دنیای تایبەتیی من هەبێ، بڕوام نییە پەشێو ئەو کاریگەرییە گران و گەورەیەی هەبووبێ. هەروەکو چۆن شیعرەکانی کەریم دەشتی و لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس و فەریدوون موشیری و ئۆکتافیۆ باز دەخوێنمەوە، ئاواش شیعرەکانی پەشێو دەخوێنمەوە و نەیانتوانیوە ئەو کاریگەرییە لە نێو

تێکستەکانمدا جێبهێڵن، مەگەر جار جارە لە دێڕێکدا، لە نائاگاییەوە، خەیاڵێک.. ڕستەیەک.. دەستەواژەیەک خۆی ترنجاندبێتە ناو ڕەشبەڵەکی شیعرێکمەوە، ئەویش زۆر کەم. کارکردنی من لەم پڕۆژەیەدا هۆیەکەی خۆشەویستییە نەک کاریگەری. ئاخر دنیای شیعری من زۆر جیاوازە لەگەڵ دنیای شیعرەکانی پەشێو. مێژووش ئەو هەقیقەت و ڕاستییە دەسەلمێنێ. ئەوە حیکایەتێکی نەبڕاوەیە و ئێرە جێی وتن و گێڕانەوەی نییە!

***

لێرە و لەوێ.. کەم و زۆر.. پێویست و ناپێویست، خزمەت بە قەڵەم و داهێنان و خەون و نووسین و شیعرەکانی پەشێو کراوە. لە شاعیرانی هاوچەرخدا، کەم شاعیری تر هەیە بە قەد ئەو لەسەری نووسرا بێ، یا وترابێ. هەر ئەو نووسین و وتار و وتنانەش بوون بیرۆکە و خەیاڵی خەونی پڕۆژەیەکی گەورە و گرینگیان لە مێشکمدا سەوز کرد، خەونێک پڕ لە مەراق و ماندوویەتی، پڕ لە پشوودرێژی و کاوەخۆیی و ویست و حەز و بەردەوامی. بۆ ئەوەی چیتر ئەو نووسین و لێکۆڵینەوە و وتار و باسانە بە پەرتەوازەیی و کەنارگیری و بێسەروسۆراغی لەملا و لەولا نەمێننەوە و بتوانم کۆیان بکەمەوە و ئامادەیان بکەم ، هەم خزمەتێکە بە دنیای ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی و ئەنتۆلۆژیایەکیشە بۆ ئەو کارانەی بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە لەسەر پەشێو کراون، هەم کارئاسانی و لەکۆڵکردنەوەی گەڕان و سووڕان و ماندووبوونی لێکۆڵەران و نووسیاران و خوێنەرانە بەنێو کۆنە گۆڤار و کتێب و ڕۆژنامە و هەفتانە و مانگنامەکاندا. بەکورتی، سەرئێشەیەکی زۆرم لەکۆڵ خوێنەران و عاشقانی پەشێو کردۆتەوە و هەوڵمداوە چی باش و بەپێزە و نرخ و سەنگێکی ئەدەبی هەیە لێرەدا جێگەی بکەمەوە.

***

ئەو پڕۆژەیەی من، نقار و نوێ نییە. لە ساڵی (٢٠٠٨) دا لە سلێمانی مامۆستایان (جەعفەر عەبدولواحید و ڕێبوار حەمە تۆفیق) کتێبێکیان بەناوی (گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا) بەچاپ گەیاندووە، کە تایبەتە بە

مامۆستا "عەبدوڵڵا گۆران". لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، برای بەڕێزم "دوکتۆر عوسمان دەشتی" کتێبێکی بەناوی "هێمن نامە" بەچاپ گەیاند، کە دنیایەک وتاری جوان و دانسقەی لەخۆ گرتووە و ڕۆحی مامۆستا هێمنی مەهابادیی شاد و زیندوو کردۆتەوە. لە ئەدەبیاتی فارسیشدا بۆ شاعیری هاوچەرخی ئێرانی "سوهرابی سپهەری" کارێکی لەو جۆرەی لەمەڕ خۆمان کراوە، بەناوی "باغ تنهایی" کە " حەمید سیاهپۆش" کارێکی بێ وێنە و خزمەتێکی جوانی بە قەڵەمە جوانەکەی سوهراب کردووە. دەتوانم دانی پێدا بنێم و بڵێم، لەژێر کاریگەری و ڕۆشناییی ئەو کتێبانە بوو قۆڵی هەوڵ و هیممەتم لێ هەڵماڵی و سەرم خستە نێو کۆنە گۆڤار و ڕۆژنامە و مانگنامە و هەفتەنامە و وردە کتێبان، گەرچی دەمزانی ئەو کارەم ماندووبوونی زۆری گیانی و جەستەیی گەرەکە، بەڵام گوێم نەدایە و هومێدم وەبەرخۆ دا و خولاسە لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٥ دەستم بەکۆکردنەوە و نووسین و گەڕان و پشکنین کرد و بەهەوڵ و کۆشا و ڕێنوێنیی "دوکتۆر عوسمان دەشتی " و مامۆستای بەهەشتی" مەحموود زامدار" و هەوڵ و ماندووبوونی پێشمەرگانەی برایانی خۆشەویستم"سەنگەر عارەب عوسمان" و " حوسێن عەبدولڕەحمان و " شێرزاد عەزیز" و خەسرۆ ئیسماعیل  کە لە کاری پیتچنینی وتارەکاندا بە ڕۆحێکی پڕ خۆشەویستی و دڵێکی پڕ عەشقەوە، هاوکارییەکی بێ سنوور و زۆریان کردم و چاکە و هەڵوێست و وەفایان لە بیرم ناچێتەوە. ئەگەر دەستگیری و دڵسۆزیی ئەوان نەبووایە، وا بەزوویی سەرپێ نەدەکەوتین و ڕاوەستاو و بەردەوام نەدەبووین.

لێرەوەش، سوپاس و پێزانینی بێ سنوورم بۆ برای ئازیزم مامۆستا "سەروەر جەبار" هەیە، کە هەڵەگیریی وردی سەرلەبەری پڕۆژەکەی بە ڕۆحێکی پڕ میهرەوە بۆ کردین و خەمەکانی سووکتر کردم. ماوە ئەوە بڵێم، لەم کتێبەدا دەقە شیعرییەکان، لەبەر ڕۆشناییی هەردوو دیوانی "پشت لە نەوا و ڕوو لە کڕێوە" و " هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا" ڕاستکراونەتەوە، هەروا، بە پێی توانا، هەوڵی ئەوەش دراوە بنەماکانی ڕێنووسی ئەمڕۆی زمانی کوردی ڕەچاو بکرێن.

***

خوێنەری خۆشەویست و عاشقانی دنیای پەشێو، ئەوەی بەر دەستتان خزمەتێکی بچووکە بۆ قەڵەمە گەورەکەی پەشێو، نازانم تا چەند پڕۆژەکەم ئامانجی خۆی پێکاوە! گەرچی دڵنیام لێرە و لەوێ.. دوور و نزیک.. شتگەلێکی زۆرتر و زیاتر لەوەی بەردیدە و دەستت لەسەر شاعیر نووسراوە، بەڵام دەستم وێڕانەگەیشتووە، هەندێک شتیش هەبوون چ لەبەر کەموکورتیی لەڕادەبەدەری زمان، چ لەبەر سادە و ساکاری، خۆم لێیان نەبان کرد. .. ئەوەندەی ئاگاداریش بم، بە زمانانی بێگانەش لەسەر پەشێو نووسراوە، بەڵام ئێمە، هەر ئەو شتانەمان کۆکردنەوە و ئامادە کردن، کە بە زمانی کوردین و بەردەستن.

لێرەوە پشوویەک دەدەم و هەناسەیەکی پڕ ئۆخە و ئۆخژن هەڵدەکێشم کە خەونێکی پڕ لە مەراق و ماندوویەتیی عەیامی عومرێکم هاتە دی.

زیاد نادر عاڵڵایی

هەولێر – کوردستان

٢٠١٣/١/١

# بۆ برای بەڕێز عەبدوڵڵا پەشێو

مارف خەزنەدار

زیاتر لە چارەگە سەدەییێک لەمەو بەر پەشێو هاتە لام، کۆمەڵە شیعرێکی لە گەڵ خۆیدا هێنابوو. ناسینی ڕووناکبیرێکی کورد دەسکەوتێکی بێ ئەندازە گرنگ بوو بۆ من. لەویش گەورەتر دۆزینەوەی شاعیرێک بوو. ئەو کاتە هێشتا تەمەنی بیست و دوو ساڵی بەڕێ نەکردبوو. لەو سەردەمەدا بۆم نووسی: "ئەم تەمەنە ماوەییێکی گەلێک کەمە لە کۆمەڵێکی دواکەوتوو، بە پێی کەمی ماوە تاقیکردنەوەش کەم دەبێ. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئەگەر بێت و بەراوردێک لە نێوان ئەم **تەمەنە و دواکەوتنی کۆمەڵگەمان بکەین ، دەبینین پەشێو هەنگاوی باشی هاویشتووە." واتە پەشێو بەهرەییێکی خۆڕسکی هەیە، نابێ تێکەڵ بە مەسەلەی تەمەن و کەمی تاقیکردنەوەی ژیانی بکەین. هەر چۆنێ بێ شاعیرێک لە ناو کۆمەڵی کوردا پەیدا بوو.**

زستانی باکوور بێ بەفر نابێ ، کوردستانی ئێمە بێ گوڵ نابێ، پەشێوی شاعیر بێ شیعر نابێ. هەر لەو کاتەوە یەکترمان ناسی بڕە شیعرەکەی پەشێوی ئەو سەردەمە زاخاوی ڕشتە ناو بیرم بۆ ئەوەی بڵێم: "پەشێو توانیویەتی تۆزێ وردەکاریی ڕۆمانتیکی، هەندێ شیکردنەوەی سایکۆلۆژی، بڕێک وردبوونەوە و سەرنجدان لە تەنگوچەڵەمەی ژیان و دڵداری و بزووتنەوەی نەتەوایەتی بکا بە هەوێنی شیعرەکانی".

ئەم قسەیە بۆ هەموو دەورێکی ڕۆژگاری ژیانی شیعری پەشێو دەست دەدا. واتە گێتیی خەیاڵی شیعری بێ پایان و فراوانە، هەموو ژیان دەگرێتەوە.

ڕەسەنایەتی لەوەدایە، بە دڵداری دەستی پێکردووە، چونکە ژیان بەدڵداری دەست پێدەکا، ئینجا بیرکردنەوە لە "بوون" پەیدا دەبێ، واتە فەلسەفە، لە پاشانا گیانی نەتەوایەتی، لە قۆناغێکی دیاریکراودا ئەم نەتەوایەتییە دڵداری و بیر کردنەوە لە "بوون" (فەلسەفە) دەگرێتە خۆی و هونەروەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە، دڵداری و فەلسەفە لەگەڵ ئامانجی نەتەوایەتی بگونجێنێ، پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانە.

پەشێو لە سەرەتای دەستپێکردنی شیعرییەوە بوو بە شاعیر ، بە شاعیری لە دایک بوو، لە بەر ئەوەی پلەی ئیستێتیکی لای ئەو ناگۆڕێ، بەڵکو ناوەرۆک و مەبەست و بۆچوون دەگۆڕێن، هەموو ناوەرۆکێکی تازەش ناوەرۆکی شیعری پێشووتر ناکوژن، بەڵکو لاپەڕەی زیاتر دەکەن.

پەشێو شیعر بۆ ڕووداو نانووسێ، بە پێچەوانەی ئەم تیۆرییە ڕووداو دەکا بە شیعر. سەربڵندی لەوەدایە، بۆ دەستە و دایەرە و ڕێکخراو و سیاسەتی ڕۆژانە و چاوچنۆک و کاسەلێس و مەیموونەوان و سەماکەر و هەرچی و پەرچی و هەتیوی کەلاوە و هەمزاغاکان نانووسێ، شیعر بە سەر کچی جوان و جریوەی ئەستێرە و تریفەی مانگ و تیشکی ڕۆژ و بلبلی دڵدار و گوڵی دڵبەر و شەرابی کۆنە و هەنگوینی شانە و موشکی خەتا و خوتەن و مرواریی سەدەف و هەناسەی ساردی هەژاری برسی و ناڵەی کوردی بێ خاوەنی لێقەوماو هەڵدەڵێ. شاعیری ئەم کۆمەڵە شیعرەمان تاکە دەنگێکی شیعری بەرز بوو، لەم چەند ساڵەی دوایی توانیی شیعری خۆی نەدۆڕێنێ، بەڵکو ئازا و جوامێرانە لە بەردەم کاری ناڕەوای ئەم ڕێکخراوە بە ناو حیزبانەی ئێرە وەستا، تەنانەت گەیشتە ڕادەی جنێودان. شیعری"ماچ"و کۆمەڵە شیعری "براکوژی" گەواهی ئەم ڕاستییەن.

پەشێو شیعر بۆ خەڵک دەنووسێ، چونکە گێڕانەوەی هەر ڕووداوێک لای ئەو مەبەستێکی ناڕاستەوخۆی بە دواوەیە، شێوازی سیمبولیزمی بە سەر شیعرەکاندا زاڵ دەبێ، ئیتر ئەو گێتییە تازەیەی دروستی دەکا لە پلەی گەورەیی ڕووداوەکە دەبێ، بە تایبەتی شیعرە دڵدارییەکانی، بۆیە دەبینین بەرهەمەکانی لە

هەموو کات و سات و جێ و شوێنێکدا لای خوێنەر تام و چێژی تایبەتیی خۆیان هەیە.

زمان لای شاعیر هۆیێکە بۆ گەیاندنی ناوەڕۆک بۆ خوێنەر، لە بەر ئەوەیە دەبینین بە وشەی سادە وێنەی شیعری جوان دەکێشێ، بە پێچەوانەی هەندێ لەوانەی گۆیا شیعری نوێ دێننە بەرهەم، کاریان تەنیا ڕیزکردنی وشەی قەڵەو و قەبەیە، بێ گوێدان بە ناوەڕۆک.

بەکارهێنانی وشەی ناوچەیی و لێکسیکۆنی دیالێکتی سۆرانی (هەولێر) شیعری کوردی لە ڕووی زمانەوە دەوڵەمەند دەکەن. بەڵام لەگەڵ ئەو تازەکردنەوەیە دەبوو شاعیر هەندێ ئەدگاری شیعری کلاسیکی بپارێزێ، چونکە پێوەندییان بە تازەکردنەوە هەیە. دەبوو هەندێ وێنەی ڕەوانبێژی (صور بلاغە)ی ئەوتۆ بە کاربهێنێ وا لە خوێنەر بکا بۆ ئەوەی بیر لە هەندێ شت بکاتەوە، پرسیاری وا لە مێشکیدا دروست ببێ وەرامی قووڵی لێ داوا بکا. هەروەها پێویستە هەندێ جار بابەتەکان بێ ئەنجام بە جێ بهێڵین. بێگومان ئەم لایەنە هەندێ هێز دەبەخشێتە شیعرەکانی.

مەبەستمان لە ڕەوانبێژی بەو مانایە نییە کە لە شیعری کلاسیکی کوردی (مەلای جزیری و نالی...) بەکارهێنراوە، بەڵکو ئەو ڕەوانبێژییەیە لە ئەنجامی لێکدان، یان تێکهەڵکێشکردنی وشەو مانایە، کارێکی وا دروست دەکەن ڕستە ببێتە مایەی گفتوگۆ و بگرە و بەردە لە نێوان چەند مانایێک کە لە دەوری ڕستەکە کۆ دەبنەوە. ئەمە دەڵێم، چونکە من وا زان دەکەم پەشێو لە زمان و لێکسیکۆنی دیالێکتی کرمانجی باشوور دەوڵەمەندە و بە سەر پێچ و پەنا و نهێنییەکانی زمانی شار و گوندا زاڵە.

شیعری پەشێو، بە سەر یەکەوە، دەشتێکی کاکی بە کاکی و بەهەشتێکی بەرین و دۆزەخێکی بێ بنە. هەموو ئادەمیزادێک چێژی ناو دەروونی خۆی تێدا دەبینێ، هەموو کوردێک هیوای ناخی خۆی تێدا بەدی دەکا. ئاوێنەیەکە کەساس و بێنەوایان وێنەی ئێش و ئازار و ئەشکەنجەی خۆیانی تێدا دەبینن، بەمە دەبێتە تۆمارێک بەسەرهات دەپارێزێ بۆ ئەوەی ناشیرنیی ژیان وەربگێڕێتە سەر

جوانی.

لە سێبەری هەر تووترکێکی ئەم بیابانە هەزاران جنۆکەی شیعر دەژین، هەریەکەیان جادوو و ئەفسانەیێکی هەیە. لەسەر پەڕەی هەر گوڵێکی ئەم بەهەشتە هەزاران بلبلی هەزار دەژین، هەریەکەیان دەنگ و ئاوازێکی هەیە. لە ناو هەر چاڵێکی ئەم دۆزەخە هەزاران شەیتانی بەدڕەسەن دەژین، هەریەکەیان پیلانی ئاژاوەییێکی هەیە. ئەمانە هەموویان دیاردەی ژیانن، لە بەر ئەوە شاعیر بایەخێکی گرنگیان پێدەدا.

بەڵگەی داهێنان لە شیعری پەشێودا زۆرە، هەر پاچە شیعرێک بۆن و بەرامەی خۆی هەیە، جەوهەرێکی ئەوتۆی تێدایە قسەی زۆر هەڵدەگرێ. وەک دوو بەیتەکانی بابا تاهیر (٩٣٥-١٠١٠م) هەریەکەیان چوار نیوەدێر شیعرن، بەڵام لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەر دووبەیتێک زیاتر لە چوار سەد دێڕی پەخشان هەڵدەگرێ.

یەکێ لەو ئەفسانە و ئاواز و پیلانانە "سەربازی ون"ی پەشێوە. گەلێ شیعری لەم بابەتەی هەیە ، ساکار و ئاسان و مانا دیار- بەڵام داهێنانێکی ئیستێتیکی بەرزی تێدایە، گیانێکی شاعیریی بەهێزی لێ دەبینرێ.

شاعیر دەڵێ ئەگەر وەفدێک هاتە کوردستان و لە گۆڕی سەربازی ونی کوردی پرسی، پێی دەڵێم، سەربازی ونمان تاقە کەسێک نییە، ژمارەیان ئەوەندە زۆرە هەر جێگەییێکی پێیدا تێدەپەڕی، کەناری جۆگە، سەکۆی مزگەوت، دەرگای ماڵ و کڵێسە و ئەشکەوت، لووتکەی شاخ و لقی درەختی باخ، هەر جێییێکی تری چاوت پێی دەکەوێ:

**لە کوردستان**
**لە سەر هەر بستە زەمینێ**
**لە ژێر هەر گەزە ئاسمانێ**
**مەترسە، کەمێک سەر داخە و**
**تاجە گوڵینەکەت دانێ....**

**پەشێو ڕوودەکاتە ئەلتەرناسیۆنالیستەکان و دەڵێ بۆچ بۆ هەموو کەسێک هاتووە، بڵێ من ئەوەم! بۆچ عاجباتییە من بڵێم: کوردم!**

ئەمە هەندێ زانیاری بوو لە بابەت پەشێوی شاعیر و هونەروەرەوە، بەڵام پەشێوی ئادەمیزاد، ئەگەر لە بەرەی هەلپەرست و ئینتیهازییان بوایە، بێ دەنگ دەبووم، چونکە ئەگەر ڕەوشت و کردەوە تێکەڵ بە یەکتری بکەین نەوەکو تەنیا لە ناو کوردەواریدا، بەڵکو لە هەموو گێتیدا کەسێکی وامان بۆ نامێنێتەوە لە ڕووی ڕەوشت پاکییەوە شانازیی پێوە بکەین، کەچی پەشێو لەو کەسە دەگمەنانەیە ڕەوشت و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بەیەکسانی لە لایان سووپەرمانێکیان لێ دروست دەکەن.

بەرەی بێ لایەن و سەربەخۆ و جوامێر و نەترس لە شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و زانا و ڕووناکبیر لە کۆمەڵی ئێمەدا ژمارەیان کەمە، بەڵام یەکێکی وەکو پەشێو لە ڕێزیاندا بێ لە هەزاران شاعیر و نووسەری دووڕوو زیاترە. کورد دەڵێ"سەد قەل و بەردێ" شیعری پەشێو جێی لە ناو دڵ و دەروونی هەموو کوردێکی دڵسۆز دەبێتەوە، نامەخانەی کوردیش ئاوەدان دەکاتەوە.

هەولێر

مەڵبەندی ڕووناکی

٣ی کانوونی دووەمی ١٩٩٧

مارف خەزنەدار

**تێبینی**: ئەم نامەیە لەسەر داوا و داخوازی برای نووسەر و لێکۆڵەر (**محەمەد خدر مەولوود**) نووسراوە و ئامادەکراوە لە ژمارە ١٦٨ی گۆڤاری کاروان بڵاوکراوەتەوە کە دۆسیەیەکی تایبەت بوو بە پەشێو. (زیاد نادر)

# پێشەکی*

دکتۆر مارف خەزنەدار

ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خوێندەواری لە قۆناغێکی دیاریکراوی کۆمەڵێکدا کار لە هەڵبەست و هەموو جۆرە هونەرێکی تر دەکات و ڕەنگی تیا ئەداتەوە. تاقیکردنەوەی تایبەتی و پلەی خوێندەواریی شاعیر دەبنە هۆی ئەوەی دروستکراوەکەی (بەرهەمەکەی) وێنەی ڕاستەقینە و تاقیکردنەوە و پلەی خوێندەواریی بێ، هەروەها خوێنەری هەموو بەرهەمێکیش بەپێی پلەی تاقیکردنەوە و پلەی خوێندەواریی خۆی ئەم دروستکراوە وەرئەگرێ و ڕەخنەی لێ ئەگرێ. ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەین، کە ئێستا لە جیهانی ئەدەبی کوردیدا خەباتێکی تیژ لە نێوانی دوو "شت"دا هەیە :

**یەکەمیان:** دڵسۆزی، یاخود نیشتمانپەروەری، یا کوردایەتی. هەندێ (شاعیر) کە لە ڕاستیدا هەوڵدەدەن بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوەی ژیانی ئێستای کورد و ئامانجەکانی بێ، بەڵام ئەمە هەمووی بەبێ ئەوەی ڕەچاوی "هونەر" ** بکەن، ئەگەر هونەریش لە کاری ئەدەبیدا نەبێ، دیارە ئەدەب قسەیەکی بازاڕیی ڕووتە. بە داخەوە دەڵێم، بەرهەمی هەڕەمەی لەم بابەتە لە بازاڕی خوێندەواریی کوردیدا گەلێک زۆرە، ئەمەش هۆی تایبەتیی خۆی هەیە، کە لێرەدا ماوەی باسکردنیمان نییە، بۆیە، ئامۆژگاریی هەرە بە کەڵک بۆ شاعیرەکانمان ئەوەیە، کە پەلە نەکەن، ئەگەر توانایان هەبێ هەر دەرئەکەون. لەوەش دڵنیام ئەوەی هەندێکیان ئێستاکە بڵاویان دەکەنەوە، لەدواڕۆژدا خۆیان لەپێش هەموو کەسێکی تر بێزیان لێی

ئەبێتەوە( هیچ گومانم لەوەدا نییە، ئەم کۆمەڵە هەڵبەستەی پەشێو لە ڕیزی هەڵبەستی ئەو شاعیرانە چوونەتە دەرەوە).

**دووەمیان:** پەیڕەوی مەبەستەکانی تاقمی پێشوو ئەکەن لە بابەت ئامانجەکانی ئەدەب، بەڵام هونەریش ناخەنە پشتگوێ. بەمە بەرهەمەکانیان لە قسەی ڕووت ڕزگار ئەکەن. گومان لەوەدانییە، کە ئەم تاقمی دووەمە لە دوارۆژا گۆی هونەر ئەبەنەوە و بۆ ماوەیەکی درێژتر بەرهەمەکانیان ئەژین. ئەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین، کە لەوانەیە چەپڵەلێدەری تاقمی یەکەم زیاتر بێ! چونکە کۆمەڵەکەمان نەگەیشتۆتە پلەیەکی وا، کە بتوانی چێژ لە هەڵبەستەکانی تاقمی دووەەم وەربگرێ و پەسندیان بکات.

ئێمە بە هیچ جۆرێ ناتوانین بەرنامە و دەستوور و یاسا بۆ شاعیران دابنێین. بەلای ئێمەوە، ئەو پارچە هەڵبەستە سەرکەوتوو ئەبێ ئەگەر دروستکردن و داهێنانێکی تیا بێ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، جارجارە لەڕووی ڕوخساریشەوە. سەرکەوتنی هەڵبەست بە وەستایەتیی شاعیرەوە بەستراوە: ئەبێ وێنەی تازە بکێشێ، کێش و قافیە بە جۆرێ بگۆڕێ کە لە پێش ئەودا نەکرابێ، ئەبێ وشەی تازە بەکار بێنێ بە شێوەیەکی وا کە گیانێکی تازە بئاخنێتە ناو وشەکە و فەرهەنگی هەڵبەستی کوردیی پێ دەوڵەمەند بکات.

با بە قەڵەمی درشت بڵێین، ئامانجی گشتیمان لە قۆناغی ئێستادا (خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی) بێ، بەڵام ئایا ئێمە ئەتوانین لە هەموو هەڵبەستێکدا، بەڵکو لە هەموو شاعیرێکیشا داوای ئەوە بکەین ئەگەر هاتوو توانایەکی هونەریی لەم بابەتەوە نەبێت؟!

ئامانجی گشتیی ئەدەب پێشخستنی ژیانە، بەڵام مانای ژیان گەلێک فراوانە. ئێمە بۆچ نابێ ئەو پارچە هەڵبەستە بە بەرهەمێکی بەرز دابنێین ئەگەر هات و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەوێنی هاندەری وای تیابوو کە ببێتە هۆی پێشکەوتنی ژیان، وەکو بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی مرۆڤایەتی، بەربەرەکانیکردنی خراپە؟ بەڵام ئایا ئەوەش هەر پێشخستنی ژیان نییە ئەگەر هاتوو لەم پارچە هەڵبەستەدا وشەی کوردیی جوان و ڕەنگین، یا ڕستەی پتەو و

سفت هاتین؟! ئایا ئەم وشە و ڕستانە نابنە هۆی ئەوەی زمانی کوردییان پێ دەوڵەمەند بێ؟

لەبەر ئەمەیە، بەلای ئێمەوە، هەڵبەست بە تایبەتی بۆ کورد، قوتابخانەیەکی گەورەیە: بیر و باوەڕە، داهێنان و دروستکردنی وێنەی جوانە، دەوڵەمەندکردنی زمانە، تەنیا کێش و قافیە نییە.

ئەم کۆمەڵە هەڵبەستەی پەشێو دووەم بەرهەمیەتی کە بڵاو ئەکرێتەوە. ساڵی پار کۆمەڵێکی تری بڵاوکردەوە لەژێر ناوی (فرمێسک و زام). بەلای ئێمەوە، ئەم کۆمەڵە هەڵبەستەی پەشێو گەلێک وردەکاریی تێدایە، با بە شێوەیەکی گشتیش نەگەیشتبێتە پۆپەی ئیبداع. هەر لەبەر ئەوەشە، ئەچنە ڕیزی ئەو هەڵبەستانەی کە ئەبنە هۆی چاندنی چێژی هونەری لە دڵی خوێنەردا. ئەم هەڵبەستانە بەڵگەیەکی گرنگن بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا چاوەڕوانی گۆڕانی قووڵتر و هەنگاوی فراوانتر بین لەم شاعیرە لاوەدا.

ئێمە لەم ماوەدا ناتوانین هەموو هەڵبەستەکانی ئەم کۆمەڵە شی بکەینەوە. هەندێ وێنەی جوان و نایاب دڵ و دەروونمان ئەگەشێنێتەوە. پڵپڵەکانی گەردانەی زێڕ بوون بە بەکری مەرگەوەڕ لە پێش چاویا، چونکە ئەوان بە ئارەزووی خۆیان ئەتوانن سنگ و مەمک بشێلن، بەڵام ئەو مەگەر هەر لە دوورەوە بۆنیان بکات.

**ڕستەکانی گەردانەی زێڕ**
**وەکوو منداڵێکن شەرمن**
**لە هیکرا هەڵدەقۆزنەوە و**
**نیگای چاوێک دەبڕنە من!**
**سا بە تاسەی کۆرپەی برسی،**
**بۆ مژێکی نەومەمیلە،**
**دەکەونەوە و چەپۆک دەدەن**
**لەو جێگایەی دڵ بۆی دیلە!**

ئینجا بە لۆسەر کینگ ئەڵێ: ڕاستە (پێستی ڕەش)ت بۆتە هۆی بەربەرەکانی کردنت یاخود، لەبەر ئەم ڕەشییە، هەر لە ڕیزی مرۆڤیشا تۆیان هێناوەتە دەرەوە، بەڵام کاکەی کینگ کار لەمەش ترازاوە، نابینی منی (پێست سپی)ش ئەگەر لە تۆ خراپتریشم پێ نەکرابێ، لەتۆ کەمترم پێ نەکراوە. ئەم وێنە جوانە لە وێنە هەرە بەرزەکەی دیلانی شاعیر ئەکات، کە بە خەیام ئەڵێ:

"هەشبەسەر، هەڵسە، گۆڕ هەڵتەکێنە، تۆ گلەییت لەوە ئەکرد - با- جامی – مەی- ەکەی ڕژاندی، هەڵسە، ببینە وا ڕەز ئەسووتێ!"

**سەرنجم دە،**
**لەگەڵ ئەوەی پێستەکەشم بەفر و خوێنە،**
**هەر لەتێکم ئاوارەی ژێر ئاسمانێکە،**
**گەنجینەی بێ سەروشوێنە.**
**سەرنجم دە،**
**منیش وەک تۆ،**
**خۆری شادی،**
**هی ئازادی،**
**وڵاتەکەم پێ نازانێ.**
**دەچمە دەریای ئارەقە و خوێن،**
**دەست ناکەوێ پارچە نانێ.**

شاعیر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەندێشە وێنەی بزوێن (سەرچاوەکانی ئەمانە وشەکانی خۆشەویستەکەین) کار لە دەروونی گەلێ کەس ئەکەن، بەڵام ئایا دەربڕین و داڕشتنی ئەم وێنەیە لە لای هەموویان وەکو یەک ئەبێ؟ بێگومان، نا! پلەی شاعیرییەت سنووری سەرکەوتن و ژێرکەوتن ئەکێشی بۆیە ئەڵێ:

**خۆشەویستم**
**من دەمەوێ وشەکانت**
**بکەنەوە شانۆی هەستم،**

**ببزوێنن دڵی مەستم،**
**بتکێن وەکوو دڵۆپەشیر**
**بۆ لێوی کۆرپەی هەڵبەستم.**

لە پاش ئەمە دێتە سەر هەڵڕشتنی هیوای دەروونی "کچ" لە کۆمەڵێکی کشتوکاڵیی کوردستان، دڵێکی پاک، ئامانجێکی خاوێن، بۆ دروستکردنی (ماڵ) و بوونی (مناڵ):

**هەموو شتێک جوانە لە تۆ:**
**وردە نیگا،**
**چاو و برۆ،**
**گێڕانەوەی بیرەوەریت،**
**باسی خۆشی و دەردەسەریت،**
**باسی دەستەخوشکانی خۆت،**
**باسی شیعری بێ تام و بۆت،**
**باسی دوارۆژ،**
**باسی ناوماڵ،**
**باسی ناوی یەکەم مناڵ!**

پەشێو توانیویەتی تۆزێ وردەکاریی ڕۆمانتیکی، هەندێ شیکردنەوەی سایکۆلۆژی، برێ وردبوونەوە و سەرنجدان لە تەنگوچەڵەمەی ژیان و دڵداری و بزووتنەوەی نەتەوایەتی بکا بە هەوێنی هەڵبەستەکانی.

گۆڕینی کێش و قافیە گەلێک گرینگە بۆ مەبەستە تازە بابەتەکانی هەڵبەستی کوردیی نوێ، تا پلەیەک لەمەشا سەرکەوتووە.

شاعیر گەلیک هەوڵی داوە وشەی بێگانە بەکار نەهێنێ. ئەمە کارێکی باشە، بەڵام هەرگیز نابێ وشەیەکی ناشیرین و بەدفەڕی وەک (پەرتووک) بە مانای (کتێب) بەکار بهێنرێ. بەداخەوە ئەڵێم، وشەی لەم بابەتە بە زۆری و

زۆرەکاری هاتوونەتە ناوەوە! بەلای ئێمەوە، ئەو تەعبیرە هەولێرییانەی کە بەکاری هێناون لە سنووری پێویست نەچوونەتە دەرەوە. وردە دەستکاریکردنی وا شتێکی بە کەلکە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێتەوە، کە ئەبێ تەعبیری هەڵبەستی کوردستانی خواروو هەر شێوەی سولێمانی بێ لە بنجدا.

پەشێو هێشتا تەمەنی بیستودوو ساڵەی بەڕی نەکردووە، ئەمە ماوەیەکی گەلێک کەمە بۆ کۆمەڵێکی دواکەوتوو کە تاقیکردنەوەی کەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ئەگەر بێتو بەراوردێک لە نێوانی ئەم تەمەنە و دواکەوتنی کۆمەڵەکەمان بکەین ئەبینین هەنگاوی باشی هاوێشتووە.

هەولێر

٣١ تەموزی ١٩٦٨

مارف خەزنەدار

* ئەم نووسینە پێشەکیی چاپی یەکەمی دیوانی "بتی شکاو"ە کە ساڵی ١٩٦٨ لە کەرکووک چاپ کراوە. لێرەدا، کۆپلە هەڵبەستەکان بە گوێرەی "پشت لە نەوا و ڕوو لە کڕێوە" ڕاستکراونەتەوە. (ز. عاڵلایی)

** لێرە مەبەست لە "هونەر" هەموو ئەو هەوێنانەن کە پێویستن بۆ کاری ئەدەبی.(م. خەزنەدار)

# درامای "مردن"
# له ئێستێتیکای ڕامانە شیعرییەکانی پەشێودا

ناسح حوسێن سلێمان

**مردن**

**ئەوەی دنیا جێدێڵێ،**
**سوارە و ئەسپ تاو دەدا،**
**زینە جێگای مردنی.**
**ڕەتبردن و گلانی**
**چۆن بوو هەروا دەمێنێ**
**لەلای دۆست و دوژمنی.**

***

**مردن مادام تۆ هەر دێی،**
**ڕۆژێکی ئاوا وەرە**
**خۆم بۆ لات بەڕێوەبم.**
**ڕۆژێکی ئاوا وەرە،**
**گڕم دانەمرکابێ،**
**سەربەرز و بەپێوە بم!**

دیوانی" هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا" ل (٨٠-٨١)

لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هەندێک پرسیار هەن، ئەگەرچی وەڵامیان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبن بە بەشێک لە باری مرۆڤایەتیی ئەمڕۆی جیهان. مردن یەکێکە لەو پرسیارانەی کە هەردەم مرۆڤ بیری لێکردۆتەوە و تێی ڕاماوە و هەوڵی داوە کە نهێنییەکانی بزانێت. ئەو چەند نووسەر و بیرمەند و فەیلەسووفانەی کە لەسەر ڕووداو و تەنگژەی (مردن) شتیان نووسیوە، هەر هەموویان لەبازنەی (ڕامان) و (بیرکردنەوە) و ئەندێشە نەچوونەتە دەرەوە. لە ڕووی زانستییەوە تا ئەمڕۆ ڕاستییەک لە بارەی مردنەوە نەنووسراوە، بەڵام بووە بە بەشێک لە وێناکردنی مرۆڤ بۆ ژیان. مردن گەورەترین دادپەروەرییە و هەموومان یەکسانین لە بەردەمیدا. مردن یاسایەکە بۆ هەمووان و هیچ ناجۆرییەکی تێدا نییە.

لە تیۆریی شیعردا ڕەگەزی ئەندێشە (بەڵام ئەندێشەی هونەری) ڕەگەزێکی سەرەکییە. بەهۆی ئەم ڕەگەزە سەرەکییەوەیە کە شاعیران، پتر لە هەمووان، باسی مردنیان کردووە، چونکە زانست نەیتوانیوە لە بارەی ئەم دیاردەی ژیانەوە ڕاستییەکان ڕوون بکاتەوە. هەر دیاردەیەک کە مرۆڤ گەیشتبێتە ڕاستییەکانی ئیدی جارێکی تر ئەندێشە خۆی لە قەرە نادات و ئەوەندە تێی ڕانامێنێت، یا کەمتر بایەخی پێدەدات. بەڕێز جیهاد فازل لە کتێبی "ڕووەکەی دیکەی نەزار قەببانی" (نزار قباني الوجه الاخر) ڕەخنەیەکی توند لە نەزار دەگرێت، کە لە سەرجەم شیعرەکانی خۆیدا باسی مردنی نەکردووە. هۆیەکەشی بەوە دادەنێ، کە لەوانەیە نەزار ئەو ئازایەتییەی تێدا نەبووبێت باسی مردن بکات، چ لە هەڕەتی لاوی، چ لە کاتی پیریيدا. نووسەر مردن بە "بابەتێکی سەرەکیی شیعر" دادەنێ. ئەمە تێبینییەکی زۆر وردی ڕەخنەگرانەی ئەم نووسەرەیە لە سەر نەزار قەبانی.

یەکەم بەڵگەنامەی مردن، یان یەکەم بەڵگەنامە لە بارەی مردنەوە، داستانی "گلگامێش"ە. لەم داستانەدا ناچاری و قەدەرییەتی مردن دۆزراوەتەوە، ئەگەرچی، مردنی مرۆڤ بۆ یەکەمجار ئەو کاتە ڕوو دەدا، کە ئادەم لە جیهانی نەمری وەدەر دەنرێ و مردن دەبێتە سەرەنجامی دەرکردنەکەی[٢]. دەتوانین

بڵێین ئەو بەڵگەنامەیە وەکو یەکەم سەرهەڵدانی "لۆژیک"ی مرۆڤ بوو بۆ وێناکردنی دیاردەکان. ئیدی پاشتر لۆژیک لە لای گریکەکانی سەدەی شەشەم بە دروستتری و ڕوونتری گەشەی کرد.

زۆربەی زۆری ئایینەکانی جیهان و تەنانەت مرۆڤیش بڕوایان بە مردنی ڕەها نییە. زمان و دەقە پیرۆز و هێماکان ڕاستەوخۆ پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە مرۆڤ سەودا لەگەڵ مردن ناکا، بەڵکو، لە سەر بنچینەی بەردەوامیی ژیان، مرۆڤ دەپەڕێتەوە جیهانێکی تر، کە جیهانی خوداوەندێتییە[٣]. مردن لای ئەمان تەنیا جیابوونەوەی گیانە لە لەش. ئەم وێناکردن و ڕامانە بنەڕەتێکی باشی بۆ مرۆڤی دێرین دروستکرد و بووە هۆی ئەوەی باوەڕی بە ژیان پتەوتر بێت و بەردەوام بێت، بێ هیوا نەبێت، خۆی ڕادەستی مردن نەکات و کۆتایی بەم ژیانەش نەهێنێت کە ئێستا ئەو تێیدا دەژییێت. ئەم تێگەیشتنەی مردن خاڵێکی پۆزەتیڤ و باشی بۆ باری دەروونی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤ دروست کرد، هەر بۆیە، کۆمەڵناسانی ئەمڕۆ ئایین وەکوو پێویستییەکی کۆمەڵایەتی دەزانن، بەڵام لە شیعری "مردن" و "پاییز" و "گەشبینی" و " گوڵمێخەک"دا پەشێو بە ڕامان و ئەندێشەیەکی هونەریی نوێ بیری لە مردن کردۆتەوە، دەق بەو پرەنسیپەی "ئێزرا پاوند" بیر دەکاتەوە کە دەڵێت: "وای لێ بکە نوێ بێت".

پەشێو چەند جارێک و لە چەند شیعرێکی جیادا باسی مردن دەکات. ئەمە شتێکی نوێ نییە، بەڵام، بە پێی ئەو پرەنسیپەی سەرەوە، بە ڕامانێکی تر، بە بیرکردنەوە و ئەندێشەیەکی هونەری وای کردووە شتێکی نوێتر بدۆزێتەوە.

کۆمەڵناسان گەیشتوونە ئەو ڕاستییەی کە ژیان ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە، بیر و هزری مرۆڤ بە پێی تێپەڕبوونی کات پتر و پتر گەشە دەکا و دەکرێتەوە، بەڵام پەشێو لەم ڕەوتە جیا دەبێتەوە و لە دەرەوەی ئەم کۆنتێکست "سیاق"انەی کە هەن سەیر دەکرێت. مردن لە لای پەشێو شێوەیەکی ڕەها وەردەگرێت، وەکو ڕاستییەک خۆی نیشان دەدات، (مردن ڕاستییەکا دنێیە)[٥]، بۆیە چارناچاری و حەتمییەت "دیتێرمینیزم"ی مردن (مردن مادام تۆ هەر دێی) و (ئەوەی ڕابرد

وەگیر نایێ، ئەوەی دادێ هەر مردنە) دەبێتە هۆی ئەوەی کە شاعیر خۆی پتر تەیار بکات بەرامبەر ژیان و بەردەوام بەرەو داهاتوو بچێت..

هەندێک دەڵێن مردن خاڵی دەستپێکردنی فەلسەفەیە، ئامانجی فەلسەفەیە و دوا وێستگەیە. شاعیران و ئەدیبان مردن وەکو ئایدیایەک دەکەنە بابەتی نووسینەکانیان. (مردن) و (ژیان) لای ئەوان دژی یەکن. بە پێی میتۆدی دووانەیی "دووالیزم" جیهان لە دوو توخم یان دوو گەوهەر پێکدێت: چاکە و خراپە، واتا دوو هاودژ. هەندێکی تر دەڵێن: هەموو شتێک لە جیهان دەبێت دژی خۆی هەبێت، وەکو سارد و گەرم و .... هتد. تەنانەت دەڵێن دەبێت هەر ماددە "ماتریال"ەک "ناماددە"یەکی هەبێت، بەڵام تا ئێستا ناماددە، یا ناماتریال نازانرێ چییە و نەشدۆزراوەتەوە. ئەم چەمکانە بەرهەمی بیرکردنەوەی بیری مرۆڤایەتیین. سەیریش ئەوەیە، وشەی "ژیان" دوو هاودژی بۆ پەیدا بووە کە (مردن، نەمری)ن. لە کاتێکدا ژیان و مردن دوو هاودژی سروشتیین، پێش ئەوەی مرۆڤ بیریان لێ بکاتەوە و وێنایان بکات هەر هەبوون و هەر دەبن، بەڵام مرۆڤ (نەمری)ی بۆ بەرژەوەندیی خۆی، بۆ خۆشەویستیی "خۆ"ی ئەفراند و هێنایە ناو ئەندێشەی خۆیەوە، چونکە تا ئەمڕۆش هیچ بەڵگەیەکی زانستی لەسەر نەمری نەدۆزراوەتەوە. لێرەدا خاڵە هەستیارەکانی ئەم شیعرانە ( پایز، مردن، گوڵمێخەک، گەشبینی) دەست پێدەکات.

نەمری بەهۆی ڕامان و بیرکردنەوە و ئەندێشەی مرۆڤەوە وێناکراوە، بۆیە ناکۆکییەکان لێرەوە سەر هەڵدەدەن. لە بنەڕەتدا ناکۆکی لە نێوان ژیان و مردندا نییە. مردن قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ژیان، هاوسەنگییە، بەڵام ناکۆکی لەنێوان مردن و نەمریدا سەرهەڵدەدا. ڕا و ڕامانی جۆراوجۆر دێنە گۆڕێ. تەنیا ئەوکاتە کۆتایی بەم ناکۆکییانە دێت کە زانست بتوانێت پەی بە نهێنییەکانی مردن ببات و پرسی نەمری چارەسەر بکات. ئەوەی پەشێو لەو ڕەوتە جیا دەکاتەوە ئەوەیە، ئەم نەچۆتە ئەودیو سنووری پاش مردنەوە یا (پۆستمردن). لە نەمری نەدواوە. بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی "خۆ"ی، بە (خۆنەویستی)یەوە بۆ مردن چۆتە سەنگەر. ئەو لەگەڵ ژیاندا نێوانی خۆشە و بەرەو داهاتوو

هەنگاو هەڵدەهێنێت، بە ئازایەتییەکی شیعریی زۆرەوە لە ژیان ڕادەمێنێت، پێش مردن خۆی بۆ ژیان ئامادە دەکا:

**سەر لە لانەی باز،**
**لە لووتکەی قیتی بەر هەتاو دەدەم**
**ڕێ لە زریان و برووسکە دەگرم،**
**دەچمە بەر ڕێژنە و شۆڕابەی نەوی،**
**لێیان دەپرسم:**
**ئاخۆ لە کوێ بم،**
**کاتێ ترپەم دێ و دەکەومە زەوی!**

بە وەستاییەکی زۆر هونەرییانە دیاردەی مردنی جوان کردووە، دڵنەوایی خۆی بە (نەمری) ناداتەوە کە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ژیان، بۆیە تا بتوانێت خۆی بەهێز دەکات و ژیانی خۆی گەورەتر دەکات. پەشێو گەیشتووەتە ئەو ڕاستییەی کە "هەتا ئەگەر ژیان هەمووی کارەساتی ناخۆشیش بێت ئەوا پێویستە پەیوەستی تێکۆشانێکی بەردەوام بێت بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر گەوهەری خودی ژیانیش کارەساتێکی گشتگیر بێت"[٤] . ئەم ململانێیە ژیان دەگۆڕێت بۆ "پڕۆژەیەکی تەواو نەکراو"[٦] و شاعیر لێرەدا دەیەوێت پڕۆژەکە تەواو بکات، ڕووبەرەکانی فراوانتر بکات، چونکە (بوونی مرۆڤ ناتەواو و کاتییە، بوونێکە بەرەو نەبوون، لەبەر ئەمە پێویستە خۆی تەواوی بکات و ڕوو لە داهاتوو بکات)"[٧]" بەپێچەوانەی سوکرات و حەللاج، کە بۆ زیندووبوونەوە خۆیان ئامادەکردبوو، باکیان بە مردن نەبوو و پێیان وابوو زیندوو دەبنەوە. ڕامانی پەشێو بەرامبەر بە فەلسەفەی مردن وەک هی ئەپیکۆرییەکانە، کە ترسی مردن لایان هیچ واتایەکی نییە. ئەم بە ئاگایی و هۆشیارییەی پەشێو لەمردن جۆرە بەرگرییەک و گەشبینییەکی بۆ ئەفراندووە. هەر ئەم ئاگاداربوونەشە لەڕاستیی مردن ناهێڵێ تووشی خەمۆکی و "ڕەشبینیی شۆبنهاوەرانە" بێ. [٨]

لــە دوو شــیعری (مــردن) و (پــایز) دا، بــە بــەراوردکــردن لــەگــەڵ لێکۆڵینــەوەکــەی دوکتــۆر محــەمــەد کــەمــاڵ لــەبــارەی مردنــەوە، ئــەوەمــان بــۆ دەردەکەوێت کە وەکو بڵێی لێکۆڵینەوە فەلسەفییانەکەی دوکتۆر محـەمـەد بۆ ئـەم دوو شـیعرە نووسـرابێت وایـە، ئـەمـەش گـەواهێکـی تـرە بـۆ هـەبوونی ڕەگـەزی ڕاستگۆیی لە شیعرەکانی پەشێودا..

فەلسـەفە دەڵێت: لە هەموو شتێکدا جوانی هەیە. جوانی کۆڵەگەی سێیەمە لە دوای چاکە و خێر، بەهایەکی پێویستە بۆ مرۆڤ. بەهـای جوانی لە ڕەخنـەی ئەدەبیدا وەکو پێوەرێک بۆ پۆیێتیکا بەکاردێت، بەڵام ئەم بەها هونـەرییە لـەلای پەشێو بە شیعر دۆزراوەتەوە، نەک لە ڕووداوی مردن خۆی..

پــاش خوێندنــەوەی هــەرتــک شــیعری ( مــردن) و (پــایز) ئــەوەمــان بــۆ دەردەکەوێت کە پەشێو باسی ( خۆ)ی دەکات، نەک کەسێکی تر، یان مرۆڤێکی تر بەگشتی، یان دیاردەی مردن. جگە لەمەش لە هەندێک شیعری تریش وەکوو (وەڵام) و (باڵا) و (پیری) باسی کەسایەتیی خۆی دەکات. ئەم خۆباسکردنە لـە ڕەخنــەی ئــەدەبیــدا پێــی دەڵــێن: "خۆبــەســێنتەرکــردن" ( egocentrism) "ئێگۆسـێنتریزم" ،کـە بـەڕوونـی لـە بـەرهـەمـەکـانی شـاعیرانی ڕۆمانسیزم خـۆی دەنوێنێ..

پەشێو بەهۆی ڕەهەندی هونەرییەوە زۆر هەوڵی ئەوە دەدات کە شـتی نوێ بدۆزێتەوە و ئەزموونەکەی خۆشی لەم بارەیەوە زۆر یارمەتیدەرە. ئـەمـە کـارێکی ئاسان نییە، بەڵام ڕەهـەندی هونـەری و ئـەزموونی شـاعیر توانایـەکی گـەورەیـان هەیە بۆ دۆزینەوە و لێگەڕان و قۆزتنەوە.

لـە دوو شـیعری تـردا: " گوڵمێخـەک" و "گـەشـبینی" پرینـسیپێکی تـری بـەکارهێنـاوە بۆ لێگـەڕان و جـوانی و دۆزینـەوە، ئـەویش پرەنسیپی "بـەراورد"ە. بەراوردکردن" یەکێکە لە ڕاستییە ئەبەدییەکان لە ژیان و دەقدا، چونکە پلورالیزم و جیاوازی و هەڤگرتن و کارلێککردن و دیالۆگ بەپێی میکانیزمی بەراوردکاری دەکـرێن، جـوانی و کرێتـی تـەنیـا بـە بـەراوردکـردن دەدۆزرێنـەوە، کـەواتـە

بەراوردکاری شت دەدۆزێتەوە و دایدەماڵێت، بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی لە ڕاستی ڕێژەیی یان لە ڕاستییە ڕێژەییە جۆراو جۆرەکان نزیک بکاتەوە"[٩]

**ئەدی ژیان بە چی بەراورد کەم**
**ئەگەر مردن نێزیکی کەنارم نەبێت!**

یان:

**منیش ئەمڕۆ**
**وەک ئەو گوڵە دەشنێمەوە،**
**بێپەروام، ئاسوودەم، هێمنم....**
**ئەی کێ دەڵێ، هەر وەک ئەویش،**
**دەستی مردن نێزیک نییە لە گەردەنم؟!**

لێرەش هەمان ئەو پرینسیپە بەراوردکارییەمان دێتە بەرچاو کە دەڵێت (بەبێ شەڕ لەوانەیە هەرگیز نەزانین خێر چییە!). بەراوردکردن لەنێوان دیاردە دژەکان بەهای جوانی و هەڵسەنگاندن دەردەخا، نیشانمان دەدا، کە دژەکان بەبێ یەکتر هەڵناکەن و بەردەوام (**چییەتی**)ی یەکتر دەدۆزنەوە و هاوسەنگیی ژیانیان دروستکردووە. بە هەمان شێوە لە شیعری "دووئاوابوون"دا ئەم بەراوردکارییە بەدی دەکرێت.

با پێکەوە شیعری (**پاییز**) بخوێنینەوە:

**پاییز**

**پێش ئەوەی وەکوو دەنکێک زەردەلووی**
**تەنیا جێماوی چڵۆپکی دارێ،**
**بای پاییز لێمدا،**
**لەپڕ ترپەم بێ و بکەومە خوارێ**
**ڕەخشی خەیاڵی مەودا بەزێنم،**

**وەک با تاو دەدەم،**
**سەر لەلانەی باز،**
**لە لووتکەی قیتی بەر هەتاو دەدەم،**
**ڕێ لە زریان و برووسکە دەگرم،**
**دەچمە بەر ڕێژنە و شۆڕابەی نەوی**
**لێیان دەپرسم:**
**ئاخۆ لەکوێ بم،**
**کاتێ ترپەم دێ و دەکەومە زەوی!**

کەوتنە زەوی ، مردنی شاعیر خۆیەتی. کەوتنەکە کۆتایی بە بوونی دەهێنێت، بەڵام فرمێسکی پێ هەڵناڕێژێت ونێگەتیڤانە بەرامبەری دەستەوەستان ناوەستێت، وەک بڵێی مردن (تاک بەرەو تایبەتمەندی و "خۆی" ڕەسەن بانگ دەکات).[١٠]

ئەم ڕامان و بیرکردنەوەیە لە مردن لەلای پەشێو نەک هەر تووشی "نامۆیی" نەکردووە، بەڵکو، بەپێچەوانە، دەیەوێت لەکاتێکی وەهادا بکەوێتە سەر زەوی کە خۆی لەبەرزترین شوێن بێت.

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا چەند خاڵێکی گرنگم بۆ دەرکەوت، کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەم. یەکێکیان، کە پێشتریش ئاماژەیەکی بچووکم بۆ کردبوو، ئەوەیە، کە بەکارهێنانی خاڵبەندی لە شیعردا بۆ خۆی کارێکی زۆر پێویست و هەستیارە. شیعر هەستیارترین جۆری ئەدەبییە و سەودایەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زماندا هەیە، خاڵبەندی سیستەمێکە بۆ ڕێکخستنی زمان. لەم بارەیەوە پەشێو تاکە کەس و تاکە شاعیرە زۆر زانستییانە سەودای لەگەڵ ئەم بابەتەدا کردووە، کە شایانی ئاوڕدانەوەیەکی تایبەتە. دووەم، من بۆ خۆم لەگەڵ خوێندنەوەی هەر شیعرێک سەیری مێژوو و شوێنی نووسینەکەی دەکەم. بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەم من سەیری مێژووی ١٩٨٢/٥/٧ی شیعری "مردن"م کردووە و سوودم لێی وەرگرتووە، وەکوو زانیارییەک بۆ لێکۆڵینەوە. لەکاتی

دانانی ئەم شیعرەدا، تەمەنی پەشێو هێشتا زوو بووە بۆ ئەوەی بیر لە مردن بکاتەوە، چونکە (بە شێوەیەکی گشتی) مرۆڤ لەکاتی پیریدا زۆرتر بیر لە مردن دەکاتەوە، بەڵام ئاگایی و هۆشیاری و ڕۆشنبیری و ئەزموونی شاعیر وای کردووە کە ئەم بابەتە هەڵبژێرێت، دوور لە نامۆیی، دوور لە وەستان، دوور لە پیری، نزیک لە ئاوابوونێکی سیحراوی.

خاڵی سێیەم: سەرچاوەی گەشبینیی ئەم شیعرانەی پەشێو بەرامبەر بە مردن ناگەڕێتەوە بۆ نەمری، چونکە نەمری ئەگەر ڕەتکردنەوەیەکی فەلسەفییانەی گەشبینیی مرۆڤ بێت بەرامبەر بە مردن، ئەوا ئەم گەشبینییەی پەشێو لە ژیانەوە سەرچاوەی گرتووە و تووشی نائومێدی و نامۆیی نەکردووە. فەیلەسووفێک دەڵێت: ناتوانین سەیری دوو شت بکەین: خۆر و مردن، بەڵام پەشێو بە ڕامان و ئەندێشەیەکی قووڵەوە جێژوانی لەگەڵ مردن دیاری کردووە. لێکۆڵینەوە فەلسەفییانەکەی مامۆستای بەڕێز دوکتۆر( محەمەد کەمال)یش بە ڕەخنەیەکی ئەدەبی پراکتیکی بۆ ئەم دوو شیعرە (مردن) و (پاییز) سەیر دەکرێت..

## ژێدەرەکان:

١. فازل، جهاد، نزار قبانی الوجه الاخر،ل٢٠.
٢. حقیقه الموت في نظر الديانات، بوساحه احمد، ل٢٢-٢٣.
٣. الموت في  الفكر الغربي، جاك شوردن، ط ٢٠٠٠، ل ٣-٦.
٤. گۆتنێن پێشیان، محەمەد ئۆنجو، چاپ یەکەمین ٢٠٠٩، ل٤٩٩.
٥. فلسفه الموت، د. امل مبروك، ل١١٣.
٦. هەمان سەرچاوە، ل١١٣ .
٧. بوون و داهێنان،د محەمەد کەمال،٢٠٠٤.ل ١٥٥.
٨. هەمان سەرچاوە.ل ١٦٠.
٩. قاموس المصطلحات النقد الادبي المعاصر، سمير حجازي.
١٠. بوون و داهێنان، ل١٥٥.

گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە ٨٤.

# شنەبای ئێوارانی شیعرەکانی پەشێو

ناسح حوسێن سلێمان

## بەشی یەکەم

**پێشەکی**

جیهانی ئۆرگانیکی (عضوي) و نائۆرگانیکی، هەردووك پێکڤە، دەکەونە بەر یەك یاسا، ئەویش یاسای "گەشەکردن" یان پەرەسەندنە. ئەم یاسایە وەکو یاسایەکی گشتیی هاوبەش هەر لە کەرەستە و ماتریالەوە بگرە تا دەگاتە هزر و هۆش و دامەزراوە مرۆییەکان لە پرۆسەیەکی مێژووییدا توانیی خۆی بخزێنێتە ناو هەموو بوارەکانی ژیان و کاریگەرییەکی بەرچاویش لەسەر ڕێڕەوی پەرەسەندنی هەموویان دانێ، بە بواری ئەدەب و هونەریشەوە. لەسەرەتادا، ئەم زاراوەیە لەبواری بایەلۆژیدا سەری هەڵداوە و پاش ماوەیەك ئینجا سنووری خۆی بەزاندووە و هاتۆتە ناو بوارەکانی تری زانست و ئەدەب و هونەر.

لەکاتێکدا تەواوی کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێویستی بەگەشەکردن هەیە، بەتایبەتی لەبواری ئابووری و ئەدەب و هونەردا، بەڵام، داخەکەم، ئەورۆ پتر گەشەکردنی ئابووری لەبەرچاو گیراوە. ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و مێژووش دەیسەلمێنێ. گوتم داخەکەم، چونکە گەشەکردنی ئابووری، بە تاقی تەنیا، مرۆڤ پێناگەیەنێ و کاملی ناکات. شتێکی ئەستەمە بگەیتە قووڵاییی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ جوانی و چاکەو خێر و ڕاستی... . جگە لەمەش، پەرەسەندن واتایەکی زۆر گەورە و مەزن و گشتگیری هەیە. تا نووکە ژی ئەم

زاراوەیە دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی  پێ دەپێورێ و هەر لەبەر ڕۆشناییی ئەم زاراوەیەشدا شرۆڤەدەکرێن و شی دەکرێنەوە. ئەم دوو جۆرە دیاردەیە (سروشتی و مرۆڤایەتی)، کە دووجۆر دیاردەی زۆر سەرەکین لەژیانی مرۆڤایەتیدا، دوو جۆرە پەرەسەندن دەگرنەخۆ: پەرەسەندنی ستوونی و پەرەسەندنی ئاسۆیی، دیاردە سروشتییەکان دەکەونە بەر پەرەسەندنی ستوونی دیاردە مرۆڤایەتییەکانیش، خۆشبەختانە، دەکەونە بەر پەرەسەندنی ئاسۆیی. وەها دیارە کە نهێنیی نەمری و مانەوەی ئەدەب و هونەر بەم شێوەیە تاکو ئێرۆ، بۆ ئەو هۆیە نادیار و پەنهانە دەگەڕێتەوە، کە (گەشەکردنی ئاسۆیی)یە. تا نهۆ ژی دووانەی (ئەدەب و هونەر) پێ بە پێ و بست بە بست لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بەردەوامن. ئەگەر ئەم گەشەکردنە ئاسۆییە نەبووایە، ئەوا دەکرا و دەشیا ئەحمەدی خانی نەڤەخینی و مەلایێ جزیری ببوێری و لە نالی خۆت نەبان کەیت و تێی نەگەیت و پەشێویش وەبەر ڕەشەبا و گێژەنی گڵۆباڵیزمی ئابووری بکەوێت! ئەمە ڕووی یەکەمی مەسەلەکەیە و جۆرێك لە گەشبینی بۆ ئەدەب و هونەر تێدایە و بەرەنگاری ئەو شتە ترسناکانە بۆتەوە کە ڕووبەڕووی ئەدەب و هونەر بوونەتەوە. ڕووی دووەمیش تەواو پێچەوانەی ڕووی یەکەمە:

مرۆڤی ئەم سەردەمە، هەر لە فەیلەسووف و زانایانەوە تا ڕەخنەگران و نووسەران، داخوا چۆن سەیری ڕیالیتێ (واقیع) دەکەن و چۆن دەیخوێننەوە و بیری لێ دەکەنەوە و تێی ڕادەمێنن؟!

لەم دوو هەزار و ئەوەندە ساڵەی ڕابردوودا مرۆ هەمیشە (هزری ڕەخنەیی) و (بیرکردنەوەی ڕەخنەیی) بەرامبەر ڕیالیتێ هەبووە، هەر لە ئەفلاتوونەوە تا وەکو کانت و هیگڵ و مارکس و تیۆریستەکانی مۆدێرنزم. بەهۆی ئەم هزرە ڕەخنەییەوە ڕاستی و ناڕاستی، ڕیالیتێ و ناڕیالیتێ ، خراپ و باش، پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، ئینجا ئەدەب و نائەدەب، شیعرو نا شیعر..هتد. ژێکتر جودا دەکرانەوە و پێوەرێك هەبوو بۆ هەڵسەنگاندنیان و پلەوپایەیەك دەدرا بەخاوەن داهێنان و (چۆنایەتی) بابەتەکانیش دەستنیشان دەکران.

پێشکەوتنی زانستی بووە هۆی ئەوەی کە ڕیالیزم بکاتە ڕێژەیی و هەر ڕۆژە و بەجۆرێك لێکی بداتەوە. ئەو (ڕاستی)یەی جاران نەما کە بەهۆی توانای بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەییانە بۆت ڕوون دەکرایەوە. هەر بەهۆی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بوو کە ڕاستی و ناڕاستی، ڕیالیتیّ و ناڕیالیتیّ ، لێك جودادەکرانەوە. ئەم دەستکەوتانە بەرهەمی تیۆریی ڕەخنەیی بوون. بەڵام تیۆریی ناڕەخنەیی، هەر لەو ڕۆژەی یاسا فیزیاییەکانی نیوتن سەریان هەڵدا و دۆزرانەوە، بەشێوەیەك خۆی خزاندە ناو ئەدەب و هونەرەوە، کە زۆر کێشەی لەناو ئەپستیمۆلۆژیا دروستکرد و تووشی کێشەیەکی مرۆڤایەتیی کرد. چونکە ئەو یاسایانەی کەمرۆڤ بە ڕیالیتێوە دەبەستن هەمان ئەو یاسایانەن کە(یاسای ئەدەبی) یان پێدەڵێن. بۆیە گۆڕینی ڕیالیتێش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەدەبدا لێ پەیدا دەبێت. کەواتا ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی ئەم ڕیالیتێگۆڕینە بوونەتەوە هەمان ئەو گرفتانەن کە تووشی ئەدەب و هونەر هاتوون. فیزیای نویّ هەمیشە هەوڵی ڕیالیتیّ گۆڕینی داوە و فیزیایی ڕەهاش (الفیزیا المطلقە) کێشە و گرفتەکانی ئاڵۆزتر کردووە.

ڕیالیتێگۆڕین لەگەڵ فیزیای نوێدا دەستی پێکرد، یان باشتر بڵێین ئەم فیزیایە لە هەموو بوارەکانی تری ژیانی مرۆڤایەتیدا هەوڵی گۆڕینی ئەم ڕیالیتێیەی داوە، چونکە یاساکانی فیزیای نوێی نیوتن ماتریالیزمیان تەواو ڕەها کرد لە (ئاکار) و (ڕەوشت) و (سۆز) و (هەست) و مرۆڤیان لەژیانی کۆمەڵایەتی داپچڕاند و لەهەمان کاتدا ئاوەز ( العقل) بوو بە هەموو شتێك، خۆپەرستی و هەلپەرستی و بەرژەوەندپەرستی بە شێوەیەك کەوتنە ناو کۆمەڵ کە شیرازە مێژووییەکەیان بە تەواوی ترازاند. ئەمەش بە فەلسەفەی (پۆزەتیڤیزمی نویّ) تەواو پشتگیری لێکرا و لەناو کۆمەڵگا چەسپێنرا. بەڵام، لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵانەشدا، نەتوانرا ڕیالیتیّ بگۆڕدرێت، کەچی چارەسەرێکی گونجاوی بۆ دۆزرایەوە، ئەمانە هەمووی بەسەریەکەوە تەنگژە و قەیرانیان لەسەر ڕیالیتیّ دروستکرد و بوون بە بەشێك لێی. جاران ئەم تەنگژانە هەر لە فەلسەفە و بیر و بۆچوون و هزردا وەدی دەکران و گفتوگۆیان لەسەر دەکرا،

بەڵام ئەمڕۆ ئەمانە هەموویان کارێکی ئەوتۆیان لە ئەدەب و هونەر کرد، کە زۆر پلان داڕێژران بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئەدەب، یانیش دەسەڵاتی شیعر کەم بکەنەوە، بەتایبەتی لەبوارە تەسك و تەنگەبەرەکانی ڕیالیتیٚ ، چونکە بوارە زیندووەکانی ڕیالیتیٚ دەشێن بن بەشیعر، شیعری گەورە وەکو (پاییز) و (دووئاوابوون) و (هەڵبزڕکان) و (ژیانەوە) و هتد...

پەشێو لەم هەموو گێژاوانەی هزر و بیر و بۆچووندا، لەو هەموو چورتم و گرفتانەی ڕیالیتیٚ زۆر زیرەکانە دەگژ فکران ڕاچووە و تێیان ڕاماوە و بیری لێیان کردۆتەوە: کە چییە ئەوشتەی نەمری بەشیعر دەبەخشیٚ؟!

بێگومان گەورەترین و چاکترین پێوەری ڕەخنە فاکتەری (کات)ە. کات ئەوە دەسەلمێنیٚ کە شیعرەکانی پەشێو لەسەردەمی پۆستمۆدێرنیزم و گڵۆباڵیزمدان و لەهەمان شوێندا (زۆربەی شیعرەکان) چەکەرەیان کردووە و پشکفتوون و لەو تاریکییەدا پەنجەیان بۆ خۆر ڕاداشتووە. تا چەند ئەم شیعرانە دەمێننەوە و تا چ ڕادەیەك بایەخی ئەدەبییان دەمێنیٚ؟ مرۆڤی بەریٚ، کە هەمیشە بە ئاوەزی لۆژیك و میکانیك و بیری ڕەخنەیی کردۆتەوە، دەیتوانی پێت بڵیٚ کە (خانی) هەتا نها ژی (مەم) دەخەمڵێنیٚ و (زین) لەبەر ئاوێنەی ڕیالیزم ڕادەنیٚ، هەتا ئەورۆش نالی دەژی، بەڵام کارێکی ئەستەمە، مرۆڤی ئەوڕۆ بە بیری ناڕەخنەیی و لێك جودانەکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستی، شیعر و ناشیعر، بەپێی تیۆری (ناڕەخنەیی) پەی بەو نهێنییە بەریٚ کە تەمەنی ئەم شیعرانەی سەردەمی پۆستمۆدێرنیزم تا چەند نەوەی تر درێژ دەبن!!

* سەرنج:- لێرەدا ڕیالیتیٚ (الواقع) وەکو زارۆڤێکی ئەدەبی بەکارم نەهێناوە، بەڵکو وەکو وشەیەکی ئاسایی، وەکو وێناکردنی مرۆڤ بۆ ژیان چۆنە، ئاوا بەکارم هێناوە. (نووسەر)

سەرچاوە: هەفتەنامەی ستایل، ژ، ٣٩، ٢٠٠٦/٢/١٥

# شنەبای ئێوارانی شیعرەکانی پەشێو

ناسیح حوسێن سلێمان

بەشی دووەم

چەندان فاکتەر هەن کە هەمیشە وا لەڕەخنەگران دەکەن کە بایەخ بە بەرهەمەکانی نووسەرێك یان ئەدیبێك یان شاعیرێك بدەن و زیاتر شرۆڤەیان بۆ بکەن، بەڵام لە هەموویان گرنگتر ڕاستگۆیی ئەزموون و پتەوی بونیادی هونەریی بەرهەمەکانیانن. داهێنان و کارکردن لەسەر ئەو دوو فاکتەرەی سەرەوە وردبینی و ڕۆشنبیری و بەهرە و تەمەنێکی پڕ ڕەنجی نووسینی پێ دەوێ بۆ ئەوەی ئەنجامی کارکردنەکە بەزیندوویەتی بمێنێتەوە و پێگەیەکی بەبایەخ و درەوشاوە لەناو مێژووی ئەدەبدا پەیدا بکات.

ئەگەر بەوردی لە هەردوو دیوانە "پوختەشیعر"ەکانی ئەم دواییەی پەشێو بنۆڕین، ئەوا چەندەها ڕەگەزو ئەلەمێنت و هێما و ئاماژە و نیشانەی ئاوامان بۆ دەردەکەوێت، کە پێگەیەکی بەهێزی ئەم پوختەشیعرانەی پەشێو لەناو ئەدەبی کوردیدا هەیە. هەر ئەم پێگەیەشە وا دەکات کە پەشێو وەکو بابەتێکی ئەدەبی - ڕۆشنبیریی زیندوو بێتەکایەوە، چونکە هەم لەبەر ئەوەی شیعر ئەرکێکی ڕۆشنبیریی بەهێزی هەیە و پەشێو تەواو ئەو ئەرکەی خستۆتە ئەستۆی پوختەشیعرەکانی خۆی و هەم لەبەرئەوەش کە وەکو ڕۆشنبیرێك لەدەرەوەی شیعریش کاریگەریی خۆی لەسەر خوێنەران و ڕۆشنبیرانی کورد هەبووە.

ئەرکە دەرەکییەکانی شیعر، لەڕووی ئاکاری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ڕۆشنبیرییەوە، لەگەڵ ئەرکەکانی ناوەوەی شیعر لە یەکتری جیا ناکرێنەوە و پەیوەندییەکی زیندوویان لە نێواندا هەیە. بۆیە فەرامۆش نەکردنی ئەم ئەرکە دەرەکییانەی شیعر لەلایەن پەشێوەوە بە خاڵێکی تری وەرچەرخانی شیعرەکانی پەشێو دادەنرێت.

چۆنیەتی پەیداکردنی پلەی ڕۆشنبیریی شیعرەکان پەیوەندییەکی بەهێزیان بە ( هونەری بیرکردنەوە)وە هەیە. لە هەر بابەتێك ئەگەر کۆمەڵێك زانیاری و زانین و لێکۆڵینەوە و لێگەڕیان و پشکنینت لەلا نەبێت، ئەوە بیرکردنەوەیەکی ئافرێنەریش نایەتە کایەوە. لەزۆربەی شوێنە شیعرییەکانیشدا ئەم هونەرە تێکەڵ بەئێستاتیکای شێوازی شیعرەکان بووە. ئەم کەرەستە هونەرییە نوێیە بۆ دەربڕینی بیرۆکە و هەست و سۆز و تێگەیشتنی ژیان شیعرەکان تەمەن درێژتر دەکات.

هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر پەشێو بەتەنیا وەکو شاعیرێك بناسین، چونکە پەشێو زوو تێکەڵ بەژیانی غوربەت بووە، لەشوێنێکیش کە سەنتەری بڕیاربوو، ئەو سەنتەرەی کە لە ڕێگای کۆمەڵناسییەوە، یانیش لەڕێگای ڕۆشنبیرییەوە، خۆی خزاندە ناو هەموو ماڵێك و گەیشتە هەمو وڵاتێك. ئەوەبوو چەندان زاراف و چەمك و تیۆری و لێکۆڵینەوەی بەناو زانستی هاتنەکایەوە، کە هەوڵیان دەدا ڕاستییە ڕەهاکان بگۆڕن و ئەو شتانەش بێبەها کەن کە لای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پیرۆز بوون. بەڵام پەشێو زۆر بەوردی و بەئاگاییەوە خۆی لەقەرەی ئەم بابەتە نەداوە و لێی دوورکەوتۆتەوە. شاعیر بێخەبەر نەبووە لەوەی یۆرۆسێنترالیزم، یا سێنترالیزمی ئەوروپایی، پاش شەڕی دووەمی جیهانی توانیی ئەدەب لە ڕیالیتیێ"واقیع" دوور بخاتەوە و چەندین هێماو شتی سەیر و ناشیرین و تەم و مژاوی بۆ ئەدەب دروست بکات و لە لێکۆڵینەوە و لێگەڕیانە مرۆڤایەتییەکەی خۆی دابببڕێ. ئەم هێما و ئامانجانەی یۆرۆسێنترالیزم، وەکو دەرکەوتووە، بەهیچ شێوەیەك پەیوەندییان بە (دەقی ئەدەبی) یەوە نییە.

پەشێو، لەدوای ئەم هەموو گۆنگڵەیەدا، پەیامی شیعری خۆی بەدروستی گەیاند، خۆی نەخستە ناو گێژاوی پۆستمۆدێرنیزمی ئەدەبییەوە، هەرچەند پەشێو ماوەیەکی دوورودرێژی ژیانی خۆی لەوێ بەسەربردووە. جگە لەوەش، پێشبینیی ئەوە دەکرێت، کە ڕۆژێك دێت ئەم هەموو هێماو ئاماژە نادیار و ناشیرینانە هەڵدەوەشێنەوە و کۆتاییان پێدێت، چونکە گومانێکی زۆر هەیە لە ڕەوایەتیی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی هاوچەرخن - لە ڕووی زانستی و نازانستی لێکۆڵینەوەکان - کە ئەمەش گەوهەری گرفتەکانی ئەمڕۆی ئەدەبە.

شیعری (نامۆیی) ئەم ڕاستییەی سەرەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە پەشێو تێکەڵ بە بیروبۆچوون و تیۆرییە پراکتیکییەکانی ئەوروپاییەکان نەبووە و نەچۆتە ژێر کاریگەریی قوتابخانە دروستکراوەکانیان.

ئەزموونی شاعیر تاکە ئەزموونێکە بۆ خۆی، کە بەدوای چەند کەرەستەیەکی هونەریی تایبەت بەخۆیەوە دەگەڕێ و بەسەرکەوتووییش دەیاندۆزێتەوە و لەگەڵ بەهرە شیعرییەکەی خۆی ئاوێتەیان دەکا. بەم شێوەیە، شاعیر هونەری چنینی کەرەستە و بەهرەی خۆی بهەڤرا بەکار ئیناوە و داهێنانێکی ئەوتۆی تێدا ئافراندووە کە هەندێ جار بە چەند وشەیەکی زۆر کەم، واتایەکی زۆر، ڕامانێکی قووڵ دەخاتە بەردەم خوێنەر:

**هەر هێندەی ماوە،**

**بە گزرەی خەیاڵ تەندوورێك جۆش دەم!**

لە چڕکردنەوەی ئەم وشانەدا، بەم شێوە هونەرییە نوێیە، موزیکێکی یەکجار زۆر و خۆشی داوەتە شیعرەکە. لەم چڕکردنەوەیەدا جۆرە ئاوازێکی موزیکی وا دروستبووە کە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەرهەستی مرۆڤ و وا لەخوێنەر دەکات دەستبەرداری شیعرەکە نەبێت. هەر لەبەر چەند شیعرێکی ئاواشە کە ڕەخنەگرانی نوێی جیهانی، پاش ئەوەی کە (ڕەخنەی نوێ) ڕۆڵی

ئێستاتیکای فەرامۆش کردبوو، بۆ جارێکی تر گەڕانەوە سەری و ئەو بایەخەی جارانی پێدرایەوە کە هەیبوو.

ئەمە و جگە لەمەش (پوختەشیعر)ەکانی پەشێو نە هەمووی بابەتەکیی پەتی(موضوعی بحت)یە، نە هەمووی خودێکی ڕەهایە (ذاتی مطلق). واتە هەم پرسی مرۆڤە و هەم پرسی شاعیر خۆیەتی. بەڵام چۆنیەتی دەربڕینی ئەم پرسانە - لەڕووی دەرەوەی شیعرەکانەوە- بەشێوازێکی هونەریی ئەوتۆ نووسراون، کە نایەڵن ئەم پرسانەت لە بیر بچنەوە، هەروا بەئاسانی وازیان لێبێنیت، ئەمە جگە لە هێزو گوڕی بابەتە شیعرییەکان.

شیعرەکان لەهیکڕا چەخماخە دەدەن و لەناکاویش دەرگات لەسەرکلۆم دەدەن، دەتخەنە بەر گێژەنی بیرکردنەوە و ڕامان. هەندێکیان دەتکەن بە گۆرانی، یانیش لەگەڵ خۆێندنەوەی دەقی پوختە شیعرییەکاندا خۆت شیعرەکان دەکەیتە گۆرانی. ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی ئەم پوختەشیعرانەی پەشێو، چونکە لەسەر هەردوو ئاستی ناوەوە و دەرەوە بە بەرزی و پوختی نووسراون. زیادە وشەیان تێدا نابینرێ، وێرگوڵ و خاڵ و نیشانەی سەرسووڕمان و ئەوانی دی هەموویان لە شوێنی خۆیان بەکارهاتوون و خوێنەر دەبەنە جێگای مەبەستی واتاکان. تەنانەت دانانی مێژووی شیعرەکانیش واتایەکت پێدەبەخشێت.

هەرکارێکی ئەدەبی دوو پێوەری هەیە، پێوەرێك بۆ ئاستی ناوەوە و پێوەرێك بۆ ئاستی دەرەوە، بەمەش بەهای کاری ئەدەبی هەڵدەسەنگێندرێ. ئەم هەڵسەنگاندنەش لە دوو ڕەهەند خۆی دەبینێتەوە: هاوچەشنی شێوەیی (تجانس الشکلی) و بەرجەستەکردنی ئەم هاوچەشنییە بۆ ڕامان و وردبوونەوە لە جیهان، بۆ شت دۆزینەوە (ئەوانەی هێشتا نەدۆزراونەتەوە و نووسینەوەیان ماوە). ئەم دوو ڕەهەندە گرنگە لەم پوختەشیعرانەدا بە تەواوی بایەخی خۆیان پێدراوە، بە وردبینییەکی زۆرەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە. ئەگەر لە ڕەهەندی یەکەمەوە سەیری شیعرەکانی پەشێو بکەین کە دەکاتە دیوی دەرەوەی شیعرەکان - لە ڕووی ڕیالیتێ و ڕۆشنبیرییەوە- چەندەها وێنە و یادەوەری و

هەست و سۆز و ڕووداوی تێدا لە دایکبوون (کە بەشێکن لە ئەلەمێنتی شیعرەکان) ئەوە پلەی ڕۆشنبیریی دەقەکانت بۆ ڕوون دەکاتەوە:

**ناترسم ناویان لەبیرم بچێت،**

**بەڵکو دەترسم بۆنیان لەبیرکەم!**

لەم دوو نیوە دێرەدا، پەشێو دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر ماتریالە شیعرییەکەدا هەیە و لەهەمان کاتیشدا بەشێوازێك دایڕشتووە: "دەترسم و ناترسم" بوونەتە ئاوازی شیعرەکە و "بۆن لەبیرکردن"یش دەربڕینێکی ئەوەندە تازەیە بۆتە دەربڕینێکی پۆستمۆدێرنیزمانەی کوردی.

ئەمڕۆ لەزانستدا دەڵێن، باشترین هەست هەستی (بۆنکردن)ە، کە بۆ یاد و یادەوەری و شت لەبیرنەچوون، تەنانەت بۆ بازرگانیش سوودێکی زۆریان لێی وەرگرتووە، بەڵام پەشێو بەهۆی شیعرەوە ئەم زانیارییە زانستییەی دۆزیوەتەوە. ئەمەش کارێکی ئەستەمە بۆ شیعر بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەزموونە زانستییەکاندا. ئەمە یەکێکە لە ئەلەمێنتەکانی ئاستی دەرەوەی شیعرەکان، کە پلەیەکی بەرزی دەقی پوختە شیعرەکانە.

لەزۆربەی هەرە زۆری پوختەی شیعرەکانی پەشێودا (دۆزینەوە) هەیە نەك (دواندن). پەشێو لەخۆشەویستی و هەڵوێست و دڵسۆزیی ژیان نادوێ، بەڵکو شتە ونبووەکان دەدۆزێتەوە. هەر ئەم دۆزینەوەشە ژیان بە شیعرکان دەبەخشێ و تەمەنیان درێژتر دەکات. دۆزینەوە واتە گەورەترین داهێنان:

**نیشتیمانی من:**

**هێلانەی خۆرە،**

**پڕشنگەجارە.**

**سەرم سەر نییە:**

**گوڵەبەڕۆژەی هەمیشە لارە!**

**دۆزینەوەی پەیوەندییەك لە نێوان خۆر و گوڵەبەڕۆژە و بەستنەوەیان بەنیشتمان و دروستبوونی نۆستەلژیایەك لە نێوان مرۆڤ و واری خۆی لە چەند وشەیەکی یەکجار کەم و چڕدا، پڕ موزیك و کێش، ئەوا تەنیا و تەنیا زاراڤەیەکی نوێی بەسەردا دەسەپێ ئەویش زاراڤەی (پوختە شیعر)ە. ئەم زاراوەیە لە ناو ئەدەبی کوردیدا هێشتا بەکارنەهاتووە، بەڵام شیعرەکانی پەشێو لەبارترین شیعرن بۆ ئەم زاراوەیە. هەندێجار ئەم زاراوەیە بۆ شیعرەکانی شاعیری عەرەب (سەعدی یوسف)یش دەست دەدەن، بەڵام شیعرەکانی ئەم وەکو ئەوانی پەشێو نین، یاخود ئەوانی پەشێو لە ڕووی ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا، لە ڕووی ڕامان و بونیادی هونەری دەست بە (وشە)وە گرتن پوختەترن.** سەرنج بدەنە ڕامانی قووڵ، چڕ و پڕ موزیك:

**درەختەکانی ڤەڕۆنێژ،**
**وەکو کیژی کوردی لادێ،**
**شەرم دەکەن ڕووت ببنەوە،**
**هەرچەند هەوای پایزیشیان بەسەردادێ.**

یان:

**ئەمشەو دەستم**
**بۆفەرهەنگی نیوەشەو برد**
**وشەکانی مێرووڵەبوون،**
**لەبەردەمما ڕایاندەکرد.**

کراوەیی ئەم دەقە شیعرانە بەم شێوەیە دەسەڵاتێکی گەورەی شاعیرە بەسەر شیعردا. شاعیر خۆی لە ناو شتی داخراودا ناشارێتەوە بۆ ئەوەی بخوێنرێتەوە و دەسەڵاتی شاعیرییەتی خۆی وەدەر بخات. کارێکی وا ناکا خوێنەر نەتوانێ لە شیعرەکان بچێتە ژوورەوە، بیانخوێنێتەوە و نەشزانێ شاعیر کێیە!

لەم پوختەشیعرانەدا هەر (وشە)ێیك سێبەری خۆی هەیە و هەندێکیشیان پتر لە ڕەهەندێکیان هەیە. تەنانەت ئەدرێسی شیعر و ناونیشانی دیوانەکانیش بەهەمان شێوەن:

**- ڕۆژ نییە لێتان تووڕە نەبم**

**- شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم**

ڕۆژ: ئەو (ڕۆژ)و سالانەی کە شاعیر لەناوەوەی ولات بوو.

شەو: ئەو سالانەی شاعیر کەوتە ئاوارەیی.

دووالیزمی (تووڕەبوون) و (خەون پێوەدیتن = خۆشویستن) کە پێچەوانەی یەکترن و گونجاندنیان لەگەڵ دوالیزمی (شەو) و (ڕۆژ) ، کە ئەوانیش پێچەوانەی یەکترن. بەم زمانە پوختەیە و بە پوختەیی بیرکردنەوە و پوختەیی شێوە، ئینجا بەستنەوەیان لەگەڵ یەکتر، ئەوا شیعرێکی پوختەش لەدایك دەبێت:

حاجی قادر دەڵێت:

**مەپرسە دەردی غەریبی و لەززەتی وەتەنم**

**ئەوەی لە دەستی دەگریام ئەمێستە بۆی دەگریم**

ئەم دوو نیوە دێرەی حاجی چڕکردنەوەیەکی پڕ و بە توانای (حاجی)یە لە ڕامان و بیرکردنەوە و نامۆیی و دەربەدەری و هەردوو دەستەواژەی (بۆ گریان) و (لەدەست گریان) بۆ دوو حاڵەتی جیاواز و دژبەیەك بەکارهێنراون و لای پەشێو ئەم دوو دەستەواژەیە بۆتە (تووڕەبوون)و (خۆشویستن = خەو پێوە دیتن = لەبیربوون و یادکردنەوە).

ئاوارەیی و ناخۆشییەکانی ئاوارەیی، هزر و بیری ئاوارەیی، هەمان خۆشەویستی و چێژ و خەیاڵی ناوەوەی هەواری خۆی پێدەبەخشێ، بەلام بە دوو چەمکی زۆر جیاواز و دژبەیەك (ئەوەی لە دەستی دەگریا) ی حاجی و

(تووڕەبوونی پەشێو) جۆرێکە لە بەندیواریی نیشتمان (زێدی هەردووکیان)، بۆ (گریان) و (خەو دیتن)یش هەمان بەندیواری نیشان دەدات.

**تێبینی:** زاراوەی (پوختە شیعر) کە لێرەدا بەکارهاتووە" وەکو زاراوەیەکی ئەدەبیی بەکارنەهاتووە، بەڵکو وەکو زاراوەیەکی زمانەوانییەو بەو واتایەی کە شیعرێك لە هەموو رووێکەوە کامل بێت.

* سەرچاوە:
هەفتەنامەی ستایل، ژ: ٦٥، ٢٠٠٧/٣/١٥

# شنەبای ئێوارانی شیعرەکانی پەشێو

ناسیح حوسێن سلێمان

## بەشی سێیەم

## جاران و ئێستا

جاران... شیعر،
بەتەماشای کەپکەشاخێك،
وەکو کانی لەپەنجەکانم دەردەبوو.
جاران... شیعر،
کە داغ دەکرام،
وەکو زیرەی کۆرپەڵەیەك
لە بێدەنگیی شەو بەردەبوو.
جاران... شیعر،
دوای ماچێکی کۆڵانی تار،
وەکو گزنگ،
بەهەموو دنیا وەردەبوو.
ئێستا... شیعر

**شنەشنی بەئاستەمی**
**ترووسکەی ئەو لای تونێلە**
**ئێستا... شیعر**
**لایەلایەی خەواندنی**
**بڵێسە و برووسکە و پێڵە،**
**هەلاجێکە، ژین و مەرگ پەڕە دەکا:**
**هەم بۆ بێشکەی دەسرازەیە،**
**هەم قانەگیای دەوری کێلە!**

١٩٩٢/١/١٧ مۆسکۆ
"هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا"، ل١٨٠

## پەشێو و تەنگژەکانی ئەدەبی ئەمڕۆ:

ئەگەر هەردوو یەکەی "مێژوویی و لۆژیکی" یەکێك بن لە پرنسیپەکانی میتۆدی زانستی" النهج العلمي" و کارل پۆپەر "درۆ" بکاتە لۆژیکی زانست، ئەوا نەك هەر زانست، بەڵکو ئەدەب و کۆمەڵگاش دەکەونە ناو چەندەها تەنگژەی ئاڵۆزەوە. بەمەش ئەو لۆژیکە زۆر کێشە و گرفتی گەورە و مەزن بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەنێتەوە، بە شێوەیەکی درێژخایەن کاریگەرییەکانی خۆی نیشان دەدات و چەندەها لکوپۆپی دیکەی لێدەبنەوە.

جاران ئامانجی فەلسەفە شادی و بەختەوەری بوو. ئەمە گەورەترین و پیرۆزترین کاری فەلسەفە بوو، چونکە فەلسەفە بەرهەمی بیری مرۆڤایەتی بوو. مرۆڤی بەرێ بەچاوێکی تر سەیری فەلسەفەی دەکرد. هەر ئەوەندەی لەلا پەسەند بوو کە بەرژەوەندیی نەکەوتبووە ناو بیرکردنەوە و هزر و بیری فەلسەفییانە، بەڵام پاش ئەوەی وڵاتانی سەنتەر، وڵاتانی دایك، وڵاتانی ڕۆژئاوای سەرمایەداری تەواو لە چەمکی بەرژەوەندی گەیشتن و توانییان چوارچێوەیەکی نوێی بۆ داڕێژن، ئەو کاتە فەلسەفەش سنووری سروشتییەکەی خۆی بەزاند، بە جۆرێکی تر هزر و بیری پێکرایەوە و "شادی" ی کردە بارێك، دۆخ "حاڵەت"ێك،

نەك ئامانج. ئیدی هزری پراگماتیكی كەوتە ناو فەلسەفە و بیركردنەوە و هزر و بیری تەواوی دامەزراوە مرۆییە جیهانییەكان. بەم شێوەیە فەلسەفە لەڕەوتی بنەڕەتیی خۆی لایدا و تووشی تەنگژەیەكی ڕیالێتیكی"واقیعی" بوو. ئەو هزرە پراگماتیكییەی ڕۆژئاوا ڕیالێتیشی لە تایبەتمەندییە مێژوویی و كۆمەڵایەتییەكەی خۆی دابڕی، پێكهاتە ڕۆشنبیرییەكەی خستە ناو تەنگژەیەكی سەرەكییەوە.

**فیساگۆرسییەكان ئاوا لە "بوون" گەیشتبوون، كە دەیانگوت "بوونەوەران هەمیشە لە گۆڕاندان ، بەڵام ئەم بوونەوەرە گۆڕاوانە دەكەونە ژێر چەندەها تیۆری، یان چەندەها یاسای ماتماتیكیی نەگۆڕ". كەچی زانایانی ئەمڕۆ، زانایانی فیزیای نوێ، دەیانەوێ جیهان لەیەك تیۆری كۆبكەنەوە، نەك چەندەها تیۆری، یان چەندەها یاسای ماتماتیكیی نەگۆڕ. ئەگەر ئەم زانایانە بتوانن یەک تیۆری" تیۆرییەك بۆ هەموو شتێك" پراكتیك بكەن، ئەدی ئەو كاتە چی بۆ ئەدەب دەمێنێتەوە؟!**

ئەمە، ئەم پرسیارە، خاڵێكی پڕ بایەخی دەستپێكی تەنگژەی ئەدەبیی هەموو جیهانە و خەریكە بتوانێت وەكو دیاردەیەكی بەرچاوی لێبێت و ئەدەب بێبایەخ بكات. خاڵی دووەمی پرسیارەكە ئەوەیە، تەنگژەیەكی تر لەناو چەمكی "پێشكەوتن" و "گۆڕان"ەوە سەرهەڵدەدات، وەكو لەبەشی یەكەمی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا باسی ئەم چەمكە كراوە كە چەمكی"پێشكەوتن" و " گۆڕان" چەمكێكی نەگۆڕو نەلڤە. یۆرۆسێنترالیزم (سێنترالیزمی ئەورووپایی) بەپێی"وێناكردنێكی سنووردار و دەستنیشانكراو" سەیری بزاڤی مێژووی جیهان دەكات، هی ئێستا و دواڕۆژ، ئەمەش بەهۆی ئەم هێما و ئاماژانەی كە ئەوان دەستنیشانیان كردوون. ئیتر "هەر پێشكەوتن و گۆڕانێكیش كە پێچەوانەی ئەم ڕاو بۆچوونە بێت ئەوە بە لادان یان گەڕانەوە یانیش بە پاشكەوتن دادەنرێت". بەڵام بە گەڕانەوە بۆ چەند ڕاستییەكی مێژوویی، ئەوەمان بۆ دەسەلمێ، كە ئەو بیركردنەوەیە ئەوەندە ناخایەنێت و كۆتایی پێدێت و ڕیالیتییەكی وەها دێتە بەردەم مرۆڤایەتی كە ڕێڕەوی سروشتیی پێشكەوتن ناچارت دەكات دەست لەم تیۆری و شتە سەپێنراوانە هەڵبگرێت، چونكە تەنیا شتێك كە لە گەردووندا

نەگۆڕ و نەلڤ بێت ئەوا "گۆڕانی بەردەوام"ە. واتە "چەمکی گۆڕان"چەمکێکی نەگۆڕە و هەر دەستکاریکردنێکی شتێکی کاتییە.

لە ئەنجامی ئەم دوو تەنگژەیەی لەسەرەوە باس کران چەندەها تەنگژەی تر سەرهەڵدەدەن، کە زۆر دیاردەی سەیر لەناو ئەدەبدا دروست دەکەن و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێرکاریگەریی ئەنجامە نێگەتیڤەکانیان. لە هەردوو  قۆناغی مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزمی جیهاندا ئەم تەنگژانە ڕوو لە پتربوونن، بەتایبەتی لە وڵاتانی دایك ( وڵاتانی سەنتەر)، کەچی قورسایی کاریگەریی نێگەتیڤانەیان دەبێتە سەرباری وڵاتانی پەراوێز، وڵاتانی شوێنکەوتە. چونکە وڵاتانی شوێنکەوتە هەمیشە شوێنکەوتە بوون و هیچی ترنا. ئەدەبی مۆدێرنیزم، دەرئەنجامی قۆناغی مۆدێرنیزم بوو. ئەگەر قۆناغی مۆدێرنیزم نەبوایە، زۆر ئەستەم بوو کە ئەدەبی مۆدێرنیزمانەش دروستبووایە. کەچی وڵاتانی دەوروبەر و پەراوێز دەیانەوێ ئەدەبی مۆدێرنیزم بئافرێنن، پێش ئەوەی خودی قۆناغی مۆدێرنیزم دروست بوو بێت. ئەمەش پێچەوانەی لۆژیکە، یان بێ لۆژیکە.

ئەدەبی مۆدێرنیزم، ڕەنگدانەوەی ڕیالیتێی مۆدێرنیزمی وڵاتانی ئەوروپاییی سێنترال بوون و لە ولاتانی پەراوێزدا نە ڕیالیتێی کۆمەڵایەتی و نە ڕیالیتێی ڕۆشنبیری بنەما نین بۆ ئەو دیاردە بێ لۆژیکەی ئێمە بەزۆر دەمانەوێت ڕێگای بۆ خۆش بکەین تا بگاتە ناو ڕیالیتێی کۆمەڵگای ئێمە. دەمانتوانی ڕێگایەکی تر بگرینە بەر، جیا لەوڵاتانی سێنترالیزم، وەک ژاپۆن و چین، کە دوو نموونەی زیندوون بۆ نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئێمە، تا بەرامبەر وڵاتانی ڕۆژاوا ئەوەندە سەرسام نەبن و هەست بە  " گرێی خۆبەکەمزانین " نەکەن.

لێرەوە ناکۆکییەکانی پەشێو لەگەڵ ئەدەبی سێنترالیزم دەسپێدەکات. لە کاتێکدا پەشێو لەناوەوەی"شارستانیتی"ی ڕۆژئاوادایە، کەچی شیعرەکانی بە هیچ شێوەیەك بۆنی ئەم شارستانییەی لێنایێت و لێی دوورکەوتۆتەوە و تەنانەت ڕەخنەشی لێگرتووە، بۆیە کەم شاعیر هەن لە جیهاندا لەسەر دوو ئاستی

ناوەوە و دەرەوەدا شیعری بەرز بنووسن، ئەم کێشەیە کێشەیەکی جیهانییە، تا ئەمڕۆش هەروایە.

هەندێك لەڕەخنەگرانی جیهانی دەڵێن کەم شاعیر هەن لەجیهان لەسەر دوو ئاستی "ناوەوە و دەرەوە"دا بە بەرزی بنووسن، نموونەشیان زۆرە لەسەر ئەم ڕایەی خۆیان، بەڵام پەشێو لەسەر دوو ئاست زۆر بە بەرزی نووسیویەتی و بەردەوامیش گەشەی کردووە. ئەگەر پەشێو ڕۆژهەڵاتییەکی کورد نەبووایە ئەوا یەکێك دەبوو لە شاعیرە بەرزەکانی جیهان و گەورەترین شاعیری کورد. ئەکادیمییە زانستییەکانی جیهانی بە بەردەوامی لێکۆڵینەوەیان لەسەر چەندەها شیعری وەکو "بیئاتی" و "لەبەرپەنجەرە"و "نامۆیی" و " پرچ" دەنووسی.

پڕۆژەی سیاسی و "شۆڕش" و "پارت"ەکان خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتن و لە دەسپێکدا هی وڵاتانی سەنتەرن و لەوێوە بۆ ئێمە هاوردە کراون. ئەمانە هەژموون و دەسەڵاتێکی نیمچە ڕەهایان هەیە، زۆر ڕەهەندی هزر و بیر و ئاماژەی تایبەت بەخۆیان هەن، هەر بەم شتانەش دەتوانن هەردوو چەمکی "گۆڕان" و "پێشکەوتن" قورغ بکەن. لێرەدا پەشێو لێیان جیا دەبێتەوە، ناتوانن نە "خۆ"ی، نە شیعرەکانی قورغ بکەن. شاعیر، وەکو ئەلەمێنتێکی تەواو سەربەخۆ، دەچێتە خانەی زیندووەکانی ڕۆشنبیریی کوردی. دەبێتە ئەلەمێنتی ڕێنیسانسی کورد بۆ ڕۆشنبیری و ئەدەب، بەمەش هاوکارییەکی مەزنی پرۆسەی چاککردن و گەشەپێدان و جوانکاری و قووڵکردنەوەی چەمکەکانی ژیان و دەستنیشانکردنی هەڵوێستی مرۆڤایەتی دەکات، چونکە ئەدەب دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت لە دواندنی نەوەکانی داهاتوودا، لە کاتێکدا کە میتۆد و نموونە تیۆرییەکان "مۆدیلەتیۆرییەکان" بە بەردەوامی لە ڕووخاندان و یەك لە دوای یەك یەکتر بەجێدێڵن.

ئێمە و نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەدەبی ئەورووپایی هەمیشە بە نموونە"مۆدیل"دەهێنینەوە. نە توانیومانە خاڵە لاوازەکانی ئەم ئەدەبە نیشان بکەین و نە دەشتوانین لە جغزی ئەم  بازنەیە بچینە ژوورەوە، " بەهۆی نەبوونی دەسەڵات و هەژموون نەك بەهۆی داهێنانەوە". ئێمە هەمیشە بە چاوێکی بەرز

سەیری ئەم "نموونە"مان کردووە، بۆیە، نە توانیومانە ڕەخنە بگرین و لایەنە لاوازەکانی وەدەر بخەین، نە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش ئەدەبی "نموونە" و "ڕەخنەی" نموونەمان خوێندۆتەوە. ئەمە لە لایەک، لەلایەکی تریشەوە، توانای بیرکردنەوەی وڵاتانی پەراوێز و دەوروبەر، وڵاتانی شوێنکەوتە، بە شێوەیەکی وا سنووردار کراوە کە پلەی هۆشیاریی نیشتمانیمان نابێت بگاتە ڕادەی ترسناکی بۆ ئایدیۆلۆژیای وڵاتانی سەنتەر. جگە لەمە، کەرەستە و میتۆدێکی ئەوتۆشمان لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆمان بهێنینە دی. ئەمانە هەموویان کارێکی وایان کردووە ئەدەبی ئێمە ببێتە ئەدەبێکی بێ خوێنەر و بێبایەخ لە ئاستی جیهان و داهێنەرانمان بێناو و بێدەنگ دەمێننەوە، دەنا پەشێو بە بەڵگەی ڕەخنەی شیکردنەوەیی و ڕەخنەی پراکتیکی دەتوانرا ئەم ناوبانگە لەسەر ئاستی جیهان بەدەست بێنێ. لەم ناوچەیەدا تەنیا "ئیدوارد سەعید" توانیی بایەخێکی ئەوتۆی هەبێت، بەڵام ئەو لەبازنەی قۆرغکردنەوە چووبووە ناو جغزی بازنەکەوە، ئەمەش بەهۆی داهێنانەکەی نەبوو، دەنا گەلێك نووسەری لەو لەپێشتر هەبوون. هەڵبەتە، خەڵاتی نۆبڵ لەم هەموو تەنگژانە بەسەلامەتی دەرباز نەبووە. لەڕاستیدا لەگەڵ هەموو هۆیە ئەدەبییەکان، بۆ هەڵبژاردنی شاعیر"شێمۆس هێنیێ" لەساڵی ١٩٩٥ بۆ خەڵاتی نۆبڵ لە ئەدەبدا، هۆیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گرنگ لەپاڵییەوە هەبوو. کەواتە، پێوەری ئێستاتیکای ڕەخنەیی، یان هەر پێوەرێکی تری ڕەخنەیی، چ کۆن چ نوێ، بۆ هەڵسەنگاندنی بەها و پێکهاتەی بەشەکانی ئەدەب، لەبەردەم فاکتەری سیاسیدا پوچەڵ دەبێتەوە.

گۆتە دەڵێت: (ئەو شتەی وات لێدەکات گەورە و مەزن بیت ئەوەیە کە کۆتاییت پێ نەیێت). ئەم دێڕە کورتەی گۆتە تا ئەمڕۆ ژی مەزنترین دێڕی ڕەخنەییە کە بە نەمری مابێتەوە. کەسێك کۆتایی پێنایێت کە داهێنەری ڕاستەقینە بێت و بووبێتە دیاردە، وەکو چۆن هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش کۆتاییان پێ نایێت. کەواتە "پەشێو" یش یەکێکە لەو داهێنەرانەی کە پاڵێوراوە بۆ (کۆتایی پێنەهاتن).

پەشێو لە گەشەکردن و گۆڕان و نوێخوازی و بابەت و بەرهەمە شیعرییەکانی خۆیدا بەشێوەیەکی سروشتی ڕێڕەوی تایبەتی خۆی وەرگرتووە. ئەم شێوازە (سروشتی) یە وا لە پەشێو دەکات بەردەوام بێت. ڕەخنەگرێکی ئیتاڵی لەبارەی هونەری شێوەکارییەوە دەڵێت: "پێویستە بەشێوەیەکی سروشتی گەشە بەهونەرەکەمان بدەین، چونکە لەناوەڕۆکدا هونەرەکەمان بەتاڵە، زۆر تەکنۆلۆژییە". جگە لەوەی ئەدەبەکەیان "زۆر تەکنۆلۆژیکە" زۆر ئایدیالۆژیکیشە، چونکە تەکنۆلۆژیای ژاپۆنییەکان نەیتوانی ئەم کاریگەرییەی بۆ سەر ئەدەبی ژاپۆنی هەبێت وەکو کاریگەریی تەکنۆلۆژیای وڵاتانی سەنتەر بۆ سەر بواری ئایدیۆلۆژی.

هەرچەندە لایەنە نێگەتیڤ و خراپەکانی"تیۆریی ئەدەب" و ڕەخنەی نوێ زۆریان لەسەر گوتراوە و نووسراوە، بەڵام، نە نووسەر و نە خوێنەر ئەوەندە تێیان ناگەن! "ڕەخنەی نوێ فیشەکی پێ نەماوە"، نەیتوانیوە بەباڵای بەرزی ئەدەبدا هەڵبکاڵێ و بەردەوام بێت لەگەڵیدا. تەنیا مێژوو و کات دەتوانن ئەم ستەمانەمان بۆ ڕاست بکەنەوە. "داهاتوو" بۆ ئێمە بەشێکە لەمێژوو یان دەبێتە مێژوو، بەشێکی بە بایەخ بەپێی تیۆری و بۆچوون و پێشبینی و زانستە مرۆییەکان. داهاتوو ناچێتە ژێر فەرمانی دەسەڵات و هەژموونەوە، چونکە دەسەڵات داهاتووی دوور ناگرێتەوە. هەر چەندە دەسەڵاتی وڵاتانی سەنتەر بەهێزیش بێت، بەڵام نەمان و ڕووخانی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتێکی زۆر لەخۆی گەورەتر، ئەویش فاکتەری سروشتییە.

لەم شیعرەی سەرەوەدا باسی دوو بار یا دۆخ (حاڵەت)ی کات کراوە: جاران و ئێستا، کەچی من داهاتووشم خستە سەریان! شیعرەکە تەنگژەی شیعری ئەمڕۆی جیهان وەدەردەخات ( لەناوەوە و لەدەرەوە)، زەنگێکە بۆ شاعیران، هۆشیارییەکە بۆ ئەدیبان: ئەگەر شیعر بمرێت، چیرۆك و ڕۆمان و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی پێش شیعر دەمرن.

---------------------------------------------------

سەرچاوەکان:


(١)، (٢) د. نعيم اليافي، مرايا المتخالف، مركز الاخاء العربي، حلب٢٠٠٠، ل١٢٦.

٣- مجلة الدراسات الفلسفية العد ١ لسنة ٢٠٠٢، ل ٩٧.

٤- عبدالكريم شرقي: من فلسفات التأويل الى نظريات القراءة، الدار العربيه للعلوم ناشرون الجزائر ٢٠٠٧، ل٢٦٥.

٥- ئازاد حەمە، بیری پۆست مۆدێرنیزم، دەزگای موکریانی، هەولێر،٢٠٠٢، ل ٣٦٥.

٦- د. سەباح عەبدوڵڵا ساڵح، مۆدێرنیزم، چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ڕامان ١٢ هەولێر، ٢٠٠٧ ل ٦٦.

٧- لەهەردوو کتێبی "علم التناص المقارن" و" نقد الثقافي في المقارن" ی نووسەری لێهاتوو "عزالدين المناصرة" سوودێکی زۆرم لێوەرگرتووە.


* سەرچاوە: ڕۆژنامەی خەبات، ژ، ٢٦٧١، شەممە ٢٠٠٧/١١/١٠

# ئافرەت لە فێمینیتی شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا

ناسح حوسێن سلێمان

مرۆڤی کۆن هەمیشە ویستوویەتی هەموو شتێك بەرجەستە بکات، بۆیە ئەفسانەی سۆمەری و ئاشووری و گریکی و ڕۆمانی، دەیەها ئەفسانە و داستانی تر، لە هزر و بیری خۆیاندا زەوی دەکەن بە (مێینە) و ئاسمان بە (نێرینە). ئەم بەرجەستەکردنە جۆرە لێکدانەوەیەکی هزری مرۆڤایەتی بووە بۆ ئەو دیاردە و بوونەوەرانەی کەوتوونەتە بەرچاوی ئەوکات.

هەر لەم ئەفسانانەوە تاکو هزری پۆستمۆدێرنزمی جیهانی ئەمڕۆ، چەمکی (ئافرەت) لە هەموو چەمکێك پتر بەمێینە نیشاندراوە. ( هەق، جوانی، زاوزێ، خێر و بێر، شوێن، خاك، بەهرە بەخشین...) ئەمانە هەموویان ڕەنگدانەوەی پارچەیەکن لە پارچەکانی هونەر، نەك ڕەنگدانەوەی تاوان و ڕووتبوونەوە. جەلالەدینی ڕۆمی دەڵێت: ئافرەت تیشکێکە لە ڕووناکیی خودا. (ئیبن عەرەبی)ش دەڵێت: هەق بەتەواوی لە ئافرەتدا دەبینرێت. لە ئاینە کۆنەکانیش ئافرەت بایەخێکی گرنگی هەبووە، بووە بە خوداوەند، واتە لووتکەی دەسەڵات، دەسەڵاتی ڕەها بۆ زاوزێ و جوانی، بۆ بەهرە و بەخشین. هەر لەخواوەندی (ئینانا)ی عەشتارو (ئەستەر)ی تەورات و (ئەفرۆدیت) ی گریکی و (ڤینۆس)ی ڕۆمانییەوە تا دەگاتە (کاووشکا)ی هۆرییەکان، ئەمانە هەموویان ئافرەت بوون.

هەریەکەیان جۆرە دیاردەیەکی ژیان بوو، بەم شێوەیە ئافرەت بەرجەستە کراوە، بەڵام پەشێو، لە بارودۆخی جیهانیی ئەمڕۆدا، کە ئافرەت بووە بەکاڵایەکی هەرزان و ژەمەخواردنێکی خێرای سەرشەقامەکان و بەشێوەیەکی ناسروشتی هاتۆتە ناو گڵۆبالیزمەوە، ئا لەو بارودۆخەدا، پەشێو بەشێوەیەکی تر ئافرەتی بەرجەستە کردووە. پیرۆزیی ئافرەتی لەسەرووی (کار)داناوە، کردوویەتی بە هەموو دنیا و فەلسەفەی ژینی فێر دەکات. واتا و ڕەهەندە جۆراو جۆرەکانی ئەم بەرجەستەکردنەی پەشێو بۆ ئافرەت، ئەویش بەشێواز و کەرەستەی هونەریی نوێ، دەبێتە ڕامانێکی داهێنەرانە، جیا لەهەندێ ڕامان کە خۆیان دووبارە دەکەنەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی (پەشێویزم)ە بۆ ئافرەت، ئەو ئافرەتەی بۆتە سەنتەری گەردوون.

شیعرەکانی پەشێو بەچەمکی ئافرەتەوە ئەدگارێکی تر، سوخەتێکی تر بەخۆیان دەبەخشن کە ئەویش فێمینێنت"ژنایەتی"ی شیعرییە. ڕەگەزی (ئەنیما)ی شیعری خۆیان بەسەر شیعرەکانیدا زاڵ کردووە، دەبنە ڕەگەزێکی سەرەکی بۆ ناوەوەی شیعر:

**دە بۆم ببە**

**بەو شۆخانەی هەبوون و هەن**

**بەوانەی پاش ماڵئاواییم دێنە دنیا!**

ل٢٩٦ (هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا)

سێینەی مێینەی (ئافرەت، شوێن، شیعر) لە زۆر بابەتدا تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتر دەبن و ئافرەت دەبێتە گرفتێك، بەڵام گرفتی خۆش و شیرین. (ئیبن عەرەبی) دەڵێت: هەر "شوێنێك نەبێتە مێینە پشتی پێ نابەسترێت"، بۆیە شیعریش، ئەگەر ڕەگەزێکی مێینەیی نەبێت، ناخوێندرێتەوە. ڕۆمانسیزم خۆی جۆرێکە لە مێینەیی، بەتایبەتی لە ئەدەب و هونەردا:

**لەو شەوەوە سەرینێك**
**سەراپای نوقم کردم**
**لەگێژاوی شەوبۆدا**
**وەکو چرکەژمێرێك،**
**بیرم هەروا خول دەخوا**
**بەدەوری بەژنی تۆدا!**

ل٢٩١ (هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا)

ئەو پەیوەندییە ڕۆحییەی لەنێوان (تۆ)ی ئافرەت و (ئەو)ی شاعیر پەیدا دەبێت دۆزینەوەی ڕایەڵەکانی نێوانیان زۆر ئەستەمە. تەنانەت لە میتۆلۆژیای کۆن و داستانەکانیشدا دەرەقەتی سەوداکردن لەگەڵ چەمکی (ئافرەت) نەهاتوون، بۆیە، ئەو گوڵەی میتۆلۆژیای کۆن پێشکەشی ئەڤینداران و ئاشقانی دەکات گوڵ نییە، بەڵکو ئافرەتێکی شەهیدە. بەم شێوەیە میتۆلۆژیا بایەخی هزری و جوانی، بایەخی سۆزی دایکایەتیی مێژوو و سروشتی بە ئافرەت بەخشیوە، هەرچەندە لەڕووی ڕیالیتێوە ستەمی لێکراوە. وێناکردنی پەشێو بۆ ئافرەت دەیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی شایستەی خۆی، دەیکات بە گەورەترین مامۆستای فەلسەفە، فەلسەفەی ژیان، دایکی هەموو زانستەکان:

**هەتا بەیانی**
**نوقمی شەپۆلی بەرامەی مۆرد و کنێرم دەکا**
**دانی پیا دەنێم:**
**هەرچی دەیزانم لە فەلسەفەی ژین**
**ئەو فێرم دەکا!**

ل٣٠٣ (هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا)

ئەگەر مێینەیی جۆرێك بێت لە میتافیزیکا (کە ئایدیایەکی جوانییە) ئەوا فەلسەفەی ڕۆژئاواییی ئەمڕۆ نەیتوانیوە دەستبەرداری بێت. ئەگەرچی ئەمڕۆ

فەلسەفەی ڕۆژئاوا زۆر دوورە لە میتافیزیکا و ڕۆمانسیزمەوە، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، دیسان ڕۆمانسیزم لە هونەر و فەلسەفەدا، بەپێچەوانەی سیاسەت، هێشتا ماوە و نەسڕاوەتەوە. مێینەیی هێزێکی ئەوتۆی ڕۆحیی هەیە کە تەواو پەیوەندیی بە ئافرەتەوە هەیە، بەها و واتایەکی تایبەتە و مرۆڤایەتی ناتوانێت بێبایەخی بکات.

ئافرەت لەناو شیعرەکانی پەشێودا نە هونەرە و نە شیعرە و نە خەونە، بەڵکو لە هەموو ئەمانە بە گەورەتری دەزانێت، دەیکاتە ڕیالیتێ و هەر لەم ڕێگایەشەوە ئافرەت دەچێتە سەر ڕاستییە مرۆڤایەتییەکەی خۆی.

زۆرجار دەگوترێت تەکنیکی دەق لە ئەنجامی (ئەنیما)وە هاتۆتە دەر، بەڵام جگە لەوە لە چرکەساتی داهێنان و ڕامان لە (ئەنیما)وە پەیدا دەبێت:

**چۆن هۆش لەسەر نەترازێ**

**ئەگەر نەیان ترازێنم!**

ل٢٢٣ (هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا)

بەلای "نەففەری" ی سۆفیگەرەوە بەرجەستەکردنی ڕامان بەهۆی دەربڕین (التعبیر)ەوە کارێکی سەخت و ئەستەمە، بەڵام بەرجەستەکردنی ئافرەت لەمەش ئەستەمتر و سەختترە. ئەگەر پۆیتیکا خۆشی وەکو بوونەوەرێکی مێینەیی نیشان بدات، ئەوە شارستانیەتی (وێنە)ش نەیتوانیوە پیرۆزیی ئافرەت بسڕێتەوە.

سەرچاوەکان:

١- المكان والجسد والقصيدة . فاطمە الوهیبي

٢- المرأة عبر التأريخ البشري. د. عبدالمنعم الجبري

- سەرچاوە: گۆڤاری مێرگ، ژ (٣١)، ٢٠٠٧.

# شاعیری بەڕاستی
# پەشێویزم لە چەمکی شۆڕشەوە
# بۆ ڕێنیسانس

ناسح حوسێن سلێمان

دەڵێن زانست و تەکنۆلۆژیا دوو پێکهاتەی ڕاستەقینەن بۆ ئەو هێزانەی کە باری جیهانی نوێ پێکدێنن. دیارە ئەمەش دوو ڕەهەندی خۆی هەیە، یەکێکیان، لایەنی پۆزەتیڤ و باشی هەیە بۆ مرۆڤایەتی، ئەوەی دووەمیش، بەپێچەوانە، دابڕان و لێکترازان و پەیوەندیی لاوازی خستە نێوان دووانەیی "دووالیزم"ەکانەوە: (ناوەوە ـ دەرەوە) و (خۆ ـ بابەت) و (تاك ـ کۆمەڵ) و (تایبەتی ـ گشتی) و (ئاوەز- سروست )تاد... تەنانەت هێزی شیکردنەوە و گۆڕانکاریش نەیانتوانی تخونی ئەم سنوورە بکەون و بیانبەزێنن، واتە زیانیان بەدووانەییەکانی بوونی مرۆڤایەتی گەیاند. ئەم زیانگەیاندنە لایەنە سروشتییەکەی پێشکەوتنە و بەربەستکردنی شتێکی ناهەموار و ئەستەمە، بەڵام کاتێك مرۆڤ شتێك دەئافرێنێ و بۆ مەبەستی نێگەتیڤانە دەیخاتە گەڕ، ئەوا لێرەدا کارەساتی هەرە گەورە دەستپێدەکات و تەنگژە خراپ و ناهەموارەکان لەم خاڵەدا کۆ دەبنەوە، جا ئەو کارانە لە بواری تیۆریدا بن یان پراکتیکی جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەسەر ئەنجام و دەرئەنجامەکان نابێت.

کاتێك فەلسەفەی پراگماتیزم تەشەنەی کرد و لە هەموو بوارەکانی ژیان پیادە کرا، هەر ئەوکاتە چەندەها کاری ناڕەوا بە ئەدەب و زانست و هونەر کرا و تا ئیرۆ ژی هەر بەردەوامە. چەندەها چەمك و تیۆری لە بواری ئەدەب و زانست و هونەر دروستکران و گۆڕاون و دەستکاریکراون، یانیش بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان داڕێژراون، بەپێی سەردەم یان سیستەمێکی هزری یان قوتابخانە جیاوازەکانی ولاتانی سەنتەر سەریان هەڵداوە.

هەردوو چەمکی (شۆڕش) و (پارت)، لە زۆر شوێنی ئەم سەر زەمینەدا، بە پێچەوانەی خواستی نەتەوەکانی خۆیان بوون، یان زیانیان لێداون یانیش زیانیان بێهتر بووە لە سوود و مفایان. ئەم دوو چەمکە ئەگەر سەیری بنج و بناوانیان بکەین تەواو پێچەوانەی چەمکی (ڕێنیسانس)ن. یان دەتوانین ڕاستتر بڵێین چەمکی ڕێنیسانس فراوانتر و گشتگیرتر و باڵادەستترە و پتر بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانیمان دەپارێزێ و پتەوی دەکات. ئەگەر پێناسەی "شۆڕش" و "پارت" بزانین، ئەوە ئەم ڕاستییەی سەرەوەمان بۆ ڕوونتر دەکاتەوە، چونکە ئەم دوو چەمکە لە پێناسەکەیاندا وەها دەردەکەون کە دوو پرۆژەی پۆلەتیکی"سیاسی"ی داخراو و سنووردارین، نەك نەتەوەیی و نیشتمانی، ئەگەرچی هەندێکجار بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان شۆڕش و پارت و ڕێنیسانسدا هەیە، بەڵام ئامانجی سەرەکی هەردوولا زۆر جیایە و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا نییە.

لەولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەم چەمکانە واتا سەرەکییەکانی خۆیان لە دەستداون و سڕاونەتەوە، واتای تر جێگای گرتوونەتەوە کە پەیوەندیشیان بەواتا بنەڕەتییەکەوە نەماوە. ئەمەش لەئەنجامی پێشکەوتندا نییە، بەڵکو بەمەبەستی تایبەت ئەم کارە کراوە، واتە کارێکی سیستماتیکە.

ولاتانی سەنتەر هەژموونێکی تەواویان بەسەربڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و پۆلەتیك و ڕاگەیاندندا هەیە. بۆیە زۆر بەئاسانیش دەتوانن ئەم شتە سیستماتیکیانەمان بەسەردا بسەپێنن، ئێمەش بەهەڵە بیانخوێنینەوە و تێیان بگەین. بۆیە ئەمرۆ ڕەخنەی کوردی، ڕۆشنبیریی کوردی بەگشتی، دەبێت بە

خۆی ڕابپەرموێت ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی جێبەجێ بکات، ڕۆژ بەڕۆژ ئەم زاراڤە و تیۆری و چەمکانە بداتە بەر تیشکی خوێندنەوەیەکی ڕاست و دروست و هەڵیان بوێرن. ڕەخنەگرە هیندییەکان لەمەدا دەستپێشخەرییان کرد و توانییان سینترالیزمی ئەوروپاییەکان هەڵبوەشێننەوە و بوون بە جێگای سەرنجی ڕەخنەگرانی هەموو جیهان.

سێنترالیزم کارێکی ئەوتۆی کردووە، کە ڕۆشنبیرانی وڵاتانی پەیڕەوکار و پەڕاوێز ئەوەندە بەسەر شان و باڵی ڕۆژئاوادا هەڵبدەن تا ڕادەی توانەوە و خۆبەکەمزانین و لەناوبردنی کەسایەتی و شارستانێتی. ئەمەش بۆتە سەرهەڵدانی ڕۆشنبیرییەکی لاساییکەرەوە، چەقبەستنی هزر و بیر، نەزۆکیی ئاوەز و هێزی داهێنان. ئا لێرەدا پرۆژە ڕۆشنبیرییەکەی پەشێو دەستپێدەکات. پەشێو کاتێك هەست بەوە دەکات کە نەك هەر نەتەوەکەی خۆی، بەڵکو ڕۆژهەڵاتی ناوینیش هەمووی لە ترسناکترین باری ڕۆشنبیریدایە، ئەوا ئەرکی شیعرەکانی خۆی گرانتر دەکات. ئەرکێکی ڕۆشنبیریی گەورەیان پێدەسپێرێت و دەخوازێت دەزگایەکی ڕۆشنبیریی سینترالیزمی تایبەت بەنەتەوەکەی خۆی دابمەزرێنێت، دەزگایەک، کە نەکەوێتە بەر فشاری دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکانی سینترالیزمی ڕۆژئاوایی.

پەشێو بەشیعرەکانی توانیی ئەم جیاوازییە گەورەی نێوان (شۆڕش. پارت) و (ڕێنسانس) بزانێت و نیشانیان بدات. لە یەکتریان هەڵبوێرێت و واتا ڕاستەقینەکانیان ئاشکرا بکات. شیعرەکانی دیوانی (براکوژی) هەر بە تەنیا شیعر نین، بەڵکو جیاکردنەوەی" شۆڕش"ە لە "ڕێنیسانس" و ڕوونکردنەوەی ئەم دوو چەمکەیە. لەوێدا ئاسۆی هزر و بیری پەشێو فراوانتر و گشتگیرتر دەبێ، لەوێدا ئەرکی شاعیر گەورەتر و گرانتر و ئەستەمتر دەبێ و "خاچەکە بەهەموو کەس هەڵناگیرێت".

لە ژمارە(٢) ی نووسەری کورد، ساڵی ١٩٧٠دا مامۆستا کەریمی حیسامی چیرۆکێکی هیندیی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بەناونیشانی (شاعیری بەڕاستی). ئەم چیرۆکە، وەك نموونە، سەبارەت بە دوو خاڵی گرنگ دەهێنمەوە:

**یەکەم:** پەشێو شاعیرە بەڕاستییەکەی ئەم چیرۆکەیە.

**دووەم:** بۆ ئەوەی لەواتاو فەلسەفەی شیعربگەیت، پێویستە ئەم چیرۆکە بخوێنیتەوە. سەرەتای کێشەی شیعر لەم چیرۆکەدا دەستی پێکردووە و هەنگاوی هەڵێناوە. لەم چیرۆکەدا شاعیری پوختە و گەوهەری شیعر بەدەر دەکەون. شیعر تێکەڵاوی دەسەڵات و پیاوانی بەهێز نابێت و تەنیا شیعرە و وەکو شیعر دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت. بەم شێوەیە پەشێو لە زەلکاوی ئایدیۆلۆژیاوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو بەهزر و بیرەوە ڕوو دەکاتە شیعر، بلیمەتیی شیعری بەم شێوەیە لای پەشێو دێتە کایەوە. "داهێنان"، نەك "ڕاهێنان"، خۆی دەسەپێنێ بەسەر مێژوو و بەسەر ڕابردوودا.

پەشێو بەپێی پێشکەوتنی ئاسۆیی ئەدەب هاتۆتە بەردەم دەرگای شیعر و گەشەی کردووە. ئەمە ڕەگی ڕێنیسانسە و لەسەر ئەم ڕەگە بووژاوەتەوە و وەکو شاعیرێکی نەتەوەیی سەری هەڵداوە، نەك وەکو شاعیری پارتێك یان شۆڕشێك (کورد چەندەها پارت و شۆڕشی هەیە). بۆیە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە پەشێو بەیەکەم شاعیری نەتەوەیی ئەم سەردەمەمان دادەنرێت، بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرە هەرە گرنگەکەی هەموو سەردەمێك، کە فاکتەری کاتە.

تێبینی: سوودم لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنی کەناڵی سوریا لەگەڵ بیرمەندی عەرەب (تەیب تیزانی) وەرگرتووە.

* سەرچاوە: گۆڤاری مێرگ، ژ، ٤٥، ٢٠٠٩.

# شیعر وەك چەك

کامەران جەوهەری (هەڵوەدا)

"هیچ شتێك، لە هیچ چاخ و زەمەنێکدا، وەکو تەعەهودی ڕووناکبیران و هونەرمەندانی کۆمەڵگە، بۆ چەوتی و کەم و کورتییەکان، گێڕەشێوێن و ترسێنەر و ماڵوێرانکەر نییە. چونکە تەعەهود حەزیایەکی پاسەوانی بەنرخترین گەنجی گەردوونە. ئەو گەنجەی کە ناوی ئازادی و مافی ژیانی نەتەوەکانە»"[١" (ئەحمەد شاملوو)

شیعر سەرەڕای ئەوەی کە تا ئێستاش پێناسێکی دیاریکراوی گشت پەسند و هەمەلایەنی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام بە گوێرەی سەرجەم بۆچوونەکان دیاردەیەکی زێتر خەیاڵی و دوور لە واقیعە. دەربڕینی هەستی دەروونە نەك پاتەکردنەوەی ڕووداوە بەرچاوەکان. ئەوەی لە ناوئاخنی شیعردا ڕەنگدەداتەوە، یان دەبێ ڕەنگبداتەوە، خولیاکانن نەك دەقی هەستە عەقلانییەکان. ئەوخوێنەرانەش کە دووتوێی دیوانە شیعرەکان دەپشکنن بەشی هەرە زۆریان تەوژمی خولیایەکی پەنگخواردووی ناخیان دیوانەکانی پێکردوونەتەوە، نەك ئەو ڕووداوانەی ڕۆژانە لەبەر چاویان ڕوو دەدەن. واتە لەم ڕووەوە شیعر بۆتە ئامرازێکی مۆزیك و شاعیر مۆزیکژەنێکە کە بەپێی ئەو تاسانەی لە ناخی دایە، ئاوازێکی شاد یا خەمگینی لێ پێکدێنێ. خوێنەریش بە هەمان ڕچەدا و بە پێی ئەو خولیایانەی دەروونی پەنا بۆ ئەم سازانە دەبا و ئاهەنگی دڵخوازی خۆی لێ دەبیستێ و کوڵی دڵی دادەمرکێنێتەوە. لەم بوارەدا شیعر مەودای خۆخەملاندن و ڕازاندنەوەی، تا ڕادەیەك کە لە وزەی شاعیردا بێ، هەیە. لەم بەشەدا ڕەنگە شاعیر خۆشی سەد لە سەد بەئاگا نەبێ لەوەی کە ئاخۆ داڕژاوی قەڵەمەکەی

لە سەرچاوەی دڵەوە هەڵهێنجراوە یاخود لە مێشکەوە داچۆڕاوە. چەسپاندنی ئەم خەسڵەتە بە تەواوەتی بۆ هیچ کام لەمانە دەست نادا، بۆیە بەئیلهام دەشوبهێنرێ و وەك ئیلهامێك لێی دەڕوانرێ. واتە چەمکێك کە لە جیهانی سەرەوەڕا و بەدەر لە ڕاستەقینە بەردەستەکانەوە هاتۆتەماڵی شاعیر.

بە چاوخشاندنێك بەسەر ڕەوتی چەند هەزار ساڵەی مێژوودا بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە ڕووداوەکان و دۆخە تایبەتییەکانی کۆمەڵگە دەچنە چوارچێوەیەکی زەمەنیی تایبەتەوە و بەو گۆڕانانەی ڕەوتی مێژوو دەپێکن چۆنیەتی کۆمەڵگە و ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگە دەبنە ئامانج و گۆڕانیان بەسەردا دێ. بۆیە ئەگەر نووسراوەیەك، تەنانەت بەدەر لە شیعریش، بۆ ڕووداوێك، دۆخێك یان قۆناغێکی تایبەتی مێژوو نووسرابێت، لەگەڵ بەسەرچوونی ئەو قۆناغەی دۆخەکەی لەخۆ گرتووە و چۆتە ناو بیرەوەریی مێژووەوە، ئەو نووسراوانەش دەبنە بیرەوەری و لە کولێتی مێژوودا هەڵدەپەساردرێن. واتە تەمەنیان بەقەد تەمەنی ئەو دۆخەیە کە بۆتە مامانی ئەو نووسراوانە. بێگومان ئەو نووسراوانەی سەر بە زەمەنێکی تایبەتن سەرجەمیان بایەگانی ناکرێن و لە یادان ناچنەوە. ئەوانەی ڕاپۆرت لە دەورانەکان دەکەن بۆ داهاتووان وەك ڕووناککەرەوەی کووچە و کۆڵانەکانی مێژوو وان، بەڵام ئەوی لێرەدا مەبەستە شیعرە، بە هەموو خەسڵەتە شیعرییەکانیەوە و تیشك خستنە سەر ئەو شیعرانەی بۆ زەمەنێکی دیاریکراو دەنووسرێن.

ئەو چەمکە پیرۆز و موقەددەسانەی دێنە ناو شیعری ڕاستەقینەوە و گوزارشت لە ڕووە جوانەکانی مرۆڤ و بەهاکانی جیهان بە بێ هەڵاواردن و بەسەرجەمی دەکەن تۆزی زەمەنیان لەسەر نانیشێ و تەمەنیان شانبەشانی مێژوو هەڵدەکشێ. بۆ نموونە زۆربەی شیعرەکانی "حافزی شیرازی" کە ڕەنگی زەمەن و مۆرکی کۆمەڵێکی تایبەتییان لێ نەدراوە و ڕۆحی هەموو مرۆڤەکان و گەردوونەکان دەگرێتەوە و بە باڵسووکی سنوورە کێشراوەکان دەبڕێ، زۆر ئەستەمە گەردی زەمەنی لەسەر بنیشێ و لەسەر تاقچەکەی کوختی مێژوو لەبیر بچێتەوە. بەستنەوەی شیعر بە ڕووداوە سنووردار و واقیعییەکانەوە غەدرێکە کە لە شیعری ڕاستەقینە دەکرێ. واتە لەو کاتانەدا کە ئەو هەست و نەستەی

شاعیر دەکرێ بۆ خولقاندنی شیعرێکی ئازاد و بێئالقە و مۆرك کەڵکی لێ وەرگیرێ، دەکرێتە دەستەچیلەی ئاورگی شیعرێکی کەم تەمەن. شیعرێك کە لەگەڵ بەسەرچوونی ڕووداوەکان بەسەر دەچێ و تاقە بەختی بۆ هاتنەوە بەرچاو و سەرلەنوێ گەشانەوە، دووپاتەبوونەوەی مێژووە و دەرکەوتنەوە و ڕوودانەوەی هەمان دۆخ کە بەرهەمهێنی ئەو شیعرە بووە. ئەوەش ئەگەر نەڵێین ئەستەمە، زۆر دەگمەنە.

بەڵام شاعیرە ڕاستەقینەکان، لە وەها دۆخێکدا، چۆنە شیعر قوربانی دەکەن؟

"شیعری ئەو ڕۆژگارانە ئەبوو مەشخەڵ و سروود و هەڵمەت بێت و بە قوڕگی داستان هاوار بکات." (شێرکۆ بێکەس)

هەست بە بەرپرسایەتیکردنی شاعیران لە هەمبەر ئەو ڕووداوە تاڵ و شیرینانەی کۆمەڵگەکەیان دەگرێتەوە هۆی سەرەکیی لەدایکبوونی شیعرە سنووردارەکانە. شاعیرانی مەزنی کورد شیعرییەتی شیعریان ـ بەدەر لە پێوانی نرخەکەی. قوربانی ئەو قۆناغانەی مێژوو کردووە کە گەلەکەیانی تێدا چەوساوەتەوە، یا کلاوڕۆژنەیەك بەدی کراوە، کە بۆی هەبووە لێیەوە بە تیشکی زێڕینی شیعر مێشك و بیر و باوەڕی خەڵك ڕوون کرێتەوە. دابەزاندنی پلەی شیعر لە وەها قۆناغێکدا و قوربانیکردنی شیعرییەتی شیعر، واتە قوربانیبوونی خودی شاعیر. شاعیر دەبێتە کەسێکی مەیلەو یاخیی خۆکوژ، کە هەوسار لەو هەست و نەستانە دەدا وا شیعری بێسنووریان لێ هەڵدەقوڵێ و دەیانگێڕێتەوە ناو جوغزی سنووری کۆمەڵگەکەی. شاعیری کورد، تەنانەت خەون و خولیاکانیشی، کە ڕەنگە هەوێنی بەدیهێنی زۆر شیعری ئازاد بن، کورت دەکاتەوە سەر ئەو خولیایانەی تەمەنی گەلەکەی تێدا درێژ کاتەوە. واتە شاعیری کورد شیعر دەکاتە چەك و بەو چەکەی ڕووی دزێوی مێژوو دەپێکێ و بەری شیرینی لێ دەخوازێ. بەڵام ئەگەر وردبینەوە، مخابن، لەباری شیعرییەوە شاعیر بە هەمان چەك ڕۆحی شاعیریەتی خۆشی دەپێکێ و ئەوەش خەفەتباترین و گەورەترین قوربانیدانە بۆ نیشتمان و مەزنترین پێشکەشە کە بە کۆمەڵگە دەدرێ.

- جاری وایە شاعیر بە ئاگادارییەوە شیعرەکەی دەکاتە چەکێك بەرانبەر ئەو ڕەوتەی دەسەڵات یا کۆمەڵگەی پێ بەڕێوە دەبردرێ. جا چ ڕەوتەکە وەك لایەنێکی ڕۆحی دیاربێ و چ وەك ڕەوتێکی لەبەرچاو و بەرهەست. ئەو کاتەی شاعیر بە ئاگاییەوە دەست دەداتە وەها کارێك بێگومان هەوێنی زۆربەی شیعرەکانی لە کۆمەڵگە و دەسەڵات و ئەو ڕەوتە وەردەگرێ کە ژیانی تێدا بۆتە قوربانی و گەلی تێدا بۆتە دەستەچیلە. لەم حالەتەدا شاعیر لە مێژوونووس نزیك دەبێتەوە. واتە لکی داری مێژوو لە پەلکی گوڵی شیعر موتوربە دەکا و کووژەکەی ڕەوتی مێژوو بە تاڵە دەزووی شیعر دەهۆنێتەوە. خوێنەری سبەینێی ئەم شیعرانە، بەر لەوەی ڕوانگەیەکی ڕەهایان بۆ دامرکانەوەی تاسەکانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە، لادیواری سینەمایەکی لەبەر چاو هەڵدەچنرێ و ڕیزە فیلمێکی لەسەر نیشان دەدرێ. ئەو شاعیرانەی لەسەر ئەم ڕێبازەن بێت و وریا نەبن مێژووی دڵڕەق وەك ئامرازێك کەڵکیان لێ وەردەگرێ و هیچ دوور نییە کە لە داهاتوویەکی نێزیکدا شیعرەکانیان بچێتە خانەی فەرامۆشییەوە. ئەوەش لەبەر ئەوەی کە لە شیعردا مەودای خەریکبوون بە سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵگەوە نارەخسێ و لە هەردی شیعردا ئەو ئاماژەیەی بە مێژوو دەکرێت ئاماژەیەکی گشتییە، بەڵام لە لای مێژوونووس مەودای وردبوونەوە لە گشت ئاکار و کردەوە و کەلێن و قوژبنەکانی ئەم ماوە زەمەنیە و ڕوخسەتی تۆمارکردنیان بە درێژی دەست دەدات. کەواتە شاعیری ناوریا و نازیرەك هەردوو لایەنەکەی دۆڕاندووە، باڵی شاعیریەتی بە هۆی قورسایی باسی مێژوویی لەنگ بووە و باری مێژووییشی، بەهۆی نەگونجاوبوونی ئەو دەفرەی بۆ باسەکەی تەرخانکردووە، واتە دەفری شیعری، پەك خستووە، چونکە ئەرکی مێژوونووس وێنە هەڵگرتن و کۆپیکردنە و کاری شاعیر ئەفراندن و داهێنان

- خۆ ئەو شاعیرەی کە لە بێئاگاییشدا دەنووسێت، دواتر، بە پێداچوونەوەی ورد بە شیعرەکانیدا، دەکرێ ڕوویەکی شاراوەی مێژووی تێدا بدۆزرێتەوە. واتە ئیلهامەکانی بۆ ناخی کۆمەڵگە و قووڵایی مێژوو ڕەگاژۆیان کردبێت. وەك مامۆستا هەژار دەفەرموێ: " وێژەناسان لایان وایە هەر بوێژێك، لە هەر دەور و زەمانێکا، هەر ڕێبازێکی گرتبێ یان بەبێ ڕێ ڕۆیشتبێ، بەهەر

ئاوات و نیازێك هەڵبەستی هۆنیبێتەوە، ئەو بوێژە لە ماوەی ژیانی خۆیدا ڕمووزنێکی درۆزن یان خووخۆش و ڕاستگۆ بێ، سفت بێ یان بێتانوپۆ بێ، بەلەنگاز یان ساز و کۆك بێ، بوێر بێ یان ترسنۆك بێ، بێ ئەوە خۆی ئاگا بکا بێگومان هەڵبەستەکانی ئاوێنەیەکی ڕوونوێنی ڕوودانی ژین و کردەوەی ئاپۆرەی ڕۆژگاری چەرخی خۆیەتی."[٢]

لەم بێئاگاییانەدا باسە مێژووییەکان لە دەرکەی بیری خوێنەر نادەن و هەر خۆبەخۆ دەدەڵێنە ناخی خوێنەرەوە، وەك چۆن بەبێئاگاییش لە جەوهەری پێنووسی نووسەرەوە داچۆڕاون. واتە چەکێك نەبووە بە دەست شاعیرەوە، بەڵکو گۆڕەپانێك بووە کە شاعیر و گشت کۆمەڵگەی شاعیر هاموشۆیان تێدا کردووە، بەڵام خوێنەری ئەو بابەتە تێکەڵاو بە مێژوویانەی بە ئاگاییەوە نووسراون، خۆی بە ئاشکرا دەچێتە ناو ئەو خانووچکەیەی شاعیر داڕشتووە.

خوێنەری ئاسایی بەشی یەکەمینیان، ڕەنگە قەت هەست بەو شیلە مێژووییە نەکا کە لە دەماری شیعرەکاندا دێت و دەچێت. ئەوە ئەرکی لێکۆڵەران و توێژەرانە کە ئەم لەشە شیعرییانە جەڕاحی کەن و ئەو شیلەیە دەرخەن. مخابن، لەوەها کاتێکیشدا تامی شیعری لە کیس دەچێ و دەبێتە ڕاپۆرتێکی بێ تام و بۆ، چونکە لە ڕاستیدا شیعر بەرگەی جەڕاحی ناگرێت و زوو سارد دەبێتەوە. شیعری ڕاستەقینە خوناوی بەرەبەیانی سەر پەلکی گوڵێکە و سیحری جوانییەکەی بە دەست تێوەردان و ترازان و ڕژانە سەر عەرز شرت و گوم دەبێت.

ڕەنگە لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردەواریدا کەس بەقەد "مامۆستا هەژار" و "عەبدوڵلا پەشێو" ئاوا بەزەقی قامکی لەسەر پەلەپیتکەی چەکی شیعر نەترازابێت. بە چاوخشاندنێك بەسەر کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی ئەو شاعیرانەدا باش دەردەکەوێت کە بێدەسەڵات بوون لە بواری شاعیرێتیدا وای نەکردووە ئەم لاڕێبازە هەڵبژێرن، چونکە لێرە و لەوێی دیوانەکانیاندا شاکارە شیعری وا خۆ دەنوێنێ کە بۆ دەسەڵات و نەمرییان بەڵگەیەکی سەلمێنەرە، بەڵام ئەوە ژانی هەستکردن بە لاڕێداچوونی مێژووی گەلەکەیانە کە لێیان بۆتە بەرەژانی شیعر و وازی پێ لە چوونە ناخی خۆوە و خەریکبوون بە ڕۆحی خۆ

هێنــاون و فرێــی داونــەتــە نــاو گێــژاوی ئــەو ژاوەژاوەی کۆمــەڵگــەی پێدەچەوسێنرێتەوە. وەك "شێرکۆ بێکەس" بۆ ئەم قۆناغانە ئاماژە دەکا و دەڵێ: "دەنگە هێور و نزمەکان، خەم و مەراقی تاکەکەسی، بەناچاری کپ ئەبن و ئیتر هاوار و خەمی گەورەتر لە خۆت، بە دەنگی بەرز و مانای زەقەوە دێتە پێشێ . ئێمە سەرەتای بەهرەمان ڕێکەوتی ناو ئەم زریانانە کرد." [٣]

بڵێسەیەك کە لە ویژدان و دەروونی ئەم شاعیرانەدا هەڵگیرساوە پێش هەموو شت ئاقاری خولیا تایبەتییەکانی خۆیانی پێ هەڵپڕووزاوە و بەر پێی ڕێبوارانی کۆڵانە نووتەکەکانی مێژووی پێ ڕوون کراوەتەوە.

**"مام هێمن" دەفەرموێ :**

**خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵك ڕۆشن بکەم**
**کێ لە ڕێی خەڵکا وەکوو شاعیر دەسووتێ شەم نەبێ".**

هەژار و پەشێو، وەك نموونە، لە نەبوونی ئەو ویژدانە وریایانەدا کە لە ڕێگای جیاواز لە شیعرەوە دەیانتوانی قامك لە چاوی بەرپرسیارانی نەهامەتییەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەت دەسەڵاتە دەرەکی و ناوەکییەکان ڕاکەن، ناچاربوون خۆیان فیداکەن و هەستی شاعیرانەی خۆیان لەو پێناوەدا هەم بکەنە چەك و هەمیش بکەنە قوربانی. ئەو دۆخەی لە لای شاعیران و نووسەرانی تر قەڵەمیان پێ لە گیرفان دەخاتەوە و بێدەنگییان پێ جاڕ دەدا، لە لای شاعیرانی وریا هەرنەبێ دەبێتە هەوێنی بەگژاچوونی خودی دۆخەکە. ئەوەی لە شێوازی نووسینی ئەم دوو شاعیرەدا تا ڕادەیەك وای کردووە بەرهەمە لە مێژوو نزیکەکانیشیان ڕەنگ و بۆی شیعریان لێ دانەماڵدرابێ و تەمەن کورتی بە ئاشکرایی پێیان نەوێرێ ڕایەڵێکی شاعیرانەیە کە پۆی ئەم باسانەی تێهەڵکێشراوە. واتە لەزەتێکی شیعری کە لەگەڵ نواندنی کردەوە ڕاست و چەوتەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵات دەڕژێتە دەروونی خوێنەرەوە. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە نرخی شیعرەکانی هەژار و پەشێو لە یەك ئاستدان." [٤]

بەشێکی زۆری ناوئاخنی دیوانی ئەم شاعیرانە بە وەها چەکێك ڕەنگاوە. ئاماژەکردن بە نموونەی شیعری تەنیا وتارەکە درێژ دەکاتەوە، بۆیە خۆی لێ

دەبوێرم و تەنیا وتەیەکی "عەبدوڵڵا پەشێو" وەك کۆتایی دێنمەوە: "فۆرمی شیعر وەکو باڵی مێشێ تەنکە، قورقوشمی مەوزووعی کۆمەڵایەتی و شتی وا زۆر تەحەممول ناکا. من ئەو شتە دەزانم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لێدەدەم... ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان باری ژیانی نەتەوەکەم گۆڕا و ئەو شتانە بوون بە مێژوو، یاخوا سەد جار ئەو شیعرانە دەمردن، بلا بمرن...»"[٥]

## ژێدەرەکان:

١) کتاب جمعه ـ شماره ٦ ـ شهریور ١٣٥٨

٢) پێشەکی چاپی سێهەمینی دیوانی " بۆ کوردستان"، هەژار.

٣) لەگوڵەوە هەتا سووتوو، وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری کاروان

٤) پەشێو و هەژار سەر بە دوو شێوازە شیعری جیاوازن، نیشانگەی چەکەکانیشیان جیاوازی تێدا دەبینرێ، بەڵام ئەو خولیایەی لە پێست و هێسقانیان کاری کردووە یەکڕەنگ و یەکبۆیە.

٥) وتووێژی پەشێو لەگەڵ med.tv

سەرچاوە: ژمارە ٧٤ی گۆڤاری هەنار.

# پەشێو،
# شاعیرێك لە ڕەگەزی سەربزێوی

نووسینی: ڕەزا کەریم مجاور(تاپۆ)*
وەرگێڕ لە فارسییەوە: کامەران جەوهەری (هەڵوەدا)

"عەبدوڵڵا پەشێو" یەکێ لە شاعیرە هەرە مەزنەکانی ئەم سەردەمەی کوردە، کە نێوی هەمیشە لە پاڵ نێوی شاعیرانێکی وەك شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و ڕەفیق سابیر و... دا دێت. پەشێو تەنیا شاعیرێکی کوردی سەر بە ڕێبازی شیعری نوێیە، کە سەرنجی بەردەنگی تایبەتی و گشتی هاوسەنگ بەرەو شیعرەکانی ڕاکێش کردووە و بە دڵنیاییەوە لە چاو شاعیرانی تری کورد، لە کوردستاندا زیاترین خوێنەری هەیە. شیعرەکانی پەشێو هاوکات، لەگەڵ ئەوەی کە بە زمانێکی ساکار و نزیك لە شێوازی ئاخاوتن نووسراون، خاوەن مۆسیقای ناوەکی و دەرەکیی تایبەتن و بە شوبهاندن و خوازەی جوان و بەرهەست ڕازاونەتەوە. شیعری پەشێو شیعرێکی دەروەست "مولتەزیم"ە و ئەم دەروەستییەش لە ماوەی (٤٠ ) ساڵ تەمەنی شاعیرێتییدا هەر لە هەڵکشاندا بووە. پەشێو شاعیرێکی ناسیونالیست و نیشتمانپەروەرە و هەر وەك زۆر جاران لە وتووێژەکانیدا دەریبڕیوە، ڕێبواری ڕێگای شاعیرانی نەتەوەخوازی کورد "ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ـ ١٧٠٦) " و حاجی قادری کۆیی (١٨١٥- ١٨٩٢) یە.

پەشێو ئەوینداری نەتەوە و نیشتمانی خۆیەتی و هێشتاش، پاش ساڵانێکی درێژی ژیانی ئاوارەیی لە ئەورووپا، بە زمانێکی ساکار و دوور لە گرێوگۆڵی ئەوان شیعر دەنووسێ. سەرەڕای ئەم تایبەتمەندییانەش، شیعرەکەی بۆتە

شیعرێکی بێ سنوور و، دەنگی بۆتە یەکێ لە دەنگە پڕ سۆزەکانی شیعری ئەم سەردەمەی کوردستان.

**تەنیا شاعیرێکی کوردی سەردەم، کە ناوی لە زانستنامە (٥) بەرگییەکەی« دایرەتولمەعاریفی نوێ" ی "عەبدولحوسێن سەعیدیان" - لێکۆڵەری ئێرانی - دا هاتووە، عەبدوڵڵا پەشێوە. لە لاپەڕەکانی ٩٧٨ و ٩٧٩ی بەرگی دووهەمدا، لەگەڵ وەرگێڕانی شیعری بەناوبانگی "سەربازی ون"ی پەشێو، دەڵێ: "پەشێو، خۆی گوتەنی، شاعیری هەرێمی سەربازە ونبووەکانە. ئەو شوێنەی کە هەموو ڕۆژێك هەزاران حەماسەی سەرهەڵداوی خوێنی لێ دەبێتە مێژوو و هەر سروودێ دەبێتە ئاڵایەك. شیعرەکانی، چ لەوکاتەدا کە شەکەت و ماندووی ڕێگەی دوورە و بۆ خەونێ، تۆزە گریانێ لە سەر هەوری قژی خاوی خۆشەویستەکەی ئەم ڕێگەیەی پێواوە و چ لەوکاتەدا کە گەرەکیە پێستی بۆ نیشتمانەکەی بکاتە ئاڵا، دەنگی خەباتی گەلەکەیەتی لە دژی ڕژێمی فاشیستی عێراق. گۆرانییەکانی مەنفای، یان خۆی گوتەنی "شەونامە"کانی، پێش ئەوەی بڵاوکراوەیەك لە چاپیان بدا، لە نێو خەڵکی خەباتگێڕی نیشتمانەکەیدا دەستا و دەست دەبن و لەم شارەوە بۆ ئەو شار و لەم دێوە بۆ دێیەکی تر بڵاو دەبنەوە". (١)**

پەشێو شاعیرێکی لاسار و تووڕەیە و بەر لە هەموو شت و هەموو کەس، لە دەست سەرۆکە نیشتمانفرۆشەکانی نەتەوەی خۆی لە قینە. تووڕەییەك کە جار نا جارێ هەوساری پێنووسی سەربزێوی ئەو دەگرێ و شیعرەکەی ڕاکێشی سنووری دروشم دەکا. بۆ نموونە:

**قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:**
**ماری شیرین ژاریش هەیە.**
**قەحبەن ئەوانەی پێم دەڵێن:**
**تەوری برای داریش هەیە.**

هەڵبەت ئەم شیعرە ساکار و دروشماوییانەی زێتر بۆ شەڕی ناوخۆ و براکوژی گوتووە. وەك خۆی لە شیعرێکی دیوانی "براکوژی" دا - پاش سەفەری

هەولێر لە ساڵی ١٩٩٤دا و دیتنی باری شپرێوی هەرێمەکە ـ ئاماژە بەم چەمکە دەکا:

**ئەمڕۆ ڕۆژی شیعر نییە**
**بۆیە من بۆتان دێمە گۆ**
**بە زمانێکی یەکجار سادە.**
**پێتان دەڵێم:**
**ئەوەی کورد بێ و کورد بکوژێ**
**زۆڵە، تەرەسە، گەوادە!**

هەر ئەم تووڕەبوونەشە کە سەرۆکەکان و دەسەڵاتدارەکانی کردۆتە دوژمن و قەستەسەری ئەو و بۆ هەمیشە پەڕەوازەی غوربەتی کردووە:

**چ زوو پێم گوتن:**
**کوندەبۆیانی کەلاوەنشین**
**چاویان هەڵنایە بە ڕۆژی ڕووناك...**

دیسانیش هەر ئەو تووڕەییەیە کە لە ساتەوەختە هەڵچوونەکانیدا شیعری سەرسووڕهێنی پێ دەخولقێنێ . وەك چۆن ساڵی 1982 لەوپەڕی لاساریدا دەڵێ:

**ئەوەی بستێك خاکی نەبێ**
**خوا و ئەستێرە و ئاسمانی کوا؟**

لە نوێترین شیعریشیدا، کە بەشێکی سەفەرێکی مێژوویی و شێوەتیراژیکە بۆ ڕابردووی شاری لەمێژینی هەولێر ـ ئەو شارەی کە بە ئەربائیلۆ(چوار خودا) ناسراوە و پێیان وابووە لە قەڵاتە بەناوبانگەکەیدا چوار خودا هەبوون ـ ئاوەها دەنگ هەڵدەبڕێ:

....

**نەرمە نەرمە دەست بە قژی خوێناویتا دەهێنم و**
**بە هەنیسکی گریانەوە**
**کەعبەی نێوان هەردوو چاوت ماچ دەکەم و**

**بە ئاستەم دەسرتێنمە گوێت:**
**جگەرگۆشەم!**

....

**لە سەر شاشەی ناوچەوانت**
**شتێك نەما بەدیی نەکەم:**
**جێبرینی شیر و تیری**
**عەفلەقە سەر قانگەکانی سەدەی حەفتەم،**
**ئاینوئۆینی خوشکەکانی (ان) و (کان)،**
**تریاکی موعەللەقات و**
**بەنگی ئیعڕابی (لن) و (لم)،**
**نا هیچ نەما لەو ساتەدا بەدیی نەکەم:**

.....

**لە بەدگومانیم ببوورە**
**بەڵام هەرگیز باوەڕ ناکەم**
**ئەربائیلۆ ناوی تۆ بێت،**

.....

پەشێو پەڕەوازەی غوربەتی هەندەران بووە، ئەو غوربەتەی لە زۆربەی شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بۆتە هۆی ئەوەی کە شاعیری نەتەوەیی نەك هەر لە ژانی دووریی لە نەتەوە، بەڵکو لە حەسرەتی دیداری ئاو و خاك و بەرد و دار و چیا و شینایی، کوڵ بیگرێ:

**پەلە قاژەمە!**
**بەڵکو تا زووە،**
**هەندێ گەڵای دار،**
**هەندێ پنجە گیا و گوڵە کێویلەی**
**ئەوێ دەستگیر کەم.**
**ناترسم ناویان لە یادم بچێ،**
**بەڵام دەترسم...بۆنیان لە بیر کەم!**

پەشێو بە ویستی دڵ وڵاتی غەریبی هەڵنەبژاردووە. دەسەڵاتداران بە زۆرەملی شاربەدەریان کرد:

**دەریان کردم**

**چونکە شیعرم**

**مناڵێکی چەتوون ئاسا**

**پلووکەبەردی هاویشتە**

**ماڵی شووشەبەندی گەوران!**

پەشێو گەرچی لە سیاسەتمەداران و ڕووناکبیرانی سەربەدەسەڵات ڕووگرژ و ناهومێدە، بەڵام نیگای هیوای بڕیوەتە ئاپۆرەی خەڵك و بە تایبەت مناڵان و گەنجانی داهاتووی نیشتمانەکەی و لە زۆربەی شیعرەکانیدا ڕووی قسە و هیوای هەر لەوانە. ئەو وەچەیەی بیریان لە ئێمەمانان ڕوونترە و بێهوودە دەست ناکەن بە کوشت و بڕین و هەر لەخۆڕا ئاژاوە نانێنەوە:

**ڕۆژ باش**

**کچانی سەد ساڵ لەمەو پاش!**

**ڕۆژ باش**

**کوڕانی سەد ساڵ لەمەو پاش!**

**کە منتان دی،**

**بانگم بکەن**

**بۆ سەر سفرەی پڕی خۆتان.**

**من دڵنیام**

**نانی ئێوە تامی خوێن و ڕۆندك نادا.**

.....

پەشێو ئێستاکە نزیك لووتکەی تەمەنە و لەو بەرزاییەوە، بە حەسرەتەوە لە تەمەنی گەنجیی خۆی دەڕوانێ:

**ئەگەر دیسان**

**خوا لاویمان بداتەوە**

وەك خەڵاتێکی ئاسمانی،
ئەگەر سروشت
پڕاوپڕمان بکاتەوە
لە کڵپە و گڕ، شێتی و جوانی:
ئەمجارەیان
لە پێناوتا
کام بەر حەرامە ـ ئەو دەخۆم
کامە یاسا ئاسمانییە ـ ئەو دەشکێنم
....

١) (دایرەتوالمعارف نو ـ تهران ـ انتشارات علم و زندگی)

سەرچاوە: مانگنامەی گوڵستان تاران – ژمارە ٧٨.

# پەشێو، منالێکی سەرسپی

کامەران جەوهەری (هەڵوەدا)

هەستی پاکی شاعیرانەی هەر شاعیرێك، وەك بەفری داناردناری بەر نسێی ئەشکەوتێکی بێدەنگ، لە حاندی پاکییەتی تیشکەکانی هەتاو دەچێتەوە. سوورانەوەی پەپوولەی هەستی ناسکی شاعیران بە دەوری گوڵی ڕۆحی پاکی لە درزێوی بێبەشاندا هەمیشەییە.

سپییەتی دنیای دەروون و بێبەری لە زەبر و زەنگ، دایم و دەرهەم بۆ شاعیران نەك هەر مایەی دڵخۆشی بەڵکو ئاواتێکی لەمێژین بووە. تژی بوونی بوخچەی دنیا لە زوڵم و زۆری و گەڵاپۆشبوونی داری بێبەری مێژوو بە نەهاتی و نەهامەت و کێشە و گۆڵمەز، هەمیشە بۆتە مایەی داخورپان و داچڵەکانی شاعیران.

هەستی پاکی شاعیران، پاش دەربازبوون لە جوغزی ئەو دنیا ئاخنراو بە چڵکنییە، لە نزیك کەسێك یا ئاقارێك گیرساوەتەوە و بۆ دامرکانی ئازارەکەی و بۆ خۆڵماڵکردنی جەستەی ڕۆحی خۆی لەو تاریکییە، باوەشی بە تریفەی ڕووناکی ئەودا کردووە. هەندێ لەو ژانی هەستە پیرۆزانە لە باوەشی پڕ بەزەیی "دایك"ا، تاقمێ لە ئامێزی پڕ خۆشەویستی"دڵدار"دا، بەشێ لە داوێنی سروشتی بێدەنگا و کۆمەڵێك لە ...دا دامرکاون. "پەشێو" پاش لە دەرگەدانی "دڵدار" و نێوچەوان سوون لە بەر پێی "داك" و پەنابردن بۆ "کەوێڵێکی داوێنی چیا" و دانەمرکان و دانەمرکان، باوەشی بە ڕۆحی پاکی "زارۆ"یاندا کردووە، تاکو

هەستی هەڵچووی خۆی بەو شیلە پاکە ڕووئین* بکا و ڕۆحی خۆشی بەدیاری بۆ ئەوان بەرێ. لەگەڵ گەشتێك بە نێو شیعرە بەرزەکانی پەشێودا، لەو هەوارە مناڵانەیەی تاوڵی هەڵداوە، پێکێك هەڵدەدەین:

١) بەفری نەرم و شیعر شێوە خەریکە دادەبارێ و لە ڕێگەی چاوی جوانیبینی پەشێوەوە خانەی ڕۆحی تژی دەکا لە پڕشنگی خۆشەویستی و بە جوانی و لەسەرخۆیی و هێدی دابارینی کڵوو کڵووی بەفر، فرمێسکی کۆرپەڵەیەکی دێتەوە یاد:

**" وەك فرمێسکی زارۆی ساوا**

**کڵوو کڵوو،**

**هێدی هێدی**

**بەفری زیوین دێتە خوارێ"**

(بەفر. شەونییە خەونتان پێوە نەبینم)

٢) کە خۆشەویستیی خۆی بەرانبەر بە ڕۆڵەکانی مەوتەنەکەی دەردەبڕێ، لە دەلاقەی خۆشەویستیی مناڵەوە تیشکیان بەسەرا دەپرژێنێ و ڕۆحیان بەسەرا دادەبەشێ:

**"کە مناڵێکتان دەگری**

**من ژیری دەکەمەوە"**

(بۆ چیاییە دوورەکان - شەونییە...).

٣) بە جێی ئەوەی دەستی داوا بۆ لای خۆشەویستەکەی ڕادێرێ و برینی جەستەی پێدامرکێنێت، بووژانەوەی مێرگەلانی ڕۆح و خەنینەوەی کانیی کرِی مندالیی لێ دەوێت:

**"دە چاوەکەم**

**دیسان گیانم تژی کەوە**

**لە منالی و تاسەی یاری"**

(ئەمشەو تا بەری بەیانی - شەونییە...).

٤) که پێ دەنێتە نێو شاری نامۆی وارشۆ، کاتێ میلی تەنیایی سەراپای جەستەی دەچنێ، ڕەنگە بە بیریدا نەهاتبێ کە بۆ بەڕێکردنی لە کاتی ماڵئاواییدا، منالانیش لەگەڵ کیژۆڵە و کۆشك و تەلار و کلێسەکانی وارشۆ، بۆنیان دەچێتە ناو پریاسکەی گەڕانەوەی:

**"کەچی کاتێ بەجێت دێڵم**

**مناڵە خرپنەکانت بەڕێم دەکەن"**

(وارشۆ ـ شەونییە...).

٥) کە دڵدارەکەی، ئەو شۆخە کچەی بە هیوایە خۆی لە ئاوێنەی شیعرێکی پەشێودا بەدیکا، دڵپڕ و ناهومێد دەبێ، پەشێو لە چارەیا مناڵێکی گڕووگرتوو بەدی دەکا:

**"ئەویش وەکو مناڵێکی وڕکگرتوو**

**برۆکانی گرێ دابوو**

**سەرپەنجەکانی خۆی دەگەست!"**

(من و ئەو و شیعر ـ شەونییە...).

٦) پەشێو، کە شیوەن بۆ ئازادی هەموو خانەکانی جەستەی تەنیوە، گڕوگاڵی گڕوویەکی منالانە بە دەمارەکانیا دێت و دەچێت. پەشێوێك کە سەری برووسکاوێژی لە بەر هیچ زەبر و زەنگێك نانەوێنێ، پەشێوێك کە دەستەودوعایە بە پیریش نەچەمێتەوە، پەشێوێك کە بە نێو کێردەلانا ڕچە دەشکێنێ و لە کەمینی تەورانیش ناپرینگێتەوە، کاتێ باسی دیکتاتۆرییەتی منالی دێ بە بیرا، سەری دادەخا و دەچەمێتەوە و مەتەرێزی دەدا بەدەستەوە. نە تەنیا ڕازی دەبێ، بەڵکوو لەگوێن مەرجێك بە پاڵپشتی خوازیاریەکەی دادەنێ:

**"من قەت دژی ئەوە نیم**

**دکتاتۆر جیهان بگرن**

**سێبەری خوا بن، زۆربن**

**بەڵام مەرجێکم هەیە**

**با منداڵان دکتاتۆر بن"**

(مەرج ـ شەونییە...)

٧) لە غوربەتەکەی مۆسکۆیدا، کە تاسەی گەڕانەوە بۆ نیشتمان وای لێدەکا دیمەنە ئاسمانییەکانی سروشت و خاکەکەی بێتەوە بەرچاو، زێتر هەر بۆ منداڵان دەدوێ و هەڵمی هەموو تاسە و خۆزگە و بریاکانی دەکاتە پەڵەهەورێك و بەسەریانیدا دەبارێنێ. لە نێو قووڵایی ئاخەکانیشیا تەنیا هەر جێگەی منداڵان دەبێتەوە:

**"ئاخ منداڵان**

**ئاخ بەس ئەمجارە بێمەوە"**

پەشێو هەر لە منداڵان دەرسی وەرگرتووە و هەر بە منداڵانیشی دەڵێتەوە. کە مرۆڤەکان دەیانهەوێ خۆشەویستیی لە ڕادەبەدەر دەربڕن، بە کردەوە دەنووشتێنەوە و بۆ دەربڕین، بە خۆشەویستی چاوەکانی خۆیانی پێوانە دەکەن، یان لەگەڵ خوشەویستیی منداڵەکانیان وەردی دەدەنەوە و ئیتر دەبڕدرێتەوە، پەشێو هەر بۆ منداڵان دەنووشتێتەوە و هەر بۆ منداڵان گڕ لە گلێنەی چاوەکانی بەردەدا و هەر بۆ منداڵانیش منداڵترین هەڵبەستی خۆی لە بڵێسە هەڵدەکێشێ:

**"ئەگەر ئەمجارە بێمەوە**

**منداڵانی مۆسکۆی چاوشین فێریان کردووم**

**بێ شیرینی سەرناکەم بە هیچماڵێکا**

**زۆر جۆلانەی نەرم و سادە**

**بۆ منداڵان هەڵدەبەستم**

**گڕ بەردەدەم**

**لە گلێنەی چاوەکانم**

**لە ساواترین هەڵبەستم**

.......

**هەر بێشکەیێك بێتە ڕێگەم**

**بە شێنەیی بە سەریا دەنووشتێمەوە"**

(ئەگەر ئەمجارە بێمەوە ـ شەونییە...).

٨) دنیایەکی شیرینی دڵدارانەی بێدڵەکوتە و دوودڵی لەگەڵ سرەوتن و ئارامبوونی کۆرپەڵەیەکی ساوا وێکدەچوێنێ و حەسرەتی پێدەخوات:

**"پیاوێك سەری بە شانی**

**شۆڕە ژنێك کردووە.**

**زارۆیەکی ساوایە و**

**لە بێشکەدا نوستووە**

**خۆزگەم بە خۆی...."**

(لە باخێکدا ـ برووسکەچاندن)

٩) پەشێو ئەو کاتەی ناهومێدی و ئازار دایدەپۆشێ و بێدەرەتانی دەرگای پێدەگرێ و لە سوودبەخشبوونی بیر و ئەندێشەکانی ئێستا دەست ئەشواتەوە، وەك ڕووگەیەك ڕوو لە منالانی داهاتوو دەکا و تۆوی هیواکانی لە کێڵگەی عومری ئەواندا دەچێنێ:

**"لە زمان و سەر بێزارم**

**دیسان چاوم لە ئێوەیە**

**زارۆیانی نەداری کورد**

**لە دایك بن!**

**کوڕانی سەدەی ئاییندە"**

(لە ڕوخساری شیعر گەڕێن... ـ دیوانی براکوژی)

**"ڕۆژباش**

**کچانی سەد ساڵ لەمەو پاش**

**ڕۆژباش**

کوڕانی سەدساڵ لەمەو پاش
من دڵنیام
نانی ئێوە تامی خوێن و ڕۆندك نادا"
(ڕۆژباش کچانی... ـ بەرەو زەردەپەڕ)

- "منداڵەکان ئێوەن زەلکاو دەشڵەقێنن
ئێوەن ئەو بوومەلەرزانەی
سبەی کانی دەتەقێنن
ئێوەن سبەی سنووری دەستکرد دەشکێنن
قەفی زنجیری لێکپچڕاو بە یەکترەوە دەلکێنن"
(وانەی٣ ـ دوانزە وانە بۆ منداڵان)
- "منداڵەکان لە ئاگردانی چاوتاندا
من چاوەڕێی زەردەشتێکم،
بێ، جێ بەو بتانە لەق کا.
من چاوەڕێی چەخماخەی ئاڤێستایەکم،
بێ، جەرگی تاریکی شەق کا"
(وانەی٥ ـ دوانزە وانە بۆ منداڵان)

- "ئەی کچانی
پێتەختی عەشق و کارگە و گوڵ
.............
وەك بیستوومە
لە چیاکانا ڕەشەبایە،
نا، ڕەشەبا لەوێ نییە!
ئا لێرەیە،
لە لانکۆڵەی دوێنێ و سبەی ئێوەدایە"
(ڕەشەبای دەنگوباس ـ شەونییە...)

١٠) که باسی باڵای خەمەکانی خۆی دەکا، پڕ بەزەییانە مناڵانی وڵاتێك که لە زمانەکەشی ناگەن لە خۆ هەڵدەوارێ، نەوەك نیگای خەماوی تەم بخاتە سەر دڵی مناڵانەی بزۆزیان:

**- "ئەی مناڵە قشتەکانی**
**پێتەختی ئەشق و کارگە و گوڵ**
**ئەمڕۆ لە چاوم سڵ بکەن**
**سڵ بکەن...سڵ**
**چاو بێپەردە و زمان شڕە"**

(ڕەشەبای دەنگوباس ـ شەونییە...)

١١) بە ڕوانین بە دەوروبەریا و تێفکرین و هەڵسەنگاندنی بیرمەندانەی بار و دۆخ و چوونە ناخی مێژووی شۆڕش و ئاژاوە و کێشەکانەوە، لە دایکبوونی مناڵێکی لەبەرچاو دەنەخشێ و بۆ پێشبینییەکی مەزن پشت بە ئاکاری ئەو کۆرپەڵە گچکە دەبەستێ:

**."گوێم لە هاواری نەتەوەکەمە،**
**بەڵام دڵنیام**
**جیهانی سبەی گوشاد و ڕوونە:**
**لەدایکبوونی مناڵم دیوە**
**قیڕە و لینگکوتان**
**یەکەم نیشانەی لەدایکبوونە"**

(لەدایکبوون ـ برووسکە چاندن)

١٢) موعجیزەیەك لە چاوی منداڵدا بەدیدەکا کە تینی تیشکەکەی سەهۆڵبەندانی ناخی دەگرێتەوە و خەمە سەهۆڵینە جووڵەلێبڕاوەکانی دەتوێنێتەوە و باڵیان لێدەڕوێنێ و لە هەرێمی دڵ دووریان دەخاتەوە:

**ـ "من چۆلەکەی باڵتەزیوی**
**خەمەکانی خۆم هەڵدەگرم**

**دەڕۆم، دەڕۆم،**
**تا منالێك دەدۆزمەوە،**
**لە ناو تیشکی چاوی ئەودا**
**فڕین وەبیر چۆلەکەی خەم دەهێنمەوە"**

(نامۆیی ـ شەونییە...)

١٣) بۆ ئەوەی باوەڕ بە ڕاستگۆییی بکەن و ئیمان بە وتەکانی بێنن، بۆ ئەوەی ڕاستیی بۆچوونەکانی خۆی بچەسپێنێ، خۆی دەکا بە نێو کۆڕی منالآندا و سەری سپیی بە ڕۆحی سپیی ئەوانەوە دەلکێنێ و شەپۆلی دەنگی تێکەڵاوی زەریای بێغەوری ئەوان دەکا:

**ـ "مندالً و شێت ڕاستگۆن، منیش...**
**مندالێکی سەرسپیم و**
**سەرشێتێکی لاساری کورد"**

(لە ڕوخساری شیعر گەڕێن... ـ برووسکەچاندن)

١٤) نەك هەر زارۆ، تەنانەت ئەو ماڵەش کە زارۆی تیا نوستووە، بۆتە کەعبەی خۆشەویستی و بۆ پەشێو سامێکی تایبەتی هەیە، سامێکی زۆر بەتینتر لە سامی میحراب و ئەڵتار، با تارمایی خواشیان پێوە دیار بێ:

**ـ "هیچ ئەڵتارێ،**
**هیچ میحرابێ**
**وەك ماڵی زارۆ تیا نووستوو**
**بۆ من سامی نییە و نابێ"**

(زارۆ ـ شەو نییە...)

١٥) خۆشەویستیی منداڵ وای کردووە پەشێو دیوانێکی سەربەخۆ بۆ منداڵان تەرخان کا و لەلای ئەوان دەردەدڵ بکا و هیواکانی بەوان بسپێرێ: "دوانزە وانە بۆ منداڵان"

١٦) لە دیوانەکانی تریشدا شیعری سەربەخۆی بۆ خۆشەویستی منداڵان هەیە: (شەوبێداری)، (دوا وانە) و... .

١٧) لێرە و لەوێش، لە تەلاری شیعرەکانی تریشدا، میوانداریی منداڵی هەر کردووە: "سەردەکەوین"، "تکایەك"، "بارکەن بڕۆن"، "ژیانەوە"، "بۆ قەرەجێك"، "موفاوەزات"، "تۆ دڵتەنگی" و...

***ڕووئین**: زرێپۆش. وشەیەکی فارسییە بە واتای گیان پۆڵا (کەسێك کە هیچ چەکێك کاری لێناکا و پۆشاکی گوللەنەبڕی لەبەردایە) ـ لە شانامەی فیردەوسیدا نازناوی ئیسفەندیارە. لە کوردیدا بە «روی» کە کانزایەکی سپی ئاماڵ ئاوییە دەڵێن: «ڕۆح».

سەرچاوە: هەفتەنامەی سیروان - ژمارە ٣٧٣.

# مەتەرێزی خەون

کامەران جەوهەری(هەڵوەدا)

ئـەگـەر هـەنـدێك بابـەت دیـاری بکـرێن، کـە دەرهاویـشتنیان ببێتـە هـۆی سازدانی ڕەهەندێك لـە شـوورەی قـەڵای شیعری کوردیدا، بێگومـان "خـەون"یش یەکێ لەوان دەبێ.

خـەون ـ ئـەو چرکـەسـاتە درێژنوێنـەیـە[١]، کـە دنیایـەکی پـان و بـەریـن و هەرێمێکی بێدەسەڵاتی و کورسییەکی بە دوور لە لێپرسینەوە و جەرگەیەکی بێ کەند و لـەندە بۆ هـەنگاونـان و فـەرمانـدەرکردن. بێدەسـەڵاتـی بـەو واتایـە کـە پەلکێشانە ناو ئەو هەرێمە و سەیرکردنی سروشتەکەی ڕاستەوخۆ بە دەسەڵاتی شاعیر نییە و بە دوور لـە لێپرسینەوەیە. بـەو مانایە کە هاوڵـەتی ئـەو تاسـە و ئاکارانەی بە ڕواڵەت پێستی بڤەیان بەسەرا کشاوە و دڕکچن کراون، لـە خـەودا تاوانێك ناخـەنـە ئـەستۆ. ئاشکرایە کە زۆر چەلان شـاعیر وەهـا خـەونێکی هـەر نەشدیتووە، بەڵکوو لەو ڕوانگەیەوە و لـەو مـەتـەرێزەوە دەیهـەوێ گرێیـەکی دڵـی بکاتەوە، گۆمی مەنگی خەندەیەك بشڵەقێنێ یان تانەیـەك لـە کۆمـەڵگە دا و بیری نوستووی وەخەبەربێنێ. واتە خەون دەکرێتە پەیژەیەك بۆ هـەڵگەڕان بـە دیـواری بیری نالەباری کۆمەڵگەدا و هەلی چوونە ناو هەرێمێکی قـەدەغـە دەڕەخسێنێ و ڕوخسـەتی هـەر چـەشـنە دەسکارییەکی دونیای دەرەوە بـە شـاعیر دەبـەخشێ. گـەیشتن بـە ئـەوپـەڕی ئـاوات و دابینبـوونی شـاری پـاکژ (مـەدینـەی فازیلـە) لـە خەوندا حەستەم نیە.

زۆر چەلان ئازارێك، کە شاعیر لە کڵۆڵی و چارەڕەشـی خـۆی و گـەلـەکـەی پێـی دەگـا و قفـڵ و قـەڕازێـك کـە لـە دەرکـەی ئـاواتی کۆمـەڵگـە دراوە،

دەستەوداميێنی خەونی دەکا و کوڵی زامی لەلا پێهەڵدەڕێژێ، بەڵکو خەون ببێتە مەڵحەمێك و ئێشی برينی هەندێ سڕ کات. بەڵام دەسکورتی و بێپەسيوی و دەربەدەری، ئەو خەوەی لە چاوی شاعيرانی کورد زڕاندووە. شاعيرانی ڕاپەڕيو ئاواتەکانيان هەر ئاواتە و ئازارەکانيان گورچکبڕتر...

ـ خەونە شيرينە خەماويەکانی"هێمن" و "پەشێو" لەو ڕەگەزەن:

**لە خەودا ديم لەسەر هەڵگورد**

**لەسەر چيای سەرکەشی کورد**[٢] - هێمن

**خەونێکم دی:**

**لەو خەوەدا ئاهورەمەزدا گەڕابۆوە**

**نيشتمانی کەڤناری کورد** [٣] - پەشێو

هێمن و پەشێو کە يەکەميان لە سەر ياڵی چيا و دووهەميان لە ژێر باڵی ئاهورمەزدادا خەو دەبينن، ئاواتە بەرزەکانيان، کە خەستاوی کوڵين لە سەر ئاگری ئازاری بڵندی ئەنديشەيە، دەڕێژنە ڕۆحی شيعرەوە و پێوەن باری قورسيان بنێنە سەر باڵی سووکی خەياڵ. مەوتەنەکەيان چۆن دەوێت وای دەنەخشێنن:

**هەوايەکم هەڵدەمژی**

**کورد و کەودەری پێ‌دەژی**

**گەيبوومە پۆپەی ئاواتم**

**لێم ديار بوو هەموو وڵاتم** (هێمن)

**ئۆخەی ئاسمان،**

**ئۆخەی زەوی، ئەستێرە و مانگ،**

**ئۆخەی هاوين، پايز، زستان، بەهاری کورد** (پەشێو)

بەڵام خەونەکانیان، وەك وەرزی هەموو ساتە خۆشەکان، کەم تەمەنە و ڕاچەنینی لەدوا. ڕاچەنین تووڕیان دەداتەوە دونیای ڕاستەقینە و ئاواتی هەرماوەوە، دەیانخاتەوە سەر هەمان بڵێسەی پێشوویان:

**لەپڕ لەو خەوە ڕاچەنیم**
**بە حاڵی زارم پێکەنیم** (هێمن)

**کاتێ هەستام، چ ببینم؟ تەراتێنە!**
**تەراتێنی گۆڕهەڵکەنە و کەمتیاری کورد!** (پەشێو)

هێمن و پەشێوی ئالوودەی خەیاڵ و خەون کاتێ دەکەونە هەڵبژاردن لە نێوان خەون و دنیای ڕاستەقینەدا، تای تەرازووی ویستیان بە لای خەوندا لاسەنگی دەکا. بەڵام مخابن هەودایەکە ئیتر پساوە:

**تازە کوا خەو دەمباتەوە**
**هەستام وەبیرم هاتەوە** (هێمن)

**لەو خەوەدا هاوارم کرد «خەونە، مەڕۆ!»**
**لە خەویشدا خوا نەهاتە هاواری کورد!** (پەشێو)

ئیتر شاعیر وشیارە و خەونی دەستکرد تێی تەقاندووە. وەك بڵێی خەو هەڵگری ئەو هەموو ژانە نییە و بە زۆری بەسەریا سەپاوە، لە ژێر ڕکێفیان دەردەچێ و دەیانخاتەوە سەر ڕوانین بە ئازارەکانی خۆ و کۆمەڵگە و باڵای نەگریسی دوژمناندا:

**دەڵێم مافی خۆمم دەنێ**
**ڕەپێم دەنێ بۆ بەندەنێ**
**دەڵێم ئینسانم، بەشەرم**
**ئەو پەندە دێنێ بەسەرم** (هێمن)

**چاو لە بەغدا،**

**قوون لە تاران،**

**گوێچکە لە شام،**

**لە ئەنقەڕەش قەمتەرکران کەوماری کورد** (پەشێو)

لە ئاکامدا شاعیران وایان بە بیردا دێ کە بڕینی ئەم «ڕێگە سەخت و پڕ لە کەند و لەند و هەڵدێر و گەوە» بە پێڵاوی بیری ئەمڕۆی کۆمەڵگە حەستەمە. بۆیە چاوی هیوا دەبڕنە وەچەی پاش خۆیان و گلدەخۆنەوە ناو ئاوات، بەڵکو منالانی سۆزی «کاڵەی ئاسن هەڵبەستن» و ئەم ڕێگەیە ببڕن و «بە یەك فەلسەفە پێبگەن» و ئیتر ئەوسا «گوێچکەی دنیا بێەنگێوێ بڕیاری کورد» :

**زۆر کەسی وەك من نەمێنێ**

**ئـەو مافی ڕەوای دەسـتێنێ** (هێمن)

**لەدایك بن! کوڕانی سەدەی ئایندە**

**هەڵۆیانی گەردنبەرزی کۆساری کورد** (پەشێو)

(١) زانیارییە نوێیەکان دەریانخستووە درێژترین خەون ٧ چرکەی پێ ناچێ.

(٢) «بناری هەڵگورد» ـ دیوانی تاریك و ڕوون

(٣) «لە ڕوخساری شیعر گەڕێن...» ـ دیوانی براکوژی

سەرچاوە: هەفتەنامەی سیروان - ژمارە ٣٦٤.

# هێورکردنەوە

کامەران جەوهەری (هەڵوەدا)

«بێ پێشەکی و یەکسەر لە داڕژانی ڕەنگەکانەوە...»:*

ڕۆڵـی گـەورەی "نـاو" لـە پرۆسـەی گـەیانـدنی مـەبـەسـتدا، یـەکـێ لـە تایبەتمەندییە دیارەکانی شیعری "عەبدوڵڵا پەشێو"ە. لەبەر ئەوەی شیعرەکانی پەشێو کورتن ئەرکێکی جیاواز لە ناسنامەی شیعری بە ناو ئەسپێردراوە. پەشێو هەوڵیداوە بەشێکی هەرە زۆر لە ئەرکی گەیاندنی ویستی ناوئاخنی شیعر بخاتە ئەستۆی ناوەکەی. ئەمە ئەگەر نا بە سەرجەم شیعرەکانییەوە، بە زۆربەیانەوە دیارە. ئەو تایبەتمەندییە وای کردووە لە زۆر شیعریدا، "ناو" پوختەی شیعرەکە بێت و ئەوەی بەدوایا دێت وەك تەفسیری ناوەکە بچێت.

بۆ نموونە ئاماژەیەك بە شیعری "هێورکردنەوە" دەکەم، هەم بۆ چوونە ناو شیعرەکە، هەمیش بۆ بەڵگەی ئەم باسە:

**"هێندە خەم مەخۆ کە پێش ناسینم**
**پرچی خۆت بڕی، ئەی خەمشیرینم!**
**من کە تا ئێستا قەت دەربەست نەبووم**
**کورت بێ یا درێژ تاڵەمووی ژینم،**
**دەپاڕێمەوە عومرم درێژ بێ،**
**بەڵکوو درێژیی پرچت ببینم!** "[1]

لەم شیعرەدا وشەی "پرچ" سەرچۆپیی بۆ وشەکانیتر گرتووە و بۆتە ئالآی حکوومەتی خۆشەویستیی شاعیر.

**"جار هەیە تاکە وشەیێ**
**دەتکێتە ناو چاوی شیعرێ**
**تا سەرچۆپی**
**بۆ وشەکانی تر بگرێ"**[٢]

بەیتی یەکەم:

وادیارە پێش پێنانی کاروانی دڵدار لە هەرێمی خۆشەویستی، گەنجینە هێشتا نەناسراوەکەی بە تالآن چووە:

**"کەچی من هەموو سبەینان**
**گەنجینەیەك دەدۆزمەوە**
**کە دەبینم کەزی و بسکت**
**نیوەی بالیفمی تەنیوە."**[٣].

بەڵام خەمخواردنی گراوی بۆ پرچێك کە خۆی بڕیویەتی بۆ؟ ئا لێرەدایە کە نهێنی خۆشویستنی پرچ لە لایەن شاعیرەوە خویا دەبێت، ئەو چەپکە گڕەی ژووری تاریکی ئەوی پێ ڕووناك ئەبێتەوە:

**"کەزیت چەپکە ئاگرێکە**
**هەموو ڕۆژێ دەڕژێتە ناو ژووری تارم"**[٤].

(بێ هەژمار شاعیر پرچیان بە شەوەزەنگ شوبهاندووە، بەڵام ئەم پرچەم تەنیا لەلای پەشێو بڵێسەدار و ڕووناکیدەر دیتووە!). ئاشکرا دەبێ کە شاعیر شێتی پرچە، بۆیە گراوییەکەی پەشیمانی قرتاندنی ئەو گوڵە جۆیانەیە.

**"سەرت مەشخەڵە و**
**قژت لاسکی گوڵەجۆ)**[٥].

هـەر لـەم بـەیتـەشـدا خۆشـەویستبوونی شـاعیر لـە لایـەن گراوییـەکـەیـەوە دەردەکەوێ، بەوەی کە گراوی خەم بۆ خەمەکەی ئەو دەخوا، واتـە نـەك خـەمـی پـرچ، بـەڵکـوو خـەمـی خـەمخـواردنی شـاعیریەتـی. بـەڵام هێـشتا ڕادەی خۆشـەویستبوونی خـۆی لـە لایـەن شـاعیرەوە ونـە. لـەم بـەیتـەدا گـراوی تـەنیا دەلاوێنرێتەوە و شاعیر ئەو خۆشەویستییەی دەری دەخا بۆ پرچە نەك بۆ ئەو.

بەیتی دووهەم و سێهەم:

لێرەدایە کە خۆشەویستیی شاعیریش بۆ گراوییەکەی ئاشکرا دەبێ، ئەو خۆشەویستییەی کە لە پاڵیدا هەموو ژینی لە هەمبەر پرچی گراوییەکەیدا پێ تاڵەموویەکە و لە ڕادەی خۆشـەویستیی ئەویشی تێپەڕاندووە. ئەوە نییە خۆی دەڵێ (من تا ئێستا قەت دەربەست نەبووم)، کەچی لێرەدا نزا بۆ عومرێکی درێژ دەکا ـ دەربەست بوون ـ بۆ وەی نوقمی گێژاوی شەوبۆ بێت:

**"لەو شەوەوە سەرینێك**

**سەراپای نوقم کردم**

**لە گێژاوی شەوبۆدا"**[٦].

واتـە گـراوی پـەشـیمانە و شـاعیر دەربـەسـت، بـەڵام ئـاخۆ دەربـەسـتییەکـە کۆیلەتییە؟ نا، بەڵکوو ڕۆچوون و تێکەڵاوبوون و بینخواردنەوەیە بۆ دۆزینـەوە و شادبوونەوە بە دیداری مامۆستاکەی فەلسەفەی:

**"دانی پیا دەنێم**

**هەرچی دەیزانم لە فەلسەفەی ژین**

**ئەو فێرم دەکا!"**[٧].

لەم ڕوانگەیەوە دەردەکەوێ کە پرچی سـەرچۆپیگر، کۆڕی خۆشـەویستیی پەشێوی گەرم کردووە و پەشێویش پرچی گراوییەکەی نەمر کردووە:

**"حەزدەکەم،**

**زۆر حەزدەکەم**

**قژی کچانی وارشۆ**
**بە هەڵبەستێك نەمر کەم"**[٨].

بەڵام هێشتان تاپۆی لاواندنەوەی دڵبەرەکەی زاڵە و بۆ ئەو مەبەستەیە کە پێی لە پیرۆزیی پرچ ناوە و دانی بە مامۆستایەتیی ئەوا هێناوە. دیارە هەموو شیعرەکە تەفسیری سوورەتی ناوەکەیەتی: "هێورکردنەوە".

دوا وتە: وشەی شیرینی «خەمشیرین» دەبێ لە کارگەی بیری پەشێو بەرهەم هاتبێت، چونکە نامۆیە بە فەرهەنگەکان:

**"وشەیەکە و دەیدۆزمەوە**
**گەر هەر نەبوو،**
**دایدەتاشم!"**[٩].

***

*ڕستەی یەکەمی دیوانی "ڕەنگدان"ی شێرکۆ بێکەس
١. بەرەو زەردەپەڕ
٢. بۆچاوڕەشێکی باکۆیی. شەونیە خەونتان پێوە نەبینم
٣. گەنجینە. برووسکەچاندن
٤. لێت نەگۆڕێ ـ شەونییە...
٥. ژن ـ ش. بێکەس
٦. ئەلها ـ بەرەو زەردەپەڕ
٧. پرچ ـ بەرەو زەردەپەڕ
٨. بیری هەورگر ـ شەونیە...
٩. هۆنراوەیەکی ناتەواو ـ بەرەو زەردەپەڕ

سەرچاوە: هەفتەنامەی سیروان - ژمارە ٣٧٥.

# لەو لووتکانەی تیلماسکی خۆرێك چراوگی چاوی دوو پڵنگی ئەنگاوتووە

کامەران جەوهەری (هەڵوەدا)

سرتەیەك:

بێگومان "عەبدوڵڵا پەشێو" و "شێرکۆ بێکەس" بە گوێرەی بۆچوونی سەرجەم ئەدیبان، دوو لووتکەی شیعری سەردەمی کوردین. من لە مێرگەڵانی هزری ئەو دوو شاعیرەدا، هەندێ گوڵی وێکچووم تلۆژین کردووە و هێناومنەتە پاڵ یەك. دیارە هیچ گەرەکم نییە بۆ ئەم بابەتە پێشەکی داڕێژم و چاویلکەی ڕوانینی خۆم لە چاوی خوێنەر کەم. تەنیا تەقەلام ئەوەیە کە بۆم بکرێ چرای پێداویستیی بابەتەکە ڕادێرم بۆ ئەوەی بەشکوو مەودا بۆ برووسکەیەك لە زەینی خوێنەردا بڕەخسێنم و ئیتر لێکدانەوە بگوازرێتەوە و بسپێردرێت بە ڕوانگە و بۆچوونی ئەو.

ڕاستییەکەی من لەزۆر دیواناندا، تاکوتەرا بەیت و دێڕ و مانای لێك نزیك و تەنانەت هەندێ جار تەواو وەك یەکم بینیوە، وا کە هەندێك لە هەندێك وەرگیراون و تاقمێکیش هەر بە ڕێکەوت وەك یەك دەرهاتوون. بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوە نییە و نەبووە کە ئەو بەشە شیعرییە لێك نزیکانەی شێرکۆ و پەشێو پێك بگرم و باش و ناباش یان دانەر و وەرگر دەرخەم، بەڵکو ئامانجم ئەوەیە ئاماژەیەك بەو گەرا شیعرییانە بکەم کە لە هزر و هەستی دوو شاعیری گەورەی کوردی خەمخۆری ئەوین و نیشتماندا گووراون. واتە ئەو

بیرۆکانەم لا گرینگ بووە کە بە تیری هەر دوو شاعیر ئەنگێوراون. ئیتر تێفکرین جێدەهێڵم بۆ خوێنەر و لەسەر نموونەکان زۆر بەکورتی ئاماژەیەك دەنووسم یان نانووسم.

بۆ کورت بڕینەوەی سەرچاوەکان تەنیا ئاماژە بە ناوی دیوانەکان کراوە و ناوی شیعر و لاپەڕە و چاپ و... نەهاتووە، هەروەها بە ناچاری شیعرەکان لەت کراون و هەر ئەو کۆپلەیەی مەبەست بووە دەرهاویژراوە، کە بەئۆمێدم لەم ڕووەوە ڕۆحی ڕوونی ئەو دوو مەزنەم لێ شلوێ نەبێت.

***

نموونەکان:

١) ترس لە هێزێکی ئەهریمەنی و پیرۆزکردنی ئەو بەژنانەی لە بەرانبەر ئەو هێزەدا هەرەس ناهێنن و خۆ بەدەستەوە نادەن و ئیرادەیان نادۆڕێنن. هاوکات سووچەنیگایەکیش لە بەژنی خۆ:

**شێرکۆ:**

**ئازایی ڕەنگ، هاواری ڕەنگ، شۆڕشی ڕەنگ**
**بوون بە باوکم...**
**"ئەگیرێن و کۆت ئەکرێن و ڕائەپەڕن و**
**ناچەمێنەوە لەبەردەم ڕەشەبادا"**

(ڕەنگدان)

**پەشێو:**

**من قەت دەسکاریی بەژنی خۆم ناکەم**
**هەتا ئەو ڕۆژەی سەردەنێمەوە**
**نەمام بووم زریان نەیچەماندمەوە**
**خوایە، بەپیری نەچەمێمەوە!**

(بەرەو زەردەپەڕ)

٢) پیرۆزکردنی هەموو ئەو شتانەی بۆنێکی نیشتمانیان لێوە دێ. تابلۆیەکی دەرخەری نامۆیی و غوربەتی بەند بە بەندی نیشتمان:

**شێرکۆ:**

**لەوانەیە نیوەشەوێك ئەستێرەیەکی ناو شیعرم**
**هەر بە ڕێگای کاکێشاندا، ئەویش هەڵبێ و سەر هەڵگرێ و**
....
**"من دڵنیام لەوێ هەرچەند بجریوێنێ و**
**بە هەر دوو مشت زیو بڕێژێ بۆ کەناری گۆمەکان و**
**لەوێ چەندەزێڕ ڕۆکاتە بەردەم شەوگار...هەرچی بکا**
**هەر پێی ئەڵێن:**
**تۆ ئەستێرەی ئێمە نیت و بڕۆرەوە بۆ کوردستان"**

(ڕەنگدان)

**پەشێو:**
....
**ئەرێ ئەستێرەی ئێرە و هەندەران**
**هەمان ئەستێرەن؟**
....
**گومانی ئەوسام ئێستا یەقینە:**
**ئەستێرەناسی**
**هەموو جیهانیش بە گژمدا چن**
**ئەستێرەکانی دنیای هەندەران**
**قەت لە ئەستێرەی کوردستان ناچن!**

(بەرەو زەردەپەڕ)

٣) ڕەها کردنی ڕۆح لە ڕکەی لەش و داماڵینی کۆنکرێتی و چەقبەستوویی لە قاڵبێکدا. باوەڕمەندی بە نەگیرسانەوە و مانەوە و دواتر نواندنی گەورەیی خەفەتەکانی تێکەڵی ئەم بیرۆکەیە. هەروەها خۆجیاکردنەوە لە سروشت و تێکەڵبوونی فەزای ناکۆتا:

**شێرکۆ:**

**ئەی ڕەنگی مەرگ!**

**چاوەڕێم بە!**

**ڕەنگە لە ناو پەڵەهەورێکی سپیدا کە پەپوولە و**

**کە نەوڕەس و شیعری ناسك دەوریان دابێ**

**بگەمەلات!**

**ڕەنگە وەختێ بگەمەلات**

**ئێوارەبێ و بەفر ڕێگەی لە هاتوچۆی چراکان و**

**لەهاتوچۆی شیعرەکان و هەرچی شەپۆلەو مامزە و**

**ئەویندارە بەستبێت و منیش ئەوسا چون قاسپەیەکی**

**کەسیرەو گمەگمێکی تەزیو یان بارژنێکی بریندار**

**بگەمەلات!**

(ڕەنگدان)

هەروەها:

**هاتۆتەوە!**

**ڕەنگە ئێستا لە کاولاشەکەی ئێمەدا**

**هەتاو بێ و لەسەر بەردێ دانیشتبێ!**

**ڕەنگە بووبێ بە کەڵێکی گوێ کانییەك**

**بە گڵۆپی سەرشەقامێ لە کەرکووکدا**

**ڕەنگە لەپڕ ببێ بە دەنکە چوکلێتێ**

**لەناو مشتی منداڵێکدا**

**هاتۆتەوە! هاتۆتەوەو لەوانەیە**

ساتێکیتر یان هەر ئێستا
وەك چەخماخەو موعجیزەی خوا
لەم شوێنەدا
پەیدا ببێ و
پێش بە ماشێنی دۆزەخ و
ئەم قافڵەی ڕێی نەهاتەی
ئێمەبگرێ
فریادڕەس بێ و نەجاتمان با!
(گۆڕستانی چراکان)

پەشێو:
لەوانەیە
ڕۆژی نەورۆز
وەك پنجێك گیا
لەسەر گردی مەلا مەروان بژێیمەوە.
ڕەنگە شەوێك
لەگەڵ تیشکی برووسکەدا
داپەڕمە خوار و بێمەوە،
بێنێك وەکوو تاپۆی ئاڵا
لەبەر چاوان بشنێمەوە.
لەوانەیە،
هەر دوای ڕێژنە بارانێکی سەر بەکڵاوە،
لە داوێنی ئەسپیندارێك
وەکوو کارگێك هەڵبتۆقم،
یا لە دەشتی کاولە قەراج
شین بم وەکوو گوڵەجۆیەك،

**یا لەگەرمەی ڕەشبەڵەکدا**

**بترنجێمە ناو ئاپۆرەو**

**لە پڕ بێمە دەستی دۆیەك.**

(بەرەو زەردەپەڕ)

٤) شوبهاندنی وێکچوو:

**شێرکۆ:**

**ترسمان وەك مریشکە کڕە**

**لەسەر دەقیقەو سەعاتی ئەم سەفەرە کڕکەوتبوو**

(گۆڕستانی چراکان)

**پەشێو:**

**کورد مریشکە ڕەشەیەکە**

**لەسەر لوغمی ئۆتۆنۆمی...کڕکەوتووە!**

(بەرەو زەردەپەڕ)

٥) فارس دەڵێ: سەد قسە نیو کردەوە ناهێنێ:

**شێرکۆ:**

**ئازادیت برسییە:**

**هەزاران دروشمی سەر خام و سەر دیوار**

**برسێتی کۆترێك تێر ناکات**

(خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێك)

**پەشێو:**

**مناڵەکان!**

**لەسەر ناوچەوانی زەردی ڕۆژنامەکان،**

**لەسەر بۆڕییە نەوتەکان،**

**لە دیواری ئاودەستخانەی مزگەوتەکان،**

**دە ملیۆن جار**

**نووسیمان : «بژی چەوساوە»**

**نووسیمان : «بژی کرێکار»**

**بەڵام هەموو نووسینەکان،**

**تەنیا جارێ**

**نەیانتوانی ببنە پاروو،**

**تێرکەن زگی کرێکارێ!**

(دوانزە وانە بۆ منالآن)

٦) ڕۆح بەخشین بە ڕوانگە شاعیرانەکان. سەرکردنی ئەوین:

**شێرکۆ:**

**لەوسەرەوە، لەوسەری تەنیاییەوە**

**تاقەدرەختێکی تەنیا دیارە، ڕووت ڕووت**

**ئەوەژنە؟**

**یان درەختی لێوبەبارە؟**

(گۆڕستانی چراکان)

**پەشێو:**

**من دوو ساڵە**

**سەوداسەری درەختێکم**

**کە جێی پشت پەنجەرەی منە.**

**سەد جاریش خۆی گەڵاپۆش کا**

**من بەڕووتی ئەو دەبینم:**

**درەختی چی؟! شۆڕە ژنە!**

(بەرەو زەردەپەڕ)

٧) مانا هەڵکڕاندن لە سروشت:

**شێرکۆ:**

**سەردار...**

**سوێندی بۆ دواوە نەگەڕاوەی چەم و**

**... بوو**

(گۆڕستانی چراکان)

**پەشێو:**

**ها جۆگە لێی بپرسن**

**کە بەرەو چەم ڕێ دەبڕێ**

**قەت ئاوڕدەداتەوە؟**

(برووسکە چاندن)

٧) گەرای خەمێکی گەورەو هەستکردن بە ئازارەکان و شوبهاندنێکی لێك نزیك:

**شێرکۆ:**

**ئاخر قەڵا چۆن ئەبێتەوە بە سەرم؟**

**کە من سەرم لای خۆم نەبێ و**

**سەریان کردبێ بە تۆپ و**

**هەر بەو تۆپەیش**

**هەموو ڕۆژێ.. لێرەو لەوێ**

**دوورو نزیك**

**بە حەوایی و بە خشکەیی**

**دەیان گۆڵی**

**سەوز و سوورم لێکرابێ؟**

(تەون)

**پەشێو:**

**ئاژانسەکانی دەنگوباس ڕایانگەیاند:**

**یارییەکی فتبۆڵ دەکرێ.**

**دوو تیپەکە. کرێمل و کۆشکی سپی.**

**تۆپ ـ سەری کورد**

**گۆڵ ـ کوردستان**

**تەماشاکەر ـ دنیای کڕی وەك گۆڕستان!**

(شەو نییە خەونتان پێوەنەبینم)

٨) سڕینەوەی سنوورە بچووکەکانی ڕوانین. داماڵینی مانا ڕواڵەتییەکان و چەسپاندنی نرخە ڕاستەقینەکان. تابلۆیەکی لێڵی ئاڵۆزی ناو مێشك و تاپۆی خەفەتێکیش.

**شێرکۆ:**

**زیندوو هەیە .. هەموو ڕۆژێ**

**لەبەر چاون و .. نایشیانبینم**

**مردوویش هەیە .. دەیان ساڵە**

**لەبەر چاو نین**

**کەچی من بۆخۆم هەموو ڕۆژ**

**شەش حەوت جارێ**

**ئەیانبینم!**

(تەون)

**پەشێو:**

**گا ئازیزێك کە زیندووە**

**لە ناو تابووت ڕاکشاوە و**

**شەلاڵی زەردەچێوەیە**

**گا هاوڕێیەك کە نێژراوە**

**چاوی زەق زەق تێم بڕیوە و بە پێوەیە!**

(بەرەو زەردەپەڕ)

٩) هێنانە ناو شیعرەوەی ئازارێك و دوورینی ئەو ئازارە بە باڵای شیعر و بوێریی دەربڕین. قوربانی کردنی ڕۆحی شیعری لە پێناو خەفەتێکی نەتەوەییدا:

**شێرکۆ:**

**ئاخر ئێمە ئازادیمان**
**لە ناوەڕاستدا بڕیەوە.**
**کوردایەتیمان بە پەنگ کرد.**
**وڵاتمان کرد بە تەندەر و**
**هەتاویشمان دابەش کرد و**
**نان و ئاو و**
**پێستی لەش و**
**ڕۆژژمێر و**
**وەرزەکانیشمان هەر هەموو**
**بە دوو ڕەنگی خۆمان ڕەنگ کرد**
**ئاخر ئێمە، لەم مێژووی داڕزانەدا**
**چیمان نەکرد؟!**

(تەون)

**پەشێو:**

**لەم نیشتمانە چارەڕەشەدا**
**چیتان هێشتووە**
**دابەشی نەکەن وەك ڕەزی خۆتان؟**

***

**ناوێرم قەڵەمێك هەڵگرم.**
**ناوێرم کراسێك لەبەرکەم.**
**ڕووتان ڕەش بێ،**
**خۆ ڕەنگەکانیشتان بەش کرد،**

..................

**خانی و حاجی قادرتان بەش کرد.**

**خاك و ئاو و ئاگرتان بەش کرد.**

**کوا چیتان هێشت؟**

**کوا کێتان هێشت؟**

**بگرە...**

**قەحپەو دز و ڕێگرتان بەش کرد.**

*******

**خەڵك مێژوویەکی هەیە**

**ئێمە دوو مێژوومان هەیە..**

(دیوانی براکوژی)

(١١) قورسایی ژانەکان بە پێی ڕووناکیی ڕوانگەی ڕوانینە تیژەکان:

**شێرکۆ:**

**من چاوم:**

**پێش تیشکی ئەمڕۆکە و**

**بیستنم:**

**پێش دەنگی ئێستاکە کەوتووە**

...

**من دیدەی پێغەمبەر**

**ئەوەتا لە دیدەی هەڵبەستما**

**هەر بۆیە نهێنی دڵی خوا و**

**گەردوونم بینیوە!**

(دەربەندی پەپوولە)

**پەشێو:**

**خوایە بارم سووکتر کە!**

پشتم شکا، دەرنابەم...
ئەوەی هەستی پێدەکەم
بۆ بەندەیەك زۆرە، زۆر:
لە جەرگەی تاریکیدا
گەردی ڕاستی دەبینم
وەك بەفری بەر تیشکی خۆر

(بەرەو زەردەپەڕ)

١٢) ئاماژەیەك بۆ ساتە شاعیریەتییەکان. ئەو چرکەساتانەی جیا دەکرێنەوە لە ژیانی ئاسایی شاعیر:

شێرکۆ:
لێم مەپرسە
ئەوەبۆ شیعر نانووسی؟
چونکە بۆخۆیشم نازانم
ئەو پەلکە گیایانەی خودا
لەناو ڕۆحما
کەی ئەڕسکێن و شین ئەبن؟!

(تەون)

هەروەها:
شیعر ژنێکە سیحرباز
زەمانێکە من ئەیناسم
زەمانێکە ئەو ئەمناسێ
کەچی تا ئێستە جارێکیش
پێی نەوتووم چ وەختێ دێ
ئەشێ لە ڕۆژێکدا چەند جار
بێت و لەگەڵیشما بنوێ!

**جاری واش هەیە هەر لەپڕ**
**بۆ چەند مانگێ**
**خۆی ون ئەکا و بزر ئەبێ و**
**کەس نازانێ ئەو لە کوێیە**

(زێو زنە)

**پەشێو:**
**تا دێ شیعرم خۆشتر دەوێ**
**چونکە شیعر وەك شۆخێکی دوودڵ وایە**
**هەموو ڕۆژێ**
**جێ و کاتی ژوان نیشان دەکەین**
**بە دەگمەن دێ...یا هەر نایە!**

(شەو نییە خەونتان پێوەنەبینم)

**هەروەها:**
**پەلەم لێ مەکەن!**
**منیش پێڵێکم،**
**بێ ئۆقرە و ئارام، هەر دەم بەڕێوە**
**بە دەگمەن ...دەریا**
**دەنکە گەوهەرێك لە مستم دەنێ**
**ئەویش ڕادەدەم بۆ کۆشی ئێوە!**

(برووسکە چاندن)

١٣) ڕامان و وێناکردنی نەسرەوتیی زەمان و ئاڵۆزیی دەروون:

**شێرکۆ:**
**وا پەلەپەل**
**ئەگەر بە قسەی ڕەشەبام بکردایە**
**من لەو سەفەری شیعرەدا**
**یان پریاسکەیەك کازیوە**

یان باوەشێ مانگەشەوم
لێ جێئەما.
وا خاوەخاویش
گەر بەقسەی شەماڵیشم بکردایە
من لەو سەفەری شیعرەدا
لە خەیاڵم دوائەکەوتم و
شەوم بەسەردا ئەهات و
قەت ئەم شیعرەیشم نەئەنووسرا!

(تەون)

پەشێو:
ئەرێ خەڵکینە ! بۆ هێندە خاون؟
مەڵێن کیسەڵیش سست و تەمبەڵە!
چما نازانن ئەگەر هیچ نەبێ
سەد ساڵی ڕەبەق عومری کیسەڵە؟
ئەرێ خەڵکینە بۆ وا بەپەلەن؟
مەڵێن کەروێشکی دەشتیش ڕادەکا
ئاخر کەروێشکی بەدبەخت و کڵۆڵ
ژینی زۆر کورتە، بۆیە وادەکا!

(بەرەو زەردەپەڕ)

١٤) وێناکردنی سیحری ئەوین:
شێرکۆ:
تۆ ئەتوانی ئا ئەم شەوەم
بەریتە ناو سیمفۆنیای گوڵەکانی سبەینێوە
ئەتوانی بوونم وەك پەژێك
بە تاڵی قژتا هەڵواسی

***

**تۆ بووی بە قەدەری من و**

**ئەیشتوانی بمسڕیتەوە**

(حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك)

**پەشێو:**

**تۆ دەتوانیت بە نیگایەك**

**سەوزەڵانێك بەڕووتەن كەی**

**لە دەستت دێ بە هێمایەك**

**بەردەڵانێك بە چیمەن كەی**

*******

**تۆ دەتوانیت بمكەیتە كۆیلەی مل بەتۆق**

**لە دەستت دێ تاجی سەروەریم لەسەر كەی**

(برووسكە چاندن)

١٥) سەرنج بۆ نادیارەكان. شەیدایی لە حاست پاكێتییەكان. ناشتنی نائومێدی و خەملاندنی داهاتوو بە هیوا:

**شێركۆ:**

**خۆ هەموو نووشتانەوەیەك**

**هەر بچووك نایبا بۆ گەورە.**

**هەموو سەردانەواندنێ**

**دۆڕاندنی سەربڵندی ناگەیەنێ.**

**هەر هەموو كڕنووش بردنێ**

**زەلیلیمان نیشان نادا**

**تۆ بڕوانە...**

**ئەو شاخانەی ئازادی چۆن**

**ئەنووشتێنەوە بۆ منداڵ؟!**

(تەون)

**پەشێو:**

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە**

**هەر بێشکەیێك بێتە ڕێگەم**

**بە شێنەیی بەسەریا دەنووشتێمەوە**

**ئاخ، منالان !**

**ئاخ، بەس ئەمجارە بێمەوە.**

(شەو نییە خەونتان پێوەنەبینم)

١٦) گازندە لە خیلقەت. هەست بە کورتی لە حاست هەستە داگرەکان:

**شێرکۆ:**

**ئەگەر سێ چاوم هەبووایە**

**سێهەمیانم هەر بۆ شیعر تەرخان ئەکرد**

**ئەگەر سێ دەستم هەبووایە**

**سێهەمیانم ئەدا بە لەشی هەژاری**

(تەون)

**پەشێو:**

**کە من تەنیا جارێك بژیم**

**هەم تۆم خۆش دەوێ هەم ئەویش**

...

**بەڵام گەر دوو جار ژیابام**

**خۆشەویستم هەر تۆ دەبووی لەمەیانا**

**لەویتردا ئەوم دەکرد بە تاقانە.**

(شەو نییە خەونتان پێوەنەبینم)

١٧) ڕووناکبینی و هەستکردن بە گەمە بەڕاستچوێنراوەکان و لێکدانەوە:

**شێرکۆ:**

**لەسەر قەڵا**

**چۆلەکەیەك**

**به پەلکە گیایەکی ئەوت:**

**ئۆتۆنۆمی**

**پەنجە تووتەی درەختێکی**

**ڕەحیمئاوا ناهێنێت و**

**کەچی ئێمە باڵای هەزار**

**دارستانمان**

**لەسەر سووتان!**

(ژن و باران)

**پەشێو:**

**"ئۆتۆنۆمی":**

**نەخەندەیە، نە گریانە**

**نە مردنە، نە ژیانە**

**پێناسەکەی وا لای منە:**

**کورد کوژە، هیوا خەسێنە**

**دەست و دەم و پێ بەخوێنە.**

(برووسکە چاندن)

١٨) شوبهاندنی وێکچوو:

**شێرکۆ:**

**دوێنێش کە زەردت پۆشیبوو**

**گوڵەبەڕۆژە بوو سەرم و**

**بۆ هەر کوێیەك بچوویتایە**

**لە دەوری باڵات ئەگەڕا!**

(لە گوڵەوە هەتا سووتوو)

**پەشێو:**

**نیشتمانی من:**

**هێلانەی خۆرە،**

**پڕشنگە جاڕە.**

**سەرم... سەر نییە**

**گوڵەبەڕۆژەی هەمیشەلارە!**

(بەرەو زەردەپەڕ)

١٩) وێناکردنی ژانی تخووب و ئازاری مەوداکان و درۆشەی داگیرکەران:

**شێرکۆ:**

**ماچێکم هەیە تا ئێستا**

**نەیتوانیوە لە لێوی خۆم**

**جیا بێتەوە و**

**بگاتە دەمو لێوی ئەو**

**دەمو لێوی ئەو لە «ئامەد»ە و**

**منیش لێرەم!**

**ئەم ماچەی من**

**بەم تەم و مژە ناتوانێ**

**ڕێگەی دێوو درنج ببڕێ و**

**بگاتە شوورەی دەوری شار.**

(زێو زنە)

**پەشێو:**

**مناڵەکان!**

**دەسگیرانم کۆترێکی دیاربەکرە**

**حەزی لە چیاو قاسپەی کەو و ڕەنگی بەفرە.**

**بۆ گواستنەوەی**

**زنجیرەی چیام قەف قەف بڕی.**

**ڕۆژژمێرم پەڕپەڕ دڕی.**

***

**که له دەرکەی سنوورم دا**

**له باتی ماچ،**

**ماچی گەرمی دەسگیرانم**

**تفی زەردی پۆستاڵڕەشێك**

**هات ... سواخی دا ناوچەوانم!**

(دوانزەوانه بۆ منالاّن)

٢٠) شپرزەیی ئەو شاخانه له حاست پەلکه گوڵێکدا:

**شێرکۆ:**

**هەموو جارێ که دێم بۆ لات**

**وەك کلیل بێ لەڕێ هۆشم لێ ئەکەوێ!**

(ئێوه بەخۆشەویستیم ئەسپێرن)

**پەشێو:**

**بریا دەتزانی گیانه**

**ئەو ڕۆژەی ژوانمان هەیه**

**چۆن سەرم لێ دەشێوێ**

(شەونییه خەونتان پێوەنەبینم)

٢١) ئاشکرا کردنی ڕازی هەوێنی هونەر. خۆ خستنه پەراوێز و خەفەت بو نادروستبینی و هەڵەی نیگاکان:

**شێرکۆ:**

**ئەی کچی جوان!**

**تۆ نه شاعیری و نه نەقاش**

**من هەردووکیان**

**وەلێ کێ ئەوه ئەزانێ**

**ئەوه چاوته هەموو شەوێ**

**ئەو شیعرانەم بە دزیەوە ئەداتێ و**

**کێش ئەزانێ**

**ئەوە پەنجەکانی تۆیە**

**ئەو وێنانەم بۆ ئەکێشێ**

(تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین)

**پەشێو:**

**بە تۆ دەبینم.**

**بە تۆ دەبیسم.**

**بە تۆ دەپەیڤم.**

**کەچی مخابن!**

**ناوبانگ هی منەو ئەتۆش بزری.**

(بەرەو زەردەپەڕ)

٢٢) نرخاندنی ئەو کەسایەتییانەی پاسەوانی ڕۆحی ئەم نیشتمانەن:

**شێرکۆ:**

**حوسێن حوزنی موکریانی**

**ئەبێ بە کەڵەکێوییەك و ئەچێتە سەر**

**ڕەوەزێك و لەویەوە مێژوو دەگێڕێتەوە..**

(تۆ ئەتوانی بە قومێ ...)

**پەشێو:**

**(بۆ شوان):**

**ئەی نێرە هەڵۆی ڕەوەزان!**

**ئەی کەڵەکێوییەکەی باکوور**

**کەدێمە سەر لووتکەی دەنگت**

**لەنیشتمانی لەت لەتما**

**دارێك بدزن**

**بەردێك بدزن**

**جێم بڵندەو ئاگام لێیە!**

(برووسکە چاندن)

٢٣) شۆڕش دژی ئەو نەریتە درۆیینە چەسپاوانەی ڕەنگی ڕاستییان گرتووەو پیرۆز کراون. خۆبەخت کردن بە نیازی شڵەقاندنی گۆمەمەندە گنخاوەکان:

**شێرکۆ:**

**مرۆڤێکی دێوانە و شێت**

**یەخەی دیواری ئەگرت و**

**شەقی لە پەرژین هەڵئەدا و بەردی ئەگرتە نەریت و**

**سەری درۆکانی ئەشکان!**

**مرۆڤێکی دێوانە و شێت**

**بۆ چەند ساتێ ڕەنگ و دەنگی**

**جادە و شارەکەمی گۆڕی و**

**ڕووت و قووتیش لە ناوەڕاستی شەقامدا**

**کەوتە سەما!**

(تۆ ئەتوانی بە قومێ ...)

**پەشێو:**

**دوا دەنگوباسم ئەمەیە:**

**من شێت دەبم!**

**کە شێتیش بووم،**

**لە ناو گەرمەی ئاهەنگێکدا**

**شرینقەیەك لە تەرمی ڕاستی دەدەم و**

**لەسەر پشتی تاتەشۆری چەپڵەکانتان**

**زیت و زیندووی دەکەمەوە!**

**دوا دەنگوباسم ئەمەیە:**

**من شێت دەبم!**
**کە شێتیش بووم،**
**لە گۆڕەپانێکی شاردا**
**وەك منالێك**
**بە زەنگیانەی درۆکانتان یاری دەکەم!**

(شەونییە خەونتان پێوەنەبینم)

٢٤) چاندنی تۆوی ناسنامەو بیری پێناسەکردنی کیان لە پاڵ شەتڵەکانی دێراوی نیشتماندا:

**شێرکۆ:**
**لەناو پۆلدا**
**«سەروەت» بە منداڵانی وت:**
**بۆ ئەمجارە**
**ئەمەوێ وێنەی ئەسپێك و**
**سوارەکەیم بۆ بکێشن**
**بەڵام بەمجۆرەی لەخەودا ئەیانبینین**

(تۆ ئەتوانی بە قومێ ...)

**پەشێو:**
**مناڵەکان!**
**کتێبەکانتان وەلا نێن!**
**کاغەزێك و هەندێك قەڵەم**
**لەبەر دەمی خۆتان دانێن**
**وێنەی پەڵەهەورێك بکەن، ڕەنگاوڕەنگ بێ.**
**با لەسەری هەسپێك بکا**
**موو گزنگ و چاو پەڕەنگ بێ.**

(بەرەو زەردەپەڕ)

٢٥) چیرۆکی دار و هۆره. قامك نانه سەر ئەو برینانەی ئەنجامی ئیرادە کرمە ڕیزبووەکانن:

**شێرکۆ:**

**دەمێ ساڵەو هەموو ڕۆژێ**

**تەڵێ لە تیشکی چاوانی ئەم وڵاتە**

**ئەدزرێت و دزیش هەر دەستی خۆمانە!**

(تۆ ئەتوانی بە قومێ...)

**پەشێو:**

**هەر شارێکمان**

**دوگمەی یەخەی دەترازێنرێ**

**دەستەدز و پاشەدز و**

**حەسحەسی شار: هەر خۆمانین.**

(پرێسکەی عاشقێکی زگماك)

٢٦) بێزاری لە ساردبوونەوە، وەستان لە هەمبەر چارەنووسدا و خۆسەرپشککردن لە مان و نەمان:

**شێرکۆ:**

**شاعیر ترسی دنیای لێهات**

**وتی خوایە چش لە مردن!**

**بەڵام پێشتر**

**عەشق لە ڕۆحما نەڕووخێ و**

**بێدەنگیشم لێ نەنیشێ!**

(تۆ ئەتوانی بە قومێ...)

**پەشێو:**

**مردن! مادام تۆ هەر دێی**

**ڕۆژێکی ئاوا وەرە**

**خۆم بۆ لات بەڕێوەبم**

**ڕۆژێکی ئاوا وەرە**

**گڕم دانەمرکابێ**

**سەربەرز و بە پێوەبم!**

(برووسکەچاندن)

٢٧) پێ لێنان لە شکاندنی یاسای گەمارۆکانی سەر ڕۆح و جەستەی ژن لە ڕۆژهەڵاتدا:

**شێرکۆ:**

**لەم ڕۆژهەڵاتەدا**

**هەرچیم کرد بۆ ئەوەی لەبەردەم**

**یەك ئاوێنەدا**

**هەر دوو وشەی ئازادی و ژن**

**لەسەر دوو کورسی بە تەنیشت یەکەوە دانێم**

**بێهوودە بوو...**

(حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك)

**پەشێو:**

**لە ڕۆژهەڵاتی**

**مارەبەجاش و ڕشك و ئەسپێدا**

**لەو ڕۆژهەڵاتەی**

**namووس فیرارە و**

**پەنابەرێکە لەناو دەرپێدا**

(بەرەو زەردەپەڕ)

٢٨) فرێدانی کاژە درۆیینەکان و دەرخستنی پێستی ڕاستی:

**شێرکۆ:**

**لە قسەکانی ڕێکلامدا**
**مەمکی دایکان پڕ بوون لە شیر**
**هەر وەها گوڵەگەنمەکان**
**هەر وەها گوانی مانگاکان**
**هەمان ساتیش**
**لەناو وڵاتی ڕێکلامدا**
**دایکان پێش مەمکی پڕ لە شیر**
**ئەمردن و**
**گوڵەگەنمەکان بەرلەوەی**
**شیر ببینن و**
**مانگاکانیش زوو بەر لەوەی**
**کە بدۆشرێن.**

(زێو زنە)

**پەشێو:**

**دوگمەی ڕادیۆم بادا و ڕامگرت:**
**لەگەڵ «کورتەی دەنگوباس»دا،**
**خەیاڵم ئەستێرەکانی**
**وەك گوڵ چنین.**
**کە درێژەی بە «کورتە» دا**
**دەمی هەژاران گەیشتە**
**شانەی هەنگوین.**
**کە ژوورەکەی خۆم بە جێهێشت،**
**سەگ و مرۆڤ**
**شۆسەکەیان ڕاخستبوو،**

**کەوتبوونەوە خەوبینین!**

(شەو نییە خەونتان پێوەنەبینم)

٢٩) ڕەنج کێشان لە جاهیلیەتی مودێرن:

**شێرکۆ:**

**وتی لێرە و بەر لەقەیرێ**

**هەندێ گوێزانی ئیسلامی دەمتیژ**

**لەم ناوەدا ڕاوەستابوون**

**هەر پاوپووزێکی ڕووتی شیعر و یاخود**

**ئاوازێکی کراس کورتیان**

**بدیبایە**

**ئەیانبڕین.**

(کتێبی ملوانکە)

**پەشێو:**

**ئەی ئەو پایتەختەی**

**...**

**کۆمەڵگەی مەدەنیت**

**بە تیزابڕێژکردنی پێ و بەلەکی پیرۆزی**

**خانزادەکانی سۆران دەست پێدەکا.**

(پرێسکەی عاشقێکی زگماک)

٣٠) وێناکردنی پاتەبوونەوەی مێژوو:

**شێرکۆ:**

**...هەموو جارێ بە تۆڕی**

**لم، شاخ ئەگیرێ و دیسانەوە ئەچینەوە ناو تۆڕی لم**

(خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێك)

**پەشێو:**

**کەسێك نییە**

**هەڵکشانی بیابان و**

**داکشانی زۆزانەکان سۆسەبکا.**

**کەسێك نییە**

**لە پێدزەی لمی سەحرا بە ئاگا بێ.**

(پریسکەی عاشقێکی زگماك)

٣١) ئەو زایەڵەیەی بە وشە وێنەی کێشراوە:

**شێرکۆ:**

**ئەنفالەو ڕەنگی ئەنفالەو ڕەنگی**

**ئەنفالەو ڕەنگی ئەنفالەو**

**ئەنفالەو ڕەنگی**

**ئەنفالە!**

(ڕەنگدان)

**پەشێو:**

**کەی لە کڵێسەی**

**شۆر و ئەوینی ئەم نازدارەدا**

**زەنگێك لێدەدەی**

**لێدە، دەی!**

**دەی!**

(شەو نییە خەونتان پێوەنەبینم)

٣٢) نرخاندنی پیرۆزی پاکێتییەکان:

**شێرکۆ:**

**من لەبەر دەمی منداڵدا**

**ئەبم بە تۆپێ بۆ یاری**

(حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك)

**پەشێو:**

**زۆر جۆلانەی نەرم و سادە**

**بۆ منالأن هەڵدەبەستم.**

**لە جەژنی لەدایکبوونیانا**

**ـ کە نییانە ـ**

**بەشدار دەبم...**

**لەباتی مۆم دادەگیرسێنم ئەنگوستم.**

**گڕ بەردەدەم**

**لە گلێنەی چاوەکانم**

**لە ساواترین هەڵبەستم.**

(شەونییە خەونتان پێوە نەبینم)

سەرچاوە: گۆڤاری نووسەری نوێ ژمارە ٥٣/٢٠١٠.

# پەشێو، لە نێوان عەشق و نیشتماندا

کامەران جەوهەری (هەڵوەدا)

**لە هەر شوێنێک ئەوینێکی مەزن هەبێت موعجیزەی مەزن ڕوو دەدات.**

**"ویلا کاتێر"**

زۆر دەگمەن و ڕەنگە نایابیش بن ئەو مرۆڤانەی بەبێ عەشق شیعریان بۆ بێت. ئیتر عەشقێک هەر لە ئەوینی مرۆڤێکەوە بگرە هەتا زێد و گەردوون و خودا. لە ڕوانگەی نرخاندنی مێژوویی ئەم عەشقانەوە پلەکانی خواریێ بۆ مرۆڤ و پلەکانی سەریێ بۆ زێد و دواتریش بۆ خودا و گەردوون تەرخان دەکرێت. ئەم عەشقە لە پلەی نزمیدا لەبەر ئەوەی تاکگرە و تەنیا بۆ مرۆڤێکە، کە زۆر چەلان ڕەنگە هەر شیاوی ئەم عەشقەش نەبێت، بە هەمان پلە نرخەکەی لە ڕوانگەی مرۆڤەکانی ترەوە نزمترە، هەرچەند مەنشوورتریش بێت. پاشان هەڵدەکشێ بەرەو عەشقی زێد و نیشتمان کە لەوێدا، چونکە سنووری تاکی بەزاندووە و سەرجەم ئەو خاک و ژیان و مرۆڤانە دەگرێتەوە کە لەو زەمینەدا هەناسە دەدەن، بە هەمان نیسبەت بەنرختر مەزندە دەکرێ و لە پلەی ژوورتردا دادەنرێ. لەم جۆرە عەشقەیاندا گراوییەکە تەنیا هی شاعیر نیە و گراوییەکی هاوبەشی هەموو ئەو کەسانەیە کە خاوەنی ڕۆحییەتی نیشتمانپەروەرین. سکڵی ئەم عەشقە بە شاراوەیی لە دەروونی هەموو هاوزێدەکانی شاعیردا هەیە، بەڵام ئەوە شاعیرە کە بڵێسەی تێدا هەڵدەگیرسێ و کپی و بێدەنگی دەشڵەقێنێ و لە

قوڕگی وشەوە هاواری عەشقەکەی دەکات. لەم ڕووەوە چونکە لە دڵی خەڵکانی هاوزێدیەوە دەدوێ بێگومان بەردڵی ئەوانیش دەکەوێت.

جیاوازیی سەرەکیی ئەم دوو جۆرە عەشقە لەوەدایە کە گەرای عەشقی یەکەم (عەشقی تاک) لە لای هەموو عاشقەکان بە یەک شێوە دەپشکوێ و پڕاوپڕە لە ئاخ و هەناسە و فرمێسک و لە ئاکامیشدا بێئاکامی. لێرەدا گراویش زۆر جار ڕووگرژ و بێمەیل و ئەویندار بەکەمگر و دڵڕەقە. هەرچیش ئەم بێوەفایی و بەکەمگرتنە زیاتر دەبێت بڵێسەی ئاگرەکە لە لای ئەویندار زیاتر پەرە دەستێنێ. لە حالەتی هەرە خەستیشیدا سیمبولێک ساز دەبێت کە ئەویش بڵێسەکانی لە بەکامنەگەیشتن دایە – بە کامگەیشتن لەم عەشقەیاندا واتە کۆتایی و لەبیرچوونەوە – کە دەمبەدەم دەڕوات و دواتریش بە قەڵەمی داهاتووان دەگێڕدرێتەوە. واتە پاش گێڕدرانەوە ئیتر عەشقێکی نەپاڵێوراوە و بۆی هەیە لە لای گێرەرەوە بۆن و بەرامەی عەشقی کەسێکی تریشی تێکەڵ کرێت، چونکە لە دڵی خۆیەوە بۆ دڵی ئەوان دەڕوانێت. وەک مەم و زین کە لە دڵی خانییەوە بۆی دەڕوانێت و خولیاکانی ئەویشی تێکەڵ کراوە و هەر وەها لەیل و مەجروومی نیزامی و رۆمیۆ و ژولییێتی شەکسپیر و...

بەڵام گەرای عەشقی دووهەم لە لای هەر عاشقە و بۆی هەیە بەرگێکی نوێ بپۆشێ. یەک چەک دەست دەداتێ و ئەویتر زەینی ئاپۆرە ڕادەتڵەکێنێ و یەکێکی تر ڕەنگە تەنیا بەرهەیوانی بیرۆکەیەک ئاوپڕژێن کات، غەڵفێک ئاو دات یان نەمامێک بچەقێنێت. لێرەدا گراوی دڵسۆز و خۆشەویست و بەخشندە و ئەویندار‌دۆستە، بەڵام بەر زەبروزەنگ کەوتوو و نازشێواو و چاولەدەسی ئەویندارە.

جیاوازییەکی سەرەکی و دیارتری ئەم دوو چەشنە عەشقە لە سەربەستیی ئیرادە دایە. لە جۆری یەکەمدا مۆرکی عەشقی تەواو بە کەسێکەوە دەنرێ کە ئیرادەی تەواو دۆڕاندبێ و لە عاست گراوییەکەیدا ملکەچ وەستابێت و هەرچی لەوەوە بگات یان نەگات بە بەخشش ببینرێت. بەڵام لە جۆری دووهەمدا ئەو مۆرکە بە کەسێکەوە دەنرێ کە سەربەست بێت و ئیرادەی لە ئیرادەی مرۆڤە

ئاساییەکانی تر بەهێزتر بێت و بە هیچ ڕەشەبایەک نەچەمێتەوە. لێرەدا ئەویندار چاوەڕێی بەخششی گراوی نییە و خودی خۆیەتی کە بەخشش دەکات.

ڕەنگە کانگەی بیر و بیرۆکەی شاعیر هاوکات جێگەی سەرهەڵدان و پشکووتنی گەرای هەرتک عەشقی لە ڕوانگەی جیاوازیی یەکەمەوە هەبێت، بەڵام لە نیگای جیاوازیی دووهەمەوەیە، کە بە تەواوەتی ڕێچکەکان لێک هەڵدەبڕدرێن و هەرێمەکان لێک دادەبڕێن و زۆر حەستەمە ئەم دوو عەشقە لەم ڕووەوە هاوکات ناخی کەسێک بە تەواوەتی داگرن. چونکە وەک مەولانای رۆمی دەفەرموێ دوو خود لە سەرایەکدا ناگونجێن.

لانکەکردنی بیری پەشێو لە نێوان ئەم دوو عەشقەدا بابەتێکی زۆر جێی سەرنجە. پەشێو سەربەستانە پێ دەنێتە هەرتک هەرێمەوە و لقی دڵداری لە ناوقەدی سەربەستی عەشقی نیشتمان موتوربە دەکات. ئەو کاتێک پێ دەنێتە هەرێمی دڵدارەوە سەربەستی عەشقی نیشتمانەکەشی هەر لە تۆربەیدا هەڵگرتووە و کردوویەتە توێشوو . ئەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە وا ناکات فیز بەسەر گراویدا لێدات، واتە بۆ بەکەمگرتنی عەشقی دڵدار نییە کە ئەم توێشەبەرەیەی لە کۆڵ ناوە، بە پێچەوانەوە پێکەوە لکاندن و موتوربەکردنی ئەم دوو چەمکە لە داڕشتەی شیعرەکانییەوە دەڵێ. سیمۆن دی بۆڤوار دەڵێ: "نووسەرەکان لە ڕێگەگەلی جۆرا و جۆرەوە بۆ لای ئەدەبیات کێشراون. بەڵام بە بڕوای من هیچکام لەوان ئەگەر بە جۆرێک لە جۆرەکان دەردی جودایی نەچێشتبێت، ئەگەر بە شێوەیەک لە شێوەکان بەنیاز نەبووبێت ئەم ئازارە دامرکێنێت هیچی بۆ نەدەنووسرا."  من لام وایە ئەم وتەیە شاعیر و هونەرمەند و سەرجەم خاوەن بەهرەکانی ئەدەب و هونەر دەگرێتەوە. ئەم خەمەیە کە لە لای پەشێو لە دوو ڕەنگی جیادا خۆ دەنوێنێت. ئەم دوو ئازارەن کە لە دەروونی پەشێودا پەنگیان خواردۆتەوە و بە درێژایی تەمەنی شاعیرێتی لێی هەڵهێنجاون و تێکەڵاوی بنەتووی خولیا و خەیاڵاتی کردوون و خەرمانی سووری شیعری لێ هەڵگرتوونەوە. ئازاری بەردەوامی نیشتمان لە لایەکەوە بوەستێت، بەڵام چەند پڕشکۆیە کە سەیر دەکەی پەشێو لەو تەمەنەشدا خەمەکانی هەر گەنجن و هێشتاش هەر داچڵەکان و ئیلهامی شیعری لەوانەوە پێدەگات. ئەوینیش وەک ئاگر قەت لە جووڵە ناکەوێت و بە دەم هیوا و ئاواتەوە هەر ملەقوتەیەتی. ئەوین

لێکدراوێکە لە دڵەڕاوکێ و هیوا. هەر کاتێک لەم خۆف و دڵەڕاوکێیە بێبەری بوو ئانوسات دادەمرکێت. ڕەنگە ئەوە کلیلێک بێت بۆ پەیبردن بە سووڕی ئەوینی پەشێو لەم تەمەنەدا. بە بڕوای پابلۆ نێرۆدا "شیعری سیاسی دەبێ لە هەست و باوەڕێکی قووڵەوە سەرچاوە بگرێ، شیعری سیاسی لە هەموو چەشنە شیعرێکیتر ، جگە لە شیعری ئەویندارى، عاتیفیتر و دەروونیترە و لەخۆنووسان بۆ نووسینی شیعری سیاسی دەبێتە هۆی پووکی و پەککەوتنی ئەم شیعرە." ئەم وتەیەی نێرۆدا رازی بەردڵکەوتنی شیعرە سیاسییەکانی پەشێو ئاشکرا دەکات. خۆشەویستی و عاتیفەی قووڵ و بێ غەلوغەشی ئەو بۆ نیشتمانەکەی وای کردووە شیعرە سیاسییەکانیشی ڕەگاژۆیان لە ناخی شاعیردا بێت و ئەم ڕەگاژۆیە بۆشایی نێوان خوێنەر و شاعیر و شیعر پڕ بکاتەوە و لێکیان ببەستێت.

گڕی خۆشەویستیی نیشتمان پاش جێهێشتنی زێد و گیرسانەوە لە تاراوگە یان دادەمرکێ و بەرە بەرە دەبێتە خۆڵەکەوە و گەردی زەمانی لەسەر دەنیشێ و مەگەر ڕووداوێک تۆزی لێ بتەکێنێت دەنا لە بێدەنگیی خۆیدا فەرامۆش دەکرێت، یان ئەوەی کە ئەم جێهێشتنە گەرای هێزێکی کێشەری وا لە دڵی کەسی تاراودا دەخات کە زۆر قایمتر لە پێشوو بە نیشتمانەوەی گرێ دەدات، هەرچەند بەڕواڵەت مەودایەکیش هەبێت ئەم گڕە بە یەکجاری کڵپە دەستێنێت. ئاوری پەشێو لە جۆری دووهەمە. گڕی عەشقی نیشتمان لە لای پەشێو وەهای کڵپە سەند کە بە یەکجاری شاعیری کردە قەقنەس و وەک سیمبولێک نواندییەوە. ئێستا پەشێو تەنیا مرۆڤێکی ئاسایی، یان شاعیرێکی هەستیار نییە، بەڵکوو سیمبولێکی عەشقی نیشتمان و دڕکێکی چاوی داگیرکەران و خۆفێکی ناودڵی زلە بێئیرادە و کیانەکانی ناوخۆیە. پارچەیەکی پەڕەوازەبووی خاکی نیشتمانە و **لە شارێکی پاکژی ناو زەینی هەمووانـدا گیرساوەتەوە. دەڵێن وشەی "عەشق" لە "عەشەقە"وە وەرگیراوە. عەشەقە ڕووەکێکە کە لە دار دەهاڵێت و وەهای دەتەنێت کە وشکی دەکات و دەیکاتە کۆلکە. ئەم عەشەقەیە کە سەراپای ڕۆحی پەشێوی تەنیوە و شیلەی دەروونی مژیوە و پەیڤەکانی بۆ فرچک داوە و لەشی لەشئاساییی وشک کردووە و سیمبولێکی لێ داتاشیوە.**

لەلای پەشێو زۆر چەلان خاسەڕەنگی ئەم دوو عەشقە ڕەنگی نۆستالژیاشیان تێکەڵ دەکرێت و حەسرەتەکانی شاعیر دەنوێننەوە. نۆستالژیا لە شیعر و ڕۆحییەتی پەشێودا شوێنێکی بەرچاوی هەیە و بە ئاماژەی ئەم فەریکەوتارە تێر نابێت و وەها نیازێکیشم نییە. وشەی نۆستالژیا کە لە ڕیشەی یۆنانی نۆستۆس وەرگیراوە بە واتای گەڕانەوەیە بۆ ماڵ و خاک و نیشتمان. نۆستالژیا ئەو هەستەیە کە دڵ بە یادکردنەوەی پیت و بەهرەیەکی لەدەستچوو و حەسرەت بۆ ڕابردوویەکی خۆش یان خەفەت بۆ دوورکەوتنەوە لە نیشتمان گیرۆدەی دەبێت.

جار و بارە نوستالژیا تێکەڵ ئاوات دەکرێت و وەک حەسرەتی دوورکەوتنەوە لە وڵاتێک یان دۆخێکی خەیاڵی کە لە واقیعدا نییە و تەنیا لە خولیای شاعیردا هەیە – وەک ئەوەی بکرایە هەبێت – لە لای شاعیر خۆ دەردەخات. ڤلادیمیر نەبۆکۆف پێی وابوو "هونەر حەسرەتێکە بۆ لەکیسچوونی جوانییەکان". بەشێکی زۆر لەم حەسرەتە ئەو لایەنە دەگرێتەوە کە شاعیر خەمی ئەوە دەخوات کە ئەو تەمەنەی وا ڕابرد ئەگەر وەک دەمهەویست وا ڕادەبرا چ دەبوو؟ ئەم چەشنە نۆستالژیایەیە کە بۆتە هەوێنی زۆربەی شیعرە حەسرەتاوییەکانی پەشێو.

گەرچی نۆستالژیا چۆنیەتییەکی تەواو عاتیفیانەیە، بەڵام شیلەیەکی عەقڵیەتیشی تێکەڵاوە. عەقڵییەتێک کە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن مەتەڵۆکە بە ڕواڵەت دژوارەکانی ڕابردووی هەڵداوە و پەی پێ بردوون. لەو مرۆڤانەدا، کە دید و بۆچوونیان هەر وا تەنگەبەرە و هەر لەسەر ڕەگی ژیانی باب و باپیرانیان ڕوواون و بە دیدی ئەوانەوە بۆ ژیان دەڕوانن، ئەم هەستی حەسرەتە هەر بۆ لەکیسچوونی لەشساغی و پاشایەتیی سەردەمانی گەنجیی پاش سەرهەڵدانی ئێش و ئۆف و تاوهەڵاتی پیرییە. بەڵام لە لای کەسێکی چاوکراوەی خاوەن ئەزموون و دنیادیتە و بیرکەرەوە ئەم حەسرەتە هەموو ئەو خولیایانەش دەگرێتەوە کە دەبوو و دەکرا هەبن و نین، ئیتر چ لە ڕابردوودا و چ لە وێستادا. جاری وایە نۆستالژیا حەسرەتێکی تێکەڵ بە پەشیمانییە بۆ ڕابردوویەک کە دەکرا بە ڕێچکەیەکی باشتریدا بەریت. ئەم حەسرەتە دوای هەڵکشانی تەمەن و هێدی هێدی کەڵەکەبوونی ئەزموون و چاوکرانەوە بەدی دێت. ئەگەر نۆستالژیای ئەویندارانەش لکێکی نۆستالژیا بێت ئەوە ئەم لکەش لە

لای پەشێو بەری خۆی گرتووە و زۆریەک لە شیعرە ئەویندارییەکانی بەرامەی ئەم حەسرەتە دەپژێنن.*

* ڕەنگە ئەم نووسراوەیە ڕواڵەتەن لە وتارێکی بێبەڵگە بچێت بەڵام هەموو شیعرەکانی پەشێو خۆیان دەپەیڤن و خوێنەری پەشێو خۆی ئەم نموونانەی کە نەمهێناون دەبیستێت.

سەرچاوە: گۆڤاری مەهاباد - ژمارە (١٣١-١٣٢) ٢٠١٢.

# سۆزی منداڵ....
# لە ڕوانگەی شیعرەکانی
# عەبدوڵڵا پەشێودا

ئەمین چاوڕەش

تازە خەتی سمێڵم دادەنا و خولیای خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانم دەکرد و دەچوومە ناو جیهانە بەر فراوانەکەی ئەدەب، لە ڕواندز ڕۆژانە سەردانی ئەو کتێبخانە خنجیلەم دەکرد بەناوی (عەلی مەکتەبە). ڕۆشنبیران و عاشقانی ئەدەب وەک پوورەی هەنگ تێی کۆدەبوونەوە و هەڵگێڕ و وەرگێڕی لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیان دەکرد، هەر چەندە ڕۆژنامەکان لە هەولێرەوە بە دڕەنگەوە دەگەیشتن. ئا لەو کاتەدا، برادەرێکم دیوانێکی شیعری بەناوی (بتی شکاو) دایە دەستم و پێی گوتم بە وردی بیخوێنەوە.

هەر لەوێ، کە لاپەڕەی یەکەمی دیوانەکەم هەڵدایەوە و خوێندمەوە خوا هەڵناگرێ چێژ و گڕ و تینێکی وای پێ بەخشیم دیار بوو لە خوێندنەوەی تێر نەدەبووم کە دەڵێ:

**منداڵەکان**

**ئەی برسییە ژین تاڵەکان**

**لەسەرسنگی ئاگرە نەفتاویەکەی**

**بابە گوڕگوڕ**

**منداڵێکی چاوگەشی کورد**

**لە برسا مرد**

بۆیە بڕیارم دا تا دوای لاپەڕەی دیوانەکەی وازی لێ نەهێنم. حەزم دەکرد لە کونی دەرزێکەوە چاوم بەم شاعیرە بکەوێ، کە بەو جورئەتەوە، لەو سەردەمەدا ئەم دیوانە بە چاپ بگەیەنێ.

بەڵام، لە خۆمەوە بیرم بۆ ئەوە چوو هەستی نەتەوایەتی لای ئەم شاعیرە بەڕێزە کڵپەی ساندووە و لە ناخی ئێش و ئازارەکانی میللەتەکەیدا بەڕێوەیە.

شەفافیەتی شیعرەکانی پەشێو، ناوەڕۆکە شۆڕشگێڕانەییەکەی ورەی مرۆڤی کوردی بەرز دەکردەوە و ڕۆحی بەرەنگاربوونەوەی لا دروست دەبوو. پەشێو لە دوورە مەفتەنیشدا هەر کاتێک میللەتەکەی ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و نەهامەتی بێتەوە هەناسەیەکی بۆن سووتاو لە ناخی دەهاتە دەرەوە و دوو دڵۆپ فرمێسکی سارد بە ڕوومەتەکانی شۆڕ دەبوونەوە و دەستی دەدایە قەڵەم و دەینووسی و بەشداری لە کۆڕە شیعرییەکان دەکرد و بە شیعرە ناسک و جوانەکانی ویژدانی مرۆڤایەتیی دەجووڵاند و داوای مافی گەلانی مافخوراوی دەکرد، کە بەندەکانی مافی مرۆڤ پێشێل دەکران.

پەشێو منداڵی کوردی خۆشدەویست و لەو ڕێگایەوە دەنگی هەڵدەبڕی، بۆیە لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:

**تۆپە قوڕێکی دەست کردم**

**دایە دەست منداڵێکی کورد**

**ئەو لە جیاتی بووکە شووشە**

**تفەنگێکی بچکۆلانەی لێ دروست کرد**

ئەوەی شیعرەکانی بخوێنێتەوە تەواو لە ناوەڕۆکەکەی دەگا و لە ڕیزی ئەو شاعیرە پایە بەرزە عەرەب و جیهانییانەی دادەنێ کە ئەمڕۆ دەنگ و سەدایەکی تایبەتییان هەیە و حیسابێکی تایبەتییان بۆ دەکرێ. زۆر جاریش دوژمنان و

ناحەزانی کورد هەوڵیان داوە ئاسەواری شیعرەکانی نەهێڵن و تیرۆری بکەن، بەڵام نەیانتوانیوە و مەرامە گڵاوەکانیان پووچەڵ بوونە. هەردەم شیعر چەکێکی کاریگەر بووە لە ئاست دوژمناندا، بۆیە خۆیان لە بەردەمدا ڕانەگرتووە و لێی ترساون. پەشێو بەو شیعرە تەڕ و ناسکانەی توانیویەتی جەماوەرێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و بزاڤی ڕۆشنبیری کوردیش شانازی پێوە دەکا.

* سەرچاوە: گۆڤاری کاروان، ژ، (١٦٨).

# عەبدوڵڵا پەشێو
# قەیرانی شووناس لە کەلتووری خوێن و پیترۆڵدا*

عەتا قەرەداخی

– ١ –

یەکێك لە شیعرە دیارەکانی عەبدوڵڵا پەشێو، ئەو شیعرەیە کە بۆ بیرمەندی دیاری عیراقی (هادی عەلەوی)ی گوتووە و لەو شیعرەدا وەسفێکی قووڵی کەسێتیی عەلەوی دەکات لەپای هەڵوێستی مرۆڤانەی سەبارەت بە سیاسەت و ڕەفتاری ڕژێمی تۆتالیتاری عیراقی بەرامبەر بە کورد.

پەشێو لەم شیعرەدا کۆمەڵێ پرسیاری پڕ بایەخ بەرز دەکاتەوە بەرامبەر بە کەسێتیی عەلەوی و مێژوو و کەلتووری ئەو نەتەوەیەی کە عەلەوی ئەندامێکە لێی. هەروەها، بابەتی دانپێدانان و پاکانە، وەکوو دوو چەمکی مرۆڤانەی پەیوەست بە قۆناغی ژیانی کۆمەڵگای شارستانی، دەخاتە ڕوو، هەروەك لەپاڵ ئەوانەشدا وەسفێکی قووڵی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی و عەقڵی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی دەکات، کە لەوەشدا لە ئاستی نەگوتراودا بنەمای جۆرێك لە بەراورد لە نێوان کۆمەڵگە و عەقڵی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییدا دەردەکەوێت.

دەقی شیعرەکە:

**تۆ، لە سەردەمی کورتەبالایان،**

**بالای بەرزی خۆت لەکوێ هێناوە ؟**

**تۆ ، لە سەردەمی قاتی و نەهاتا ،**

**وەرزی سەوزی خۆت لەکوێ هێناوە ؟**

**لەبەر خرینگەی**

**شیر و ... زرینگەی**

**ئاڵتوونی قورەیش**

**چۆن گوێت لە ناڵە و نرکەی عەلی بوو؟**

**چۆن لەبەر ژاوەی ئایشە و حەفسان**

**گوێت لە سکالای ماریەی قبتی بوو؟**

* * *

**خۆ سەدەکانی ئێمە هەموویان**

**لکی درەختی چاخی جاهیلین :**

**کڵێسە و مزگەوت ،**

**شوورا و پەرلەمان ،**

**بارەگا و دیوان ،**

**هەموو بازاڕیان گەرمی عوکازن...**

**نابیغەکانیش هەمان نابیغەن :**

**خودایان ورگە...نەوەی بەرازن ،**

**لەملا بەرزگی شای غەساسینە باوەشێن دەکەن ،**

**لەولا بۆ بنپێی شای مەنازیرە وەک بەردەبازن .**

***

**لە ڕۆژهەلاتی ڕۆژ لەبن پێدا ،**

**لە ڕۆژهەلاتی**

**دەستنوێژهەڵگرتن بە خوێن و پێترۆل ،**

**لە ڕۆژهەڵاتی**

**مارەبەجاش و ڕشک و ئەسپێدا ،**

**لەو ڕۆژهەڵاتەی**

**ناموس فیرارە و**

**پەنابەرێکە لەناو دەرپێدا:**

**سەرم سوڕماوە ،**

**چۆن توانیت ،گەورەم،**

**بێدەنگی قانگ دەی؟**

**تۆ چۆن زاتت کرد**

**ئەوکوولەکەیە بدەی بە عەردا و**

**پڕ بە دەنگ بانگ دەی !**

*** * ***

**ئەی ڕۆژهەڵاتی کورتەباڵایان ،**

**ئەم باڵابەرزەت سەدجار پیرۆز بێ .**

**ئەی چاخی قاتی و ساڵانی نەهات ،**

**ئەم وەرزە سەوزەت سەدجار پیرۆز بێ!**

پێش هەر ئاخاوتنێك لەسەر ئەم دەقە شیعرییەی عەبدوڵڵا پەشێو، ئەوەمان لا ئاشکرایە، کە پەشێو یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی شیعری کوردیی دوای گۆران. لە ڕووی جیهانبینی و زمانی شیعرییەوە، سەر بە هەمان ئەزموونی شیعری ئەو قۆناغەیە و لە ڕووی بنیادی شیعری و پرسیاری شیعریشەوە، تا ئەندازەیەکی ئاشکرا، لە ئەزموونی شیعری لەتیف هەڵمەتەوە نزیکە یان باشترە بڵێین هاوشێوەن. دیارە هاوکاتیش زمانی پاراو و بێ گرێ و وێنەی سادە و زۆرجاریش کاریگەر و سەرنجڕاکیش ئەو پایانەن، کە گوتاری شیعری ئەم شاعیرەیان بەرهەم هێناوە، کە زیاتر گوتارێکی سیاسییە و گەوهەری ئەم

گوتارەش پەیوەستە بە کەسێتیی کوردی و مەسەلەی کوردی و ئاسۆی ئایندەی کوردەوە.

ئەگەر سەرنجی بەرهەمەکانی پەشێو بدەین، بە گشتی، دەقەکانی کورتن. ئەوەش بە گشتی پەیوەندیی هەیە بە جیهانبینیی دەقەکانەوە و بە گوتاری شیعری ئەم شاعیرەوە، کە گوتاری کوردییە. مەودای جیهانبینیی دەقەکان لە سنووری مێژوو و سیاسەتی کوردیدا دەسووڕێتەوە و بەشێکی زۆری دەقەکان کاردانەوەن بۆ سیاسەت و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەوی دی (داگیرکەران) بەرامبەر بە کورد. بەمانایەکی دی، هێزی بەرهەمهێنی زۆربەی دەقەکان پاڵنەری کاردانەوەیە، نەك پڕۆژەیەکی فیکری، یان مەعریفی، کە لە چوارچێوەی زمانی شیعریدا گوزارشت لە خۆی بکات. ئەم شێوازە دەربڕینەش بەرجەستەکردنێکی ڕیالیستانەی واقیعی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و عەقڵی کوردییە کە لە هیچکام لەو بوارانەدا مێژووی ئێمە هەڵگری پڕۆژەی درێژخایەن نەبووە. هەر ئەوەش وای لێکردووە کە بەپێی ڕۆیشتنی کات ئامادەبوونی بەردەوامی نەبێت، بەڵکو لە ئاستی سنوورداردا و لەماوەی کورتخایەندا هەندێ جار دەربکەوێت، تەنانەت نەبووەتە بکەرێکی ڕووداو و دروستکەری ئەکتیڤ، کە توانای سەلماندنی خۆی هەبوو بێت. کورتیی دەقەکانی پەشێو لەڕووی بنیادی زمانەوە و هەر بەو پێیەش بەرهەمهێنانی مانا و دەلالات بەبێ پێکهاتەی زمانی وەکو (دال) هاوشێوەیە لەگەڵ مێژووی پچڕپچڕی ئێمەدا، مێژوویەك کە ئاراستەی هەڵسەنگاندنی بەرەو لووتکە تێیدا ونە و سەرباری پچڕ پچڕی لەسەر شێوەی بازنەیی دەجووڵێت.

ئەم شیعرەی پەشێو کاردانەوەیە بەرامبەر بە هەڵوێستی مرۆڤانەی دوور لە هەستی شۆڤێنیی بیرمەندی دیاری عیراقی هادی عەلەوی. کە بێبەریبوونی خۆی لەڕژێمی تۆتالیتاری بەعسی عەرەبی و لەسەر کردەی شۆڤێنی ئەو ئاراستەیەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و تەنانەت بێلایەنبوونی خۆی لە ناسنامەی عەرەبیش ڕاگەیاند لە بەرامبەر ئەو کارە دژ بەمرۆییانەی کە ئەو ناسیۆنالیزمە بەرامبەر بە گەلی کورد بە گشتی و لە هەڵەبجەدا بەتایبەتی کردی. وەك

ئاماژەمان بۆ کرد، ئەم دەقە لە ئەنجامی کاردانەوەدا بەرهەم هاتووە، بەڵام دەقێکە، لەڕووی مێژوویی و کەلتووری و بنەماکانی یەکتر قبوڵ نەکردن و قەیرانی ماف و دادپەروەرێتییەوە، بایەخێکی زۆری هەیە و چەندین هێمای مێژوویی لە خۆگرتووە و چەندین مانا و دەلالاتیش لە سنووری ئەم دەقەدا بەرهەمدێت.

— ٢ —

پەشێو باسی سەردەمێك دەکات کە بە سەردەمی "کورتەباڵا"کان وەسفی دەکات. ئەو سەردەمە لەڕووی مێژووییەوە ئەو سەردەمەیە کە تێیدا بەهای مرۆڤ و مرۆڤایەتی ڕووخێندراوە و مرۆڤ، کە لەڕاستیدا بەهادارترین سەرمایەی گەردوونە و بەهێزترین بوونەوەرە، ئەویش بەهۆی ژیرییەوە، لەو مێژووەدا، کە شاعیر باسی دەکات، گەوهەر و ماهییەتی خۆی لەدەستداوە و بووەتە پێکهاتەیەکی لاواز و نائامادە و ناکردە، ئەویش لەبەرامبەر هێزی پڕ لە نهێنیی گەردووندا نا، بەڵکو لە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتانەی کە خۆی بەرهەمی هێناون، بە جۆرێك کە بێدەنگی و ملکەچی و خۆ بەدەستەوەدانی بۆ ئەو دەسەڵاتانە ئاشکرا و لەبەرچاو بێت. ئەو قۆناغەی کە ئەو لێی دەدوێت قۆناغێکی کورت نییە، بەڵکو هەموو ئەو مێژووە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ ئازادیی مرۆڤی تیا داگیر کردووە، کە دەستە و ئیتنیکە جیاوازەکان لە ڕێگەی بەدەستهێنانی دەسەڵاتەوە هەموو توانای خۆیان خستۆتەکار بۆ کوشتنی بوون و ئازادیی ئەوانی دی. ئەو سەردەمە، کە مرۆڤ لەڕێگای بەدەستهێنانی دەسەڵاتەوە هەوڵی کوشتنی ئازادی ئەوانی تر دەدات، مانای وایە پرۆژەی کوشتنی ئازادی جێبەجێ دەکرێت کە لەمەشدا تەنیا (قوربانی) ئازادی نادۆڕێنێت، بەڵکو جەللادیش ئازادی خۆی دەدۆڕێنێت. کەواتە، کۆمەڵگا بە گشتی ئەو زەمینەی لەدەست دەچێت کە بنەماکانی بوونی تیا فەراهەم دەبێت. هەموو ئەوانەی کە ئازادی دەکوژن هەموویان مرۆڤی قەزەم و ئیفلیجن بەو پێیە لەم سەردەمەدا کە ئازادی جگە لە وەهم شتێکی تر نییە، نەك هەر لە وڵاتەکانی هادی عەلەوی و پەشێودا، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتدا بە گشتی. لە ئاستی دووەمدا،

ئەوانەی بەبەرچاویانەوە ئازادی دەکوژرێت و بێدەنگن، ئەوانیش کورتەباڵان. لە ئاستی سێیەمدا، ئەوانەی سەر بەنەتەوە یان ئیتنیکی دەسەڵاتدارن و نەتەوەکەی ئەوان ئازادی دەکوژێت و جەللاد ڕۆڵی دەبینێت، کەچی ئەوان بەرامبەر بەو ڕەفتارە دژ بە مرۆڤانەی کە دەسەڵاتی نەتەوەکەیان دەیکات، ئەمان بێدەنگن و ڕازین هەمان ناسنامەی ئەو جەللادەیان هەبێت، ئەوە ئەوانیش دیسان بستەباڵان.

هادی عەلەوی ئەو کەسەیە کە بێبەریبوونی خۆی لەو نەتەوەیە ڕادەگەیەنێت، کە دەسەڵاتە ناسیۆنالیستەکەی ئازادی ئەوانی تر دەکوژێت و خۆی دەبێتە جەللاد و ئەوانی دیش دەکاتە قوربانی. لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر کارکردنی بۆ فەراهەمکردنی ئازادی بەهەنگاونان بەرەو پێگەیشتن و گەیشتن بە ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگا دابنرێت و لەو ئاقارەشدا کە ئازادی دەستەبەر دەبێت مرۆڤی تەواو پێبگات، ئەوا لەنەبوونی ئازادیدا هەم جەللاد و هەم قوربانی هەردووکیان دەبنە مرۆڤی ناتەواو.

پەشێو لە سەردەمێکدا کە ئازادی نییە و بەو پێیەش مرۆڤی تەواو دروست نابێت، باس لە بوونی مرۆڤێکی تەواو دەکات، مرۆڤێك لە ئاستی یەکەمدا خۆی لە (گشت) جیا دەکاتەوە و ناسنامەی تاکەکەسیی خۆی بەدەست دێنێت. بە مانایەکی دی، لە قۆناغی قەیرانی شووناس و دروستنەبوونی کەسێتیدا مرۆڤێکمان بۆ بەرجەستە دەکات کە خاوەنی کەسێتییە و بەو پێیەش شووناسی هەیە، شووناسی مرۆڤی تەواو.

— ٣ —

**تۆ لە سەردەمی کورتە باڵایان**
**باڵای بەرزی خۆت لەکوێ هێناوە؟**
**تۆ لە سەردەمی قاتی و نەهاتا**
**وەرزی سەوزی خۆت لەکوێ هێناوە؟**

لە سەردەمێکدا، کە قەیرانی شووناس و کەسێتی دەسەڵاتی بەسەرواقیعدا کردووە، بەجۆرێکی ئەوتۆ، کە دەشێت ئەو سەردەمە بەپێی ئەوقەیرانە ناسنامەی بۆ بکرێت کە ئەویش سەردەمی بێناسنامەیی یان سەردەمی ونبوونی شووناس یان سەردەمی ڕووخاندنی کەسێتییە. لەبارودۆخێکی وەهادا (هادی عەلەوی)، لەڕوانینی پەشێوەوە، خۆی لە هەموو ئەوانی عەرەب جیا دەکاتەوە و لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی (جورئەت)ـەوە، ئەو پەیوەستبوونە ئیتنیکییە ڕەتدەکاتەوە کە ئەو و ئەو جەللادانە پێکەوە دەبەستێت کە جینۆسایدی میللەتێك ئەنجام دەدەن. بە مانایەکی دی، عەلەوی هێندە بە سووك سەیری ناسنامەی جەللاد دەکات، کە پێی شەرمە ئەو و جەللاد لەیەك ڕەگەز بن. هەر ئەوەش وای لێ دەکات کە دوو هەڵوێست لەیەك کاتدا نیشان بدات: **یەکەمیان،** ڕایدەگەیەنێت کە ئەو و ئەو جەللادانەی کە تاوانی جینۆساید ئەنجام دەدەن بەرامبەر بە میللەتێك کە مێژوو کردوویەتی بە قوربانیی هەمیشەیی، لەیەك ڕەگەز نین. یان، باشتر بڵێین، ئەم بەرائەتی خۆی لەو ڕەگەز و مێژوو و کەلتوورە ڕادەگەیەنێت کە جەللاد بەرهەمدێنێت. **دووەمیان،** پاکانە بۆ ئەوی قوربانی دەکات و نەفرەت لەو مێژووەش دەکات کە کردوویەتی بەقوربانی و هەر ڕۆژەی بە جۆرێك لەبەردەم چەقۆی جەللاددا ڕایدەگرێت.

دیارە ئەم ڕوانینە، ڕوانینی ئاشکرای خودی شاعیرە و عەلەوی کراوەتەوە مەبەست یان هۆکار بۆ بەرجەستەبوونی ئەم بۆچوونە.

پەشێو، لە ئاستی نەگوتراوی دەقەکەدا، کورد بەراورد دەکات بە یەکەمین قوربانی، واتە بە ئیسماعیل. بەڵام قەسابەکەی ئیسماعیل باوکی بوو، فەرمانی بە قوربانیکردنیش لای خواوە هاتبوو. ئیبراهیم لە پێناوی ڕازیکردنی خوای خۆیدا ئامادەبوو کوڕەکەی خۆی بکات بە قوربانی. دیارە ئیبراهیم لە نێوان دوو هەڵوێستدا ڕاما بوو، هەڵوێستی بەجێهێنانی فەرمانی خودا و هەڵوێستی ئازاری کوشتنی پارچەیەك لە جگەری خۆی. هەر ئەوەش وامان لێ دەکات کە وەها سەیری ئیبراهیم بکەین کە هەرچەندە لەڕووکەشدا وەکو جەللاد دەردەکەوێ،

بەڵام لە ڕاستیدا ئەویش قوربانییە، قوربانی بارودۆخێك کە ناتوانێت لێی یاخی ببێت. بەڵام، بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی کە پەشێو کردوویەتییە پایەی بەرهەمهێنانی دەقەکەی و عەلەوی کردۆتە پاڵەوانی بەرجەستەکەری ئەو واقیعە، مەسەلەکە جیاوازە. ئەوی دیکتاتۆر و ناسیۆنالیزمی عەرەبی و عەقڵ و کەلتوور و مێژووی ئەو ناسیۆنالیزمە لە بوونیاندا بە ڤایرۆسی کوشتن و سڕینەوە و لە نێو بردنی ئەوانی دی بارگە کراون و بۆ جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیەش، کە پڕۆژەی پاکتاوی ئەوانی دییە، هەرگیز لەگوماندا نەبووە و هەرگیزیش ویژدانێك نەبووە لە ناوەوە وریایان بکاتەوە و بیانجووڵێنێت بۆ دوورکەوتنەوە یان پاشەکشەکردن یان پەشیمان بوونەوەیان لەو کارە ترسناکانەیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵیانداوە ئەو کارەترسناکانەیان بخەنە چوارچێوەی ئایینەوە و پیرۆزیشی پێ ببڕن. کەواتە، هیچ ڕوویەکی لێکچوون لە نێوان ئیبراهیم و ئەوی دیکتاتۆر و ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا دروست نابێت، هەروەك لێکچوون لە نێوان ئیسماعیل و کوردیشدا دروست نابێت. ئیسماعیل لەبەر باوکی و ملکەچی بۆ ئەوی باوك بە ناچاری ملی دا بۆ ئەوەی بکرێتە قوربانی، بەڵام ئەمی کورد، دوور لە ویستی خۆی و دوور لە ڕازیبوونی خۆی بە زەبری هێز و نەفرەتی مێژوو، لە پێناوی بەرژەوەندیی هاوبەشی جەللادی جۆرا و جۆردا لە قۆناغێکی مێژووییدا ناسنامەی قوربانی بۆ کراوە و ئەو ناسنامەیەش وەکو نەفرەت تیکەڵاوی ڕۆحی بووە و لێی رزگار نابێت.

لە کاتێکدا کە عەلەوی لە هەمان ڕەگەزی ئەوی جەللادەیە، پاکانە بۆ خۆی دەکات کە ئەو دژی کارەکانی ئەو جەللادە و ئەو کەلتوور و عەقڵیەتەشە کە جەللاد بەرهەمدێنێت.

پەشێو پێی وایە هەموو جەللادەکان مرۆڤی ئیفلیجن. دیارە ئیفلیجی جەستەیی نا، بەڵکو ئیفلیجی عەقڵی و دەروونی. بەهەمان شێوە، ئەوی قوربانیش هەر بەئیفلیج دەبینێت، بۆیە بە گشتی ئەو سەردەمە بە سەردەمی مرۆڤی ئیفلیج ناو دەبات. ئەوی جەللاد ئیفلیجە لەو ڕوانگەیەوە کە دەیەوێت لە ڕووی هێز و بەکوشتن و بڕینەوە بوونی خۆی بسەپێنێت و لەو ڕێگایەوە گرێی

کەموکورتی خۆی پڕ بکاتەوە. ئەوی قوربانیش ئیفلیجە لەو ڕوانگەیەوە کە ناتوانێت دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە و لەڕووی جەللاددا بوەستێت، ئیتر گرنگ نییە چ بارودۆخێك ئەوی کردۆتە قوربانی.

پەشێو ئەو قۆناغە مێژوویییە بە قۆناغی پیاوە کورتەبالاّکان ناو دەبات و پێی وایە کەس پڕکێشی ئەوە ناکات پەردە لەسەر ڕاستییەکان لاببات، چونکە مرۆڤی تەواو دەتوانێت کارێکی لەو جۆرە بکات. لەو زەمینە قەیراناوییەدا هادی عەلەوی وەکو مرۆڤێکی تەواو دەردەکەوێت و پەردە لەڕووی ڕاستی لادەدات و بەوەش لە سەردەمی پیاوە قەزەمەکاندا ئەم وەکو بالاّبەرزێك دەردەکەوێت- بە واتا شووناسی مرۆڤی تەواو بەدەست دەهێنێت - ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە تەنیا مرۆڤی تەواوە دەبێتە خاوەنی ناسنامە. مرۆڤی تەواویش ئەو کەسەیە کە خاوەنی جورئەت و پڕکێشی بێت وەکو هادی عەلەوی.

**لەبەر خرنگەی**
**شیر و ... زرینگەی**
**ئاڵتوونی قورەیش**
**چۆن گوێت لەناڵە و نرکەی عەلی بوو؟**
**چۆن لەبەر ژاوەی ئایشە و حەفسان**
**گوێت لە سکالاّیماریەی قیبتی بوو؟**

شاعیر دەمانگێڕێتەوە بۆ مێژوویەکی تا ئەندازەیەك دوور کە مێژووی سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامە و دەیەوێت پەیوەندییەك لە نێوان ئەو مێژووە و مێژووی کیمیابارانکردنی کوردستان و پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورددا دروست بکات. لەم پەیوەندی دروستکردنەدا مەبەستی ئەوەیە بێ عەدالەتی و نایەکسانی و پێنان لە ماف و چارەنووسی کەسانێك یان نەتەوەیەك دەربخات. ئەوەش هەروا بە سادەیی و وەکو ڕووداوێکی ڕاگوزاری باسی ناکات، بەڵکو دەیبەستێتەوە بە کارکردنی عەقل و کەلتوورێکەوە، کە ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە و کاریگەریی ئەو عەقڵ و کەلتوورە لە کۆنەپەرستی کۆمەلاّیەتی هەموو

نەتەوەکەی هادی عەلەوی بە تایبەتی و هەموو ڕۆژهەڵاتدا بەگشتی جێگیرە. شاعیر سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەغدا هاوشێوە دەکات بە سەردەمی پێغەمبەر، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە، کە سەردەمی پێغەمبەر دابەش بووە بۆ دوو جۆر لە پەیوەندی، یان دوو ئاستی جیاواز لە پەیوەندیی پێغەمبەر و هاوەڵانی، کە سەرەتا وەکو قوربانی دەرکەوتوون، لە بەرامبەر ئەویشدا قوڕەیش، کە بەرامبەر بە پێغەمبەر و هاوەڵانی دەوری جەللادییان بینیوە. بەواتا، ناسیونالیزمی عەرەب و جەللادانی بەغدا هاوشێوەی قوڕەیشن، کوردیش هاوشێوەی پێغەمبەر و هاوەڵانیەتی. ئەو هاوشێوە کردنە لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا بوونی نییە و هەروەك لە ئاستی نەبینراویشدا لەبەردەم لێکدانەوەیەکی تردا لاواز دەبێت و تا ئەندازەیەك پاشەکشە دەکات، ئەویش ئاخاوتنە لەسەر مەسەلەی عەدالەت لە نێو پێکهاتەی هاوەڵانی پێغەمبەر و ئەندامانی خێزانەکەیدا. شاعیر (هادی عەلەوی) دەکاتە چاودێری ئەو مێژووە و لەڕووی بەراوردکردنەوە دەیگێڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر و ئەو پرسیارەی ئاڕاستە دەکات، کە ئایا لەو مێژووە تاریك و پڕ لە کێشە و پڕ لە ویستی سەروەت و سامان و کارکردن بە عەقڵی شمشێردا چۆن ئەم توانیویەتی دەنگی حەقی عەلی کوڕی ئەبو تالیب ببیستێت؟ دەنگی عەلی دەنگی عەدالەتخوازانە لە سەرەتاوە و لە پاشانیش دەبێتە دەنگی قوربانی. ئایا لە سەردەمی بە قوربانیبوونی عەلیدا عەقڵێك هەبووە کە گوێبیستی ناڵەی عەلی بێت و لە گەوهەر و ماهییەتی غەدر بگات؟

ناڵە و نرکەی عەلی دەشێ مەبەست تەنیا لە ساتەوەختی شەهیدکردنی نەبێت، بەڵکو زیاتر قسەکردن بێت لە سەر ئەو مێژووەی کە ئیمامی عەلی تێیدا ژیاوە و چۆن خێڵی قوڕەیش سەرگەرمی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بوون و چۆن بە لۆجیکی هێز و بە عەقڵی شمشێر بیریان لە هەموو شت کردۆتەوە و چۆن لەو ساتەوەختەشدا عەلی وەکو پیاوێکی ژیری ئەهلی فیکر و مەعریفەت دەرکەوتووە و لە نێو قەومی نەزانیشدا بەهای ئەوی سەنعەتکار چەند لاواز بووە و ئەوەش مایەی ئازار و ژان بووە بۆی. ئایا لەو چرکەساتەدا عەقڵێك

هەبووە گوێی لە عەلی بێت و لە ویست و ئاواتەکانی ئەو بگات، کاتێ نەزانین باڵی بەسەر کۆمەڵدا کێشاوە و ئەوەی بایەخی پێنەدراوە زانین و فکر بووە؟ بە مانایەکی دی، دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هەر لەو مێژووەوە عەلی وەکو هێمای قوربانیی دەستی نەزانین دەرکەوتووە و پاشانیش بووەتەوە قوربانیی ڕێگای ڕاستی و عەدالەت و زانین. کەسێك دەتوانێت ئەو دەنگی حەقە ببیستێت، بێگومان هادی عەلەوی لە ڕوانینی پەشێوەوە هەڵگری ئەو پەیامەیە، بۆیە لەلایەك دەیگێڕێتەوە سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلام و دەیکاتە چاودێر بەسەر ئەو مێژووەوە کە تاکو ئێستاش مایەی ئاخاوتن لەسەر کردنی زۆرە، لە لایەکی تریشەوە عەلەوی خۆی لە ئێستادا هەڵوێستی ڕاستەقینەی خۆی بەرامبەر بە ئێمەی قوربانی و برا جەللادەکانی خۆی دەردەبڕێت و دەبێتە لایەنگری ئێمەی قوربانی و نەفرەت لەوی جەللادی برای دەکات و حاشا لە ناسنامەی عەرەبی خۆی دەکات، مادام ئەوی عەرەب، یان باشترین بڵێین، ئەوی ناسیونالیزمی عەرەبی دەوری  جەللاد دەبینێت بەرامبەر بە منی کورد و دەمکات بە قوربانی. عەلەوی ئەو هەڵوێستەی برا جەللادەکانی ڕەت دەکاتەوە.

شاعیر بەراوردی نێوان قوڕەیش و هەموو خاسێت و سیفاتەکانیان و ناڵە و نرکەی ئیمامی عەلی بەجێدەهێڵێت و دەگوازێتەوە بۆ سنووری قسەکردن لە چوارچێوەی خێزانی پێغەمبەردا، لەوێشدا دوو لایەن دیاری دەکات لە نێوان هاوسەرەکانی پێغەمبەردا، لایەنی باڵادەست و لایەنی مافخوراو، ئایشەی کچی ئەبوبەکری سدیق و حەفسەی کچی عومەری کوڕی خەتاب. لایەنی باڵادەست و ماریەی قیبتی، کە کچێکی کۆیلەی میسری بوو، بەدیاری بۆ پێغەمبەریان هێنابوو، ڕەمزی قوربانی مافخوراوی بوو. با لەوە بگەڕێین، کە بوونی چەند ژنێك لەیەك کاتدا بە گوێرەی ئەوی ژن چی دەگەیەنێت، بەڵام ئەوەی زیاتر جیاوازی دەردەخات یان بەرهەمدێنێت ئەوەیە، لەکاتێکدا ماریەی قیبتی کچێکی کۆیلەی بە دیاری هێنراوە، ئایشە و حەفسەی کچی دووان لە هاوەڵە نزیکەکانی پێغەمبەرن کە هەردووکیان لە خەلیفەکانی ڕاشیدینن و لە سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلامدا بەزوویی بوونە موسوڵمان و پاڵپشتی پێغەمبەریان کردووە و ئەوەش

سامانێکی مادی و مەعنەوی گەورەی بۆ پێکهێنان، کە نەك هەر بوون و ئامادەبوونی بە خۆیان بەخشیوە، بەڵکو بە ماڵ و منداڵەکانیشی بەخشیوە. ئەوەش وای کردووە کە ئایشە و حەفسە هەست بکەن ئەمان، سەرباری ئەوەی خێزانی پێغەمبەرن، کچی دووان لە هاوەڵە دیارەکانی پێغەمبەریشن. ئەوەش بۆتە هێزێکی بەربڵاو بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵاتیان. بەڵام ماریەی قیبتی کچێکی کۆیلەی ڕابووردوو نادیاری بەدیاری هێنراوە وەکو هەر پارچە کاڵایەکی تر، دیارە جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئایشە و حەفسەدا و ئەم وەکو کاڵا مامەڵەی پێوە دەکرێت و لە ئاستی ئەوانیشدا لاوازە و مافی پێشێل دەکرێت. ئەو هەراو پەشێوییەی کە ئایشە و حەفسە دەینێنەوە بوار بۆ بیستنی دەنگی لاوازی ماریەی قیبتی ناهێڵێتەوە. دەشێ ئایشە و حەفسە لە پلەی یەکەمدا هاوهەڵوێست بن بەرامبەر بە ماریە، لەو ڕووەوە کە ئەمان کچی خەلیفە یان کچی هاوەڵی پێغەمبەرن و خۆیان لە ئاستێکی بەرزی ئەوتۆدا ببینن کە پێیان ڕەوا نەبێت کۆیلەیەکی بەدیاری هێنراو هاوشانی ئەوان ببێتە هاوسەری پێغەمبەر، هەروەك دەشێ، لەلایەکی ترەوە، مەبەست لە ژاوەژاوی ئایشە و حەفسە ناکۆکی و ئاژاوەی نێوان ئەو دووانە خۆیان بێت کە بە جۆرێك ماڵی پێغەمبەریان پڕ کردبێت لە ئاژاوە و ئاڵۆزی، تەنانەت خودی پێغەمبەر گوێی لە هاوار وناڵەی ماریەی قیبتی خێزانی نەبووبێت. هەڵبەت، لێرەوە دەردەکەوێت کە عەبدوڵڵا پەشێو لێکچوون لە نێوان کورد و ماریەی قیبتیدا دەکات، هەرچەندە مێژووی ئەم دووانە جیاوازە، بەڵام لە ڕووی مافخوران و غەدر لێکردنەوە هاوشێوەن. دیسان، هاوشێوەکردنی ئایشە و حەفسە لەگەڵ داگیرکەران و دژەکانی کورددا دەردەکەوێت کە بە مەبەست هەوڵیانداوە پەردە لەسەر ئازارەکانی کورد بنێن و دەنگی کورد کپ بکەن و ڕێگا نەدەن دەنگی لە هیچ لایەکەوە ببیسترێت، لە ساتێکدا کە کورد کیمیاباران دەکرێت و پاکتاوی ڕەگەزی دەکرێت، تەنیا کەسێك کە گوێی لە هاوار و ناڵەی کورد بێت و لە ئازارەکانی بگات هادی عەلەوییە. بەڵام ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات، ئایا هیچ کەس گوێی لە هاوار و ناڵەی ماریای قیبتی بووە؟ پەشێو لە ئاستی نەگوتراوا

هاوشـێوەبوون لـە نێوان هـادی عـەلـەوی و پێغـەمبـەردا دروسـت دەکـات، کـاتێ دەپرسێ چۆن لەبەر ژاوەی ئایشە و حەفسە گوێت لە سکاڵای ماریـەی قیبتی بوو. دیارە عەلەوی تەنیا ئەوەندە پەیوەندیی بە مەسـەلەی پاکتاوی ڕەگەزیی کوردەوە هـەیـە کـە لـە هـەمـان نـەژادی ئـەو جـەللادانـەیـە کـە ئـەو کـارەیـان ئـەنجامـداوە، بـەڵام پێغـەمبـەر خـۆی و بـە ویستی خـۆی ماریـەی قیبتـی، کـە لـە بنەڕەتدا قوربانییە، دووبارە دەکاتەوە بە قوربانی. دەشێ، بە ڕوانینی پێغەمبەر، ئـەوە چاکـە بێت لـەگـەڵ ماریـەدا دەیکـات و بـە ئامـانجی ڕزگـارکردنی بێت لـە حاڵەتی قوربانیبوون، بەڵام لـە ڕاستیدا ماریە لە قوربانییەکی کۆیلـەوە دەکرێتـە قوربانییەکی زیندانی و لە زیندانی ڕۆح و جەستەدا پەلبەست دەکرێت:

— ٤ —

**خۆ سەدەکانی ئێمە هەموویان**
**لکی درەختی چاخی جاهیلین**
**کڵێسە و مزگەوت**
**شوورا و پەرلەمان**
**بارەگا و دیوان**
**هەموو بازاڕی گەرمی عوکازن**
**نابیغەکانیش هەمان نابیغەن**
**خودایان ورگە و... نەوەی بەرازن**
**لەملا بەرزگی شای غەساسینە باوەشێن دەکەن**
**لەولا بۆ بن پێی شای مەنازیرە وەك بەردەبازن**

عەبدوڵڵا پەشێو ڕووبـەری ئاخاوتن لـەم دەقـەدا فـراوان دەکـات و تـەنیا لـە سـنووری ئـەوی جـەلـلادی ناسـیۆنالیزمی عـەرەبـی و منـی کـوردی قوربانیـدا نامێنێتـەوە، بـەڵکـو دەمانگێڕێتـەوە بـۆ ڕابـردوو. هـەروەهـا، سـەرجـەم عـەقـڵ و کـەلتووری ڕۆژهـەڵاتیش دەهێنێتـەوە بـەردەم لێدوان و پێـی وایـە، سـەرچـاوەی دروستبوونی جەللاد و قوربانی لەم ڕووبەرەدا بەرهەمی ئەو عەقڵ و کەلتوورەیە

کە ئامادەیە و کاردەکات و هەر کارکردنی ئەو عەقڵ و کەلتوورە داخراوەشە کە وای کردووە لەم ڕووبەرە فراوانەدا ناسنامەکان تێکەڵاو ببن و زۆرجار جیاوازی لە نێوان قوربانی و جەللاددا نەکرێت. پەشێو وای نیشان دەدات کە مێژووی ئێمە، واتە مێژووی هەموو ڕۆژهەڵات، یەك ناسنامەی هەیە، کە ئەویش لە سەرچاوەیەکەوە بەرهەم هاتووە کە عەقڵ و فیکر کاری تێدا نەکردووە، لە چاخێکەوە سەرچاوەیان گرتووە کە چاخی نەزانینە. بەواتا، تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، مێژووی ڕۆژهەڵات لە وەهم و جەهالەتی چاخی نەزانینەوە دەستپێدەکات و هەر ئەوەش وای کردووە کە لەم واقیعەدا هەموو شتەکان تێکەڵاوی یەکتر ببن و هیچیان تایبەتمەندیی خۆیان نەبێت و هیچیشیان ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان جێبەجێ نەکەن، یان ڕۆڵی خۆیان نەبینن، یان هیچ جیددیەتێکیان تێدا نەبێت، بە جۆرێك کلێسە و مزگەوت، شوورا و پەرلەمان، بارەگا و دیوان هەموویان وەکو بازاڕی عوکاز وەسف دەکات. هەموو ئەوە دەزانین کە لە بازاڕی عوکازدا شاعیران شەڕە شیعریان دەکرد، یان شیعریان دەخوێندەوە. دیارە ئەرکی هەریەک لەو دامەزراوانە جیاوازە و هیچ کامیان لە ڕاستیدا دەوری ئەویتریان نابینێت، بەڵام لەوەسفکردنەکەی شاعیردا هەموویان بوونەتە شوێنی خوێندنەوەی شیعر. کەواتە هەموویان ناسنامەی خۆیان لە دەستداوە یان هەر لە بنەڕەتدا نەبوون بە خاوەنی ناسنامە، بۆیە هەموویان یەک کار دەکەن. ئەمەش لە ڕاستیدا خوێندنەوەیەکی واقیعیانەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتە بە گشتی، کە دامەزراوەکان هەر یەکە خۆی بە ئەڵتەرناتیڤی هەموو دامەزراوەکانی تر دەزانێت. لە ڕاستیدا خۆیشی بە جۆرێک کار دەکات و دەجووڵێت کە کارەکەی کەمتر پەیوەندیی بەو ئەرکەوە هەیە کە دەبێ ئەو دامەزراوەیە ڕایپەڕێنێ. ئەمە پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و لە کۆمەڵگای دواکەوتووی وەکو ئێمەدا بە تایبەتی، عەقڵی دامەزراوەیی دروست نەبووە و عەقڵی باڵا و ئامادە عەقڵی شمولیی سەرکردەی ئاینی، سیاسی، خێڵایەتییە کە خۆی، وەک جێگرەوەی هەموو کۆمەڵگا، بیر دەکاتەوە و بڕیار دەدات، لە کاتێکدا کە عەقڵی تاکەکەس و لێکدانەوە و

تێڕامانی نوخبەی بە ئاگا هیچ ڕۆڵێکی نییە لە کۆمەڵگادا. ئەو عەقڵەیەتە باوە شمولییە کار دەکات کە هەموو شتەکان لە بەها و گەوهەری خۆیان ڕووت دەکاتەوە. لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا، هەروەک عەقڵی دامەزراوەیی دروست نەبووە، هەرواش تایبەتمەندی نەبۆتە خاسیێتێکی باڵا دەست لەم ڕووبەرەدا و هەموو ئەو دەزگایانەی هەن وەکو یەک کار دەکەن و هاوشێوەش دەکرێن لەگەڵ بازاڕی عوکازدا. هەڵبەت لە بازاڕی عوکازدا شیعر دەخوێندرایەوە، دیارە بەهای شیعر پەیوەست بەو دامەزراوانە و عەقڵی دامەزراوەیی گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بە تایبەتیش ئەو شیعرەی کە لەوێدا خوێندراوەتەوە ڕێگای تێناچێت شیعری جیددی بووبێت.

پەشێو وای نیشان دەدات سەرجەم دامەزراوەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی، بە دامەزراوەی ئایینی و بەدامەزراوەی عەلمانی و بەڕێوەبردنەوە، هەموویان یەک شووناسیان هەیە کە ئەویش لە بنەڕەتدا شووناسی ڕاستەقینەی خۆیان نییە، بەڵکو هەموویان جۆرێکن لە بازاڕی عوکاز. بازاڕی عوکازیش خۆی لە خۆیدا شووناسێکی هێندە پڕ بایەخی نییە، چونکە شوێنی خوێندنەوەی شیعر بووە، پاشا و دەسەڵاتدارانی تیا مەدح کراوە و جێگای شەڕە شیعر بووە لە پێناوی بەزاندنی یەکتردا، نەک لە پێناوی بیناکردن و تەواو کردنی یەکتردا. بە هەمان شێوە، مزگەوت و کڵێسە و شوورا و پەرلەمان و بارەگا و دیوان، کە ئەمانە شوێنی تەقسە ئایینییەکان و گفتوگۆ و بڕیاردان و جێگای حزب و دەوڵەتیشن، هەمان عەقڵییەتی بازاڕی عوکاز بەڕێوەیان دەبات و جێگای شەڕەقسەن لە پێناوی بەزاندنی یەکتردا. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە هیچکام لەم دەزگایانەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی عەقڵی یەکتر خوێندنەوە و یەکتر قبوڵکردن بەڕێوەیان نابات و هیچ کامیشیان کار و ڕووداو دروستکردن تێیاندا نەبۆتە بنەماو پێوانە چ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەندامانی نێو دامەزراوەکان خۆیان بێت، چ بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگاو خەڵکی دەرەوەی دامەزراوەکان بێت، بەڵکو لەهەمووان زۆربڵێترو زماندرێژتر زیاترین دەسەڵاتی دەبێت لەو دەزگایانەدا. لەبنەڕەتیشەوە، ئەم دامەزراوانە عەقڵ ئیشیان تێدا ناکات، بەڵکو بەسۆزو خەیاڵ

و هەڵچوونی شیعری دەڕۆن بەڕێوە. لەپشتی ئەم ڕوانینەوە، ئەو دەلالەتە بەرهەمدێت، کە لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا، لەبری عەقڵ و فیکر و لێکدانەوە، خەیاڵ و سۆز و هەڵچوونی شاعیرانە کاردەکات و هەر بەوپێیەش لەم کۆمەڵگایەدا لەبری ئەوەی عەقڵ کۆمەڵ ببات بەڕێوە، خەیاڵ و هەڵچوون دەیبات بەڕێوە. هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی لەبەردەم ئەوی ڕۆژئاوادا وەکو پەڕاوێز دەربکەوێت و هەمیشە پاشکۆ بێت بۆ عەقڵی ڕۆژئاوا. لە زەمینەیەکی لەمجۆرەدا تاکەکەس بە ئاسانی دروست نابێت، هەر بۆیە توانای دانپێدانان و قبووڵکردنی ئەوی دی نایەتە ئاراوە و هەرکەس پەیوەستە بەنەتەوە و ئیتنیک و دامەزراوە ئایینی و حزبی و خێڵایەتییەکەی خۆیەوە. ئەو دامەزراوە نەتەوەیی و ئیتنیکی و ئایینی و خێڵایەتییە، بەهەر شێوەیەک بێت، گرنگ نییە، بەڵکو ئەم بەرگری لە ئینتیمای خۆی دەکات با دامەزراوەکەی ئەو هێمای دیارترین و دڕندەترین جەللادیش بێت. ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی مرۆڤی تەواو لە ڕۆژهەڵاتدا بە ئاسانی دروست نەبێت. هادی عەلەوی، کە نموونەی مرۆڤی تەواوە، لەم زەمینە ناجۆرەدا دروست بووە. دیارە ئەوەش بارێکی تایبەتییە و دەکەوێتە دەرەوەی ئەو یاسایانەی ئەم کۆمەڵگایە بەڕێوە دەبەن.

پەشێو لەکاتێکدا هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی دەشوبهێنێت بەبازاڕی عوکاز، هەموو پاڵەوانەکانی ناو ئەو دامەزراوانەش دەکاتە هاوشێوەی نابیغەی زوبیانی، کە نموونەی شاعیری بێهەڵوێست بووە و ڕۆژێ بە شای غەساسینەدا هەڵیداوە و ڕۆژێکی تریش بە شای مەنازیرەدا. مەبەست لەم هاوشێوە کردنەش ئەوەیە، کە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی هەروەک خۆیان خاوەنی شووناس نین، هەروەها بکەرەکانیشیان خاوەنی شووناسی تایبەتی خۆیان نین، بەڵکو هەموویان یەک شێوەن، ئەرکیان پیاهەڵدان و وەسفکردنی دەسەڵاتدارانە. ئەمەش واقیعی ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵات نیشان دەدات، کە زەمینەیەکە تیایدا تەنیا کەسی یەکەم خاوەنی دەسەڵات و بڕیارە و هەرچی دامەزراو و کۆمەڵگاشە لەژێر سایەی بڕیاری ئەودان و دەیانبات بەڕێوە

و هەر ئەویش لەبری هەمووان بیر دەکاتەوە و بڕیار دەدات و هەمووانیش پاساوی بۆ دەهێننەوە و تەنانەت ڕەوایەتی دەدەن بە کارە هەڵە و نابەجێیەکانی و دەیگەیەننە ئاستێک کە دەبێتە وێنەی خودا لەسەر زەوی. هەموو سەدەکانی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتدا لە مێژووی زانراو یان تۆمارکراودا بەم شێوەیە بوون. ڕەگ و ڕیشەی ئەم ڕوانینەش کە کۆنترۆڵی ژیانی سیاسی و کەلتووری و عەقڵی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کردووە لەو سەرچاوە مێژووییەوە هاتووە، کە نەزانین و وەهم و غەیانییەت دەسەڵاتی بەسەرداکردووە و ڕووبەری کارکردنی عەقڵ و بیرکردنەوە و تێڕامان تیایدا زۆر تەسک بۆتەوە، بە جۆرێک  کە نەیتوانیوە لە بەرامبەر سەرچاوەکانی نەزانیندا قورسیی هەبێت. مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لە زەمینەیەکی لەو جۆرەدا پەروەردە بووە و تاکو ئێستاش کۆنەستیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی لە یادەوەرییەکانی ئەو ڕابووردووە کۆنترۆڵ کراوە، کە کۆنەستێکی ڕکێف کراوی چەپێندراوە. ڕاستە ئەو حاڵەتی چەپاندنە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەوروژێ و دەشێ گۆڕانکاریی دیار بهێنێتەوە ئاراوە، بەڵام تاکو ئێستا لەبارێکی پاسیڤ کراودایە و ئەوەش وایکردووە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی مرۆڤێکی کەسێتی  لاواز و تێکشکاو بێت و ئەوەش وای لێ بکات هەمیشە گوێڕایەڵی فەرمان و بڕیارەکانی کەسی یەکەم بێت و هەر ئەوەش وای کردووە کە زەمینەی ڕۆژهەڵات زەمینەیەکی لە باربێت بۆ دروستکردنی تاکەکەسی دیکتاتۆر یان عەقڵی داخراوی سەرکوتکەری داپڵۆسێنەر، کە جگە لە خۆی کەسی تر نابینێت. ئەمەش هەر لە سنووری پەیوەندیی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و فەرمانڕەوا و دەسەڵاتی سیاسیدا نەماوەتەوە، بەڵکو کەسێتییەکی دروستکردووە کە هەمیشە گوێڕایەڵی ئەوی فەرمانڕەوا بێت و بەپێی فەرمانی ئەو بجووڵێت. خۆیشی کەسێتیی بێ گەوهەر و بێ ماهییەت و تێکشکاوە و ناتوانێت دان بەتاوانەکانی خۆیدا بنێت، چونکە ئەو جۆرە کەسێتیە کەسێتی تێکشکاوە و کەسێتی تێکشکاویش هەمیشە خۆی دەخاتە چوارچێوەی دەستە یان کۆمەڵەوە بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە لە ڕووی دەروونییەوە خۆی بپارێزێت.

کاتێ گەلی کورد کیمیاباران دەکرێت و پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزی بەرامبەری ئەنجام دەدرێت ئەو کەسەی لە نەتەوەی سەردەست و هاونەژادی ئەوی جەللاددایە ناتوانێت سەیری جەستەی کوردی بکات و ئازارەکانی ببینێت، چونکە تەنیا کەسی تەواوە دەتوانێت ئەوانی دی ببینێت و لەگەڵیان بدوێ و دان بەبوونیاندا بنێت. کاتێ ئەوی هاونەژادی جەللاد دان بە ئازارەکانی کورد و بە بوونیشیدا نانێت، لەبەر ئەوەیە ئەو هەست بەبوونی خۆی ناکات.

هادی عەلەوی لەو واقیعە قەیراناوییەدا ئەو تاکە کەسەیە کە گەیشتۆتە ئاستی مرۆڤی تەواو، کە دان بە هەموو شتەکاندا دەنێت، چونکە دەتوانێت بیانبینێت و لەڕاستیدا پێش بینینی ئازارەکانی ئەوی دی خۆی دەبینێ لەو واقیعەدا، کە سەرجەم دامەزراوەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی نەبوونەتە خاوەنی شووناسی تایبەتی خۆیان، ئەو عەقڵەی کە ئەو دامەزراوانەش دەبات بەڕێوە نەبۆتە عەقڵێکی خاوەن ناسنامەی ئەوتۆ کە خاوەنی بوونی خۆی بێت و لەبەرامبەر شتەکاندا هەڵوێستی دیاری خۆی هەبێت و لەسەر ڕوانینی خۆی سەوداگەری نەکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە کەسەکان لەم دامەزراوانەدا هاوشێوە دەکرێن لەگەڵ شاعیرێکی بێ هەڵوێستی وەکو نابیغەی زوبیانی دا کە هەمیشە لە هەڵوێستی پێداهەڵدانی شای غەساسینە و شای مەنازیرەدا بووە، لە کاتێکدا ئەم دووانەش (شای غەساسینە و شای مەنازیرە) ناکۆک بوون! لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، کە چۆن دەشێت لەیەک کاتدا دۆستی دوو نەیار بێت؟ لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوە نییە، کە مرۆڤ تەنیا ڕەش و سپی ببینێت و یان لایەنگر بێت یان دژ، نەخێر، مەبەست ئەوەیە، کە ناکرێت لەیەک کاتدا مەدحی جەللاد بکەیت و فرمێسکیش بۆ قوربانی بڕێژیت. لە عەقڵیەتی باوی ڕۆژهەڵاتدا بە گشتی و عەقڵیەتی ناسیونالیزمی عەرەبیدا بە تایبەتی، کە خاسیەتی جەللادی هەبووە بەرامبەر بە منی کورد، کەچی ئەندامانی ئەو دەزگایانەی کۆمەڵگای عەرەبی و بە گشتی ناسیونالیزمی عەرەبی، بە تایبەتیش ڕۆشنبیری عەرەبی، بێجگە لە نوخبەیەکی زۆر کەمی وەکو هادی عەلەوی و ئەوانی دی، دەوری نابیغەیان بینیوە. هەروەک چۆن نابیغە هەردەم لە دیوانی شادا بووە و

گەلی نەبینیوە، با شاکان ناکۆکیش بووبن، هێشتا بۆ نابیغە ئاسان بوو کە لەخزمەتی ئەواندا بژی، چونکە ئەو شایانە لە ماهییەتدا یەک بوون، واتە لەڕووی دەسەڵاتەوە. نابیغە نوێنەری شاعیر یان مرۆڤی بستەباڵای نێو دیوانی شایە، کە هەمیشە دەیەوێت مەدحی دەسەڵات بکات، بەڵام (گەل) کە لە دەرەوەی دەسەڵاتە و بەجۆرێک لە جۆرەکان قوربانییە. نابیغەکان چاویان قوربانی نابینێت. دیارە لە هاوشێوەکردندا(کورد)یش قوربانییە بۆ هاوشێوەکانی نابیغە، کە ناسیونالیست و ڕۆشنبیری نەتەوەکەی عەلەوی ناتوانن دانی پێدا بنێن.

— ٥ —

**لە ڕۆژهەڵاتی ڕۆژ لەبن پێدا،**
**لە ڕۆژهەڵاتی**
**دەستنوێژ هەڵگرتن بەخوێن و پیترۆڵ...**
**چۆن توانیت، گەورەم،**
**بێدەنگی قانگ دەی!**
**تۆ چۆن زاتت کرد،**
**ئەو کوولەکەیە بدەی بەعەرداو**
**پڕ بەدەنگ بانگ دەی!**

پەشێو جارێکی دی و بە ئاڕاستەیەکی قووڵتر دەکەوێتە ئاخاوتن لەسەر ڕۆژهەڵات. لە بارێکی نەگوتراودا دووانەیەک دروست دەکات لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. هەرچەند هیچ لە بارەی ڕۆژئاواوە نادرکێنێ، بەڵام وەسفکردنی ڕۆژهەڵات لەڕێگای ئەو خاسێتانەوە کە هەیەتی شووناسی ڕۆژهەڵات لەوی ڕۆژئاوا جیادەکاتەوە و هەڵوێستی ئەوی شاعیریش دەردەکەوێت، کە لایەنگری ئەوێی ڕۆژئاوایە و ناکۆکە لەگەڵ ئێرەی ڕۆژهەڵاتدا، ئەو ڕۆژهەڵاتەی کە زەمینەی نەزانین و شاردنەوە و درۆ و پیاهەڵدان و مەرگی تاکەکەس و قەیرانی

عەقڵە. ئەگەر (ڕۆژ) هێمای زیندەگانی و ڕووناکی و ژیان بێت، ئەوا لەم زەمینەدا کە ناوی ڕۆژهەلاتە (ڕۆژ) لە نزمترین ئاستدا دانراوە و هیچ بەهایەکی نییە. واتە ئەو ناوەی بەم زەمینە بەخشراوە لە جێگای خۆیدا نییە. مادەم جێگای ئەم هەموو ناجۆری و بارە نائاساییانەیە دەبوو ڕۆژ لێرەوە هەڵنەیەت.

لەم ڕۆژهەڵاتەدا کە زەمینەی تاکە عەقڵ و تاکە بیرکردنەوەو تاکە ڕوانین و تاکە ئایین و تاکە حزب و تاکە سەرکردەیە، هەموو ئەو تاکانە لە پێناوی پارێزگاریکردن لەبوون و مانەوەی خۆیدا بۆ هەتا هەتا هەموو ئەوانی دی لەناو دەبەن و دەسڕنەوە، لەم ڕۆژهەڵاتەدا کە باسی بەها پیرۆزەکان دەکرێت و بەحیساب خەبات دەکرێت لە پێناوی ئەو بەهایانەدا، کەچی هیچ حیسابێک بۆ مرۆڤ ناکرێت، کە گەورەترین سەرمایەیە لەم گەردوونەدا، بەڵکو خوێنی مرۆڤ بەهایەکی ئەوتۆی نییە و بە ئەندازەیەک خوێنڕشتن کارێکی سانایە کە شاعیر باسی ئەوە دەکات دەستنوێژ بە خوێن بگیرێت. ئەمەش، لەلایەک بەسووک سەیرکردنی مرۆڤ نیشان دەدات، لەلایەکی ترەوە بەها ئایینییەکان دەخاتە بەردەم گومانەوە. لە کاتێکدا کە نوێژ، وەکو یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی ئایین سەیر دەکرێت و بڕواداران بۆ نیشاندانی دڵسۆزی و بڕوابوونی خۆیان بە خودا و بە ئایینەکەی ئەنجامی دەدەن، کەچی دەستنوێژەکەیان بە خوێن هەڵدەگرن. واتە، هەرچەند خۆیان بە بڕوادار و خواپەرست دەزانن، کەچی لە خوێنڕشتن بێباکن. دەشێ لە پشتی ئەم لێکدانەوەیەوە ئەو دەلالەتەش بەرهەم بێت کە ئەوانەی خوێن دەڕێژن و خۆشیان بە بڕوادار دەزانن و ڕەوایەتیش دەدەن بە ڕشتنی ئەو خوێنە، بە حیسابی خۆیان لە پێناوی ئاییندا، دەیانەوێت بەو بیانووەوە پارێزگاری لە بوونی دەسەڵاتی خۆیان بکەن. لەهەمان کاتدا، ئەو دەلالەتەش بەرهەم دێت، کە بە ڕشتنی خوێن کە بەرهەمی ئەنجامدانی تاوانە، چونکە بە هیچ بیانوویەک ڕژاندنی خوێن ڕەوا نییە، ئەرکی ئایینی جێبەجێ دەکرێت! بە مانایەکی دی، ئەو خوێنەی دەڕژێت لە پێناوی پیرۆزی ئایینداية. دیارە ئەمەش ڕوانینی ئەوی شاعیرە بۆ ڕۆژهەڵات و بۆ عەقڵی باو و باڵا دەستی ڕۆژهەڵات، کە ئایینی کردۆتە پاڵپشت بۆ هەموو کارێکی نامرۆڤانە،

هەرچەندە ئەوە ئاشکرایە، کە گەوهەر و ماهیەتی ئایین لەو ڕوانینە دوور و بێبەرییە. هەڵبەت لە ڕۆژهەڵات لەپاڵ خۆیندا توخمی دووەمیش دێتە ئاراوە کە ئەویش (پیترۆڵ)ـە. ئەوە ئاشکرایە هەتا چارەکی یەکەمی سەدەی بیست ڕۆژهەڵاتییەکان هیچیان لە بارەی پیترۆڵەوە نەدەزانی، کاتێ ڕۆژئاواییەکان هاتنە ئەم کیشوەرە نەوتیان دەرهێنا بەوەش نەوت بووە هاوشانی خوێن لە ڕۆژهەڵاتدا، چونکە بووە گرنگترین سەرچاوەی ژیان و ئەو وڵاتانەی کە ئابووری نەوتیان هەیە لەو ساتەوە بۆ ئێستا بوونەتە مشەخۆر و لەسەر ئابووری نەوت دەژین، بێئەوەی لە بوارەکانی تردا شتێکی ئەوتۆ بەرهەمبهێنن. ئەم حاڵەتی مشەخۆرییە وای کردووە کە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی توانای بیرکردنەوەی نەمێنێت. دیارە ڕۆژئاواش، کە هاتنە ناوچەکە، عەقڵی دەرهێنان و کارپێکردن و چۆنیەتی خەرجکردنی بەرهەمەکانی پیترۆڵیان فێری خەڵکی نەکرد، بەڵکو پیترۆڵی ئامادەیان خستە بەردەستیان و پارەیان لەو ڕێگایەوە دەستکەوت، بەڵام نەبوونە خاوەنی ئەو عەقڵەی کە پیترۆڵ دەردەهێنێ و خاوێنی دەکاتەوە.

پیترۆڵ بوو بەسەرچاوەیەکی بەهادارو وەکو هاوتایەکی نوێژ یان پەرستیاری دەرکەوت، یان بووە هاوشێوەی خوێن بەواتا هەرچۆن خەڵکی بڕوادار بە خوێن دەستنوێژیان هەڵدەگرت، بە هەمان شێوە و بۆ هەمان مەبەست پیترۆڵیش بەکاردێت. بە واتا پیترۆڵیش ڕەگەزێکی بەهادارە و لە ڕۆژهەڵاتدا، کە خوێن بەهای نییە، پیترۆڵیش وەکو خوێن بۆ دەستنوێژهەڵگرتن بەکاردێت. لەلایەکی ترەوە، بەکارهێنانی پیترۆڵ تەمەڵی و بێبەرهەمی و مشەخۆری کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی نیشان دەدات. لەهەمان کاتدا، هەرچەندە پیترۆڵ بەهایەکی زۆری هەیە لە ژیانی ئابووریی جیهاندا، بەڵام لای کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان کە نەوت سەرچاوەی داراییانە و بەباشی بەهای ئەو سەرچاوە گرنگە نازانن و بە ئارەزووی خۆیان، نەک بۆ ژیان و ئاوەدانکردنەوە و بەختەوەری، بەڵکو بۆ کوشتن و بڕین و وێرانکردن و سەرکوتکردنی گەلەکانی خۆیان و بۆ دەوروبەریش بەکاردەهێنن. لێرەدا دەردەکەوێت کە لە ڕۆژهەڵاتدا خوێن کە مەبەست سەرچاوەی مرۆییە و نەوتیش، کە سەرچاوەی ئابوورییە،

هەردووکیان لە ڕوانینی دەسەڵاتی تاکەکەس و تاکە عەقڵی و تاکە ئایین و تاکە حزب و تاکە ڕوانینەوە... هیچ بەهایەکی ئەوتۆیان نییە و هەردووکیشیان دەکرێنە قوربانی لە ڕێگای پاراستنی دەسەڵاتی تاکەکەس و تاکە عەقڵ و تاکە ڕوانیندا کە ئەویش کوشتنی کەسێتی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتییە بە جۆرێکی ئەوتۆ کە توانای دەربڕینی خۆی نەبێت و نەتوانێت هەڵوێست بەرامبەر بەشتەکان دەرببڕێت و ملکەچی بڕیار و بەرنامەکانی تاکە کەسی دەسەڵاتدار بێت. هادی عەلەوی ئەو تاکە کەسەیە کە کەلتووری خوێن و کەلتووری نەوت نەیانتوانیوە عەقڵ و بوون و کەسێتی بکوژن، بۆیە دەتوانێت لە سەردەمی قەیرانی مرۆڤی خاوەن بڕیاردا لە ڕووبەری ڕۆژهەڵاتدا ئەو وەکو مرۆڤی ئازاد بڕیار بدات، لە پشتی هاوشێوەکردنی کلتووری خوێن و کلتووری پیترۆڵەوە دەلالەتی بوونی عەقڵیەتێکی داخراو و مەرگدۆست و وێرانکەر بەرهەمدێت، کە جگە لە کەسی دەسەڵاتدار و عەقڵی تاکڕەهەندی داخراو و کەلتووری بە پیرۆز سەیرکەری ئەو دەسەڵاتە، هیچی تر نابینێت. پەشێو لەم دەقەدا کلتوور و عەقڵی داخراوی ڕۆژهەڵاتی دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەوە، بەرپرسیارێتی هێشتنەوەی کۆماڵگا لە دەرەوەی ماف و لە دەرەوەی ئازادی.

ئەم ڕۆژهەڵاتەی کە کەلتووری خوێن و کەلتووری پیترۆڵ بەڕێوەی دەبەن، کە یەکەمیان پەیوەستە بەسەرەتاییبوونی کۆمەڵگا و غەریزەی ئاژەڵیی ناو سروشتەوە کە بەهێز بێ هێز دەخوات و دووەمیشیان پەیوەستە بە عەقڵی سەردەم و تەکنۆلۆژیاوە. بەڵان بە گوێرەی ڕۆژهەڵات، ئەو عەقڵە لە جوگرافیای خۆیدا بەرهەم نەهاتووە، بەڵکو لەوێی ڕۆژئاواوە قەرز کراوە، بۆیە بە شێوەیەکی ناسروشتی کار دەکات. ڕۆژهەڵات لە نێو پێکدادانی ئەم دوو کلتوورەدا ماوەتەوە کە هەریەکەیان بە ئاڕاستەیەک ڕۆحی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و بوون و ئازادییان کوشتووە و وایان لێکردووە ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانی ئەو دەسەڵاتە بێت کە عەقڵ و کلتووری خوێن و کلتووری پیترۆڵ بەرهەمیان هێناوە. لە ڕۆژهەڵاتدا کلتووری خوێن هێمای عەقڵی سەرەتایی و خێڵایەتی ئەم کۆمەڵگایە هەڵدەگرێت، کە ئەویش گەوهەری ستراتیژی خێڵە، واتە پاراستنی

عەقڵ و دەسەڵات و بوونی مادی و مەعنەویی خێڵ کە بۆ قۆناغەکانی دواتر و بۆ ئێستاش ئەو عەقڵیەتە ئامادەیە و کاردەکات، لە هەمان کاتدا عەقڵی پیترۆڵ و کلتووری پیترۆڵ لە ڕۆژهەڵاتدا هێمای گواستنەوەی کاریگەرییەکانی تەکنۆلۆژیای ڕۆژئاوایە کە بە گوێرەی ڕۆژهەڵات دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە لە دەرەوەی بوون و ئامادەبوونی نەتەوە یان بە زمانی هاوچەرخ لە دەرەوەی پێگەیشتنی ناسیۆنالیزم، واتە ئەو جۆرە دەوڵەتە لە دەرەوەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دروستبووە ئەویش بە هۆکاری ئابووریی کەڵەکەبووی پیترۆڵ. بە واتا، دروستبوونی جۆرێک لە دەسەڵات بەبێ ڕەخساندنی زەمینەی مەوزوعی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی، کە ئەوەش وای کردووە ئەو دەسەڵاتە کە بکەرەکەی یان بەرهێنەرەکەی ئەوی خێڵی هەڵگری کلتووری داخراوی خێڵایەتی و دروستبووە لەسەر بنەمای خوێن و دەمارگیری لەگەڵ ئابووری کەڵەکەبووی پیترۆڵدا یەکبگرێتەوە و لەپێناوی پاراستنی خۆیدا هەموو ڕێگاکانی ئازادی دابخات و ڕووبەری پیادەکردنی ئازادی و ماف تەواو تەسک بکاتەوە لە پێناوی سەپاندنی خۆی و پاراستنیدا، لە بارێکی ئەوتۆو لەفەزایەکی لەمجۆرەدا دروستبوونی زەمینەی لەبار بۆ ڕەخساندنی تاکی خاوەن شووناس لە قەیراندا دەبێت. کاتێکیش تاکی خاوەن شووناس دروست نەبێت قسەکردن لەسەر ڕەتکردنەوەی حاڵەتی باوو کلتووری ئامادە مایەی گومانە. لە زەمینەی ڕۆژهەڵاتدا، لەو زەمینەیەدا کە بەرهەمهێنانی ئەم دەقە پەیوەستە پێیەوە، تاکی خاوەن شووناس و بەو پێیەش نوخبەی خاوەن شووناس و خاوەن بڕیار دروست نەبووە. ئەوەشی کە پێی دەڵێن جەماوەر لەو ئاستەدا نییە کە لە گەوهەر و ماهییەتی شتەکان بگات و بتوانێت هەڵوێستیان بەرامبەر نیشان بدات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، جەماوەر لە دوو ئاستدا دەبێت بە قوربانی، ئاستی یەکەمیان، ئەوەیە کە تاکی دەسەڵاتدار یان عەقڵی داخراوی تاکڕەهەند، لە پێناوی پاراستنی خۆیدا بوون و ئازادییان دەکوژێت، لە ئاستی دووەمیشدا، ئەوی دەسەڵات بەشێکی زۆر لە جەماوەر دەکاتە ئامرازی سەرکوتکردنی بەشەکەی دی. لەمبارەشدا ئەوی جاماوەری بە ئامرازکراو بۆ سەرکوتاندنەوە دیسان

قوربانییە، بە هەمان شێوەی بەشەکەی دی، کە قوربانیی سەربڕاوە، ئەم بەشەیش قوربانیی بە زۆر کراو بە جەللادە. لە سنووری ئەم دەقەی پەشێودا نەتەوەکەی پەشێو قوربانیی سەربڕاوە، نەتەوەکەی هادی عەلەویش جەللادی قوربانییە، چونکە بە زۆر و لە دەرەوەی ویستی خۆی تاکی دەسەڵاتدار و عەقڵی داخراوی تاکڕەهەندی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە کردوویەتی بە جەللادی منی کوردی قوربانی.

پەشێو پەردە لەڕووی عەقڵ و کلتوور و ئەخلاقی ڕۆژهەڵات هەڵدەداتەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان موزەیەفیی هەموو ئەو شتانە نیشان دەدات کە عەقڵی ڕۆژهەڵاتی شانازییان پێوە دەکات و بە پیرۆز سەیریان دەکات. پێی سەیرە کە، لەو واقیعە موزەیەفەدا، کەسێکی خاوەن شووناسی وەکو هادی عەلەوی دروست بێت و پڕکێشی ئەوە بکات هەموو ئەو پێوانانەی کە لەسەر بنەمای درۆ پیرۆز کراون ڕەت دەکاتەوە.

— ٦ —

**لە ڕۆژهەڵاتی**
**مارە بەجاش و**
**ڕشک و ئەسپێدا**
**ئەو ڕۆژهەڵاتەی**
**نامووس فیرارە و**
**پەنابەرێکە لەناو دەرپێدا**
**سەرم سوڕماوە**
**چۆن توانیت، گەورەم،**
**بێدەنگی قانگ دەی؟**
**تۆ چۆن زاتت کرد**
**ئەو کوولەکەیە بدەی بە عەردا و**
**پڕ بەدەنگ بانگ دەی!**

لە ڕۆژهەڵاتێکدا کە تەنانەت دروستکردنی خێزانیش بنەمایەکی زۆرەملێی هەیە و تەنانەت ئەگەر بە ڕێکەوتیش، یان لە ئەنجامی هەڵچووندا، پیاو، کە هێمای دەسەڵاتە، ئەگەر ژنەکەی تەڵاقدا، ئەوا بە فێڵێکی پڕ لە درۆ، کە هەندێ لە پیاوانی ئایین دەیکەن، جارێکی دی ژنە دەگێڕنەوە بۆ لای مێردەکەی، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە پیاوێکی تری مارە دەکەن. ئەم کارە لە ڕووکەشدا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام خاسێتی ئەو عەقڵیەتە دەردەخات، کە لە پشتی ڕێگادان و پەسەندکردنی کارێکی لەمجۆرەدا، کار دەکات. دەشێ ئەم ڕوانینە بگوازرێتەوە بۆ پانتایی سیاسەت و بە گوێرەی کوردیش قسەی لەسەر بکرێت، نەک بۆ ساتەوەختی بەرهەمهێنانی دەقەکە، بەڵکو بۆ ئێستاش. کورد لەم بەشەی کوردستاندا ماوەیەکی دوور و درێژ شۆڕشی کردووە. دیارە لە ناوەڕۆکدا شۆڕش لە پێناوی سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی مافەکاندا بووە. زۆربەی کات بزووتنەوەی کوردی لە ڕێگای گفتوگۆوە لە ڕژێم نزیکبۆتەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵی ئاشتبوونەوەی لەگەڵ داوە. دوا خاڵی ئەم سیناریۆیەش ئەوەیە کە دوای دوانزە ساڵی سەربەخۆیی کوردستان، لەشێوەی مارە بەجاشدا جارێکی دی ئەم بەشەی کوردستان لکێندرایەوە بە عیراقی عەرەبییەوە، بەبێ ئەوەی هیچ زەمانەتێکی ئەوتۆ هەبێت کە ئەوەی عەرەب، واتە ئەوی مێرد، بە هەمان شێوەی پێشتری ڕەفتار نەکاتەوە. کەواتە، لێرەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە لە زەمینەیەکدا عەقڵ کۆنترۆڵی کۆمەڵگای نەکرد بێت و تاکو ئێستا لە پەڕاوێز و پاشکۆدا بژی و تاکو ئێستا پەردەی درۆ و نەزانین و فریودان لەبری ڕاستی و سەراحەت و زانین و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە کۆنترۆڵی کۆمەڵگای کردبێت، ئەوا بکەری ئەو کۆمەڵگایە ئەو بکەرەیە کە وەکو ئەوی ئافرەت مارە بەجاشی بەسەردا دەسەپێندرێت. پەشێو مەسەلەی چەمکی ناموس یان شەرەف دێنێتە ئاراوە و ئەویش وەکو خاسێتێکی کۆمەڵگا دواکەوتووە ڕۆژهەڵاتییەکان نیشان دەدات و سنوور و چوارچێوەی ئەو چەمکەش لەم کۆمەڵگایانەدا دیاری دەکات، کە تەنیا بریتییە لە مەسەلەی (سێکس). بەمانایەکی دی، چەمکی ناموس لە عەقڵی ڕۆژهەڵاتیدا بەندە بە سێکسەوە، ئەویش گرنگ ئەوەیە بە ئاشکرا نەکرێت، ئەگینا بە دەیان شێواز

پەردەپۆش دەکرێت، ئەمەش ئەو مانایە هەڵدەگرێت کە مەسەلەی (نامووس)یش لە ڕۆژهەڵات جۆرێکە لەو درۆیەی لە ڕووکەشدا کراوەتە کۆتێک بۆ سەرکوتکردنی کۆمەڵ بەناوی ئەخلاقەوە لە کاتێکدا زۆر لایەنی تری ژیان و جووڵەی مرۆڤ و کۆمەڵگا هەیە کە دەبێت لەسەرووی سێکسەوە دابنرێت و وەکو چەمکی ئەخلاق لێی بڕوانرێت و پێوانە بکرێت، بەڵام هەموو ئەوانە دەخرێنە دەرەوەی چەمکی ئەخلاقەوە و تەنیا مەسەلەی سێکسی دەکرێتە خاڵی سەرەکی و ئەخلاقی کۆمەڵایەتیی پێدەپێورێت. لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتی و نەریتییەکاندا کوشتنی مرۆڤ سادەترین بنەمای ئازادی و دیموکراسی و فرۆشتنی سەروەریی نیشتمانی و نەتەوەیی... هیچیان بە ڕووخاندنی ئەخلاق دانانرێن، بەڵام مەسەلەی سێکس دەکرێتە پێوانە بۆ ئەخلاق. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو ڕووبەرو پنت و جومگە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتیش لەمەسەلەی ئەخلاق ڕووتکراوەتەوەو هەموو سەنگ و قورسیی ئەخلاق دراوە بەسێکس. ئەمەش خاسیێتی کۆمەڵگایەکی ناسروشتییە کاتێک دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەباری سروشتی خۆیان دەچنە دەرەوە. هەڵبەت لەکاتێکدا لەکۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا زەمینەی بنیادنانی دیموکراسی و ئازادی و ماف لەئارادا نەبێت، مانای وایە هیچ پێوانەیەکی بابەتیش بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی بەهای شتەکانیش بە ئەخلاقیشەوە لەئارادا نییە. لەم کۆمەڵگایەدا، کە پانتاییە پەیوەستەکان بە ژیانی ئازادی و دیموکراسی و ماف لەبەر تەسکی یان لە بنەڕەتدا نەبوونیان، نابنە شوێنی لێدوان، ئاخاوتن لەسەر ئەخلاق، واتە شەرەفی کۆمەڵایەتی کە خۆی لە سێکسدا کۆ دەکاتەوە، دەبێتە جێگای لێدوان و بگرە دەبێتە پێوانەی دیاریکردنی ئاستی ئەخلاقی کۆمەڵایەتیش. لەم واقیعەدا کەسی خاوەن شووناس یان تاکەکەسی ئامادە دەتوانێت پەردە لەڕووی ڕاستی لابدات و حەقیقەتی شتەکان وەکو خۆی نیشان بدات، بێ ترس لەوەی دەرئەنجامی ئەو نیشاندانە یان ئەو دانپێدانانە چۆن و چی دەبێت. لەم واقیعەدا کە قسەکردن بە ئاڕاستەی پەردەلادان لە ڕووی ڕاستی شتەکان بەرهەمی عەقڵێکی پڕکێشیکەری خاوەن شووناسە، دیسان ئەوەش دەخاتە ڕوو کە لە پشتی ئەو ڕوانینەوە سەرەتای فۆرمەلەبوونی عەقڵی ڕەخنەیی دەردەکەوێت کە

عەقڵێکە لە نێوان خۆیی و عەقڵی گشتی ملکەچ بۆ دەسەڵاتی تاکەکەس و تاکە کلتوور و تاکە ڕوانین و تاکە هەڵوێستدا سنوور دادەنێت و خاسیّتی بێدەنگی بەردەوام هەڵدەوەشێنێتەوە و قۆناغی دواندن دەستپێدەکات، دواندن بەو مانایەی کە گوتن بگاتە ئەو ئاستەی کە ئەوی گوێگر بیبیستێت. لە سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامدا بەپێی بۆچوونە مێژووییەکان بانگ بە ئاشکرا نەدراوە و گوایە لە کوولەکەدا بانگدراوە، بەڵام دواتر ئەو سنوورە شکێندراوە. پەشێو لێرەدا چەمکی شکاندنی بێدەنگی دەهێنێتە ئاراوە، کاتێ دەنگ دروست دەبێت مانای وایە بکەرێک لە پشتی ئەو دەنگەوە ئامادەیە. لە سەردەمی پێغەمبەردا بانگی ئیسلام کاتێ بە ئاشکرا درا کە هێزی باوەڕداران بەرەو پەرەسەندن دەچوو. کاتێک هادی عەلەوی دەگاتە ئەو ئاستەی سنووری بێدەنگی بشکێنێت، کە کەسێتی ئەو دەوری بکەرێکی ئامادە دەبینێت، بەواتا دەنگی ئەو بکەرە، با لە ئاستێکی لاوازیشدا بێت، بە پێی ئامادەبوونی کۆمەڵایەتی و لە نێو پانتایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کۆتایی هێنانە بەباری بێدەنگی. هەر لەوێشەوە سەرەتای دەرکەوتنی بکەرێک ئاشکرا دەبێت، بکەرێک کە دەشێ ئاسۆی گۆڕانکاری لەگەڵ خۆیدا بهێنێت مادەم گەیشتبێتە ئەو ئاستەی سنووری بێدەنگی بشکێنێت.

پەشێو بەگەشبینییەوە دەڕوانێتە دروستبوونی دەنگی ڕەتکردنەوە و پێی وایە ئەوە سەرەتای گۆڕانکاری دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێیە لە مێژووی وێرانی ڕۆژهەڵاتدا. ئەم گەشبینییەش دەبێتە کۆتایی یان قفڵی کۆتایی دەقەکەی. لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە پەشێو سەرباری ئەوەی کە بەچاوێکی ڕەخنەگرانەی واقیعی دەڕوانێتە ڕۆژهەڵات و عەقڵ و کلتووری ڕۆژهەڵاتی، هێشتا پێی وایە لەو واقیعە ناجۆرەدا زەمینەی گۆڕانکارییە چۆن و لەکوێوە و لەسەر چ بنەمایەک و کەی و کێ... ڕێکیدەخات و وەکو چۆن پڕۆژەیەک بەئەنجام دەگات.

*سەرچاوە: ڕۆڤار، ژمارە(٣٦)، ساڵی٢٠٠٥.

# لایەنی کوردایەتی لە شیعرەکانی "عەبدوڵڵا پەشێو"دا

هەڵۆ بەرزنجەیی

(ئێمە ئیمڕۆش لە شیعرەکانی خانی و حاجی قادر دەگەین و شیعرەکانیان بە پێناسەی خۆمان دادەنێین. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەم دوو زاتە تەنیا پێشبینیی گەورەیان کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە کورد خۆیشی هێندە نەگۆڕاوە. ئێمەی کورد هێشتا کوردەکەی سەدەی شانزەیەم و .....)

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، گەلێ شیعرمان بەرچاو دەکەوێت کە هاو هەڵوێستن بەرانبەر بە بەسەرهاتەکانی سەردەم، پاشان بوونەتە مێژوو. زۆر لە شیعرەکانی خانی، حاجی، بەردەشانی، بێکەس، حەمدی، ئەحمەد موختار بەگی جاف، شێخ رەزا و... دەکەونە ئەم چوارچێوەیەوە. هەڵوێستی ئەو شاعیرانە بە گشتی بریتی بووە لە بەربەرەکانی و بە گژداچوونەوەی دەسەڵاتی ناڕەوا و زەبر و زەنگی داگیرکەران و ستەمکارانی خۆیی.

خانی و کۆیی باسی دڕندەیی داگیرکەران دەکەن. دەست لەسەر زامەکان دادەنێن. نەتەوە رێنوێنی دەکەن. حەمدی ڕەخنە لە دەسەڵاتی کوردی دەگرێت و داوای دادپەروەری و خزمەتگوزاری زیاتری لێدەکات!. هێمن و هەژار ستایشی پێشەوا شەهید قازی محەمەد دەکەن. هەژار و چەندین شاعیری دیکەمان شیعر بۆ بارزانیی نەمر دەڵێن...

بەسەرکردنەوەی ئەم لایەنەی ئەدەبی کوردی، کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کوردستان خۆیەتی، لە چۆنیەتی و سروشت و پایەی دەسەڵاتدارە سیاسییەکانمان حاڵی دەکات. کەواتە لە مێژە کورد ئاگای لەو ڕاستییە هەیە و ئەدەبی وەک چەکێکی بە بڕشت دژی هەر دوو جۆرە زوڵم و ناهەقی بەکارهێناوە.

لای نەتەوەی بندەست ئەدەب سەنگی خۆی هەیە و هەمیشە هێزێکی کاریگەر و ورووژێنەر و گردەبڕی مەسەلەکان بووە و دەبێت. هەمزەتۆڤ وتەنی (گەلی بچووک پێویستی بە خەنجەری تیژ هەیە).

لێرەدا، ئاشکرا بوو، هەرکەسێ مێژووی کورد بخوێنێتەوە و شارەزای ژیان و ئەدەبی بێت، چاوی بە شیعرەکانی ئەو دوو زاتە ناوبراوە، خانی و حاجی، بکەوێت، ڕاستەوخۆ شارەزای نەخۆشی و دەرد و ڕەچەتەی ڕێگاچارەکانی دۆزی کورد دەبێت. لە هۆیەکانی نسکۆهێنان و نهێنییەکانی چرچولۆچی سیمای شێوێندراومان دەگات. لە ئەنجامیشدا، زوو یان دڕەنگ، سۆمایی چاو و هزر و بیری بەدەوری تەوەری دوو وشەدا پێچ دەخوات، کە لە مانادا لێک نزیکن، ئەوانیش (ناتەبایی و خۆخۆرین).

کەم نەتەوە هەیە وەک کورد... مێژووی لەسەر زەمینەی "ناتەبایی و خۆخۆری" پێکهاتبێ و نووسرابێتەوە. هیچ نەتەوەیەکیش هێندەی کورد چارەنووسی ئێستا و داهاتووی بە بوونی "تەبایی و یەکگرتن و یەکترویستن"ەوە گرێبەند نەبووە.

(یەک، نە، گرتن) وشەیەکە لە فەرهەنگدا، بەڵام ئەم وشەیە لە مەیدانی سیاسەتدا دەتوانێت ببێتە بڕیاردەری چارەنووسی ملیۆنان کەس و مێژووی شانازی و سەروەری بگۆڕێ بە سەرسمدان و کۆیلەیی.

مامۆستا پەشێو... گەلێ لە مێژە لەو مێژووە ناهەموار و نالەبارەمان گەیشتووە و لێی ئاگادارە، بۆیە هەر لە دەستپێکەوە داخوازییەکی مسۆگەر و بێ چەند و چوونمان لێدەکات و دەڵێ:

**ئەوەی کورد بێ، ئەوەی نوێ بێ**
**دەبێ تێشووی**
**ڕێی یەکێتیی کوردی پێ بێ ...**

ئێمەی کورد... (٢٦٠٠) ساڵ زیاترە دەسەڵاتی سیاسیمان لەدەستداوە. بوون و مێژوو، خاک و زمانمان کەوتۆتە تاریکستانی گومان و لەبیرچوونەوەوە. کاروانی بەرەوپێشچوونی گەلان هەر دەڕوات و ئێمەش لەسەدەی نوێی پڕ لە گۆڕان و گەشەسەندن و هیوا پاشکۆیەکی ئەو کاروانەین. لەدەرەوەی بازنەی ڕووداوەکاندان و لە پشت پەردەوە، بێ ویستی خۆمان، بەرنامە و پلانی گەمە بە چارەنووسمان نەخش دەکرێت.

هەتا هەنووکە ئێمەی ٤٠ ملێۆن کورد نەمانتوانیوە لە دەوری واتای ڕووت و سادە، بەڵام چارەنووسساز و بەهێزی وشەی (یەکگرتن) دا خڕببینەوە. کە تاکە قەڵغانی خۆپاڕاستنمانە لە مەرگەسات و دۆڕانی بێ چەندوچوونی و لەناوچوونی مسۆگەر!.

گەلێ پرسیاری بەگرێوگۆڵ لە مێژوومانداا بەرچاو دەکەون. بێ خۆ گلاندنە ناو ئەو باسانەوە، دەمانەوێ ئەو بەسەرهات و پرسیارە مێژوویی و سیاسییانەی هەتا ئێستا کاریگەرییان ماوە و بێوەرام ماونەتەوە ڕووبەڕووی گشت لایەک بکەینەوە.

یەکێ لەو دەنگ و هەڵوێستانە بەسەر بکەینەوە کە فەلسەفە و پەیامی (خانی و حاجی) یان لەسەرە. بەڵام بە گیان و چەک و ئەقڵییەت و هیوایەکی هاوچەرخی موتوربەکراو بە پەندەکانی مێژوو و ئەزموونی ڕووداوەکانی سەردەم. ڕۆڵەیەکی ڕۆژگاری سەخت و خەمخۆر و جگەرسۆزێکی ڕاستەقینەی لەخۆبووردووی بوێر و خۆلەبیرکردووی جەستە و هەناو پر لە ئازار و ژان و هیوای کورد. گەرەکمانە لەم باسەدا لە ڕێگای شیعرەکانی مامۆستا (عەبدوڵڵا پەشێو)ەوە ڕووداو و کارەسات و بەسەرهاتەکانی سەردەم بپێوین و لەم باسەدا بە چاوێکی ڕوون و هەوڵێکی بابەتییانە، داوە تیشکێ بخەینە سەر دیاردە و

هۆکـار و ئـەنجامـەکـان. بـە ئامـانجی سـوودوەرگـرتن و ڕێگـەبـڕین لـە چەندبارەبوونەوەی هەڵەکان و تێگەیشتن لە ڕاستی و هەڵبژاردنی ڕاستەڕێی سەرفرازی و سەلماندنی ڕاستییە بەڵگەنەویستەکان. کۆبوونەوە لەدەوری دۆزی پیرۆزی ئازادی و دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

وتمان لوولەی چەکی شیعری کوردی لە باری مێژووییەوە ئاراستەی دوو دەسـەڵاتـی دژ بـە کـورد " بێگانـە و خـۆیی" کـراوە. دژی دەسـەڵاتـی یـەکـەم نموونـەمـان زۆرە و لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی و سیاسـی لـەسـەر کراوە. بـەکورتی ئاوڕی لێدراوەتەوە. بەرانبەر بە دەسەڵاتی دووەمیان، ئەگەرچی دەسەڵاتی کوردی لە مێژووی نزیکدا کورت و کەم بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاشنایەتیمان لەگەڵ ئەو جۆرە دژایەتی و بەربەرەکانییەدا هەیە. باوەڕم وایە، هەقی پێویست و دروست بە هیچ یەکێکیان نەدراوە. ئەمەش باسێکی سەربەخۆی دەوێت.

ئێمـە، ئـەوەنـدەی بکرێـت، لـەبـەر ڕۆشـنایی کوردایـەتیـدا بـە دیـاردەی دووەمیانەوە خەریک دەبین و تاووتوێی دەکەین. ئەمڕۆ، بمانەوێ و نەمانەوێ، شـەڕی براکوژی، ناتـەبایی و خۆخۆری، بـەشـی زۆری ئاخـاوتن و پـەیـوەندییـە کۆمـەڵایـەتـی و کـاتی جـەمـاوەری گـەلـەکـەمـانی داگیرکـردووە. دۆزە ڕەوا و پیرۆزەکەشمان دووچاری دەردی کوشندە بووە و مەرگەساتێکە مێژوو قەت شتی وای بە خۆیەوە نەدیوە!.

ئـا لـەم ڕۆژگـارە پڕ لـە کـارەسـاتە دڵتـەزێنـەدا بـەرانبـەر بـە کوشـتار و کاولکـاری کـورد و کوردسـتان، نـەبوونی ناسـنامەی نـەتـەوەیـی و فـەلسـەفـەی خەباتێکی دیار و روون، فزە و نووزەی ناڕەزایی کەسمان بەرگوێ ناکەوێت. هەست بە بوونی هێزێک و سەنگەرێک ناکەین وەرامی پرسیارەکانی پێ بێت!...

دەمهەراش و قەڵەمشکاو و بەزیوەکانی کورد، تاک و تەرایان لێ دەرچێت، یـەکپارچـە بـەرژەوەنـدی کـەسـی و لاوازیـی ناکوردانـە بڕیـاری هـەڵبژاردنـی سەنگەری تاوانەکانیان پێدەدات. ڕێگا و چۆنیەتی و چەندایەتی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیان بۆ دەستنیشان دەکات.

(لێرەدا قسەمان لەسەر ڕۆشنبیر نییە، چونکە ڕۆشنبیر جارێ لە پزدانی مێژوودایە و ژمارەی ڕۆشنبیران لەناو خوێندەوارانددا لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات). ئیدی هیچ بەهایەکی نەتەوەیی، ڕەوشتی، ئەدەبی و هەتا کولتووری و شارستانیش حسابی بۆ ناکرێت. هەموویان شێوێندراون و پشتگوێ خراون.

پێدەچێت سەردەمی خۆی چەندمان بایەخ بە شیعر و داواکانی (خانی و حاجی) داوە، هەنووکەش هەرهێندە بایەخ بەو کارەساتە جەرگبڕانە دەدەین کە بەسەرماندا تێدەپەڕن و خێراش لە بیرمان دەچنەوە. ئەوەندەی لەبەرچاو بێت، جگە لەچەند زایەڵەیەکی کزۆڵەی سەر بە حیزبەکان، هیچ هەوڵێکی بەپەرۆشانە نەدراوە دژ یاخود ڕێگر بە لێکترازانی جەستەی کورد. هێزێک یاخود دەنگێکی ڕاستەقینەی ئۆپۆزیسیۆن و خەمخۆرانەی ئەدیب و کەسایەتییە دیارەکانی کوردیش ساز نەبووە، کەبتوانێت ئەو تەڵە و فاقانە نەتەقێنێتەوە، تا پێوە نەبن و نەکەونە تای تەرازووی تاوان و گەمە سیاسییەکانەوە. گەر ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەینەوە، خەرمانی بە بەرەکەت و سەنگەری بە ڕوومەت و چەکی کاریگەر و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و هەستی کوردایەتی و خۆشەویستیی بێگەردی کورد و کوردستانی تێدا دەبینینەوە.

کاتێ بەرداشی کوردکوژی جەستەمان دەهاڕێ، تاکە دەنگ و هەڵوێستی خۆنەویستانەی دژ، کە هەموو کوردستان بیستوویەتی، هاواری شیعری ئاگراویی هەڵقوڵاو لە هەست و هۆش و مۆخی مامۆستا (عەبدوڵڵا پەشێو)ە. پەشێو دەخوازێ بە شیعر ئەو لاپەڕە ڕەشانەی مێژووی نەتەوەکەمان بۆ بخوێنێتەوە. ئەمەش بۆ خۆی ئەرک و ئامانەتێکی سەرشانی شاعیرە بۆ نەوەی داهاتوو، تا لە مێژووی ئێستامان ئاگادار بن، نەبا ئەڵقە لاوازەکانی تێشکان جارێکی دیکە لای نەوەی داهاتوومان قووتببنەوە، نەشارەزایانە بیانکەنە سروود و گۆرانی، بەزم و هەرایان لەسەر ساز بێت و وەک سەدان لاپەڕەی دیکەی مێژوومان بە خۆڕایی ببنە جێی وتووێژ و تفەنگ بە تاریکییەوە نان و هەڵچنینی تەلار و هیوا لەسەر بناغەی قرچۆک و بەتاڵ !.

ئەوەی هەتا ئێستا لەبەردەستە و پارێزراوە تەنیا بەیان و بڵاوکراوەی ئەو حیزبانەن کە هەر خۆیان ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لەسەر شانۆی تراژیدیاکانی نەتەوە. بەداخەوە مێژووی دروستی سەرهەڵدان و هەرەسەکانمان لەباتی ئەوەی لە دەیان و سەدان لێکۆڵینەوە و ڕۆمان و کاری دیکەی زانستیدا ڕەنگبداتەوە، دەبینین، لێرە و لەوێ، هەر لە شیعردا خۆی هەڵدەخات. خۆڕایی نییە وتراوە (شاعیر ڕاستگۆترین مێژوونووسە).

لەم بوارەدا پەشێو پەیامبەرە، پێمان ڕادەگەیەنێت، میدیا پەیژە و مینبەرە، جەماوەر وەرگرە. گەرەکە چەندوچوون لەگەڵ پەیامەکەدا کوردانە بکات و هەوڵی دۆزینەوەی بوون و بەرژەوەندییەکانی بدات و ببێتە پاڵپشتی پەیامەکە و داکۆکی ڕەوای لێبکات!. مەخابن جەماوەری کورد لەبەر هەر شتێ بێت، فیکە و بەرژەوەندیی خۆی لێگۆڕاوە.

پەشێوی شاعیر... سەوداسەرێکی ڕاستەقینەیە و شیعرەکانی تاجی شانازیی ئەدەبی شۆڕشگێری ڕەسەنن و بە گیانی کوردایەتی گڕ و کڵپە دەسەنن و مەحاڵە دابمرکێتەوە. بەرژەوەندیی باڵای نەتەوە بابەت، شەقڵ، هزر، هەوێن و کەرەسەی هەمیشە ئامادەکراو و لەبیرنەکراوی شیعرەکانین. وا زیاتر لە ٣٠ ساڵە زۆر هەناسەدرێژانە و سەرسەختانە سەرباری هەزاران دەردیسەری و ناهەمواریی ڕۆژگار، نە لۆژیکی چەوت و فشاری ناحەزانی ناوخۆ و نە سەرەنێزەی دەرویێشانی زڕە ئایدۆلۆژیا و نە خوێنڕێژی و چەپەڵیی داگیرکەران و ... هیچیان نەیانتوانیوە لە تووڕەیی کەمکەنەوە، یان نائومێدی بکەن. بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، هەمیشە و بێوچان بەربەرەکانیی داگیرکەرانی کردووە و بە چرای گەرچەکەوە و بە ڕۆژی ڕووناک لە سۆراغی زەردەشتی ڕزگارکەردا بووە.

ئەم توخم و خەسڵەتەش بەڵگەی ئەوەمان دەداتێ، کە پەشێو هەرگیز لە ئاوات و ئامانجی دۆزەکەی دانەبڕاوە. وەک (هەست و هۆش و سۆز) و ئەو دەمانەیشی لە وڵات دوور بووە ، وڵاتی گوێزاوەتەوە بۆ نێو هەواری دڵی، بۆ نێو ژووری غەریبییەکەی!.

حاجی دەفەرمووێ:

**قوڕی کوێ کەم بەسەرما لەغوربەت**
**خەوم نایە لە داخی موڵک و میللەت**
**ئەگەر وەک من خەبەردار بی لە دەوڵەت**
**لە حەیفان خۆت دەخنکێنی بەبێ پەت**

پەشێو... بۆ یەک ئامانج دەژی و شیعر دەڵێ. هیچ بیانوویەک باوەڕی پێ لەق نەکردووە و هیچ باهۆزێک نایچەمێنێتەوە و هیچ هێزێک دەستەمۆی ناکات. لە هەبوون ـ کینونە ـ ی کورد و هاتنەدیی داوا ڕەواکانی بەولاوە لە هەموو شتی دیکە بێبەری و بێمنەتە و دەڵێ (ئەوەی بۆ میللەتی خۆی نەژی بە پوولێ). بەڵێ هەموو لەزەت و مانا و قورساییەکی ژیان لە خۆشەویستی و بەختەوەریی نەتەوەکەیدا دەبینێتەوە. ئەمەش سەنگەر و پێناسەی پەشێوە. ئەرکی سەرشانێتی بێ دوودڵی پارێزگاری لێبکات و بەگژ هەموو دەسەڵات و هەوڵ و پلانێکی دژ بەو سەنگەرە بوەستێتەوە. پەشێو بێباک و بێپەروایە لە داکۆکیکردن لە کوردایەتی. گەرەکی نییە ئەکتەرێکی پشت پەردە و دەمامک لە ڕوو بێت. لەو داکۆکیکردنەشدا سۆزێکی تایبەتی تێکەڵ بە هونەری شیعرەکانی دەکات، کە بەلای (دی کونیسی)یەوە ئەدەبی هێزداری ناوە.

مامۆستا عەزیز گەردی لە کتێبی ئەدەب و ڕەخنەدا لەم ڕووەوە دەڵێ " *سۆز و کڵپە گڕێکە ئەکەوێتە دڵ و ڕایئەچڵەکێنێ ، یاخود سەرچاوەیەکی ڕوونە و لە پەڕەکانی دڵەوە هەڵئەقوڵێ. ئەم سۆزەش وا ئەبێ کە ئامانج و هەوڵی بۆ بدرێ هەر وەکو ئەشبێ ڕێگا بێ و بۆ ڕاگەیاندن بێ بیرێک بە هۆی بزواندنێکی ڕاچەنینانەی دەروونییەوە* " .

پەشێو... لە کەسایەتیی بەهێزی خۆیەوە هەنگاو دەنێ و لە چەقی بازنەی دۆزەکەیەوە تیرە بۆ سەر ڕووبەری ڕووداوەکان ڕادەکێشێ و دێتە مەیدانی فراوانی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە. بەچاوی خۆی کێشە و گۆڕانە

هەمە جۆرەکان دەبینێ و ئەقڵی خۆی دەخاتە کار و بیریان لێدەکاتەوە. ئەوجا سووتان و توانەوەی مۆمئاسای لا دەبێتە شیعر.

پەشێو... نە ڕۆبۆتە بە دوگمە هەڵسووڕێ و نە کۆمبارسە بەخۆڕایی و کوێرانە بەیعەت بۆ کەس بکات. نە هەرزەیە تا عەوداڵی شێرەبەفرینە و هەڵوێستی دومەڵئاسا و کانییە بەهارە بێت. بۆیە دەبینین لەم هەلومەرجەدا هەر وتن لای پەشێو ئامانج و هیوا و هونەر نییە، بەڵکو ڕاگەیاندنی پەیامی کوردانە و خیتابی ئەقڵهەژێن و نواندنی هەڵوێستی خزمەتگوزارانەی کۆمەڵایەتیش گەرەکن. ئا لەم سۆنگەیەوە پەشێو بۆتە ڕۆڵەیەکی سەردەمەکەی و بلیمەتێکی داهێنەر و ڕێچکەشکێن و چاونەترسی سەر شانۆی شیعر و ئەدەبی کوردیی هاوچەرخ.

**ئەو وانەکانە!**
**سبەینان بازی دەسندەخۆری**
**نەوەی حەجاجن.**
**نیوەڕۆیانیش -**
**چاوساغی ئۆردووی دمدم شکێنن!**
**عەسران - تاژیلەی،**
**چوارپەل بەخەنەی،**
**عرووبەی شامن.**
**لە حەرام سەرای ئالی عوسمانیش،**
**شەوانە بەنۆرە هەتیو خەسێنن.**

ئەم کۆمەڵە چەمک و زاراوە مانادار و قووڵانە هاوکێشەیەکی سیاسی ساز دەدەن. پەشێو لەوە گەیشتووە کەوا ئەو بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە کە ئەرکی ڕاستەوخۆی شیعر نین. بەلانی کەمەوە، سروشتی ئەم بۆ ئەوە دروست نەبووە. شاعیر جیاوازیی فڕینی پەپوولە و گرژبوونی دەماری شیعر بە جوانی هەست پێدەکات و لە ئەرک و مانای هەردووکیان بە ئاگایە و لەم ڕووەوە دەڵێ

: (فۆڕمی شیعر وەکو باڵی مێشێ تەنکە، قورقوشمی بابەتی کۆمەڵایەتی زۆر تەحەمول ناکات. من ئەو شتە چاک دەزانم، لەگەڵ ئەوەشدا، خۆمی لێدەدەم).

ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە کەوا شیعری سیاسی و کۆمەڵایەتی بە گشتی خەسڵەت و سیمای ساکاریان هەیە و نزیکن لە وتار و ڕاگەیاندن، یاخود ئامۆژگاری و ڕێنوێنیکردن. ئەمەش بۆ ئەوەیە جەماوەری بەرفراوانی نەتەوە تێی بگەن و لە هەلومەرجی پێویستدا، لە کات و شوێنی لەباردا، ببێتە هاندەری گیانی خەبات و شۆڕشگێڕی.

هەڵبەتە هیچ فەلسەفەلێدان و فەنتازی و هونەرێکی شیعری نییە، بەڵکو بانگاشەکردن و داکۆکییە لە بەرژەوەندی هەژاران و ڕاستگۆیی و ئەمەکە. ئیدی بەرژەوەندی زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کورد چ هونەر و تەکنیک و ئاوازێکی گەرەکە؟!.. گرنگ هەڵوێست و ڕاگەیاندن و تۆمارەکەیە. بۆ مرۆڤێکی برسی لەتێک نان لە چەردەیەک پارە گرنگترە!.

ئەمەریکاییەکان کاتێ باوەڕی خۆیان بەسەرەک کۆمار دەدەن و هەڵیدەبژێرن، وتەیەکی بەناوبانگیان هەیە، دەڵێن : هەر *قسەیەک سەرەک کۆمار بیکات کێش و قورسایی تەنێکە*. دەی بۆ هەڵوێستێکی وا کوردانە چەند باس و پشتیوانی هەڵنەگرێت!؟.

مامۆستا پەشێو... لەوەرامی ئەو دیاردەیەی شیعری خۆیدا دێتەگۆ و دەڵێت (ئەگەر باری ژیانی نەتەوەکەم گۆڕا و ئەو شتانە بوون بە مێژوو، یاخوا سەدجار ئەو شیعرانە دەمردن! بلا بمرن). دیارە ئەو شیعرانە، تەنانەت گەر کەف و گڕیش بن، هەر دەبنە مێژوویەکی نەمر!. ئالێرەدا گرنگی بیر و دروشم و ئامانجی شیعر لای پەشێو دەردەکەوێت و دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی دەمەتەقێ بۆ کەس ناهێڵێتەوە. لەم ڕووەوە دەڵێت (کەرامەتی من لەوەدایە، کە کیانی نەتەوەییم هەبێت. بەبێ ئەو کیانە کەرامەتی من پێشێلکراوە و هەموو شتێکی خۆم تەرخان دەکەم بۆ ئەو مەبەستە. ئەمەش هەمان ئامانجی پیرۆزی حەزرەتی خانی و حاجی قادری کۆییە).

شاعیر چاک لە دۆزەکەی حاڵی بووە، بۆیە بڕیاری داوە بەگژ هەڕەشە و مەترسییەکاندا بچێتەوە:

**خوایە، بارم سووکتر کە،**
**پشتم شکا، دەرنابەم.**
**ئەوەی هەستی پێدەکەم،**
**بۆ بەندەیە زۆرە زۆر**
**لە جەرگەی تاریکیدا،**
**گەردی ڕاستی دەبینم،**
**وەک بەفری بەر تیشکی خۆر.**

**وەکو پەڕەسێلکەیەک**
**تا بکرێ نزم دەفڕم**
**بەر لە بارانە تەرزە.**
**وەک هەسپێ لەسەر هەستم،**
**ئارامم لێهەڵدەگرێ،**
**پێشبینیی بوومەلەرزە.**

پەشێو... خاوەنی باوەڕی چەسپاو و نەگۆڕی خۆیەتی، دەزانێ بۆچی شیعر دەڵێ. ئەو چەکەی، کە چەکێکی ڕەسەنە، لە ساتەوەختی خۆیدا بەکاری دێنێ و لێی پەژیوان نییە. کاتێ ڕووداوەکانی وڵات دەبینێ و ڕەفتاری قەڵەم بەدەست و زارقەرەباڵغەکانی هەڵوێست لاواز و کوڕانی ڕۆژ دەبینێ و دەبیستێ، ڕوو لەدەست و قەڵەمی خۆی دەکات و دەڵێ:

**دەستم گوتیە پەنجەکانم:**
**" با لەمەیدان بتان بڕن،**
**بەڵام هەرگیز نەتانکڕن!"**

**دەمیشم گوتیە زمانم:**
**" من بە درێژیی تۆ دەخورپم،**
**بئەنگێوە،**
**مەپرینگێوە،**
**سەروبەر بکەیت، دەتبڕم!"**

دواتر کە دەگاتە دڵنیابوون لە بێوەیی پەنجە و دەم و زمانی خۆی دەڵێ:
**سوپاس، پەنجەکانم، سوپاس!**
**هەتا ئەمڕۆ،**
**چەندجار ئێوە چوونە مەیدان**
**درانە بەر شیر و تیران،**
**بریندار بوون،**
**گلانەخوار،**
**بەڵام بەدیل قەت نەگیران.**
**سوپاس، زمانەکەم، سوپاس!**
**سوپاس، کە تۆ هەر زمانی و**
**دەستت نەدا، کارێکی تر.**
**هەر کلیلی سەری خۆمی و**
**نەچوویتە ناو زارێکی تر.**

شاعیر ... چەشنی پڵنگێکی زامدار، مرۆڤێکی ئازارچەشتووی مافخوراو، چرکە بە چرکە لەگەڵ دۆزەکەیدا دەژی. تابلۆی هەرە گەورە و ڕەنگینی پێشانگای جیهانی ئازار و ژان و ئەندێشەی نەتەوەکەیەتی. تێدەکۆشێ و دەیەوێ خۆشەویستی و خەندە و بەختەوەری و جوانپەرستی کەرەسەی ڕازاندنەوەی تابلۆی شیعر و هەوێنی ژیانی خۆی و باخچەی قەشەنگی ئەدەبی

داهاتوو بێت. لە پێناوی ئەو بەها جاویدانییانەشدا ئامادەیە شیعر بکاتە زرێ و مەیدان لە ئەهریمەنان بخوازێ :

**ئەمڕۆ ڕۆژی شیعر نییە!**
**بۆیە، من بۆتان دێمەگۆ**
**بە زمانێکی سادە سادە،**
**پێتان دەڵێم:**
**" ئەوەی کورد بێ و کورد بکوژێ**
**زۆڵە، تەرەسە، گەوادە!"**

پەشێو... وەک شاعیرێکی ڕاستگۆی بەجەرگی شۆڕشگێڕی کوردپەروەر بەگژ تاوانەکاندا چۆتەوە و دەچێتەوە. ململانێی دژوار لەگەڵ دیاردە زیانبەخش و نەزۆکەکان دەکات، بالۆرە و دەهۆڵی ناحەزایەتی و دوژمنکاری ناوخۆ کپ دەکات. ڕووی بازرگانانی بازاڕی براکوژی ڕەش دەکات. زەنگی هوشیاربوونەوە لێدەدات و تۆوی باوەڕ دەچێنێت و هیوای سەرکەوتن بڵاودەکاتەوە. داوای گۆڕان دەکات و باوەڕی بە سەرکەوتن هەیە:

**بەسە! کۆتایی بە سەدەکانی ناوەڕاست دێنم!**
**کرمیان تێکەوت، داڕزان، زەردبوون،**
**وەکو کفنی بەر هزری بێبەرم،**
**بەسە! من جاڕی چاخی نوێ دەدەم،**
**هەسپە قەڵەمم، شەیپوورە سەرم!**

بوێری و ئازایەتی یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی شیعری مامۆستا پەشێو. ئەم هۆکارەش بێپەروای کردووە، ڕاستییەکان بە زمانی نەتەوە بڵێت و زەنگی کاروانی شیعر لێبدات. هەر بۆیەش، گەلێجار واز لە جوانکاری و وێنەی هونەری ڕازاندنەوە دێنێت.

شیعری پەشێو... تۆماری واقعێکی پڕ ژان و سوێی تێشکانی مێژوو و ستەمکاریی داگیرکەر و زەلیلیی کورد و تاوانی پوازی ناوخۆ و سیاسەتی ئیفلیجبووی کوردییە. دوور لە دیاردەی مێشکگوشین و سواڵی نێو فەرهەنگەکان و گەڕان بە دووی بەرهەمی بێتام و خاتری خاتراندا، شیعری بۆ دێتە ژوان. ڕاستەوخۆ بێ ئارایشت و پەنابردنە بەر ( ڕمووزات و سەمای قەرەقۆزانە ) گوزارشت لە شتەکان دەکات.

**لە روخساری شیعر گەڕێن، خەمخواری کورد،**
**تا کرێت و ناشرین بێ روخساری کورد**
**منداڵ و شێت ڕاستگۆن، منیش،**
**منداڵێکی سەرسپیم و سەرشێتێکی لاساری کورد**
**زارم شیعری پێدا نایە!**
**لە حەژمەتی**
**ورگ و قەڵەم چاوشۆڕانی دەربارەی کورد**
**وەک کاولی! چەقەنەیان هەدا نادا**
**بۆ گەمبۆڵ و جەللادانی قۆچداری کورد**

لێرەدا وتەیەکی ڤۆلتێرمان دێتەوە یاد کە دەڵێ: (با چ تاجم لەسەر نەبێ، خۆ پێنووسێکی پاک و پیرۆزم بەدەستەوەیە کە لە هیچ دەسەڵاتێک ناترسێت). ڕەخنەی پەشێو، لە پاڵ دەسەڵاتێکی سیاسیی دیاریکراودا نییە، کە بۆ ئامانجێکی سیاسی کورتبینانە دژی دەسەڵاتێکی دیکە تەرخان کرابێ. واتە، بۆ جێگۆڕکێی دەسەڵاتی سیاسی هەوڵ نادات. بانگاشەی ئایدۆلۆژییەکی حیزبی ناکات، بەڵکو وەک خاوەنی گەورەترین سەرمایەی ماکی و مینۆکی لە خۆشەویستیی بست بە بستی خاکی کوردستان و تاکەتاکەی کوردە. لە قووڵایی و پانتایی هزرێکەوە لە مەسەلەکان دەڕوانێت کە خۆی بە سەربازی بەرژەوەندیی باڵا پارێز و خەمخۆری ڕاستییەکان دادەنێ. بۆ ئەم ئامانجەش شاڕێی بێ غەلوغەشی کوردایەتی هەڵبژاردووە.

پەشێو... وەک چاودێرێکی ڕەخنەگر چۆتە بۆسەوە و ڕووداوەکان سەرنج دەدات. زرنگانە و لەدەموساتەوەختی خۆیدا دێتەگۆ. بە ئاگایە لەوەی ڕەخنەگر پێویستە لە نووسەر شارەزاتر بێت. بە هەمان شێوەش شاعیر دەبێت لە سیاسەتبازە بازرگان و بە زۆر سەپاوەکان باشتر لە دۆزەکەی حاڵییە. بۆیە سەرئەنجامی هاوکێشەکە لای پەشێو ڕوونە و دەزانێ بەم نمایشتە هێڵنجاوەرە کورد بە کوێدا دەبرێ و بە چی دەگات؟. شاعیر دەقیژێنێ:

**ئەی قەڵەمە دەنووک سوورە ئاتەشییەکەم،**

**ئەمان، پەنام هێنا بەرت،**

**قیژەیەک،تەکانیک،گوڕێ!**

**با زەردەشتمان لەخەو رابێ،**

**ئاهورامان سەر هەڵبڕێ.**

**ئەمانە چین لەسەر ملان؟!**

**سەری مرۆن،**

**یا ملیۆنان گۆی بەر قاشۆی چەند سیخوڕێ؟!**

دەنگی پەشێو... دەنگی ویژدانی کوردە. ناوی پەشێو ڕووبەری کوردستانە. پتر لە ٣٠ ساڵە باڵای شیعری بە هەورازی سەختی ئەدەبی کوردیدا هەڵدەگەڕێت و ماندوو نابێت و ناسرەوێت. پەشێو... دەنگێکی جیاوازە لە هەموو دەنگەکانی دیکە و خاوەنی تایبەتمەندێتی ڕەسەنی ناسراوی خۆیەتی و شاگردێکی چرا بە دەستی قوتابخانەی خانی و حاجییە.

وەک شاعیرێک، لەگەڵ هەموو ئازار و ژانەکانی نەتەوەکەیدایە. مامۆستا هێمن بۆ گوزارشت لەم حاڵەتە دەڵێ:

**خۆم دەســــــووتێنم، هەتا بەزمی خەڵک رۆشن بکەم،**

**کێ لە ریێی خەڵکا وەکو شاعیر دەسووتێ، شەم نەبێ؟**

شاعیر بە سەرەتایەکی سەرکەوتووانەی بۆمبائاساوە هاتە مەیدانەوە و تا دێت گوڕ و تەکان دەدات بە سەرکەوتنەکانی و ئیمڕۆش لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بێ ئاستەنگ لە هەڵکشاندایە بەرەو لووتکە. لە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ میللەتدا بێ منەت و دەست پانکردنەوە نازناوی شاعیری ڕاستیپەرستی کوردایەتیی بەدەست هێناوە.

پەشێو چاک لە گرێکوێرە و پوازە ناوخۆییەکانی مێژوو و سیاسەتی کوردی حاڵی بووە. لەو تاوان و ناپاکییانەی بوونەتە هۆی ئەتککردن و بەلاڕێدابردنی کوردایەتی بێدەنگ نابێت. بۆیە شیعرەکانی لەباری هزری و سیاسییەوە لە دەوری تەوەری پرسیارە حەساسەکانی هەبوون، ناسنامەی نەتەوەیی، نیشتیمان، ئاڵا، دەوڵەت و دوارۆژێکی بەختیاردا بۆ نەتەوەکەی خول دەخۆن. لە بایەخ و کاریگەریی بانگاشەکردن بۆ ئەمانە و مەترسی ونکردن و لە بیرچوونەوەیان بە ئاگایە، خۆی وتەنی (میللەت هەیە پێش ئەوەی ئاڵای نەتەوەیی هەڵکا، سەد ساڵ پێش دەوڵەتی خۆی، زانیویەتی کامە ئاڵایەتی، کامە سروودی نیشتمانییەتی، لە ڕووی دەروونییەوە ئامادە بووە بۆ سەربەخۆیی. ئێمە دەترسین بە خۆمان بڵێین نەتەوە، لە هەندێ شوێنان بە خاکی خۆمان بڵێین کوردستان).

پەشێو... وەک شاعیرێکی چرابەدەستی سەردەمەکەی خۆی، گەواهێکی بە ئەمەکی ڕۆژگاری تاڵ و پڕ لە ژانی نەتەوەکەیەتی. لەگەڵ هاتنە دیی بەشێ لە ئاواتە گەورەکەی و دواتر بەرەو زیندەبەچاڵکردنی راپەڕین و دەستکەوتەکانی بەهاری ١٩٩١ دەڵێ:

**باڵندەیەک بووم، شەتەک و تەنیا،**

**باڵێکم کۆچ بوو، باڵێک راپەڕین.**

**نەمردم جارێک گەشتمە قۆناخ،**

**دوای هەزاران جار کەوتن و فڕین.**

**باڵێکم دا بەم،**

**باڵێکم دا بەو،**

**دوای سەفەری دوور بردمیەوە خەو.**
**بەیانی هەڵسام،**
**دەست شەتەک دراو،**
**پێ شەتەک دراو،**
**نە یەک چنکە نان ، نە یەک چۆڕە ئاو،**
**هەر بە زیندوویی ئاوەڕووتکراو!**
**چەمی ئومێدم بوو بە ئاوەڕۆ**
**ئاڵای شەکاوەم بوو بە دوو پەڕۆ.**

بەدوای ئەم بارودۆخە پڕ مەترسی و لە گرێژنەبراوەدا، کە کوردی تێدایە، دوای شەڕی نەفرینی براکوژی، کوردکوژی و کوردستان کاولکردن، کێ لە ئێمە دەتوانێ لەو ڕاستییە مێژووییە نکۆڵی بکات، کە زایەڵەی یەکەم دەنگی ناڕەزایی و تۆماری یەکەم هەڵوێست شیعری پەشێوە، کە کتومت بە باڵای خەمە گەورەکەدا بڕاوە؟

دیارە واقعی تاڵی ئەمڕۆ پەشێوی هیوا بڕاو نەکردووە و دەستی پێ لە دۆز و ئامانجەکانی نەشتووە. وەلێ لە باری سەقەت و شێواو و ڕەفتاری ناپەسەندی سیاسەتی گەرەلاوژێی کوردی بێسەروبەر سەری سوڕماوە!. هەرچەند بیری لێدەکاتەوە، ناتوانێ خۆی بخاتە سەر بارێ کە (کوشتن و بڕین) ی کورد پیرۆز بکات. وە یان تێکەڵ بەو گەمە و وازییانە بێت کە بە خوێن دەچن بەڕێوە. ناتوانێ خۆی لە ژێر سێبەری فەرهەنگی شەڕدا ببینێتەوە.

سەرباری هەموو ئەمانەش، پەشێو... هێشتا هەر باوەڕی گەشە و دەزانێ و کار دەکات بۆ کۆتایی هێنان بەم (نمایشتە هێڵنجاوەرە). گەشبینانە بە ئاسۆی شیعردا هەڵدەگەڕێ و هیواکانی دەگەشێنێتەوە. هەواڵی سبەینێی شادی جاڕ دەدات و مژدەی باوەڕی شۆڕشی نەوەی داهاتوو ڕادەگەیێنێ و خەو بە ئایندەیەکی پڕ بەختەوەرییەوە دەبینێت. لەگەڵ وتەکەی شیللەردا بۆ (خەونی لاوان دڵسۆز بن) خزمە.

**لە زمان و سەر بێزارم،**
**دیسان چاوم لە ئێوەیە،**
**زارۆیانی نەداری کورد!**
**سەرێکی دی بە ئەستۆوە بنووسێنن.**
**زمانێکی دی بخەنە ناو زاری کورد!**
**لە دایک بن، هەتا ئێوە نێنە دنیا**
**خوێنی تازەی تێناگەڕێ دەماری کورد**

پەشێو... بە دەنگێکی بڵندتر و هیوایەکی زۆر گەشترەوە، بانگەواز لە کچان و کوڕانی سبەینێی نەتەوەکەی دەکات و خۆی بە نزیکیان دادەنێ و جەخت لەسەر ئەو سۆزە دەکات کە پێشتر پێی دابوون:

**بانگم بکەن**
**بۆ سەر سفرەی پڕی خۆتان.**
**من دڵنیام،**
**نانی ئێوە تامی خوێن و ڕۆندک نادا**

ئەوجا باسی گەشتوگوزاری خۆی بە دنیادا دەکات. دەزانێ بوون و چارەنووسی لەم ژینەدا بە دوو شتەوە بەند بووە (کەڵەکی سەر شەپۆل و لکێک داری بەردەم ڕەشەبا). ئەودەمەی کە دەستنیشانی کردووە بچێتە لایان، هەموو داوا و هیوایەکی بەرجەستە دەکات لە:

**ئەو ڕۆژەی دێم**
**پاسپۆرتێک، بۆ من دانێن،**
**گرنگ نییە!**
**چۆنی دەڵێن با ئاوا بێ**
**زەرد بێ، سوور بێ،**
**شین بێ، مۆر بێ،**

**یا ڕەشێکی وەک قەتران بێ.**
**لەم ژینەدا بە حەسرەت بووم،**
**تەنیا ڕۆژێ،**
**پێناسێکی**
**زێدی خۆمم لە گیرفان بێ!**

دیارە مەسەلەی نەتەوەیی، بۆ نەتەوەیەکی داگیرکراو و ستەملێکراو، مەسەلەیەکی جەوهەری بیروباوەڕ و لە بەرەی نەتەوەکەدان. هەر وەک ئەم دیاردەیە لە مێژووی زۆر لە گەلانی دنیادا بەرچاو دەکەوێ. زۆر لە شۆڕشە گەورەکانی دنیاش، زەمینەی داڕشتنی بناخەیەکی شیاو و پتەو بۆ بیناکردنی تەلاری تێکۆشانی دروست شین کردووە، بوونەتە مایەی ڕسکانی ئەقڵ و هێزی خۆیی بۆ گوڕدانەخۆ و پەروەردەکردن و چەکدارکردنی ڕۆڵەکانی نەتەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و تێگەیشتن لە بنەما و هۆ و هۆکارە (مێژوویی و ئابووری  و سیاسی) یەکان و بیرکردنەوە لە پێناوی خۆناسین بۆ چارەسەرکردن و لەڕەگەوە هەڵکێشانی دەمار و دەردە کوشندەکان و دەستنیشاکردنی سەنگەرێکی دروست و مەحکەمی خەبات. بە چاوبڕینە ئاسۆی ڕزگاری و سەربەخۆیی، ئەم ئەرک و پێداویستییە هەرە سەرەتاییەی خەبات تەنیا لە هاوکێشەی سیاسی و ئەدەبی ئێمەدا نییە، یاخود زۆر بە کز و لاوازی بەرچاو دەکەوێت.

ڕوون و ئاشکرایە، زیان و هەڵەی گەورەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە هەموو شت بە ڕەهەندەکانیشیانەوە کراونەتە پاشکۆی سیاسەتی چەواشەی ئەو سیاسەتبازانەی بە تاقیکردنەوە پووچەڵی و نابووتبوونیان سەلمێندراوە. بۆیە دەبینین لە پرۆسەی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریدا ئەرک و ڕۆڵی شاعیر و ئەدیب و ڕۆشنبیر گەورە و ناسک و حەساس و پڕ لە بەرپرسیارێتییە. هەموو یەکێ لەوانە خۆڕاگری و توانای ئەو ئەرک و تاقیکردنەوەیان نییە. ناتوانن تاجی

سەروەری بکەنە سەر خۆیان و بەرهەمەکانیان، تا بە ڕەهایی ویژدانیان ئارام بگرێت. ببنە ئەستێرەی هەمیشە درەوشاوە.

هەر لە باوەڕبوونی بە هێزی مەزن و کاریگەریی ڕۆشنبیرەوەیە، کاتێ پەشێوی شاعیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی یەکێ لە گەورەترین کارەساتەکانی بەسەر کورددا دێت، بۆ دژ وەستانەوە بەرانبەر بە شەڕی گلاو و تاوانباری براکوژی و کوردکوژی، لە بری باوەڕهێنان و بالۆرەلێدان بۆ ستراتیژی کوردی دەستنێژ و دیلی دەستی داگیرکەران، کە خۆی لەم وێنە شیعرییەدا دەبینێتەوە دەڵێ:

**ئەوان هەردووک**
**دەمی تیژی یەک مقەستن**
**بۆ بڕینی بەندی دڵی داخداری کورد**
**چاو لە بەغدا، قوون لە تاران، گوێچکە لە شام**
**لە ئەنقەڕەش قەمتەرکران، کەوماری کورد**

تا لە شوێنێکی دیکە هەقیقەتێکی دیکەمان لەمەڕ ناسنامە و فەلسەفەی سیاسەتمانەوە بۆ بەیان دەکات و دەڵێت:

**کوچک ڕەشن،**
**بڵێ، هانێ**
**ئەمە ئالای سەرفرازی،**
**ئەوان کفنت بۆ هەڵدەکەن!**
**بڵێ هانێ،**
**ئەمە کەوسەری سەرکەوتن،**
**ئەوان ژاری تێشکانی تێکەڵ دەکەن!**

لە بری ئەم دروشمە ناوەندییانەی سیاسەتی کوردی، پەشێو دەڵێ (پێویستە هێزێک بۆ تێشکاندنی میکانیزمی براکوژی کە لە لایەن داگیرکەرانەوە دانراوە، پێک بێت، ئەوە ئەرکی ڕۆشنبیری کوردە، نەک....!؟).

---

سەرنج و پەڕاوێزەکان.... ئەم نووسینە هەوێنەکەی دوو وتاری دوو کۆڕی مامۆستا پەشێوە، کە لە ڕۆژانی ١٩٩٧/٩/٢٠ لە شاری بەرلین و ١٩٩٧/١٢/١١ دا لە کۆپنهاگن ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد - سۆکسە بۆیان ساز کرد بوو.

- هەروەها زیاتر ئەو بەرهەمانەی بەسەرکردۆتەوە کە لەو دوو کۆڕەدا پێشکەشکراون بە ناوی (براکوژی). دەنا بە تێروتەسەلی هەموو شیعرەکانی دژی براکوژیی شاعیری نەگرتۆتە خۆی.

- ئەو وتانەی شاعیر کە خراونەتە دوو کەوانەوە لە دەقی ئەو چاوپێکەوتنەی MED.TV بەرنامەی "کاروان"ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٧/١٢/٢٠ کە لەگەڵ شاعیردا کراوە وەرگیراون. شیعرەکانیش لە ژمارە ٢٤ و ٢٥ی ١٩٩٧ ی گۆڤاری (خوێندکاری کورد) و دوو کۆڕی ناوبراوەوە وەرگیراون.

●ئەم نووسینە لە گۆڤاری خوێندکاری کورد ژمارە ٢٦ ی ١٩٩٨ دا بڵاوکراوەتەوە. لێرەدا چاپکراوەتەوە و تەنها هەڵەکانی ڕاستکراوەتەوە.

●هیوادارم لە ئایندەدا دەرەتان ساز بێت لەسەر سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا پەشێو بە تێروتەسەلی بنووسم.

# گوڵاڵە سوورەی نیشتمان*

**"بۆ ئەو پیاوەی لەناو دڵی حەقیقەتدا سەر و ڕیشی بە بێتاقەتی و مەراقی غوربەت و نیشتمانەوە سپی کرد"**

هەردی شەفیق

شیعر، لە کورتترین پێناسەیدا، زمانی ڕۆحە. ئەوەی پیرۆزی بە کەسایەتیی شاعیر ئەبەخشێت جوانیی ئەو ڕۆحەیە. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر زمانی شیعر دەلالەت لە دیوە ڕاستەقینەکەی ڕۆحی شاعیر بکات، نەک نمایشی کەسایەتییەکی تر بکا. ئەوەی پیرۆزیی دا بە مردن و ژیان و شیعری فروغی فروغزاد، جگە لە ئیستاتیکای شیعرەکانی، ئەو لێکچوونە جوانەی شیعر و خودی خۆی بوو. ئەگەر بە ناو شاعیرانی کوردیشدا بگەڕێین، ئەوە نموونەیەکی جوان بەدی ئەکەین، کە لە هەموو سەردەمێکدا ڕەمزی بەرگریکردن بووە و تا سەر ئێسقان ئامادە بووە ئازارەکان لەسەر ڕۆحی خۆی هەڵگرێت، بەو مەرجەی شیعرێک نەنووسێت سووکایەتی بێ بە پەیامی شیعر.

گوڵاڵەسوورەی نیشتمان هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە لە پەنای دەسەڵاتێکی ستەمکاردا نانی دەمی سواڵکەرێک بخوات، هاوکاتیش شیعر بۆ بەشخوراویی سواڵکەرەکە بنووسێت. بیری لەوە نەکردووەتەوە پاروو لە دەمی سۆزانییەک بڕفێنی، کە برسێتی و خەمی نان بۆ منداڵەکانی فڕێی داوەتە سەر جادە، لە هەمان کاتیشدا شیعر بۆ مەغدووریی سۆزانییەکە بنووسێت!

ئەو ڕیشە سپییەی پەشێو دەرەنجامی مەینەتی ساڵەهای ساڵە، کە ئەو گیانی خۆی بۆ کردووەتە تاقیگەی گیانکێشان بەدیوە مادییەکەیدا و بەختەوەری و سەربەرزی بە دیوە ڕۆحییەکەیدا.

زۆر جار بیرم لەوە کردووەتەوە بچمە شوێنی سواڵکەرێک، تا بزانم چۆن هاوار ئەکات. یا لە پەنجەرەی سۆزانییەکەوە دنیا ببینم، کە ئەشێت حەقیقەت لە ناو برسێتی و ناوگەڵی ئەودا بێت!! ئاخر ئازاری برسێتی سەختە و کەسێک نەیکێشابێت نازانێت چ مردنێکی ڕۆژانەیە! کەسێکیش بیەوێ بەرگری لە بەشخوراوان بکاتە پەیامی ژیانی خۆی، دەبێت ئامادەی مەینەتییەکانی ئەو پەیامەش بێ. بە چاوخشاندنێک بە مێژووی ئەدەبی کوردیدا چەند نموونەیەک دەبینرێت و ئەوەی  لە حاڵی حازردا ماوە ئەو فریشتە سپییەیە، کە ڕەنگی قژ و ڕیشی لە بەفری چیای سەرکەشی قەندیل ئەچێت.

بەندە جیاوازیی هەرە گەورەی شاعیرێک و سیاسییەک لەوەدا دەبینم، یەکەمیان دەیەوێت وەک خۆت بیربکەیتەوە، دووەمیان وەک خۆی. نەگبەتیی شیعر لێرەوە دەست پێدەکات، کە شاعیرێک و سیاسییەک وەک یەک بیر دەکەنەوە و شاعیر ڕۆڵی زوڕناژەن و هەقایەتخوانی دەربار ئەگێڕێت. ئاخر شیعر پەیامێکی پاک و پیرۆزە، زمانی ڕۆحی ئینسانە و هەر لەم سۆنگەیەوە ئەتوانین پەی بە دیوە پەنهان و ڕۆحە گەورەکەی شاعیر بەرین، ئەگەرچی، مخابن، زۆرجار دنیای شاعیریش وەک دنیای سیاسییەکان بێبەش نییە لە قومارکردن و گێڕانی ڕۆڵی کەسێکی دی نەک شاعیرخۆی.

من نامەوێت بچمە ناو دنیای شیعری گوڵاڵە سوورەی نیشتمان، تەنیا ویستم شتێک بنووسم بەر لەوەی ماڵئاواییمان لێ بکا. ئاخر ئێمە فێرین تەنها ڕێز لە مردووەکان بنێین و بەزیندووییش فەرامۆشیان بکەین. ئەو گوڵاڵە سوورەی من لەسەری دەنووسم  لە ناو خوێنی میللەتێکدا چاوی هەڵهێنا و بەدرێژایی ژیان ئامادە نەبوو ستایش بۆ سیاسییەک بنووسێت ئەگەر باڵای بەقەد باڵای شیعر نەبێت. ئاخر ئەو بەزمانی ئاماژە وتی: ئەوەی شیعر بۆ بازرگانانی سیاسەت ئەنووسێت تا هەتایە ئەبێت پاساو بۆ مناڵە ناشەرعییەکانی

شیعر بهێنێتەوە. ئەوەی من لەسەری دەنووسم قەت دەستی بۆ پارە و کۆشک و ڤێلا پان نەکردەوە و ڕۆژێک لە ڕۆژان مەینەتی هەژارارەکانی نەگۆڕییەوە بە خۆشگوزەرانی بۆ خۆی و زۆر باشیش ئەیتوانی بیکات، بەڵام ئەیزانی ئەگەر ئەمە بکا ویژدان و گەورەیی و ڕاستگۆیی لە دەست ئەدا. بە پێچەوانەشەوە، هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیتوانیوە شیعر بۆ نیشتمانەکەی خۆی نەنووسێت. کە ئەیخوێنیتەوە، وا هەست ئەکەی هەموو ئەو گوللانەی بەر تاشەبەردەکانی نیشتمان ئەکەوتن دڵی ئەویشیان ئەپێکا، ئەو دارستانانەی داگیرکەران سەر و قژیان هەڵئەکڕووزاندن لە دڵی ئەودا ئەیان قریشکاند. ئەیخوێنیتەوە و هەست ئەکەی ئەو ژنانەی لە زیندانەکانی بەعسدا ئەتک ئەکران کەسوکاری ئەون. دار و بەرد و خۆڵەمێشی هەڵەبجە و پاساری و مرۆڤ و مەخلوقەکانی تری نیشتمان لەسەر ڕۆحی ئەو گیانیان دەر ئەچوو، لە شیعرەکانی ئەودا هاواریان بەرز ئەبۆوە. ئەوانەی دەیانبردن بۆ نوگرە سەلمان و عەرعەر و بە گوللەیەک کاسەی سەریان کون ئەکردن، بەبرسێتی ئەیان کوشتن، فڕێیان ئەدانە بەر دەم سەگە ڕەشەکان گوڵاڵە سوورەی نیشتمان بەدیار تەرمە بێکەسەکانیانەوە دەگریا. ئاخر ئەو موسافیرە سپییە هێشتاش، غەمەکانی نیشتمان و ئازارەکانی غوربەتی وەک جانتای سەفەر داوە بە کۆڵیا و هەموو ئێوارەیەک بە قەڵەمە سوورەکەی خەتێک بەسەر ڕۆژژمێری ژوورەکەیدا (کە وێنەی نەخشەی کوردستانی گەورەی لەسەرە ) دێنێ و بە ئەسەفەوە دەڵێت: ئەمڕۆش ڕۆژێکی ترم لە دووری نیشتمان بەڕێ کرد.

ئەوێک، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دڵی پەپوولەیەکی نیشتمانەکەی نەشکاندووە، بە پێچەوانەوە، لەگەڵ جەللاد و پیاوکوژاندا هەمیشە دڵڕەق و خۆ بەگەورەزان بووە، بۆیە دار و بەردی نیشتمان ئەڵێن، ئەی غوربەتزەدە و ئەی نائومێدیکوشتە، بێرەوە بۆ مەملەکەتی کوژراوەکان، بۆ مەیخانەی نائومێدەکان. بەخودا نیشتمان بیری ئەو ڕۆحە سپییەت دەکات، بیری ئەو سەر و ڕیشە سپی و شیعرە توند و ئاگراوییانەت دەکات، بیری سریوەی ئەو پەڕەسێلکانە دەکات لە شیعرەکانی تۆدا هێلانەی قوڕینە بە گوێسوانەی لادێیە فەرامۆشکراوەکانەوە هەڵدەواسن و

دەنگیان ئەگاتە دڵ و ڕۆحی ئێمە. دەی بێرەوە، خۆ من لە تەلەفونەکەدا پێم وتی: لە دەور ئەو ڕۆحە سپییەت گەڕێم، با غوربەت لەوە زیاتر نەتکوژێ! دەزانم تووڕەی لەو سیاسییانەی ڕۆژانە بە هەزار جۆر دڵ و جل و دەموچاو ئەپۆشن و لەبەر پێی لەشفرۆشێکا هەمووی دائەکەنن. دەزانم تووڕەی، بەڵام ئەو پەیکەرە سپییەش ببینە، کە لە پەیکەرەکەی* عومەری خاوەر" و "چنار" و "هێمن" ئەچێت، لەسەر دڵی خۆمان هەڵمانکۆڵیوە و ناهێڵن لەسەر شەقامی بێنازی شارەکان لەبری موعەمەر قەزافی و فلان و فیساری تورک و فارس داینێین.

دەی بێرەوە، ئەی جوانترین نائومێدی دنیا! دەزانم لە وڵاتێکدا کە دووکەڵی جگەرەکان، دووکەڵی جەنگەکان و شۆڕشەکان، دووکەڵی لوولەی تفەنگەکەی "سەربازی ون"ت، دووکەڵی هەڵەبجەت ئەخاتەوە بیر ، بەڵام بەخوا هەموو ئەو شەقامانەی بەڕۆحە ڕەشەکان میکیاژ کراون ئەو ڕۆحە سپییەتیان بەقەد پەیکەری "سەربازی ون" و ئەو شیعرە سپییانەت خۆشئەوێ، کە لەدڵی شکاوی پەروانەیەکی تووڕە ئەچن، کە بەدیار مۆمێکی خامۆشەوە ئەسووتێ.

دەی بێرەوە، ئەی شەهیدی زیندوو ، ئەی سەربازی ونی شیعری کوردی، ئەی گوڵاڵە سوورەی نیشتیمان! ئەوەندە دڵمان مەشکێنە، ئەی دڵشکاو، خۆتۆ ئەزانیت ژانی دڵشکان چۆنە. پێمان ناخۆشە وا ئەزانی کەسێک نەماوە لەم مەملەکەتە تۆی لەیاد بێت. نا، هەموو ئەوانەی ویژدانیان پڕە و گیرفانیان خاڵی بەسیمبوڵی هەڵوێستت ئەزانن. من دیوەخانی زۆر لەو کەسە دڵ و دەروون سپییانەم بینیوە وێنەی (فریشتە سپییەکەیان) یان لەبری وێنەی باوکیان هەڵواسیوە. ئاخر تۆ لەو دوورەوە ئاگات لێ نییە. توخوا بمبوورە وا ئەڵێم. تۆزێک ناخۆشە بڵێم بێئاگایت، بەڵام ئەوەندە بەسە شاعیرێکی فارس بڵێت: (لەبەر ئەوەی کوردیم نەئەزانی قاموسێکم هێنا و شیعرێکی عەبدوڵا پەشێوم کرد بەفارسی!!!).

دەزانم، مامۆستای هەڵوێست، ئەوەندە بەم هەموو دووری و فەرامۆشییەوە بێتاقەتیت وائەزانیت کەس تۆی بیرنەماوە، بەڵام بیرت چوو لەبەر چەپڵەڕێزان نەیان هێشت شیعرەکانت تەواو کەیت؟ بیرت چوو بەماچ شۆردیتیان؟ دەزانم ئەم

حکومەتە سپڵەیە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئاوڕیان لەگەورەیی بەرهەمەکانت، لە هەڵوێستەکانت نەداوەتەوە، بەڵام کێ لەسەر ڕەخنە گرتن خەڵات کراوە تا تۆببیت بەدووەم کەس؟! خۆ تۆ تازە بوویت بەسیمبوڵی هەڵوێست و شیعر. ئەوەندە بەسە، ئەی گوڵاڵە سوورەی نیشتیمان، مەینەتییەکان خۆشیان ئەوێی. ئەوەندە بەسە، ئەی گوڵاڵە سوورەی نیشتیمان، کە تۆ نە شەوێک قومارت بە خوێنی نیشتیمان کردووە، نە نانی دەمی منداڵێکی هەڵەبجە و ئەنفالت خواردووە. هەر بۆیەش، قوربانییەکان درووود و گوڵت بۆ دەنێرن، ئەی گوڵە تاقانەکەی شیعر، گوڵاڵە سوورەی نیشتیمان!

* هاوڵاتی ژ٥١٥، ڕۆژی ١٢ ی نیسانی ٢٠٠٩.

# "پەشێو"
# لە شیعری گەورەی "ژن"دا*

فەرامەرز ئاغابەگی

دیارە هەر شیعرێک ئەگەر بە دەست خاوەن هەستی خۆی و لە هەلومەرجی تایبەت بە هەستێکی بێ جوگرافیا دەرببڕدرێت، بێگومان دەتوانێ هەمیشە بەرزبێت و گەورەیی ناوەڕۆک لەگەڵ خۆیدا وەک مێژوویەک بپارێزێ. پەشێو توانیویە لەم بابەتە بیستراوەدا بنەمای ناوەڕۆکێکی تازە و بە هەست بخولقێنێ. ئەم شێوە ڕوانینە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر زوو دەست لە ناوەڕۆک هەڵنەگرێ و لەگەڵ هەستی تایبەتیی شاعیر زۆرتر ئامێتە بێت.

شیعری"ژن"لە سێ بەش پێکهاتووە. دیارە هەر بەشێک قسەی تایبەت بە خۆی تێدا باس کراوە و لە سەر پێوەندییەکی مانایی یەکتر دەگرنەوە. لەم شیعرەدا، هیچ لێکچوواندنێکی کۆن نابیندرێ، کە ئێمە لە چێژی شیعرەکە دوور بخاتەوە. هەموو دەستە وشەکان ڕەوان و زمانی هۆنینەوەکەش زمانێکی ئاسان و دوور لە دژواریی تێگەیشتنە.

بەشی یەکەمی شیعرەکە بەم چەشنە دەست پێدەکات:

**(١)**

**بە بینینت**

**من دەبمەوە بنیادەمی چاخی بەردین،**

**دەچمەوە ناو ئەشکەوتی تار، جەنگەڵی چڕ،**

**گوێ شل دەکەم بۆ برووسکە و**
**گۆڵەی هەور و بارانی خوڕ،**
**شارستانیی دوگمە و وایەر بزر دەبێ،**
**ئاتەشگەکان پڕ دەبنەوە لە پیت و گڕ.**

سەرەتای شیعرەکە بە"بینین"دەست پێ دەکات. لە نێوان هەستەکاندا بەکارهێنانی ئەم هەستە لە دەسپێکی شیعرەکەدا گرینگیدانی شاعیرە بەم هەستە لە حاندی هەستەکانی دیکە، چونکە ئەگەر"بینین" ڕوو بدات، هەستەکانی دیکە بە دوای ئەودا دێنە دی. بە واتایەکی تر، "بینین" بنەمایەکە بۆ داڕشتنی هەستەکانی دیکە.

دەستە وشەی"بە بینینت" کاتێ دەخوێندرێتەوە هەست پێ دەکرێ بارێکی مانایی گەورەی پێ سپێردراوە، هەرچەند بەتەواوی لەوە خاترجەم نین، بەڵام کاتێ لەگەڵ شیعرەکە زیاتر دەمێنینەوە و ئامێتەی دەبین ئەم گومانە دەسەلمێندرێ بۆمان، کە ئەم دەسپێکە هەڵگری مانایەکی گەورە بووە. ئەمەش لە کارکردنی شێوازێکە کە ناوەڕۆک زیاتر پەروەردە دەکات.

لە بەشی یەکەمی شیعرەکەدا باس لە بەیادهێنانەوەی ژیانێکە کە بە بینین وێنا دەکرێ. شاعیر دەڵێ، من وەختێک تۆ دەبینم دەبمەوە ئەو بنیادەمەی سەرەتای مێژوو، هیچم لە بیر نامێنێت و دەچمەوە دەورانێک کە پڕ لە بێدەنگی وسەرسەوزی، بینینی جوانی و بیستنی دەنگی لە بیرکراوە. هەرچی باسی شارستانییەت و مالیکییەت بێ لە بیرم دەچێتەوە و پڕ دەبمەوە لە گەرمای ڕاستی.

لێرەدا ئاماژە بەو نیشانانە دەکەین کە لە بەشی یەکەمی شیعرەکەدا هاتوون:

* بنیادەمی چاخی بەردین: بێ غەمی
* ئەشکەوتی تار: بێ دەنگی
* جەنگەڵی چڕ: سەوزایی

* برووسکە و گرمەی هەور و بارانی خوڕ: بینین و
بیستن لە سروشت
* بزربوونی شارستانیی دوگمە و وایەر: دووربوونەوە
لە هەرچی دەسکردە، لە خاوەنداریێتی.
* ئاتەشگە: وەبیرهێنانەوەی خۆشەویستی.
شاعیر دەڵێ من بە بینینت هەموو ئەم هەستە خۆشانەم
وەبیر دێتەوە، بینینت لە دنیای خۆم دەکاتەوە، دەمباتە دنیایەکی نادیاری لە بیرکراو.

خاڵی جێی سەرنج لەم بەشەی یەکەمەدا هاوڕێژەیی نێوان"چاخی بەردین، ئەشکەوتی تار، جەنگەڵی چڕ، ئاتەشگە"یە، کە خوێنەر لەگەڵ کەشوهەوای شیعرەکە زۆرتر ئاشنا دەکات ولەگەڵ مێژوویەکی کۆن ڕووبەڕووی دەکاتەوە.

*هەڵبەت ئەم جۆرە ڕوانینەش لە بەشی یەکەمی شیعرەکەدا دوور لە زەین نییە: من بە بینینت دەکەمەوە سەر ڕابردووی خۆم کە چی بووم؟ دیسان دەچمەوە ناخی ئەم ڕابردووەوە، بە واتایەکی تر، دەڵێ کە تۆ دەبینم، ئەوەم وەبیر دێتەوە، کە ئێستای من لە تۆوە دەستی پێ کردووە، چونکە لە بەشی دووەمی شیعرەکە بە شێوەیەکی ڕوون باس لە توانینی ئەنجامی هەر مەرام و ویستێک بە دەستی ژن دەکرێت. کەوابوو، شاعیر دەڵێ، ئەم بارۆدخەی ئێستا تێیدا دەژیم، ئاوا نەبووە، بەڵکو تۆ توانیوتە بەم جۆرە بیگۆڕیت.

**(٢)**

**چیت مەرام بێ دەچێتە سەر:**
**تۆ دەتوانیت بە نیگایەک،**
**سەوزەڵانێک بە ڕووتەن کەی.**
**لە دەستت دێ، بە هێمایەک،**
**بەردەڵانێک بە چیمەن کەی.**

**چیت مەرام بێ دەچێتە سەر:**
**تۆ دەتوانیت**
**باڵی زمانم ببەستی و**
**درەختی پەنجەم بێبەرکەی.**
**لە دەستت دێ**
**چەمی دەنگم تژی ماسی و**
**هەر پەیڤێکم پڕ گەوهەر کەی.**
**تۆ دەتوانیت... بمکەیتە کۆیلەی مل بە تۆق.**
**لە دەستت دێ...تاجی سەروەریم لە سەر کەی.**

لە بەشی دووەمی شیعرەکە، لە بەندی یەکەمیدا، شاعیر بە گشتی قسە دەکات. دەڵێ، تۆ دەتوانی سروشتیش بگریتە دەست و بیخەیتە بەر فەرمانی خۆت. "تۆ دەتوانیت"، "لەدەستت دێ"... بە جوانکارییەکی تایبەتەوە لە بەشی دووەمدا بەکارهاتوون، ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە هەڵگری مانایەکی دەروونین. واتە لەم شوێنانەی کە "دەتوانیت" بە کارهاتوون مەبەستی ئەوەیە کە تۆ دەتوانیت و ئەنجامی نادەی و لەو جێیانەی "لەدەستت دێ" بە کار هاتووە، مەبەستی ئەوەیە دەتوانیت و ئەنجامی دەدەی. ئەوەش باس لە گەورەیی ژنە و بە جۆرێک دانپێداهێنانە بە بەخشەندەیی و دڵفراوانیی ژن. "بە ڕووتەن کەی"، "بە چیمەن کەی" لە باری بەکارهێنانی زمانییەوە چێژێکی زیاتری بە شیعرەکە بەخشیوە، یانی، شاعیر خۆی لە بەکارهێنانی شێوەی ئاسایی پاڕاستووە.

ئەگەر نووسیبایەی"ڕووتەن بکەی "یان" چیمەن بکەی" جێگەی(بە) ی گۆڕیبایە، لە ڕەوتی شوێندانان و کاریگەریی شیعرەکە کەمی دەکردەوە. هەڵبەت ئەم خاڵەش جێی باسەکە لە "بە ڕووتەن کەی" مانای (سەراسەر، هەمووی، یەکسەر) وەردەگیرێ، بەڵام لە "ڕووتەن بکەی" ئەم بەر فراوانی ماناییە وەدەست نایە، لە "بە چیمەن کەی"ش هەر ئەم حاڵەتە هەیە.

لە بەندی دووەمی شیعرەکەدا شاعیر لە بەگشتی دووان دێتە سەر باسی

خۆی و لە بڕیار لە ئاست ژندا دەڵێ: تۆ دەتوانیت زمانم لە ئافراندنی شیعر و دەستم لە نووسین بێ بەهرە بکەی. تۆ لە دەستت دێ ڕووباری دەنگم پڕ لە ماسیی شیعر و گۆرانی بکەی، لەگەڵ ئەوەشدا ناوەڕۆکی شیعرەکانم وەکو گەوهەر بە بایەخ بکەی. تۆ دەتوانیت ئەسیرم بکەی، لە دەستت دێ سەروەریم پێ ببەخشی.

بە شێوەیەکی نهێنی لەم بەندەدا، شیعر و بەرهەمی خۆی لە بوونی ژندا دەزانێ و بەدیهاتنی هونەری شیعر هەر لەم سەرچاوەیەوە مەیسەر دەبینێ.

لە تابلۆی "چەمی دەنگم تژی ماسی" تەشبیهی دەنگ بە چەم، وێنەیەکی جوان لە زەیندا دەکێشێتەوە، دەنگێک کە وەک چەمێکی خۆشئاهەنگ پڕ لە ماسی شیعر و گۆرانییە. هەڵبەت ئەگەر ماسی لە بەرانبەر وشە دابنێین، وێنەکە جوانتریش دەڕازێتەوە. بەم شێوەیە دەتوانین ئەم تابلۆیە

پێشان دەین:

دەنگ = چەم: ڕەوان بوون، مۆسیقای تایبەت، خۆش ئاهەنگی.

شیعر = ماسی: هەردووکیان جووڵەو نەزمی تایبەت بە خۆیان هەیە.

وشە = ماسی: هەر وشەیەک مانای تایبەتی هەیە، هەر ماسییەک ڕەنگی تایبەتیی هەیە.

ماسی، بە شێوەی نهێنی، بە شیعر و وشە شوبهێندراوە،

یان، دەتوانین بڵێین، ماسی ئیستعارەیەکە لە شیعر، یان وشە.

**(٣)**

**لە بن کۆمەی خۆڵەمێشدا-**
**تۆ ژیلەمۆی گەشی خولیای.**
**لە گێژەنی تاریکیدا-**
**تۆ بریسکەی بەفری چیای.**
**لە بیابانا- هاژەی چەم و**
**لە نەهاتا- هەڵمی نان و**

**لە غوربەتا- داڵدەو پەنای:**
**کلیلداری بەهەشتی تۆ.**
**تۆ نەک نیوە: هەموو دنیای.**

لە بەشی سێیەمدا شاعیر لە سێ بەند مەبەستی خۆی کۆتایی دێنێ. دوو بەند لەم سێ بەندە ئاماژە بە دەوری ژن لە ناوەڕۆکی ژیندایە و بەندی ئاخریش ئاکامبەندی شیعرەکەیە.

لە دوو بەندی شیعرەکەدا هەموو تابلۆکان گێڕانەوەی تاڵی و باس لە دژواری ژیانە سەبارەت بە ژن، واتە لە هیچکام لەم دوو بەندەدا هیچ تابلۆ، یان وێنەیەکی شادی تێدا نەهاتووە، بەڵام بە پێچەوانەوە ژن لەم تابلۆ غەمناک و تاڵانەدا دەبێتە بەرهەمی شادی و نەجات. دەتوانین بەم شێوەیە نیشانی دەین:

لە بن کۆمەی خۆڵەمێشدا (دژواری و تاڵی ژیان)= تۆ
ژیلەمۆی گەشی خولیای (هۆی ژیانەوە ومان)
لە گێژەنی تاریکیدا (بێ هومێدی و تەنگانە)= تۆ
بریسکەی بەفری چیای (هیوا بەخشی)
بیابان= هاژەی چەم
نەهات=هەڵمی نان ژن= هۆی نەجات (ڕزگاری)
غوربەت= داڵدە و پەنا
"پارادۆکس" یش لەم بەندەدا هاتووە:
هاژەی چەم # بیابان
هەڵمی نان # نەهات
داڵدەو پەنا # غوربەت
ئاور(خۆشەویستی)= لە بن کۆمەی خۆڵەمێشدا- تۆ
ژیلەمۆی گەشی خولیای.
نوور(ڕووناکی)= لە گێژەنی تاریکیدا- تۆ بریسکەی بەفری چیای.
ئاو(ژیان، حەیات)=لە بیابانا- هاژەی چەم

نان(بژێو)= لە نەهاتا- هەڵمی نان.

سەرپەنا= لە غوربەتا- داڵدە و پەنای.

بە کارهێنانی (ئاور، نوور، ئاو، نان، سەرپەنا) لەناوەڕۆکی

ئەم شیعرەدا کە هەموویان مانای ژیانیان پێوەیە، هەم گەورەیی بەخشین بە پێگەی ژنە، هەم ڕوونکەرەوەی شوێنی ژن لە ژیاندایە.

لە بەندی کۆتاییدا، ژن تەنیا کلیلی بەهەشتی پێ نییە، بەڵکو خاوەن بەهەشتە. کەسێکە، کە خاوەنی باشترین و خۆشترین جێیە. کلیلداری بەهەشت ڕەمزێکە لە ئاست گەورەیی ژندا. شاعیر لە بڕگەی کۆتاییی شیعرەکەدا هەر جۆرە گومانێک دەسڕێتەوە. بە ڕاشکاوی دەڵێ: "تۆ هەموو دنیای". ئەم ئاکامبەندییە شێوەیەکی جوان لە کۆتایی پێدان بە شیعر و بەیانی کورتەی (چکیدە) هەستی شاعیرە.

سەرچاوە:

بەرەو زەردەپەڕ،دیوانی شیعر، عەبدڵڵا پەشێو

*سەرچاوە: گۆڤاری "ڕامان" ژمارە( ١٦٨)ی، ساڵی ٢٠١١.

# گەشبینیی گەڕانەوە لە شیعری "چاوەنواڕی"ی* پەشێودا

سوارە نەجمەدین

**ژن تا دوا چرکەی ژیانی خۆی لە بەردەم عاتیفەی جواندا دەتوێتەوە**
**نزار قەبانی**

شاعیر بە تاکە سیفەتێک لە مرۆڤی ئاسایی جیاواز نییە، وەلێ شیعر کەسێکی دەوێ لە ئەزەلەوە بۆ ئەو پرۆسەیە خولقابێت، بە پێچەوانەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبەوە، کە ڕەنگە هەوڵ و خولیا بتوانێت ڕۆڵیان تیا ببینێت، وەلێ ئەگەر بمانەوێت بە هەوڵ و ئەزموون دەست بۆ شووشەی شیعر بەرین، نەک هەر دەیشکێنین، بگرە دوور نییە پارچە شکاوەکان دەستی زۆر کەسی دیکەش بریندار بکا. بۆیە، دەبینین شاعیربوون، وەک پێغەمبەربوون، لە ڕێگەی ئیلهام و پەیامەوە دروست دەبێت، ڕەنگە زۆر سیفەتی دیکەش پێکەوە کۆیان بکاتەوە.

کۆتاییم بەو پێشەکییەی سەرەوە هێنا، بە خاتری ئەوەی ئاڕاستەی باسەکەم نەگۆڕم. من دەمەوێت ئیستێک لە سەر ( ژن) لە شیعری، یا لە شیعرێکی، عەبدوڵڵا پەشێودا بکەم، بەلام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە، کاتێک شیعرەکانی پەشێو دەخوێنیتەوە لە بەردەم زیاتر لە ژنێکدا دەوەستیت و ئاشنا بە زیاتر لە چیرۆکێک دەبیت، کە زۆر جار شیعرەکان حیکایەتئامێز دەیگێڕنەوە.

ئەمە ئەو سیفەتەیە کە زۆربەی شاعیرانی پێ دەناسرێتەوە. زۆر بە دەگمەن دەگەیتە بەردەم شاعیرێک، کە وابەستەی تەنها ئافرەتێک بووبێت، یان ئافرەت مەسەلەی شیعری نەبووبێت. لێرەدا کۆمەڵێ نموونەی دیارمان هەیە. ئەوەی ئەحمەد هەردی لە شیعریدا کردی وەک داتاشینی بێستوونی فەرهاد و بە هەوارکردنی بیابانی مەجنون دەبێت. هەردی، کە خاوەنی ڕێبازێکی گرنگی شیعری کوردییە، بە دوازدە شیعر، کۆی ئەو باسانەی ئەو لە (ست فاتیمە)دا کۆدەبێتەوە، کە لە زۆر جێگەدا وەک (شیرین)* یان (زین)* دەیبینین، یان شاعیرێکی نەتەوەیی وەکو (بێکەس) نەیویستووە ژن وەک کەرەستەی شیعر بەکار بهێنێت، هەڵبەت بە پێچەوانەی (شێرکۆ)*وە ، کە لێوانلێوە لە ژن. پەشێویش بە هەمان شێوەی زۆری شاعیران، لرفەی دێت لە ژندا و خۆشەویستی دەبێتە کرۆکی زۆرینەی شیعرەکانی. ئەو فرە ئافرەتییە لای پەشێو زۆر بە ڕوونی لە سەرەتای شیعر نووسینیەوە دەردەکەوێت، لە کاتێکدا بەڵێن بە یەکێک لەو ژنانە دەدات کە باسی هەموو ئەو ژنانەی بۆ بکات کە خۆشیویستوون. لە شیعری (ئەلبوم)دا دەڵێت:

**لەو ڕۆژەوە گفتم دایتێ**

**لە سۆراخی ئەلبوومێکدام، کەوا دووتۆی**

**وێنەی هەموو ئافرەتانی**

**ئەم جیهانە بگرێتە خۆی!**

(شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم.مۆسکۆ )١٩٧٥

ئەگەرچی ئەم وێنەیە خوازراوە بۆ ئەوەی پێمان بڵێت من پیاوێکم هەموو جیهان لە دڵمایە ، بەڵام لە هەمان کاتدا مەبەستی لەوەیە کە ژنێکی زۆر لە زەینیدایە و کێی بینیوە خۆشیویستووە. یاخود لە شیعری (دارستانی سووتاو)دا، کە ساڵی١٩٧٩دەینووسێت، بە هەمان شێوە، باس لەو ژنە زۆرانە دەکات کە خۆشیویستوون و لە گەڵیدابوون:

**هەر نازدارێ دڵی دامێ،**

**لە بناری دڵدا ناشتم وەک نەمامێ.**

**تا وام لێهات،**

**لە سای سەری خۆشەویستان،**

**بوومە ماخۆی شادارستان!**

(برووسکە چاندن)

لە شیعری (حەسرەت)یشدا، بە هەمان کلۆج، باس لەو ئازیزانە دەکات و ئاهـ بۆ ئەوە هەڵدەکێشێت کە لە زەینیدا نەماون، یان بە کاڵ و کرچی ماونەتەوە. لە شیعری (بەرجەستەکردن)و (لە رۆما)دا هەمان سیناریۆ پیشاندەداتەوە، کەچی چاوەڕوانی ئەوانەشە، کە دەستی پێڕانەگەیشتوون و بەڵێنیان داوە و نەهاتوون.

گەرچی ئەم وێنانەی پەشێو دروستی کردوون و دەچنە خانەی گشتەوە، بەڵام لە زۆر جێگەشدا تایبەت دەبێتەوە بە تەنها ژنێک و زۆر جار ئەو ژنانە یەکجار بینیونی و بوون بە هەوێنی شیعرێک و بۆ ماوەیەک زەین و دڵی شاعیریان داگیرکردووە، بە نموونە، لە شیعری (کچ و شایی)دا، لە کۆمەڵەی (بتی شکاو)دا، باس لە شۆخێک دەکات، کە یەکجار و دواجار لە ڕیزی هەڵپەڕکێیەکدا بینیویەتی و کاریگەریی لە سەری هەبووە، یاخود لە شیعری (کەڵکەڵە)دا دەڵێت:

**ئەم شەو مەستم،**

**ئەم شەو گێژم،**

**ئەم شەو کاسم-**

**لەسەر تەختی سەری یاخیم**

**ژنێک تاجی لە سەر ناوە، کە نایناسم!**

(برووسکە چاندن)

ئاماژەیەکی دیکە لە شیعری پەشێودا، پیتی (ش)ە، کە مەبەستێتی

تاقانەیی لە هەندێ ژن بسێنێتەوە و لە هەمان کاتدا جۆرێکە لە دانپیانان بۆ بوونی ژنی دیکە. ڕەنگە گونجاوترین نموونە بۆ ئەم بۆچوونە شیعری (هەم تۆم خۆشدەوێ هەم ئەویش). "ش" ی(ئەویش) زۆر بە ڕوونی ئاماژەیە بە بوونی ژنی دیکە لە ژیانی پەشێودا. لەوەش گرنگتر ئەوەیە، ئەو دوو ژنە لە یەک کاتدا هەن و هاوکات لە نێوانیاندا هەست بە عەدالەتی خۆشەویستی دەکەیت.

**چاوەنواڕی**

**چاوەڕێتم**

**دەگەڕێیتەوە سوێند دەخۆم**

**سوێند دەخۆم دەگەڕێیتەوە**

******

**گەر یەک یەکیش سنوورەکان مینرێژبکەن،**

**بە گوللە و تیر**

**دنیاش دابێژ دابێژ بکەن،**

**هەموو ڕۆژێ،**

**لەگەڵ بەری بەیانیدا،**

**بەرەو ئاسۆ لە دوو دەدەم دەزووی نیگام.**

**وا هەست دەکەم**

**کە تۆ دەبیتە**

**باڵدارێکی ئەفسانەیی و**

**بەیانییەک دێیتەوەلام!**

*******

**دەگەڕێیتەوە سوێند دەخۆم.**

**سوێند دەخۆم دەگەڕێیتەوە.**

**بۆیە ئەگەر**

**بست بە بستی ئاسمانیشت لێ بتەنن،**

**هەموو ڕۆژێ،**

**لەگەڵ بەری بەیانیدا،**
**پەنجەرەکان دەکەمەوە**
**وا هەست دەکەم**
**کە تۆ، وەکو توولە نەمام،**
**بەیانییەک**
**لە بەر پەنجەرەکەم دەڕوێی**
**بە دیواردا هەڵدەگەڕێی**
**دێیتەوە لام!**

(شەو نیە خەونتان پێوە نەبینم)

گەشبینیی شاعیر حاڵەتێکی دەگمەنە. زۆر کەم شاعیر دەبینین گەشبین بێت، بە تایبەت لە بەرانبەر ژندا. ڕەنگە پەیوەندی نێوان ڕەشبینی و شاعیر تەنها هاوکێشە بێت، کە بە ویستی خودی کەسەکە لایەنە نەگەتیڤەکە هەڵبژێرێت (مەبەستمە بڵێم بە ویستی خۆی شاعیر ڕەشبین بێت). هەڵبەت، کۆکردنەوەی هەردوو وشەی "ویست و ڕەشبینی"پێکەوە قورسە، بەڵام چاوی شاعیر زۆر بە دەگمەن کاتە خۆشەکان دەبینێت، نزیکە لەوەی لە ئەدەبیاتی کوردیدا خامەی شیعر لە سەر نەهامەتی تاپۆ بکرێت، چونکە هەم بارودۆخەکە و هەم شاعیریش ئاشنای دەرد و نەهامەتن. تۆ، کە شاعیر بوویت، دەبێت شانت بۆ کۆڵی نەتەوەیەک ، زمانێک، (چەند ژنێک)، چەندان مەسەلەی دیکە ئامادە بکەیت. تۆ، کە شاعیربوویت، ڕازی نابیت بە وەی دەگوزەرێ. پێت تاوانە منداڵێکی بۆیاخچیی پێڵاو، بێ پێخۆر کولێرە بخوات و سفرەی کۆشکێک لە هیچی کەم نەبێت. پێت نەنگییە سەرکردەیەک بە بەرچاوتەوە شەق لە عەدالەت هەڵبدات، یاخود ژنێک بێ دەربەست بێت لە ڕۆیشتنت. تۆ، کە شاعیر بوویت، دڵت هێند ناسک دەبێت جگە لە وشەی "گیان" بە هەموو شتێک دەشکێیت. کێشەی شاعیر لە وەدایە ناتوانێت وەک خەڵکی دیکە بژی و دەیەوێت ئەوی لە خەیاڵیدا وێنای دەکات لە واقیعدا جێبەجێی بکات، وەلێ، ژن ئەمە نازانێت، بۆیە ئەنجام

ڕۆیشتنە!

ئەنجامی ڕۆیشتن یان گەڕانەوەیە، یان نەگەڕانەوە. سووربوونی پەشێو لە سەر گەڕانەوەی ئەو لایەنە گەشبینیە،کە زۆر دەگمەن شاعیرەکانمان پێی بگەن. لەم دەقەدا دەرفەتی گومانی نەگەڕانەوە نەماوە. بنووس زۆر یەقینە لە سەر قسەی خۆی، بەڵام شێوازی گەڕانەوەکەی کە ئاماژەی پێ دەدات، گەڕانەوەیە بە دەلاقەی خەیاڵدا، نەک لە دەروازەی واقیعەوە. گەڕانەوە بە هۆی باڵندەی ئەفسانەییەوە، یان لە ڕێگەی خاکەوە، ئاماژەیە بە مەحاڵی گەڕانەوە. واتە، شاعیر سوورە لە سەر ڕوودانی مەحاڵ. لێرەدا پرسیاری ئەوە دێتە پێشێ: پەشێو بۆ ئەوەندە دڵنیایە کە دەگەڕێتەوە؟ ئایا ئاسەوارێکی وەهای جێهێشتووە، کە بزانێ دەبێ بۆی بێتەوە؟ یان خۆی بە باشترین پەنا دەزانێت، یان ئەوەتا، بە پێچەوانەی یاسای ژن و جێهێشتنەوە، وەک هەر شتێکی دیکەی جیهانی شاعیران، بنووس کار لە سەر تێکشکاندنی ئەو دەستوورە دەکات، ئەمەش تەنها لە ڕێگای خەیاڵەوە دەگونجێت:

**وا هەست دەکەم**
**کە تۆ دەبیتە**
**باڵدارێکی ئەفسانەیی و**
**بەیانییەک دێیتەوە لام!**

یان:

**وا هەست دەکەم**
**کە تۆ، وەکو توولە نەمام،**
**بەیانییەک**
**لە بەر پەنجەرەکەم دەڕوێی**
**بە دیواردا هەڵدەگەڕێی**
**دێیتەوە لام!**

ئەم دوو وێنەیە ئاماژەیە بە دوو بەرەی جیاوازی گەڕانەوە: بە ئاسمانا وەک باڵندەیەکی نائاسایی، یان وەک ئەو خەیاڵەی لە ئەفسانەدا هەیە، وەک ئەوەی پێمان بڵێت، ئەم گەڕانەوەیە خۆم دایدەتاشم و لە زەینی خۆمدا دروستی دەکەم. بەیانییەک وەئاگا دێیت و دەبینیت باڵندەیەک لە بەردەم پەنجەرەکەت نیشتۆتەوە. ئەوە یارە! یان، لە ناو نوێنەکەتەوە تەماشای ئەو دیوی پەردەکە دەکەیت، دەبینی ئەو نەمامەی کە ڕواوە دەق دەڵێی شۆڕە ژنە! لێرەدا چواندنی ژن (یان یار) بە باڵندە و نەمام، ڕێکەوت نییە و بە خاتری یەکێتیی بابەتی شیعرەکەش نییە، بەڵکو ئەوە سیفەتە وادەکات، لەبری گەڕانەوەی واقیعی، باڵندەیەک بنیشێتەوە یان درەختێک بڕوێت. ئەمە تاکە دەقی پەشێو نییە کە نزیکی لە نێوان ژن و درەخت یان باڵندەدا دروست دەکات، بەڵکو شاعیر کەشفی ئەوەی کردووە کە لە نێوانیاندا سیفەتی هاوبەش هەیە. گەر ئێمە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە کۆچەری و ڕۆیشتن سیفەتی باڵندە و ژنیشە ڕەنگە هەڵە نەبین، یان سەوزبوونەوە و گەڵاوەرین لە وەرزەکاندا هەمان ڕۆیشتن و گەڕانەوەبێت.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا پەشێو لە ڕیزی پێشەوەی ئەو شاعیرانەیە، کە دەیەوێت لە ڕێگەی ژنەوە بەختەرەری دروست بکات، یان بەردەوامی بدات بە ژیان. ژن دەتوانێت ئاڕاستەکان دیاری بکات. وادەکات بەرەو دۆزەخت بەرێت یان باخی گشتیت بۆ بکات بە فیردەوس، ئەندازیاری بنیاتنانی کەڵەپیاو بێت، یان دەمی شۆفڵ بێت بۆ ڕووخاندنی کۆشکی شکۆ:

**چیت مەرام بێ دەچێتە سەر:**
**تۆ دەتوانیت،بە نیگایەک،**
**سەوزەڵانێک بە رووتەن کەی**
**لە دەستت دێ،بە هێمایەک،**
**بەردەڵانێک بە چیمەن کەی.**
........

**تۆ دەتوانیت.. بمکەیتە کۆیلەی مل بە تۆق.**
**لە دەستت دێ...تاجی سەروەریم لە سەر کەی.**
(برووسکە چاندن، شیعری ژن، ١٩٨٥)

لە شیعری (نهێنی)شدا، بە هەمان شێوە، ئاماژە بەوە دەکات، یار دەتوانێت دەریای یاخی وەک ئاسمان ئارام بکات و دەمی زریان لغاو بکات... شاعیر لەسەر ئەم بنەمایانە دەیەوێت لە دووی ژن بڕوات و تێدەگات کلیلی سەرکەوتن و نوشستی لە چنگی ژندایە. ئەوە ژنە وا دەکات تەنانەت شیعریش لە دایک بێت. ئەگەر زۆر تەنگتر قسە بکەین، ئەوا جێهێشتنە وادەکات شیعرێك بخولقێت، بەڵام زۆر ئەستەمە شاعیر دوای فیراق بتوانێت وەها شیعرێکی گەشبین بنووسێت. لە کاتی ڕۆشتندا قەڵەمی ئەژنۆی دەشکێت، دونیا تاریک دایەت، دەروازەکان دادەخرێن، تەنها و تەنها مرۆڤە گەورەکان دەتوانن لە خۆڵەمێش گڵۆپ دروست بکەن.

گەر لە شیعری پەشێو بڕوانین، ئەوە یەکەمین جێهێشتن نییە، بەڵکو یەکەمین گەشبینیی گەڕانەوەیە. وەک خۆی لە شیعری "بەڵێن بدە"دا دەڵێ: (زۆر جاری تر) بەجێهێڵراوە، بۆ زۆر ئاو بە نییەتی ڕوونی نیشتۆتەوە لێڵ بووە، زۆرجار دڵنیا بووە لەوەی کە جێیدەهێڵێت:

**تۆش بە جێم دێڵی**
**وەک چۆن سەوزایی باخ بە جێدێڵێ**
**وەک چۆن تەم و مژ شاخ بە جێدێڵێ**
**تۆش بە جێم دێڵی**
(شەو نیە خەونتان پێوە نەبینم - تۆش بەجێم دێڵی-١٩٧٦)

یان لە زۆر جێگەدا دەگاتە حاڵەتی پاڕانەوە و نزا بە خاتری ئەوەی بگەڕێتەوە، بە پێچەوانەی سووربوون لە سەر گەڕانەوەی:

**بگەڕێوە،**
**ژووری تەنیام چاوەڕێتە.**
**بگەڕێوە،**
**عومری زاوام**
**شەیدای بووکی ترپەی پێتە.**

(شەو نامەی شاعیرێکی تێنوو- ئەو پەڕی تاسە ١٩٧١)

گەڕانەوە وەک هەویر یاری دەکات، پەشێو شادی و خەمی لێ هەڵهێنجاوە. ئەوە قودرەتە لە یەک خام گوڵ و خاریش چێ بکەیت. ئەوە توانایە وا دەکات گەشبین بیت بە گەڕانەوەی مەحاڵ، بە چاکردنەوەی شووشە، بە هاتنەوەی وشەی تادار.

* گۆڤاری "هەنار" ، ژ٧١، ساڵی ٢٠١١

# یا خوا ئەو ئاگرە هەر گرفەی بێ*

سلێمان دڵسۆز

زستانی ڕابردوو، کە پەشێو هاتەوە کوردستان، نەدیو و نەناسیو، لێی وەژوور کەوتم و سەعات و نیوێک پێکەوە دانیشتین. ئەو شەوە یەکسەر قسەکەی فرووغی فەڕوخزادم هاتەوە یاد، کە دەڵێ "تەنیا ئەو کەسانە شاعیرن کە ژیانێکی شاعیرانەش دەژین".

پەشێوم لە شیعرەکانیدا چۆن دیتبوو، ڕووبەڕووش ئاوا شاعیرانە و پڕ هەست و پاکم دیت و بە زێدەوەش. بە پێچەوانەی زۆر شاعیر و نووسەری بە ناوبانگی تر، کە بە جارێک بینین لە دیتنیان پەشیمان بوومەتەوە و کورد واتەنی "دوور کوژی نێزیک خەسار" بوون. پەشێو وا نەبوو. نەک هەر وانەبوو، بەڵکو دیمانەکەی لەناخەوە ڕاپەکاندم و ئەو ژیلەمۆیانەی ساڵەهابوو لە قووڵترین قوژبنی ناخمدا ونم کردبوون و بەدوایاندا دەگەڕام، ئەو شەوە کڵپەیان سەندەوە.

دوای ئەو پێشەکییە با پێکەوە لە دەلاقەی شیعرێکییەوە شۆڕ بینەوە ناو دنیای شاعیرانەی ئەو مرۆڤەوە:

**باڵا**

**لە وەتی من هەم، سەرنجم داوە**
**ڕێگەی گوڵگوڵیی تەخت و بەخت و کام**
**بە بن کەوانەی تاقێکدا دەڕوا**
**کە نەویترە لە خاچی باڵام.**

**من قەت دەسکاریی بەژنی خۆم ناکەم**
**هەتا ئەو ڕۆژەی سەر دەنێمەوە.**
**نەمام بووم زریان نەیچەماندمەوە،**
**خوایە، بە پیری نەچەمێمەوە!**

من هەردەم تایبەتمەندییەکی پەشێو سەرسامی کردووم، ئەویش ئەو توانا سەیرەیەتی لە دەربڕینی ناخی خۆی و شتە ساکارەکانی ژیان. ڕەنگبێ جیاوازیی مرۆڤی هونەرمەند لەگەڵ خەڵکی ئاسایی لەو خاڵەدا بێ هونەرمەند بۆ دەربڕینی ئەو حاڵەتە ناسکە ئینسانییانەی، کە زۆربەی خەڵکی هەستی پێدەکەن و لە دەربڕینیدا کۆڵ و دەستەوەستانن، زمانێک دەدۆزێتەوە. دەشێ زۆر خەڵکی تریش لەوە بگەن، کە لە کۆمەڵە دواکەوتووەکاندا کەسێک سەر بۆ دەسەڵات نەوی نەکا، ناتوانێ بگاتە خێر و بێری و کامڕەوایی، بەڵام لای شاعیر لە بەردەم ڕێگەی گوڵگوڵیی گەیشتن بە تەخت و بەخت و کام، تاقێکی کەوانەیی وەها ڕۆنراوە لە بەژنی مرۆڤ نزمترە و گەر بیەوێ پێیدا ڕەت بێ دەبێ سەری خۆی شۆڕ کا. ئەوە ئەو زمانە شیعرییەیە کە بە چەند وێنەیەکی شاعیرانە و زیندوو هەمان ناوەڕۆکی ئاشنا دەباتە دنیای داهێنان.

تاقی کەوانەیی، کە دەشێ لە ئاواکاریی کۆنی ڕۆژهەڵاتییانە و ئیسلامییانە وەرگیرابێ، هێمای بەستنی ڕێگاکان و بەرتەسک کردنەوەی ئەو تاکە ڕێگایەشە کە دەسەڵات بۆ گەیشتن بە تەختی ڕەفاهییەت دەیهێڵێتەوە. تاکە ڕێگای تەسک و نەوی و نەگۆڕ کە بەخشتی بیری دۆگما تاقێکی پشتکووڕی بە سەردا نوشتابێتەوە.

شاعیر کۆی سیستەمێکی تاکدەنگ دەخاتە ژێر پرسیار، کە ئازادییەکانی مرۆڤ بەرتەسک و زەوت دەکا. ئەو سیستەمە سیاسی کۆمەڵایەتی-کولتوورییەی هەموو ڕێگاکان دەسڕێتەوە و تەنیا ڕێگایەک گوڵڕێژ و دەستنیشان دەکا کە چێکراوی دەستی خۆیەتی. ڕێگەیەک کە تاکەکانی کۆمەڵ دەبێ ملکەچ و

سەرشۆڕی بن، دەنا یا سەریان دەشکێ یان ئەوەتا دەبێ ڕێگای هەڵەت و هەڵدێر بگرنە بەر، دیارە ئەو ڕێگایانەش هەرگیز بە تەخت و بەخت و کام کۆتاییان نایە.

زەلیلپەروەری و ملکەچخوازی و قۆرخکردنی خێر و بێر بۆ وان، ڕەفتاری هاوبەشی هەموو سیستەمە ملهوڕ و خۆسەپێنەکانی سەر ڕووی زەوییە.

لێرەدا، خودی شاعیر دەکرێ هێمایەک بێ بۆ ئەو تاکوتەرا ڕووناکبیرانەی هێشتا بیر و قەڵەمی خۆیان نەدۆڕاندووە، بەرامبەر تاقی کەوانەیی دەسەڵات نەچەمیونەتەوە و برسییەتی و سەربەرزییان پێ لە تێری و ملکەچی باشتر بووە. کە سیفەتی "تاکوتەرا" دەدەمە پاڵ ڕووناکبیرانی کورد، لەوە ئاگادارم کە چەند دەگمەنن ئەو هونەرمەند و ڕووناکبیرانەی خۆیان و قەڵەمیان نەفرۆشتبێ و هێشتا بە سەر پێوە وەستابن. بۆیەش تخوونی واژەی " ڕۆشنبیر" نەکەوتووم، چونکە ئەم وشەیە لەمێژە لە ماناکەی خۆی بەتاڵ کراوەتەوە. لە کاتێکدا لە کوردستان وەزارەتی ڕۆشنبیری و لەشکری ڕۆشنبیران و چایخانەی ڕۆشنبیران هەیە و هەر کەس دوو پیت و لەتێکی خوێندەوە و نووسی نێوی خۆی دەنێ ڕۆشنبیر، بە چاکم زانی وشەی ڕۆناکبیر بە کاربێنم، بەرانبەر ئەوەی فارسەکان پێی دەڵێن "ڕۆشنفکر".

تەعبیرێک کە لەو شیعرەدا زۆر سەرنجی راکێشام "خاچی بالآم" بوو. لە خۆمم پرسی : باشە بۆ خاچ؟ ڕاستە خاچ ڕەمزی ئەوپەڕی ئازاری مرۆڤاتییە، بەڵام شوبهاندنی بالاّ بە خاچ؟ خاچ کە مرۆڤێکی وەک مەسیحی پێ چوارمێخە کرا، ئایا هێمای بڵندی و لە شکان نەهاتن و مل نەدانە؟ ئایا بەژن بەرزەکانیش دواجار بالآیان دەبێتە خاچ و مرۆڤی ڕاستگۆیان پێ هەڵدەواسرێن؟ ئایا لێرەشدا شاعیر "دوو کەسە" یەکیان خاچ و ئەوی دی لە خاچدراو؟

کە دەیهێنمە بەرچاوی خۆم ، خاچێکی ئازارچەشتوو، بەڵام قنج و بڵند، دەگاتە بەردەم کەوانەی تاقێکی نەوی، لەوە دڵنیا دەبم کە ئەو خاچە هەرگیزا و هەرگیز لە سەنتیمێکی بەژنی خۆی خۆش نابێ. ئەوەیە ئەو کێشە قووڵەی نێوان بیری مرۆڤی ئازادیخواز و دەسەڵاتی کۆیلەییخواز.

**من قەت دەسکاریی بەژنی خۆم ناکەم**
**هەتا ئەو ڕۆژەی سەر دەنێمەوە**
**نەمام بووم زریان نەیچەماندمەوە**
**خوایە بە پیری نەچەمێمەوە**

مرۆڤی ئەم چاخە، بە هۆکاری جیا جیا، هێندە لە گەوهەری ئینسانیی خۆی دوور کەوتەوە و ئەوەندەی دەسکاریی بەژنی خۆی کرد، جیاوازیی خۆرسکی تاکەکان ڕۆژ بە ڕۆژ کاڵتر بۆوەو وای لێهات کۆمەڵناسان زۆر جار لە باتی ئاپۆڕای خەڵک واژەی "مێگەل"یان بەکارهێنا.

ڕەفتاری مێگەلی، وەک چۆن سەربازانی گوردانێک تا هەتەری چاو هاوبەرگ و هاوخۆراک و هاوجووڵە و هاوگۆن، کارێکی وەهای کرد تاکەکان چیدی بە عەقڵی خۆیان بیر نەکەنەوە، بە چاوی خۆیان نەڕوانن، بە زمانی خۆیان نەچێژن و ببنە کۆپییەکی بێتامی یەکتر. ئا لێرەدا کەسەکان بۆ ئەوەی بتوانن بە ژێر تاقە کەوانییەکانی دیسپلینی حیزبی و ڕێنموونییەکانی دەسەڵاتدا ڕەت بن، دەسکاریی بەژنی خۆیان و جیهانبینی و حەزە شەخسییەکانی خۆیان کرد و هێندەیان لک و پۆپی حەز و جیهانبینی و بەژنی خۆیان هەڵپەرتاوت، بوونە کۆمەڵە گۆپاڵێکی وا، دەسەڵات بە کەیفی خۆی هەڵیانسووڕێنێ.

بەڵام شاعیر، کە دژی کولتووری بە مێگەلبوون دەوەستێتەوە و بەرگری لە بەها مرۆییەکان و گەوهەری ئینسانیی مرۆڤ دەکا، ئامادە نییە دەسکاریی بەژنی خۆی بکا، با لە تەخت و کامیش مەحرووم بکرێ .

خاچی کەڵەگەتی بەژنی شاعیر تەنیا جارێک بەلادا دێ، ئەویش ئەو کاتەی سەر دەنێتەوە، بەڵام بەر لە سەرنانەوە، مرۆڤ قۆناغی پیریی لە بەردەمە.

زۆر جار لە نزای خەمبارانەی پیرەکانماندا بیستوومە "سەد بریا مردن هەبا پیری نەبایە"یان، خوایە، زەلیلی سەر جێ و بانانم نەکەی."

لە فەلسەفەی ساکاری واندا پیری گەلێ لە مردن ئەستەمتر و بە سوێترە.

پیری، کە لانیکەم مرۆڤ لە ڕووی فیزیکییەوە بێهێز و گۆد و هەندێ جار کوێر و لەرزۆک دەکا، یان پشتی دەچەمێتەوە، گومانی زەلیلی و چاو لە دەستیی لێ دەکرێ. ئەوەی شاعیر لێی تۆقیوە، پیرییە. ئەگەر چی بڕیاری داوە قەت دەسکاریی بەژنی خۆی ناکا و لە بەکاربردنی وشەی "قەت"دا پێ لە سەر بێسنووریی زەمەن داگیراوە، بەڵام گومانێک لە دڵیدا گووراوە، گومانی ئەوەی تۆ بڵێی پیری دەسکاریی بەژنی نەکا؟ ئاخر کووڕبوونی پشت لە پیریدا ڕووداوێکی سروشتی و لە دەسەڵاتی مرۆڤ بە دەرە. دوودڵی و گومانی پڕ فریوی خەیاڵی شاعیر لەو خاڵەدا خۆی حەشار داوە، ئەگەر هاتوو پیری پشتی چەماندەوە، دیارە ئیدی بەژن نەوی تر دەبێ و ئیمکانی ئەوە دەڕەخسێ کە بە ئاسانی بە ژێر تاقەکەدا گوزەر بکا. پرسیاری هەرە هەستیار ئەوەیە: ئاخۆ ، لەو حاڵەتەشدا، شاعیر ڕۆیشتن بە ژێر تاقەکەوانییەکە لە خۆی حەرام دەکا یان نا؟

شاعیر ئەگەر ترسی ئەوەی نییە کە وەسوەسەی تەخت و بەخت و کام هەڵیلووشێتە ئەو دیو تاقەکەوە، بۆ چی لە خوا دەپاڕێتەوە بە پیری نەچەمێتەوە؟ ئەگەر بە بارێکی دیکەدا لەو بەشەی شیعرەکە بڕوانین و دەوری(نەمام)یش لە بیر نەکەین دەکرێ ئەو مەدلوولەشی لێ هەلکرێنین کە بەژنە کەڵەگەتەکە ئەو دەم، کە نەمامێکی شلکیش بووە، زریان پێی نەچەماوەتەوە، ئێستا کە بێگومان بووەتە درەختێکی قایم و ڕەگاژۆکردوو تازە مەحاڵە بچەمێتەوە.

لە شیعری "باڵا"دا، هەر لە سەرەتاوە، ڕەگەزێک، بێ ئەوەی ئاماژەی پێکرابێ، سەرەتاتکێیتی، ئەویش حەزی دەروونیی شاعیرە وەکو ئینسانێک، بۆ گەیشتن بە ژیانێکی خۆش و بە ڕوفاهییەت. لە کاتێکدا زۆر شاعیری تر ویستوویانە وا نیشان بدەن کە حەزیان لە ژیانی سادە و تەنانەت مسکێنانەیە، پەشێو تامەزرۆیی خۆی بۆ ژیانی بە هەبوویی و ئێرویی ناشارێتەوە، بەڵام چبکەین ڕێگاکەی بە بن تاقێکدا دەڕوا، کە لە باڵای ئەو نەویترە!

"باڵا" تەنیا دەقێکی شیعریی ناسک نییە، کە لە ساتە وەختێکی تایبەتدا گوترابێ، بەڵکو ژیانی یەک عومری ئینسانێکە و لە چەند وشە و وێنەیەکدا چڕ کراوەتەوە. "باڵا" کاڵای پڕ بە باڵای ئەو مرۆڤە مەرد و ڕەندانەیە، کە کەرامەتی خۆیان نەخستۆتە ژێر پێی بەژەوەندییە مادییەکان، هەرچەندە سوودمەندبوون لە

خێر و بێری وڵاتی خۆیان، وەک هاوڵاتێک ، بە مافی خۆیان دەزانن ، بەڵام تا ئەو ڕۆژەی ئەو خێر و بێرە لە دەستی دەسەڵاتێکدا مۆنۆپۆل بێ، دەیانەوێ بە دەسکورتی، لێ بە سەر بەرزی بژین. لە سەرەتای ئەو نووسینەدا گوتم، پەشێو توانایەکی سەیری بۆ دەربڕینی ناخی خۆی هەیە، بەڵام ئەو عەشق و شۆرە گەورەی من لەو مرۆڤەمدا دی ، خەریکە ڕایەکەم پێ بگۆڕێ. بەڵێ، بەڕاستی قەڵەمی پەشێو، هەرچەند سیحراوی بێ، تەنیا توانیویە چەند پزیسک و ئاورینگێک لەو ئاگردانە مەزنە بگوازێتەوە دووتوێی شیعر و سەر کاغەز. ئەو ئاگردانەی ئەگەر هی مەشخەڵانی دڵی زەردەشت نەبێ ، نازانم هی چ گڕستانێکە؟!

* سەرچاوە: ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە ٢٤١، ٢٣-٥-٢٠٠٦.

# له سێدارەدانی عەبدوڵڵا پەشێو*

## " دەربارەی چاپە ساختەکانی دیوانی پەشێو"

سوهراب لەحافدوزی

**تۆ پێت وایە،**
**شیعرەکانم**
**وەکوو بەردی لاڕێ سادەن؟**
**تۆ پێت وایە،**
**پەیڤەکانم**
**ئاسمانگەڕنین، زەویزادەن؟**

زۆر سەیرە کە لەم (وێرانە ماڵەدا) (لەوەتی هەم خەو دەبینم)، چڵۆن خەونێک؟ کە بڕوا ناکەم بەو لەشە بریندار و کونکونە و لەو چوارچێوە ئاڵۆش گرتووەدا لانی کەم بەم زووانە بێتە دی. پاکان و پیاوڕاستان تێدەکۆشن بۆ سەربەرزیی گەلەکەیان – چێ گیڤارا لە وڵاتێک، زاپاتا لە وڵاتێکی تر و... سەدان و هەزارانی واش لە کوردستان بۆ لەناوبردنی نەک هەر دیکتاتۆریەت و زوڵم، بەڵکو بەر لە هەمووان بۆ لەناوبردنی ناحەزی و ناپاکی و خیانەت و دزی. سەرهەڵدانی یەکەمی مێژووی ڕاپەڕینمان دیارە کە دەگەڕێتەوە کوێ و پێویست بە باس ناکات، بەڵام زۆر سەیرە کە لە سەردەمی (قاتی و نەهاتی) و لە (ڕۆژهەڵاتی کورتەبالایان) و لە (ڕۆژهەڵاتی دەسنوێژ هەڵگرتن بە خوێن و نەوت) وڵاتێک هەبێت بێ ناونیشان و گەلێکی تێدا بژی بەناوی کورد کە لە دوو

شـتدا زۆر زەق بۆتـەوە – نیـشتمانپەروەری و خیانـەت. وڵاتێـک، کـە هـەر لـە بەرەبەیانی مێژووەوە گەلێکی تێدا بژی لە خەباتدا (خەباتی هەموو لایەنە) بووە و کەڵە پیاوان و قارەمانان و هونەرمەندان و نووسەرانی و... وای بەخۆوە دیوە کە ئەگەر لەناو هەر میللەتێکدا ئەوەندەیان ڕێژە ببوایە، ئێستاکە سەرێک لەناو سەراندا دەبوون، نەک وەکوو ئێمە هەر لەتەی لە شوێنێکدا کەوتبێ.

بەڵام هۆکارەکەش دیارە (خەبات)، باوکی ڕووڕەش، کە سەرهەڵنادا مەگەر لە برسێتی و نەخوێندەواری و بەکورتی تێنەگەیشتوویدا. جا لێرەدا بڕیار نییە باسی هۆکار و... بکرێ و مەبەستیش بەڕەنگاری بەرانبەر بە کەسێک، یا دژ بە یەکی تر و دووان نییە، بەڵکو ڕوونکردنەوەیەکە و بۆ ڕای گشتیی جەماوەری کوردە، بەتایبەت خەمخۆرانی ئەدەبی کوردی. ئەگەرچی نووسەری ئەم بابەتە خۆی بە ئەدیبێک دانانێ، چۆن لە خوێندنەوە زیاتر شارەزایی نییە، بەڵام، ویژدانی منیش نەوەک هەر کوردێکی خاوەن شەرەف کە وەک مرۆڤێک پژاوە هەژاندوویانە... کێش؟! تاقمێک لە دەسەڵاتدارانی ئەدەبی کە بە وتەی خۆیان خزمەت دەکەن بە گۆشەیەک لە کولتوور و ئەدەبی کوردی و دەمڕاستی ئێرە و ئەوێن.

بەڵام بە پێچەوانەی ئیدیعای خۆیان جگە لە زیان و زەرەر گەیاندن هیچی تریان لەدەس نایەت. نەک ناوی کەسێک بێنم و مەبەستم لە کەسێکی تایبەت بێ، بەڵام زۆرن ئەوانەی کە بەو شێوە "خزمەت" دەکەن، جا یان لەڕووی نەزانییەوە یان داردەستی ئێرە و ئەوێن. هەر لەو ڕووەوەش ئەو وتارە پێشکەش کراوە.

زۆر سەیرە کە هەنووکانەش تەڕاتێنی بازاڕە ڕەشە بێ کەڵکە پەککەوتەکان لە وڵاتی مندا هەر بەردەوامە. لە بازاڕی مۆسیقاوە بگرە، کە هەر کەسە و لەلایەکڕا هاتووە، یان بەناوی گۆرانیبێژ یان بەناوی ژەنیار بەقسەی خۆیان و لەژێر ئاڵای هونەرمەندا لە ئاوی قوڕاوی و بۆنگرتوو ماسی دەگرن تاکوو بازاڕی کتێب و... بەڕاستی کە ڕووی ئەم گەلە بێدەرەتانەتان چاک سپی کرد و سەری نەویتان بەرز کردەوە!! ئەگینا ئەگەر ئەم نەتەوەیە بێدەرەتان نەبوایە،

پێشانی دەدات کە پووت چەند کیلۆیە و قازناخێک چەندی دەبا!! ئەوی شەرم و حەیایە نیتانە، دەتانهەوێ بەبارە قەڵای ئێرە و ئەوێ، بە دەستووری خاوەن کەلتووره دزراوەکان و بێپێناسە خاوەن ناسنامە دزراوەکان، پێناسێکی ناڕەسەن بە کەلتوور و نەتەوەییێکی ڕەسەن قاڵ کەنەوە.

چەندە دەبێ چارەڕەش بن کە بیری تەسکتان مەودایەکی نییە و ئەم گەلە ئیتر ڕێگەتان نادا بچنەوە سەر دیوەخان و سفرەکانتان. خۆ ئەو مامۆستا پایە بەرزە تەنیا (لە وێرانە ماڵی خۆیدا) لەگەڵ یەک و دوو دوژمنان بەربەرەکانی ناکات. هەرچی دار و بەردی ئەم وڵاتە بێ ئەمەك و ئەم (کوندەبۆیانەی کەلاوە نشینە) بەناو ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیر و ناهونەرمەند و نائەدیبانەیە لیێ بۆتە دوژمن و پەتی سێدارەی بۆ هەڵدەواسن، کە بە خەیاڵی خاوی خۆیان بتوانن تیرۆری کەسایەتیی بکەن.

جا ڕوون نییە، کە کەمی کەسایەتییان لەخۆدا شک بردووە، یان پیلانگێڕی داڕێژەرانی ترن! بەڵام، ناحەزان و دڵچڵکنان، باش بزانن کە قوتابیی حاجی قادر و موریدی حەزرەتی خانی و شاعیری ئەم وڵاتە شێواوی شێوازە ناشیاوەکانی ئێوە نابێ و بۆ ساتێکیش ڕێگە نادات دڵی وشکهەڵاتووی چڵێسیتان شادبێ و تنۆکە ئاوێک بگرێتە خۆی. حەزدەکەم باش بزانن و تێبگەن، کە ئەویندارانی و هۆگران و شەیدایانی ئەدەبی کوردی و بەتایبەت پەشێو هەرگیز ڕێگە، وەکو ئێوەی گەوج، بە هەڵە نابەن، هەروا دەستەوەستان چاوەڕێی ئەم "خزمەت"ەی ئێوە نابن. بێدەنگیکردن لە ئاستی ئەم کردەوە نائەدەبی و نامرۆڤانەیە، سەردانەواندن لە ئاست کوندەبۆیان، بۆ بەرزەفڕان بێشەرمییە. ئەو سەردەمەش نەما کە پێتان وابوو لەژێر ناونیشانی جیاجیا و ژەنگاوی دەتوانن زیاتر کڵاو لەسەری میللەت بنێن. تازە ناکرێ، لاوەکان بەتایبەتی و گشت میللەت بەتێکڕایی، بەرەو لاڕێ بەرن. ئەو چاخە نەگبەتە تەواو بوو، ئیتر ئاڵاکەتان ڕەنگی نەما و تۆزی بیانیبوونی لەسەر نیشتووە و ڕوخسارتان ڕەش هەڵگەڕاوە و هێشتاکە بەخۆتان نەزانیوە. هیواتان بە چییە، نازانم؟ هەرای پاش گورگی نەبێ نەتانماوە، کە ئەوەیش بڕواناکەم مابێ و هەزار هاوار بە پوولێک.

بڕۆن... بڕۆن، چارەی سییەکانتان کەن هەتا زووە. جارێکی تر هەناسەتان بۆنی کەلاکی لێدێ و تووشی گەندەڵی و ئاڵۆش بووە بە چاپکردنی کتێبێک بێ ئیزنی نووسەرەکەی. ئەگەرچی لە وڵاتە بێسەرە و دەرەکەی ئێمە یاسایەکی ئەوتۆ نییە بەرپرس بێت، بەڵام خۆ هەرنەبێ لە ویژدانی مرۆڤایەتیدا کردەوەیەکی ناحەز و ناشیاوە و دزییەکی گەورەیە، ئەویش لەژێر ناوونیشانی سەمەرەی وەک (دیوانی دوکتور عەبدوڵلا پەشێو). کە پێم وانییە، مەگەر لە قامووسی ئێوەدا، لە هیچ قامووسێکی کوردیدا ئەم ناوە هەبێ. بێگومان، قامووسی پڕ لە هەڵە و پێچ و پەنای ئێوە قامووسێکی کوردی نییە. بەڕاستی پاراستنی کەلتوور و هونەر و ئەدەبی خۆمان چاک ڕەچاو دەکەین!! شەرم ناتان گرێ؟ لەلای غەیرە کوردێک چ وەڵامێک دەدەنەوە بۆ ئەو چەوتییە؟! سەدان ساڵ لە نێو ئێمەی کورددا دێت و دەچێ تاکوو پیاوێکی وەها شارەزا لە یەکێک لە بوارەکانی زانیاریدا پێ دەگا، کەچی هێندێک چڵکاوخۆری بەدفەڕی دڵ بۆگەنی ڕێگە بەخۆیان دەدەن هەر خیانەتێک لە دەستیان هات بیکەن.

**سەدان ساڵە،**

**لەوێرانە ماڵی خۆمدا،**

**کتکەکۆرەی گۆشەی متبەقی سوڵتانم.**

**سەدان ساڵە،**

**حەوش و بەرەی خۆم والایە و**

**لەبەر دەرگەی دزانی خۆم پاسەوانم.**

زانایان! لە کوێرەڕێگا و لاڕێیاندا ئەگەر ئێوە چاوساغی ئێمەی تازە پێگەیشتوو بن، دەبێ چیمان لێ چاوەڕێ بکرێ!

لەلایەک هێندێک گەمژەی ناهونەرمەند دەبنە شوولکی ئێرە و ئەوێ، بەوپەڕی بێشەرمی، لە مۆسیقادا دەیکەنە بازاڕی خۆیان و کانیاوی پڕ گەوهەری میوزیکی کوردی بە خەیاڵی خۆیان دەشێوێنن. تاقمێکی تر لە سیاسەتدا ڕۆڵی کوردێکی پاکی نیشتمانپەروەر دەگێڕن و خەڵکانێکی زۆر بەدبەخت دەکەن.

هێندێکی تر لە ڕۆژنامەکاندا وەک ئەمانە بوونە پێنووسی ئێرە و ئەوێ و زۆر بە جوانی و بە ڕەنگاوی، لەژێر ئالآی خزمەت کردن و کوردایەتی، هەر بەتەنیا ناحەزییەکان پێشان دەدەن.خۆ دەکەن بە بلێسەی گۆڕەپانی کوردایەتی و پاش ماوەیەک بگرە و بەردە و ئەملا و ئەولا دەیانهەوێ کلآوێکی لە جاران گووشادتر لەسەری میللەت بنێن. بە خەیاڵیان ئەم گەلە هێشتا هەر لە خەودایە و جارێ وەخەبەر نەهاتۆتەوە. تاقمێکی تر و لە دەرگایەکی ترەوە پەلاماری قۆناغێکی تری ئەم گەلە دەدەن ئەویش لەناو میللەتێکدا کە سەرچاوەی هەموو شتێکە و لە هەمووانیش بێبەهرەیە. ئێمەش لەناو ئەم گەلەدا دەژین ئەگەر پەناو پەسیوێک شک نابەین با ڕوو لە میللەت هەڵنەمالین. ئەگەر ناتوانین برینێک مەڵهەم کەین نەبینە هۆی ژان و برکی زیاتر. گەر خەمێک نارەوێنین با خەمێکی تری پێوە زیاد نەکەین.

لە کۆتاییدا بزانن کە قسەکانم زمانی دڵی زۆر کەسان بوون، بەڵام ئیمڕۆ هیچمان لەدەست نایەت مەگەر بڵێین بۆ داهاتوو:

**منداڵەکان!**
**ئێوەن سبەی**
**لە دیاربەکری شێخ سەعیدا**
**لە سلێمانی بریندارا،**
**لە مەهابادی (قازی)دا،**
**بەیەک فەلسەفە پێ دەگەن،**
**گشت تێدەگەن:**
**ئەوەی کورد بێ، نەوەی کورد بێ،**
**دەبێ تێشووی**
**ڕێی یەکیەتیی کوردی پێ بێ**
**منداڵەکان!**
**ئەوەی دەنکە گەنمێکی چاند**
**گوڵە گەنمی دروێنە کرد.**

ئەوەی دڵۆپێک خوێنی چاند
تابلۆیەکی بۆ خۆی نەخشاند.
ئەوەی تەنیا هاوارێکی لەدەم دەرچوو
گوێی لە سەدای دەنگی خۆی بوو
کەچی ئێمە
کاسەسەر و چاو دەچێنین،
بارانی خوێن بەسەریانا دەبارێنین
هێشتا وەرزی دروێنەشمان دیار نییە
تا گوڵە گەنمێکی کێڵگەی
ئەو خوێنەشمان دیار نییە.

* سەرچاوە: ڕۆژنامەی (ئاشتی)ی تەهران ژ٢٥،٢٤-٤-٢٠٠٥.

# بەفرەلۆک*

دڵشاد عەبدوڵڵا

قوتابخابخانەکەمان دوو نهۆمی بەرز و حەوشەیەکی گەورەی هەبوو، نیوەی چیمەنتۆ و نیوەکەی تری گڵ بوو. من حەزم لە پیاسەی ناو حەوشە گڵەکە بوو، بەتایبەتی کە لەوێوە چیای سەفین بە جوانی لە دوورەوە دیار بوو. هەوایەکی پاک لە باکوورەوە دەهات و هەناسەمانی پڕ دەکرد لە بۆنێکی خۆش، بۆنێک، کە ئێستا نازانم هی چی بوو! هی گوڵەپرتەقاڵی ماڵەکانی دەوروبەری قوتابخانە، یا هی دەشتودەر بوو دەگەیشتە ناو شار و یەکەمجار بەر لووت و هەناسەی ئێمە دەکەوت!

لەبەر ئەوەی لە ماڵەوە شوێنی خوێندنم زەحمەت بوو، بۆیە دوای دەوامیش پشوویەکی کەمم دەدا و ئیتر بۆ خوێندن دەچوومەوە هەمان قوتابخانە و لەبن دیوارەکاندا بە هاتوچۆ دەرسمان دەور دەکردەوە و چەند برادەرێکیشمان دەدی و لە کاتی پشوودا قسە و باسی جۆراوجۆر دەهاتە گۆڕێ. ڕۆژێکیان برادەرێک دەفتەرێکی شیعری فەرید زامداری بۆ هێنام، کە بە دەستخەتێکی جوان و بە جۆرەها ڕەنگ نووسرابۆوە. خوێندمەوە. پێ دەچوو هەموویان چوارینە بوون و لاسایی ئەو شاعیرانەی تێدا کردبێتەوە، کە چوارینەیان نووسیوە. بەگشتی، شیعرەکان دڵداری بوون. پێدەچوو ئەو کات فەرید تازە دەستی بە شیعرنووسین کردبێ، چونکە، لەو دەستنووسەدا ئەو هێمایە دیار بوو.

لەوماوەیەدا، هەندێک لە دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردم خوێندەوە لەگەڵ دیوانێکی کامەران موکری. دواتر، بۆ خوێندنەوە دەچوومە کتێبخانەی گشتی، کتێبی زۆرتر و هەمەجۆرترم دەستکەوت و کتێبەکانی سەلامە مووسا و هەندێک لە دیوانەکانی بەدر شاکر سەییاب و بەیاتی و نزار قەببانیم خوێندنەوە. کە عەبدوڵڵا پەشێویشم ناسی، سوودی زۆرم لە کتێبخانەکەی وەرگرت و لەوێ هەندێک کتێبی مەنفەلووتی و "چیم دی"ی ئەحمەد خواجە و "فرمێسکی نهێنی"ی جەمال شارباژێڕی و هەندێک لە کتێبەکانی جەبران خەلیل جەبرانم خوێندنەوە.

برادەرایەتیم لەگەڵ عەبدوڵڵا پەشێودا لە قۆناخی ئامادەییدا دروست بوو. پەشیو بۆ من هێمای شاعیریەتی بوو، چ لە قسەکردن و هەڵسوکەوت و چ لە نووسیندا. زمانێکی پاراو و ڕەوان و بیگرێ، ڕستەکانی کورت و پڕ، بە ئاسانی دەچوونە دڵ و بە زەحمەت دەهاتنە دەرێ! ئەو بە تەمەن لە من گەورەتر بوو، بەڵام زۆر ڕووخۆش و موتەوازیع بوو، ئەوەندەم هەوەس پێ دەهات کە گوێ لێ دەگرتم کاتێ ڕا و سەرنجێکی خۆم دەردەبڕی، یا گفتوگۆم دەربارەی بابەتێک درێژە پێ دەدا.

دوورکەوتنەوەی پەشێو لە تەمەنێکی زوودا لە هەولێر، زیانێکی زۆری بە باری ئەدەبیی ئەو شارە گەیاند، ئەگەرچی کەسایەتیی پەشێو، وەکی هەموو هەولێرییەکی تر، لێوانلێو بوو لە نامۆیی و جۆرێک لە شەرم و گۆشەگیری و هەر ئەوەش وای لێ کرد نەتوانێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەدیبانی ئەو شارە پەرە پێ بدات، ئەویش دواجار بچێتەوە ناو بازنە سووتێنەرەکەی نامۆیی و دوور و نزیک بایەخ بەوانەش نەدات، کە لە دوای ئەو، لە شارەکەیدا شیعریان هەڵگیرساندووە لەناو شەوەزەنگی بێدەنگیدا.

پەشێو ڕووی دەمی لە کۆ بوو. بۆ کۆ دەینووسی. لە دەرەوەی خۆیدا دۆنکیخۆتە بوو. شمشێری لە ڕووی زوڵمی کۆمەڵایەتی هەڵکێشا بوو. لە ڕێی موعاناتی عەشق و دڵدارییەوە گرفتەکانی لەگەڵ دەسەڵاتە باوەکان گەیشتبووە لووتکە. پەشێو شاعیرێکی یاخی بوو لە بەرامبەر ئەو زوڵمەی یەکەمجار لە

خـودی خـۆی کـرا بـوو، بارتـەقـای ئـەو زوڵمـە شـیعری دەهۆنییـەوە. لای ئـەو، هاوکێشەی (ژن – نیشتمان) فرەڕەنگ و فرە مـەعنا بـوو، بـەڵام کام ژن؟ کام نیشتمان؟ ژنێک، کـە پـەشـێو لـە ژیـانی خۆیـدا وەفـا و خیانـەتـەکانی دەبینـی، بێـدەربـەسـتی و هـەڵخـەڵـەتانـدن و ڕاسـتگۆییەکـانی، پـەشـیمانبوونەوە و گەڕانەوەکانی.... نیشتمانیش، بە هـەمان شێوە، هـەر ئـەو ئاڵایـە نـەبوو، کـە بـە دەستی شۆڕشگێڕێکەوە دەشـەکایـەوە، بـەڵکو ئـەو شمشێرەش بوو، کـە بـەسـەر تەوقی سـەرەوە هـەمیشە هەڕەشـەی مردن دەکا. نیشتمانیش پەیمان دەبـەستێ و پەژیوانیش دەبێتەوە، ڕۆڵەکانی داڵدە دەدا و بێلانەشیان دەکا!

پـەشـێو هـەمیشـە، وەکـی گوڵـەبـەڕۆژە، ملـی لار کردۆتـەوە بـەرەو لای ژن و نیشتمان.

* سەرچاوە: ڕۆڤار، ژمارە( ٣٦)، ساڵی ٢٠٠٥.

# لایەنێك لە دنیای تایبەت بە پەشێو*

ناسر باباخانی

ڕەنگە ئەم ڕستەیە لە ڕاستی دوور نەبێ کە بڵێین، هەر شاعیرێکی خاوەن شێواز شێوە ڕوانینێکی تایبەت بە خۆی هەیە لەهەمبەر دنیا و ڕووداوەکانی. ئەم شێوە ڕوانینەش دواتر دەبێتە هۆی پێکهاتنی دنیای شاعیر، بەڵام دەکرێ لە خاڵێکی هاوبەشیشدا سەرجەم شاعیران کۆ بکەینەوە کە ئەویش بریتییە لە شێوە کردارێکی پێغەمبەر ئاسایانە بۆ بانگهێشتنی خوێنەران و بەردەنگەکانیان بۆ ئەم دنیایەی کە خۆیان مەبەستیانە پێکیبێنن. هەر بۆیەشە دەڵێن شاعیر "دنیای تایبەت" بە خۆی هەیە. ویلیام باتلێر ییتس دەڵێ : "هەر شاعیرێك حەوشەی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەر و جیرانەکانی دەتوانن لەم حەوشەیەدا کۆ ببنەوە و بۆن بە گوڵەکانی باخچەی ئەم حەوشەیەوە بکەن". بێگومان مەبەستی ییتس لە حەوشە و دەر و جیران و گوڵ بریتییە لە دنیا و بەردەنگ و شیعر. بە واتایەکیتر، شاعیر لە ڕێی شیعرەکەیەوە لەگەڵ بەردەنگەکەی پەیوەندییەك ساز دەدا و دەیەوێ شوێنێکی تایبەتی لەسەر دابنێ و ئەم چاوەڕوانییەشی هەیە کە بەردەنگەکەی لەگەڵیا هاودەنگ و هاوڕا بێ و ڕاکێشی بکا بەرەو دنیای تایبەتی خۆی.

ئەم دنیا تایبەتییەی شاعیر سازی دەکا دواتر بە هۆی بەشداریی بەردەنگ "موخاتەب"ەکانییەوە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەسەلمێنێ و پەیوەندییەکی

دوولایەنە لە نێوان شاعیر و بەردەنگەکەیا ساز دەبێ. بە واتایەکی ساکارتر، کاتێك شاعیرێك شیعرێك دەخوڵقێنێ (قۆناغی یەکەم) لە هەوڵی سازدانی دنیایەکی تایبەتدایە. بەڵام بۆ سازدانی ئەم دنیا تایبەتییە و بۆ کامڵبوونی پرۆسەکە دەبێ خوێنەر و بەردەنگ دەوری تایبەتی خۆیان بگێڕن. دیارە مادام لە قۆناغی دووهەمی ئەم پرۆسەیەدا بەردەنگ بەشدار نەبێ، حەوشەیەکی (دنیایەکی) ـ ییتس واتەنی ـ بۆش و تەجریدی دەبێ، کە ناکرێ تەنانەت بوونیشی بسەلمێنین.

پێمخۆشە ئاماژە بەم خاڵە بکەم، کە مەبەستم ئەوە نییە بڵێم بۆ سازدانی ئەم دنیا تایبەتییە تەنیا ڕادەی بەردەنگەکان ڕەچاو بکرێ. بۆ وێنە بڵێین شاعیرێك کە بەردەنگی پترە دنیایەکی دینامیکتر و زیندووتری هەیە و شاعیرێك کە خوێنەری کەمترە دنیایەکی بچووکتر و بەرتەسکتری هەیە، نا.. ڕەنگە هەندێ جاریش ڕێك بە پێچەوانەوە بێت.

ئێستا ئەم پرسە دێتە گۆڕێ کە ئەم دنیا تایبەتییە، چ تایبەتمەندیگەلێکی هەیە؟ دەکرێ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە لە بری تایبەتمەندی، "شێوەی ڕوانین"ی شاعیر بۆ دنیای ڕاستەقینەی ژیانی خۆی بێنینە گۆڕێ. لاموایە، ئەگەر بتوانین شێوەی ڕوانینی شاعیر پێناسە بکەین، بێگومان دەکرێ تایبەتمەندییەکانی ئەو دنیایەی مەبەستیەتی هەڵهێنجین. هەر وەك لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەم پێکرد هەر شاعیرێك شێوە ڕوانینێکی تایبەت بە خۆی هەیە سەبارەت بە جیهان. بۆ ئەوەی ئەم وتارە بتوانێ مەبەستی سەرەکیی خۆی بپێکێ حەز دەکەم ئەم شێوە ڕوانینیە بەم چەشنەی خوارەوە پۆلێنبەندی بکەم:

١- ڕوانینێکی تێکدەر و ڕووخێنەر بە مەبەستی سڕینەوە و وێرانکردنی بارودۆخی هەنووکەیی.

٢- ڕوانینێکی ڕیفۆڕمخوازانە بە مەبەستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە بارودۆخی هەنووکەیی.

٣- شێوە ڕوانینێکی هەستیناسانە بە بێ ئەوەی لە "دەبێ و نابێ" بکۆڵێتەوە، واتە ڕوانینێکی خەسیو.

به سەر هەرتك شێوە ڕوانینی یەكەم و دووهەمدا ڕوانینێكی ئیدیۆلۆژیكاڵ زاڵە و لە شێوەی سێهەمدا زیاتر پەلكێشی بۆ لای ڕوانینێكی ئێتنۆلۆژیكاڵ دەكرێ.

عەبدوڵلا پەشێو، یەكێكە لە دیارترین شاعیرانی كورد، كە هەر لە سەرەتای شیعر وتنەوە تا ئێستا بەردەوام هەوڵی پێكهێنانی ئاڵوگۆڕی داوە، بۆ ئەم بارودۆخەی تێیدا بووە (شێوە ڕوانینی دووهەم). واتە شێوە ڕوانینێكی ڕیفۆڕمخوازانەی ڕەچاو كردووە. نەك ڕوانینێك لەسەر بنەمای حاشاكردن و ڕووخاندن.

مەبەستم ئەوەیە كە پەشێو ڕەنگە بەسەر ڕوانینەكەیدا ڕوانگەیەكی ئیدیۆلۆژیكیشی پێوە دیار بێ، بەڵام قەت وەك شێوە ڕوانینی یەكەم، واتە وەك شاعیری ئیدیۆلۆگی تۆخ و بە شێوەی شاعیرێكی حیزبی كە تەنیا لە ڕۆچنەی بیری تەسكی حیزبایەتییەوە دەڕوانێتە ڕووداوەكان، مامەڵە لەگەڵ دنیا و بارودۆخەكەی ناكا، بەڵكو هەوڵ دەدا ئەم بارودۆخەی "ئێستا" ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ. ئەم هەوڵەش هەندێجار بە زمانێكی ڕەق و توند و تیژ و ڕاشكاوانە لە لایەن پەشێوەوە دێتە ڕوو. پەشێو بەم زمانە ڕوو دەكاتە بەردەنگەكانی و بۆ دنیای تایبەت بە خۆی بانگهێشتیان دەكا.

بێگومان لەم نێوەدا تاقمێك لەگەڵی هاودەنگ نابن -كە ڕەنگە حەقی خۆشیان بێ!- و بە هەر هۆیەك (كە زیاتر پاراستنی بەرژەوەندی دەسەڵاتە) ئەم هەوڵەی پەشێو بۆ سازدانی ئاڵوگۆڕ پەسند ناكەن.

كەرەسەی پەشێو بۆ پێكهێنانی "دنیا تایبەت"ەكەی شیعری "دەنگ هەڵبڕە" كە لە چوارچێوەی ڕەخنە لە دەسەڵات و هەندێ جاریش ڕەخنە لە كۆمەڵگاكەی خۆی دەردەخا. پەشێو دەڵێ: "ئەگەر لەگەڵ خۆمدا ڕاستگۆ بم، خەڵك هەست بە ڕاستگۆییم دەكەن."

پەشێو ڕاستگۆیانە لەگەڵ بەردەنگەكانی دەدوێ و ڕەنگە هەر بۆیەش بێ كە حەشیمەتی دنیا تایبەتییەكەی هەر دێ و زیاتر و زیاتر دەبێ. جەماعەتێك كە

ڕەخنەی شاعیرەکەیان بەدڵە و پێیان وایە لە گەرووی ئەوانەوە دێتەدەر. بەڵگەی ئەم سەداقەتەش لە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانیدا دەبیندرێ.

لە سەردەمێکدا کە بیری چەپی ڕادیکاڵ وەك تەنیا ئیدیۆلۆژی ڕزگاریدەری گەلانی ژێردەست تانوپۆی مێشکی ڕووناکبیرانی جیهان و دیارە کوردستانیشی تەنیبوو، دیاردەی ئەنتێرناسیونالیستی چەپ و شۆڕش دژی سەرمایەداری دۆز و کێشەی نەتەوەیی خستبووە پەڕاوێز و باس لە چەمکی ناسیونالیسم مۆرکی دواکەوتوویی پێوە دەلکێندرا، مامۆستا ئەحمەد قازی واتەنی: "پەشێو بە ڕاشکاوی لە شیعرەکانیدا باسی ناسیونالیسمی کوردی دەکرد و نەیدەشاردەوە". هەرچەندە پەشێو حاشا و نکۆڵیشی لەم گەڕیانە جیهانییە نەکرد، بڕوانە:

**ئەوسا ... بڕۆم**
**تا لە خاکی فەلەستینی ئاسمانگەشا،**
**نەك هەر لەوێ،**
**لە جەنگەڵە چڕەکانی ناو ڤییەتناما ،**
**لە ئەفریقای قولەڕەشا**
**لە ئێرتیریای بێ بەهارا**
**لە هەر خاکێك دۆلار بژی**
**بژیێنمەوە سەد گیڤارا.**

بەڵام پەشێو بۆ ئەم وتانەی سەرەوەی مەرجێکی هەیە کە هەر لە سەرەتای ئەم شیعرەدا ئاماژەی پێ دەکا، ئەمیش ئەوەیە، کە کوردستانەکەی ڕزگاری بێ و پەڵەی دیلی لە سەر ڕووی بسڕێتەوە. کە وابوو، پەشێو نەتەوەخوازی وەپێش بزووتنەوەی جیهانی چەپ دەدا و چەمکی سەرەکیی شیعرەکانی هەر کوردستانن. ئەم ئیدیعایە بە شێوەی هێڵێکی ڕاست لە سەرەتاوە تا ئێستا (لە باری زەمانییەوە) لە شیعری پەشێودا دەدۆزرێتەوە و بەدی دەکرێ.

لەم یادداشتە کورتەدا من تەنیا هەوڵی ئەوەم داوە کە بە کورتی باس لە لایەنێکی دنیا تایبەتییەکەی پەشێو بکەم و دڵنیام ئەم باسەش زۆری بەبەرەوەیە و پێویستی بە ماندوو بوونێکی زیاتر و دەرفەتێکی ترە. دەکرێ بە هێنانەوەی نموونە لە خودی دەقە شیعرییەکانی، ئەم دنیا تایبەتییە زیاتر پێناسە بکرێ. با بمێنێ بۆ هەلێکی تر.

*سەرچاوە: هەفتەنامەی "پەیامی کوردستان" ـ ژمارە٢٩ ـ ١٣ی جۆزەردانی ١٣٨٥ (٣ ژوئەنی ٢٠٠٦)

# عەبدوڵڵا پەشێو
# قوربانیی مێژووی ئاوەژوو*

تەڵعەت تاهیر

**ڕووی زەمان ڕەش بێت، لە مەردان ڕووی کە وەرگێڕا، ئیتر**
**دێنە مەیدان بڵح و نامەرد، تێک دەدەن ڕەسم و شیعار.**

"حەمدی"

مێژووی کورد لە ناو کتێبی قوتابخانەکاندا و لە ڕۆژنامەی حزبەکاندا زۆر جیاوازە لەو مێژووەی هەموومان دەیزانین. لە ناو کتێبەکاندا هەموومان پاڵەوانین. کورد لە مێژوویدا نە خیانەتی کردووە و نە شەڕی براکان و خاڵۆزاکانیشی هەبووە. لەو مێژووە شیرینەدا منداڵەکانمان لە خەونی پاکیزەییدا خەوتوون، تا هەراش دەبن و دەزانن مێژووی کورد حیکایەتێکی درێژ و بێ مانای هاوسەرگیرییە لە نێوان پارە و سیاسەت، دەسەڵات و خیانەت. ڕەنگە هەبن بڵێن، مێژووی نەتەوەیەکی ژێردەستەی سەدان ساڵە ناکرێت هێڵێکی چەوتی لێبدرێت و تا هێلکەش نەشکێندرێت کێکی حوکمڕانی دەستناکەوێت. منیش پێم وایە مێژووی کورد، گەر ژوورێکی تاریکیش بێت، ئەوا دەلاقەی ڕووناکی تێدایە، بەڵام قەت ئەو دەلاقانە (تاک و تەرا نەبێت) لەسەر دەستی سیاسییەکان و دەسەڵاتداران دروست نەکراون ، بەڵکو لەسەر دەستی شاعیرەکان بووە. حیکمەت و **کەرامەتی نالی زۆر گەورەترە لە دنیابینیی**

**حاکمەکانی بابان، کە هەموو کردەوەیان بریتی بووە لە زووتر ڕووتاندنەوەی خەڵک و پەیداکردنی ئەو سی هەزار تومەنەی دەیدەنە والیی کرماشان، کە لە کاتی خیانەتی براکانیاندا دەیگێڕانەوە بۆ حوکم. تەقەتەقی چاپخانەکەی حاجی تۆفیقی پیرەمێرد کاریگەرتر بووە لەو شەوە زیکر و تەراویحانەی شێخ مەحموود بە کوردەکانی دەکرد. ئەوە ئەحمەدی خانییە یەکەم دیکۆمێنتی بیری نەتەوەیی تۆمار دەکات. ئەوە حاجی قادرە باسی گرنگی سەحافە و سەقافە دەکات لەو کاتەی سەرۆک عەشیرەتەکان و ئەو مەلایانەی بازرگانییان بە خەڵکی خوا دەکرد، دیوەخانانەیان لە سوڵتانی ئەعزەمی عوسمانلی بۆ بڕابۆوە. ئەو فیلمە ڕەش و سپییە ئێستا بە ڕەنگاوڕەنگی دووبارە دەبێتەوە. بەڵام چ ڕەنگێک! بەداخەوە، فیلمەکە لەو دوو ڕەنگە سەوز و زەردەی پەڕۆکانی سەر بارەگاکانی یەکێتی و پارتی تێپەڕ ناکات ، کە بەهۆیەوە مێژوویێک نووسراوەتەوە و تۆمارکراوە، دوور و نزیک ناچێتەوە سەر ڕاستی .** سوپای ئەدیبانی مەعاشخۆری ئەم دوو حزبە سەرقاڵی گەورەکردنی ئەو ئەدیبانەن کە هەموو توانا و کارامەییان بریتییە لە شێواندنی ڕاستییەکان و بچووککردنەوە و پەراوێز خستنی ئەو ئەدیبانەش کە هەموو گوناهیان ئەوەیە پرسیار و گومان لە وەڵامە چەقبەستووەکانی ئەو مێژووە بکەن ، کەوا بەسەر منداڵانی قوتابخانەکاندا ساغکراوەتەوە. ئەرێ خوێنی ئەو هەموو قوربانییانەی شەڕی ناوخۆ لە کوێی ئەو مێژووەدایە؟ باشە ئەو مێژووە بۆچی هاتنی سوپای ئێران بۆ کۆیە و هێنانی سوپای عێراقی بۆ هەولێر تێدا نییە؟ ئەو مێژووە باسی زیاتر لە ملیۆنێک کورد ناکات پەراگەندەی وڵاتان بوون و چەقە چەقی ددانیانەکانیان لە دەریای ئیجەدا پێ باشتر بوو لە شایی و شایلۆغانی ئاهەنگی یادی حزبەکان. لە ڕاپەڕینەوە بڵاوکراوەکانی حزب یەک تەقەی ناهەقی تۆمار نەکردووە! هەموو ئاژاوەکان، هەموو تەرحیلکردنی یەکێتییەکان لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی و تەرحیلکردنی پارتییەکان لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر لە ژێر دروشمی کوردایەتییەوە ئەنجامدراوە! تا ڕادەیەک پرسیاری کەسوکاری بێسەر و شوێنەکانی شەڕی ناوخۆ بۆتە مایەی ئەوەی لێنەگەڕێن بەردەوام بن لە خەباتیان و کاتی بە

نرخیان بۆ ئەو پرسە لاوەکییە تەرخان بکەن. هەزاران هەزار وتار نووسراون تەنیا بۆ ئەوەی خۆڵ بکرێتە چاوی ئەم میللەتە بەشمەینەتە . ملیۆنەها تیشکخستنەسەر و تەئکیدکردنەوە بڵاوکراونەتەوە ، تەنیا بۆ ئەوەی وێنای دنیایەک بکرێت ، واقیع بشارێتەوە. گەشتی بۆینباخکرین و پێڵاوکڕینی مەسوولەکانی یەکێتی و پارتی، بەو ئامرازە گۆبلیزییانەی نهارا جهارا بە کاری دێنن، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی و پارتیدا هێندە پیرۆزن وەک ئەوەی ئیسرا و میعراج بووبێ. سەیرەکەش لەوەدایە ئەو مێژووەی ئەوان ئێستاش ناردنی نەوت بە قاچاغ و دەستگرتن بەسەر موقەدەراتی خەڵکەوە لە ژێر دروشمی نەتەوەیی و کوردایەتییەوە تۆمار دەکرێت! باشە ئەدی ئەگەر بە ئاشکرا باوەڕی خۆت سەبارەت بەو مێژووە دەربڕی چیت بەسەردێ؟ بێ قەید و شەرت چارەنووست وەک چارەنووسی عەبدوڵڵا پەشێوی لێدێت. بە زیندوویی لەناو مێژوودا دەنێژرێیت، بایکۆتی نەک بەرهەم و فیکرت دەکرێ، بەڵکو کار دەپەڕێتەوە ئەوەی وەکو مردوویێکیش ناوت نەهێنرێت. چەندین ساڵە، پەشێو لە ناو بڵاوکراوەی ئەم دوو حزبەدا حسێبی مردووشی بۆ ناکرێت! چونکە شیعر و فیکری پەشێو وەک ئەوەی دراوێک بێت، لەو بازاڕە هیچی پێنایەت. گرفتی ئەو شاعیرە ئەوەیە، گەر دراویش بێت، دراوێکی یەکڕووە، دوو ڕوو نییە.

من پەشێوم نەناسیوە، ناشمەوێت بیناسم. نەمدیوە، ناشمەوێت بیبینم. ڕەنگە لەگەڵ نرخی ئیبداعیی شیعرە سیاسییەکانیشی ناکۆک بم و لە ڕووی شیعرییەتی شیعرەکانییەوە چەندین تێبینیم هەبێت، ئەگەر ئەم چەند دێڕەش نەنووسم گلەییم لێناکرێت. گلەیی لە ئەدیبانی هاوتەمەنی ئەو و نەوەی ئەو دەکرێت کە هیچیان تاوەکو ئێستا نقەیان نەهاتووە، لە بەرانبەر ئەو پەراوێز خستنەی پەشێودا مێشیان میوان نییە! خۆ لەوانەشە هەندێکیان بە ئاژاوەگێڕ و تێکدەری کاروانی کوردایەتیی بزانن و بە هەڕەشەیەکی جددیی لە قەڵەم بدەن بۆ سەر ئەزموونە ساواکەی حکومەتی هەرێم و ئامادەش بن تیشک بخەنە سەر ئەو نەهامەتییانەی شیعرەکانی پەشێو بەسەر بارودۆخی کوردستاندا هێناویەتی! شاعیری هاونەوەی پەشێو هەیە ، ئامادەیە شیعر لەسەر فتق و

مایەسیریی مەسوولەکان بنووسێت، کەچی ئامادە نییە ستوونێک بۆ پەشێو پڕکاتەوە. هەموو گوناهی پەشێو ئەوەیە، نمونەیەکی جوانی ئەو مرۆڤانەیە کە بە هەڵچوونێکی شاعیرانە گومان لە ڕاستی مێژوویان دەکات. بە تووڕەبوونێک، کە زۆر لە تووڕەیی منداڵێک دەچێت کاتێ باوکی غەدر لە دایکی دەکا، هاوار بۆ نەهێشتنی ناهەقی دەکات. پەشێو لە ڕاستگۆیی هەولێرییەکان دەچێ، لە دووریی بیست مەترەوە لە ڕوخساریدایە خۆشی پێت دێ یان نا؟ ماسک نابەستێت و بە لۆچەکانی خۆی ڕازییە. ئامادە نەبووە قژی بۆیاخێکی ڕەشی باینجانی بکات و ببێتە خەبیری مکیاژ لە یەکێک لە دەزگاکانی ئەو دوو حزبەدا. نەیتوانی بە شیعر درۆ بکات و لە دڵیشدا تۆبە بکا. نەیویست خۆی نەبێت. نەچووە سەر ئامێری کۆپی و دیزاین تا بە مقەست لێوارە زیادەکانی ببڕن. ڕووتیی سەر کاغەزی پێباشتر بوو لە بۆینباخی زەرد و سەوز و چاکەتی گیرفان گەورە. بەستەڵەکی فینلەندای پێ گەرمتر بوو لە هەڵمی نانێکی دزراو. برسێتی هەڵبژارد و نەبووە هەریسەخۆری کوشتنی حوسێنەکان. پەشێو فرمێسکی زۆری ڕشت و دەسەڵات سەتڵ سەتڵ کردییە ناو موبەڕیدەکانی ئیعلامە مەرکەزییەکانەوە. پەشێو هاواری زۆری کرد و دەسەڵات قیژە قیژە خستییە ناو مۆنتاربۆی سەربانی بارەگاکانی لا کۆڵانەوە. پەشێوێک کە بەر لە دروستبوونی یەکێتی شاعیر بووە (دوای نەمانی یەکێتیش هەر شاعیرە) پەشێوێک .. ئەو کاتە نیشتمانپەروەر بوو کە پارتی پاککردنەوەی گوندەکانی بە قۆنتەرات لە کۆماری ئیسلامی وەردەگرت (دیاربەکریش بە قۆنتەرات لە موحافزینە جودودەکەی تورکیا وەرگرێت ، پەشێو هەر نیشتمانپەروەر دەمێنێتەوە) کەچی کۆلکەنووسەرێکی لای پارتی کە بۆتە پیاوی پیاوێک ، کە ئەویش پیاوی پیاوێکە، کە ئەمیش پیاوی پیاوێکە و، وە (هەلوممو جەڕەن)، ئامادەیە بە ئینشایەکی پڕ لە جەهلی مورەکەب تانە لە پاکێتی پەشێو بدات لەوەی نەبۆتە قەڵەمێکی ناو کتێبی (ئەوانەی بەرگری لە مێژووی نەتەوەیەک دەکەن) کە بێگومان بە دنیابینی کرمییانەی ئەو، مێژووی کورد (هەموو کورد) تەنیا لە مێژووەوە دەست پێدەکات، کوردەکانی پێش ئەو مێژووەش چەند خێڵێکی گەڕۆکن و وەک

سوهراب دەڵێ (ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر گیایەک لە هیندستان، سەر کوپەیەکی قوڕ لە ئەسفەهان، ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر سۆزانییەک لە بوخارا!)

من قەت کەسێکی نەتەوەیی نەبوومە، باوەڕیشم وایە نەتەوە تەنیا بازنەیەکی گەورەترە لە هۆز و عەشیرەت، بەڵام گەر بێینە سەر نیشتمانپەروەری: کێ هێندەی پەشێو کورد بووە؟ لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا کەسێکم پێ بڵێن هێندەی ئەو بە جوانی و مەردایەتی کوردانی هەڵدابێت. ئەگەر پیاون: گەردێکی ئەخلاقی و ماددی و مەعنەوی ئەو پیاوە بخەنە ڕوو؟ یەک بە هەزار قبووڵمانە، تێبینییەک لەسەر پەشێو بدۆزنەوە و میللەت لە هەزار گوناحتان خۆش دەبێ. تاکە شت لە هەموو ژیاندا مارف خەزنەدار و عزەدین مستەفا ڕەسوولی کۆکردبێتەوە تەنیا شاعیربوونی پەشێو بووە، کە هەردووکیان پێشەکییان بۆ دیوانەکانی نووسیوە! لە تاریکترین دەیەی شیعری کوردی کە بریتییە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، پەشێو تاکە چرا و تەنیا درەوشانەوە بووە. پیاوێک ئەو هەموو فرمێسکەی بۆ کوردستان ڕژاندبێت، مافی تانکەرێکی نەوتی قاچاغیشی نییە بە مانشێتێک لە ڕۆژنامەکانی یەکێتی و پارتیدا ناوی بێت؟ لە نیوەشەواندا مانکێتی لاپەڕەیەک هەڵدەوەشێنرێتەوە لەبەر ئەوەی بۆینباخی کونسوڵی تورکی باش دەرنەچووە، یان مەسولێک لە گەشتی سەعات سێ و نیوی دوای نیوەی شەو بە فڕۆکەیەکی هێڵی تورکیش ئێرلاین تەشریفی موبارەکی هێنایەوە خاکی هەرێم و پێویستە بکرێتە هەواڵی تەشریفات ... کەچی پەشێوێک ئەو کاتەی بڕیاریشیدا کەسێکی خۆشبوێ هەر دەبوایە ناوی ( کوردستان) بێت، کەچی لە لاپەڕەی نەعییشدا لە تەندرووستیی پرسیار ناکرێت. بێئومێدم لەوەی سوپای ئەدیبانی بێ ئەدەبیان تەسریح بکرێن و بیاننێرن بۆ سەرژمێری ژمارەی قوربانییانی شەڕی ناوخۆ؟ بێئومێدم لەوەی زەعیمە موفەداکان گرێبەستێک لەگەڵ ڕاستیدا ببەستن و پارە تەڵاق بدەن؟

بەڕاست .. بیرم نەبوو ئەوە بڵێم کە، ڕەنگە پەشێو پێش هەمووان لە من تووڕە بێت، لەوەی پێم ناخۆشە بایکۆت بکرێت و گلەیی ئەوەش لە من بکات کە بە چ ڕووێک داوا دەکەم بخرێتە مێژوویێکەوە کە ئەو بە زبڵدانیشی نازانێت!

لەتەک پەشێودا .. من بێبەریم لەو مێژووەی ئەوان و تا ماویشم خەون بە چوونە ناوییەوە نابینم:

اللهم قد بلغت .. اللهم فاشهد.

* سەرچاوە: خەندان" ژمارە ١٥٧- ١٥٨.

# بۆ پیاوە سپییەکە،
# بۆ عەبدوڵڵا پەشێو...*

نووری بێخاڵی

ئاسان نییە نیو سەدە غوربەت و داری گەنجێتیت نەچەمێتەوە. ئاسان نییە نیو سەدە هۆنینەوەی پرچی شیعر بە دیار ئاشتبوونەوە بە دیداری مەعشووقێک، کە گەنجێتی و ژیانت بۆی هەراج کرد، مەعشووقەکەشت هەر بێ ناوونیشان و سەری سوڕماوی ژێر دوو پەرچەم و تارا بێت. ئاسان نییە نیو سەدە ئەم کەوشەن پێکردنی جانتایەک بیرەوەریی کۆچێکی قەرەجانە بە دوای خەونی ئازادییەوە. ئێستاش دوودڵ لەوەی بێیت و جانتای بیرەوەرییەکانت بدەیتەوە دەست قەدەرێک کە نازانیت بۆ کوێت دەبا. ئاسان نییە نیو سەدە گەڕان بە دوای وەڵامی پرسیارەکەی (ڤالیا)، کە ئاخۆ لە کام هەسارە و لە ڕەحمی کام خێوەوە کەوتوویتە سەر زەوی، کەچی تازە بە تازە لە پاسەپۆرتەکەت دەنووسرێ نەوەی قەعقاع و کوڕی ڕافیدەین. ئاسان نییە نیو سەدە وانەکانت دەستاودەست بکەن و هێشتاش منداڵەکانی باباگوڕگوڕ، لە سەر سینگە نەوتاوییەکەی شارەکەیان ، بە حەسرەت ڕەحمەتی دۆلارێکی شەریکەی نەوتی شیمالەوە بن ، تا شەقامێکی لە خوێن گەوزاوی ڕەحیماوەیان بۆ قیر بکات.

ئاسان نییە نیوسەدە غوربەت وهێشتا بستەزەوییەک نەبێ وەفدەکان بێن و چەپکە گوڵی وەفا بنێنە سەر گۆڕی سەربازە ونەکانی نیشتیمان.

ئاسـان نییـە نیـو سـەدە دوای مـوعجیزەی زیندووکردنـەوەی (حـاجی) لـە قەبردا، کەچی هێشتا نیشتیمان دوو ڕەنگ و حکومـەت، دوو گیرفـان و سـەنگەر، دوو فەرماندە و ئاسایش، دوو دەزگان!!

ئای کە ماندوویت، ئای کە خەمی نیشتیمان و خاکی ئازیزانی وڵات، خەون و خەیاڵیان تۆراندوویت.

ئەوە نییە بەو زستانی تەمەنتەوە، بەو تەمتومانی سـەرتـەوە سـەر خـەوێکی خۆش ناشکێنیت، وەنەوز چاوەکانت بەر نادا و بە خەیاڵ و لە خـەویشدا چـاو و گوێچکە و هەستەکانت بۆ سۆراخی هەواڵی بوون بـە خـاوەن وڵات لـە کـەمینی دەنگوباس دان و لە فاڵگرتنەوەشدا بیر لە چارەنووسی تاکێتی خـۆت ناکـەیتـەوە و ناولەپت تەنیا نەخشەی نیشتیمان دەخوێنیتەوە و لـە پـەیامێکتدا بۆ قـەرەجێک دەڵێی:

**بەس تەماشای ناو لەپم کە!**
**خۆ نامەوێ پێم بڵێی**
**دەبم بە باوکی چەند مناڵ،**
**زەنگین دەبم،یان هەر وا لات..**
**تەنیا شتێکم پێ بڵێ:**
**هەتا ماوم وەک تۆ دەژیم،**
**یاخۆ دەبمە خاوەن وڵات؟!**

تێناگەم گەیشتن بە وڵات لای تۆ چ مانا و ڕەهەندێکی هەیە؟ ئایا گـەیشتن بە نیشتیمان بە تـەنها ئـەوەیە لە باوەشیدا بخـەوی، یان گـەورەتر ئـەوەیە لە هـەموو سـەفـەرە کۆچـەری و قـەرەجییـەکانتدا بیخـەیتە جانتاکـەتـەوە و شـەو لـە خانووچکـەیـەکی غوربـەتدا بیکـەیتـە چـرای مـاڵی خامۆشـان و لـە سـەر سفرە برسێتیی پێ بشکێنی؟! مەگەر ئاوێتەبوونی نیشتمان هەر لەو ڕۆحە سـەرکـەش و یاخییـەی تـۆ و ئـەو هـەناسـانەتـەوە نادۆزینـەوە کـە بۆتـە بـەشـێک لـە خـۆت؟ نیشتمان بۆتە سێبەرێک و لێت نەبۆتەوە، ئیتر بۆ دەبێ هێشتا قەناعەت نـەکـەیت

و بڵێی:

**هاکا دیتیت پێک گەیشتین،**
**هاکا دیتت ئاوێتە بووین وەک تانوپۆ**
**ئەوسا هەموو زمانەکان لە بیر دەکەم،**
**لە گەڵ تۆدا**
**هەر بێدەنگی دەهێنمە گۆ!**

من دەزانم ئێستاش چاوی شین و سەوزی کچی ئەوروپایی لە خەیاڵتدا مێرگ و کانییەکانی نیشتمانت بیر دەخەنەوە. دڵنیام لە چاوی تۆوە سنووری دونیا و بناری هەموو چیاکان لە کەوشەنی لە خاچدراوی نیشتمان و لووتکە و هەڵەمۆتەکانی وڵاتەکەت دەست پێدەکەن.

ئەی کۆچەری دوای خەونی ئازادی، ئەی دێوەرەی نێو کۆڵانەکانی غەریبی، سەیرم پێ دێت تا ئێستا چۆن توانیوتە شەڕی تەنیایی بکەیت و پشتی خەمەکانت نەچەمێتەوە؟ چۆنە هێشتا قیت قیت وەک لوتکەی هەڵگورد بە پێوە و بە خووڕ وەک خابور و سیروان دڵت لە لێدان ناکەوێ؟

کە دەگەڕێمەوە سەر ئەلبومی یادەوەرییەکان و پیاسەیەک بە ناو کۆڕ و حەشاماتەکانی گڵکەند و هۆڵی میدیا و کۆڕەکانی دیکەی نیشتمان و هەندەرانتدا دەکەم و چاو بەو وێنە و دیمەنانە دەخشێنم کە لاوان لە باوەشت دەگرن و ماچ بە کولمەتەوە دەکەن و فەرشی گوڵ و خۆشەویستیت بۆ ڕادەخەن و شەلاڵی چەپڵەت دەکەن، دۆش دادەمینێم و خوێنی هیوا سەر لە نوێ و بە گوڕتر لە خوێنبەرەکانمدا بە خێرایی گوزەر دەکات و پڕ دەبمەوە لە ئومێدی گەیشتن بە ترۆپکی ئاسۆ.....

ئای چ دیمەنێکی جوانن! وەک ئەوەی هەواڵی دۆزینەوەی گەنجینەیەکیان بەرگوێ کەوتبێ، وا بە هەڵەداوان و لە بەر ڕێژنەی باراندا پۆڵ پۆڵ کچ و وکوڕانی نیشتمان بە حەسرەتەوە ڕێی گوێگرتنی تۆ دەگرنە بەر.. ئەو جۆش و

خرۆش و پەرۆشییەی ئەوان لە سادەترین ماناداا، گەورەیی و خۆشەویستیانە بۆ (پەشێو). لەویش گەورەتر، عەشق و تێنوێتییانە بۆ ڕاستگۆیی و هەڵوێست و پەیڤەکانی ئەو ... ڕەنگە دیوێکی تریشیان ختووکەی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئینتیمایان بێت بۆ کوردبوون، کە بەڵگە و گەواهی ئەوەیە چەوتی و چەوێڵی و نابەرابەرییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان لەو هەستەیان خاڵی ناکەنەوە، چون ئەوان، وەک نەوە و هەناسەی نوێ ، بەردەوام پڕن لە خەون و لێوانلێون لە هیوا... ئەگەر دوێنێ (پەشێو) و شیعرەکانی چیرۆکی بەر ئاگردانی ماڵی تێکۆشەران و شەوچەرەی زارۆ و منداڵی نیشتمانپەروەران بوون... ئەگەر ئەوێ دەمێ پەیڤەکانی ئەو نوقڵی نێو پریاسکە و هەگبەی پێشمەرگە و گوڵی سووری دەستی عاشق و ئەویندااران بوون... ئەگەر ئەوێ ڕۆژێی ساتی تاریکستان و ژێر ستەمی داگیرکاری، بەستەکانی ئەو چرای دەستی ڕێبوارانی کاروانی ئازادی بووبن، ئەوا دیمەنی کۆڕەکانی پەشێو لە کوردستان، کە ژیان و وڵاتیان پڕ کردووە لە جووڵە، گەواهی ئەو ڕاستییەن کە تا ئەم چرکەساتەش شیعرەکانی سروودی ئازادی و سەربەخۆیی و دادوەری و ژیاندۆستین. ئەمێستاش وشەکانی تنۆک تنۆک ئاونگی کوردبوون و یەکبوون، نم نم شەونمی عیشق و مرۆڤدۆستی و هیوایان لێ دەتکێ... هەنووکەش هۆنراوەکانی، هەڵوێستە شیعرییەکانی چقڵی چاو و تانەی لێو و زێروی خوێنی بنزمانی زۆر لەوانەن، کە دەیانەوێ مەحکوممان کەن بە کۆیلەیی و دیلی و ڕادەستی قەدەری گەمژەیی و دەبەنگی و بێدەنگیمان کەن.

چ سرووتێکی عاشقانەن ئەو لەحزانەی ئێوارە کۆڕی پەشێو ... چ ژوانێکی گەرمن ئەو هۆڵانەی پەشێو پڕیانی کردوون لە هەڵوێست و گەنجان کاسیان دەکەن لە چەپڵەڕێزان.

چ مژدەیەکی ئومێدبەخشن، بەوەی ئێستاش خوێنێکی نوێ لە ناو جەستەی کوردبووندا فوارە دەکات و نەوەیەک خەونەکانی لە پێش خۆی گەورەتر و دونیابینییەکانی فراوانتر ، ها دەست لە سەر دڵ بۆ نیشتیمان و نەتەوە ، نەوەیەک هیچ سیحر و جادوویێکی بازاڕی سیاسەت بڕوای ئەوەی پێ ناهێنێ مێژوویەکی بریندار لە بیر بکات و ساویلکانە بکەوێتە داوی درۆی

شاخداری برایەتیی کلتووری بیابان و شمشێر و غەزوو و ئەنفال.

سادەیی پەیڤ و گوزارشتەکانی پەشێو، بەرهەمی خاکەرایی و سادەییی خۆیەتی، کە وەک خۆیشی دەڵێ: ئەو هەمیشە سادەیە وەک ڕەنگ و ناوی نیشتمانەکەی.. هەناسە شیعرییەکانی جووڵە دەبەخشنەوە بە ژیان و گەرمی دەدەنەوە عیشق و هێز دەدەنە تێکۆشان.. وێنە و ئیماژەکانی ڕەونەقی شەفەقی ئەو سپێدانەن، کە بەردەوام مژدەی ڕۆژێکی نوێ و ئاسۆیەکی گەش لە هەگبەیاندایە.

ستاتیکای شیعری پەشێو ڕاستگۆیی لە عشق و هەڵوێستی مرۆڤبوونیان دایە ئەوێکی تووڕە لە ستەم و یاخی لە دروشمە فریودەرەکان و ئاودامان لە خۆشەویستیی خاک و خاڵی لە ڕق و کینە و لێوانلێو لە سادەیی و تژی لە خەون و خولیا. ئەو بۆ خۆی کوتلەیەکە لە جوانی ستاتیکا.

بەس نییە" سەربازی ون" بۆتە ئەو سروودەی هەمیشە لە خەوی مێژوویەکی بریندار بێدارمان دەکاتەوە، مێژوویەک لە شوورەی کەللەسەر و فەرشی سووری بە خوێن چنراو بەرهەم هاتووە، ئەو سروودەی ناسنامەیەکی جاویدانیی نەک تەنها بە خودی پەشێو، بەڵکو بە مرۆڤی کورد و تەنانەت سروشتی کوردستانیش بەخشی.. سروودێک لەودیویەوە نهێنیی مانەوە و بەردەوامبوونمانی حەشارداوە. هەر سیحر و تەلیسمی ئەو سروودە و بەهای ئەو ناسنامەیەیە وا دەکات کە لە بری هەمووان زمانی پەشێو بپژێ و بڵێ:

**لە ئاسمانەوە نە هاتووم**

**من میوان نیم**

**من میوانی**

**سێبەر قورسی کوردستان نیم**

**بەر لە مێژوو**

**کانییەک بووم لێرە دەر بووم**

**بەر لەمێژوو**

**ئاگرێک بووم لێرە هەڵبووم**

بەڵام کام بەرەبەیانی مێژوو؟ ئەو بەرەبەیانەی بە نووکی ڕم و تیغی شمشێری سەعلووکەکانی بیابان سەفحەکانی سوور هەڵگەڕان...

کانییەك دواجار بۆ ئێمە سەرچاوەی خنکان و بۆ ئەوانیش ئاوی حەیات... ئاگرێك بۆ ئێمە سەرچاوەی سووتان و برژان، ئەوانیش لەبەر ڕووناکیی تیشکەکەیدا شەوەکانیان سوورتر... کانییەك بەر لە مێژوو، تاکو ئەمڕۆ تینوێتی هیچ کاممانی نەشکاندووە و بە کامی دڵمان بینمان پێوە نەنا ئاگرێك ئۆقرەی لێ بڕین ونەیهێشت بۆ ساتێکیش بێت سەرخەوی ئاسوودەیی بشکێنین، کەچی وێڕای هەموو ئەوانەش زەنگێك بوو بە هۆیەوە گوێچکەمان زرنگایەوە، کە ئەوەی وا دەکات تینوێتی لە کانیاوەکە بشکێنین و زەماوەند لە بەر دەم تیشکی ڕووناکی ئاگرەکە بگێڕین، بەتاڵکردنەوەی تەلیسمی ژێردەستی و بنچەپۆکی داگیرکارییە، کە لە دوا وێستگەدا پەشێو دێت و پڕ بە گەرووی هاوار دەکات:

**(قەرەج)**

**ئاسمانی تۆ بەرپێی خۆتە.**
**سەرت شۆڕ کە،**
**ملت کەچ کە،**
**چاو مەگێڕە**
**بۆ ئاسمان و ئەستێرە و خوا...**
**ئەوەی بستێک خاکی نەبێ**
**خوا و ئاسمان و ئەستێرەی کوا؟!**

مەگەر تەنها شاعیرێکی جوانیناس، هونەرمەندێکی دەستڕەنگین، بتوانن گوزارشت لەو پەیوەندییە هاڕمۆنییەی نێوان پەشێو و ئامادەبووانی ئێوارە کۆڕەکانی بکەن...ئەوان، هونەرمەند و شاعیر، بێن و سیحر و تەلیسمی نێوان لەرینەوەی دەنگ و نەغمەی پەشێو و گوێی کاسی ئامادەبووان بدۆزنەوە.

ئەو ئیوارە پڕ بزاوت و ژیانانە، ئەو سۆزە بریندارەی شاعیر و ئاوێتەبوونە ڕۆحییەی گوێگران دڵنیامان دەکاتەوە،کە هێشتا نەوەیەك هەیە و نەوەی تریش ماون بە عیشقەوە ببنە کۆڕس و لە دوای پەشێودا ئەو ئاوازە بریندارە بڵێنەوە:

**کێ کڕیارە؟**

**هەرچیم هەیە**

**هەمووی تاڵان فرۆش دەکەم.**

**کێ کڕیارە؟**

**دەی، وەرنە پێش!**

**فەرموون، ئەمە گلێنەی چاو،**

**بڕبڕەی پشت و کاسەسەر،**

**کڵاوی کەریم خانی زەند،**

**شیر و زرێی سەلاحەدین،**

**مێژووی لینگەوقووچی بێبەر،**

**یەکە یەکە**

**بەندەکانی پەیمانی مۆرفینی سیڤەر،**

**ئێسك و پرووسکی نیاندەرتاڵی**

**پیرە ئەشکەوتی شانەدەر...**

**کێ کڕیارە؟**

**هەرچیم هەیە**

**هەمووی تاڵان فرۆش دەکەم.**

**مەزاد...مەزاد**

**هەر چیم هەیە، هەمووی مەزاد**

**بە پارچەیەك پەڕۆی سادە،**

**کە هەڵبکرێ و بشنێتەوە**

**لەسەر بستێك زەوی ئازاد!**

# دراما لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا
## دیوانە شیعری (برووسکە چاندن) وەک نموونە

سابیر ڕەشید

دراما لە سەرەتاوە بە شێوەی چیرۆکخوانییەکەی و لاساییکردنەوەی شانۆییەوە گەشەی کردووە و لەگەڵ ژانرەکانی ئەدەب ئاوێتەی یەکتربوونە و لەناو گیانی یەکتردا تواونەتەوە.. شیعر و شانۆ دوو جیهانی گەورە و بەرفراوانن، لەگەڵ یەکتردا دەگونجێن و لە دژی یەکتریش دەوەستن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش (پێوەندییەکی جەدەلی هەست پێدەکرێت لە نێوان شانۆ و شیعردا. شانۆ هەوڵدەدات بێگەردیی شیعری بێنێتەدی، کە لە ئیقاعە زیرەکە نەغمەدارەکانی دیالۆگ و ڕووداو بەرجەستە بووبێت، شیعریش ئامانجی گەیشتن بە ڕووداوێکی پەرەسەندوو و لە نێوان تاکە وشەیەک و ڕستەی بەردەوام و بنەمای تەواوی چامەدا)[١].

شیعری درامی کار و ڕووداو دەگرێتە خۆ بۆ کوشتنی لیریکی شیعر و کاتێکیش شیعری لیریکی دەبێت بە دەربڕینێکی سۆزبەخش لە کارە درامییەکە بەشدار دەبێت، بۆیە شیعری درامی جێگایەکی تایبەتی هەیە لە نێوان ڕەگەزەکانی دیکەی شیعردا ((شیعری درامی تەواوترین جۆرەکانی دیکەی شیعرە، یاخود بڵێین شیعری شیعرانە کە دوو جیهان بەیەکەوە گرێ دەدا، جیهانی دەرەوە و ناوەوە، نوێنەری مێژوو و سروشت و دەروونە و پەرەناسێنێ تەنیا لە لای گەلانی خاوەن شارستانی نەبێ.. ئا بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە شیعری درامایی لەسەر دوو هاوئاست بنیات دەندرێ، هاوئاستی هونەر و هاوئاستی ژیان خۆی))[٢].

شیعری درامایی لەلای زۆربەی شاعیرانی دنیادا بایەخی تایبەتیی پێدراوە و زۆریشیان بەکارە درامایییەکانیانەوە ناسراون وەک (ییتس) و (لۆرکا) و (ئیلیۆت) و (پۆ) و (ڕامبۆ) و (پاوەند) و (سان جۆن پێرس) و (ئەپۆلێنییر) و (بۆدلێر) و (مایاکۆفسکی) و (نازم حیکمەت) و لای شاعیرانی عەرەبیش (محەمەد ماغوت) و (سەڵاح عەبدولسەبور) و (مەعین بەسیسۆ) و (عەلی جوندی) و (عەبدولوەهاب بەیاتی) و (مەحمود دەروێش) و (سەمیح القاسم) و.. تاد تەواو ڕەنگی داوەتەوە و پێی ناسراونەتەوە...

ئەرەستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)ەکەیدا بە هیچ شێوەیەک شیعر لە دراما ناپچڕێنێ.. (ئیلیۆت) لە چامە لیریکییەکانیشیدا هەوڵی داوە گیانی درامایان بکات بە بەردا و هەوڵی داوە ئەو چۆنیەتییە نیشان بدات کە خەڵک پێی دەدوێن.

بێگومان شیعری درامایی لە ئەدەبی کوردیشماندا بایەخێکی تەواوی هەبووە، هەر لە بابەتاهیری هەمەدانییەوە تا شاعیرانی ئێستامان. (مەم و زینی) ئەحمەدی خانی و ((دواییش دوو چامەکەی نالی و سالم و دووچامەکەی کەمالی و ناتیق و (گلکۆی تازەی لەیل)ی حەمە ئاغای دەربەندفەقەرە و داستانی (شیرین و خوسرەو)ی خانای قوبادی و (سەفەر بەرلک)ی مەلا حەمدون و (شەکوای حاڵ)ی عارف سائیب و (شەکوای حاڵ)ی ناتیق و گەلێک چامەی تری شاعیرانمان.. ئەمانە هەموو ڕێگا خۆشکەرێک بوون بۆ سەرەتاتکێکردن و سەرەتاکانی چامەی کوردی کە زۆربەیان بنەمایەکی درامایی لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن..))(٣). لەگەڵ ئەمەش شاعیرانی نوێ بەسوودوەرگرتن لە ئەدەبیاتی دەوروبەر و بێگانە، بە تایبەتیش لە تاقیکردنەوەی شیعری ئەوروپایی، توانییان بەرگێکی نوێ و شارستانیانە بەبەر شیعردا بکەن و هەموو ڕەگەزەکانی دراما بخەنە ناو بەرهەمە شیعرەکانیان وەک گۆران و شێخ نوری شێخ ساڵح و ڕەشید نەجیب و... تاد ((بەڵام لە مەیدانی درامادا عەبدوڵڵا گۆران بوو بە بەردی بناغە کە ئەدەبی کوردی پێ دەوڵەمەند بوو.. دوای (گۆران)یش چامەی درامایی کوردی زیاتر گەشەی کرد و گۆڕانی بەخۆیەوە

بینی شان بە شانی ئەدەبی جیهانی. گەلێک لە شاعیرانی هاوچەرخی کورد زیاتر بایەخیان بەم لایەنە دا و گەلێک شانۆگەریی شیعری و شیعری شانۆگەری و داستانە شیعر و بالادە شیعر و چامەی درامایی و بەکارهێنانی ئەفسانە و گەلێک تەکنیکی نوێ لە چامەی هاوچەرخی کوردیدا ماوەی ئەوەمان دەدات بڵێین، شیعری هاوچەرخی کوردی توانیویە شان بەشانی گەلانی دنیا هەنگاو بنێ و سوود لە تاقیکردنەوەی جیهان وەربگرێ..)[٤].

بێگومان شیعری کوردی هەر لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە پێی نایە قۆناعێکی نوێوە و سوودی لە زۆربەی هەرە زۆری ژانرەکانی دیکەی ئەدەب و هونەری سینەما و شانۆ و شێوەکاریش وەرگرت بە مەبەستی نوێکردنەوە و دەربڕین، یەکێکیش لەم شێواز و کەرەستانەی کە بۆ نوێخوازیی شیعری کوردی سوودی لێوەرگیرا بەکارهێنانی دراما بوو لە شیعر، بە بەکارهێنانی دەمەتەقێ و نواندن و پەرەسەندنی ڕووداو لەناو شیعردا بۆ بەرجەستەکردنی ڕووداوە پڕ لە چەرمەسەری و کێشمەکێشەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە جەنجاڵە و هەمیش بۆ دەربڕین و بە مەبەستی کوشتنی گیانی لیریکی شیعر و بە دەرخستنی ئیستاتیکای شیعر.

عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیریش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە هەر لە سەرەتای شیعر نووسینەوە شانبەشانی هاوەڵە شاعیرە نوێخوازەکانی دیکەی گوڕ و تینێکی دیکەیان خستە ناو کاروانی شیعری کوردی و توانیویانە لە دەیەی حەفتاکان بە دواوە هەریەکە خاوەن ڕێچکە و دەنگی خۆی بێت و شیعرەکانی بناسرێنەوە.. پەشێو بە زمانە ڕەوان و بێگەردەکەی، بە مۆسیقای شیعرەکانی، بە ڕیتم و ئیقاعی شیعرەکانی، بە ناوەڕۆکی شیعرەکانی کە لایەنگیری هەژار و لێقەوماوان و مرۆڤی ستەمدیدەی کوردە لە دەست ڕۆژگار و ڕژێمی داگیرکەرانی کورد و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و پابەندبوونی بە خاک و میللەتەکەی و سۆزی دڵداری و عیشقی پاکی و دڵسۆزی بۆ وشەی کوردی، شیعرەکانی لە ئاو و هەوایەکی پاکەوە پەروەردە دەبن و وەک شاعیرێکی خاوەن هەڵوێست و دۆز بەگژ هەموو گیانێکی دڕندە و ڕەش و شەیتانیدا

دەچێتەوە و لایەنگیری مرۆڤی چەوساوەی دنیا دەبێت و بەتایبەتیش مرۆڤی چەوساوەی میللەتەکەی، کە کارەساتەکانی ئەوەندە زۆرن شایەنی چنینی نەک هەر شێوەکانی پەشێو و تێهەڵکێشکردنی درامان لە شیعر، بەڵکو شایانی نووسینی سەدان ڕۆمان و چامەی درامایی و داستان و تۆماری مێژوویین.

ئەمانەش هەموو بوونە هۆی دروستبوونی کێشمەکێشی نێوان خێر و شەڕ و بەڕەنگاربوونەوە و دروستبوونی ڕووداو و دەمەتەقێ و پرسیار و دیالۆگ و نواندن و گێڕانەوە و کردار کە بێگومان ئەم بنەمایانەش لە شیعردا دروستکەری هێڵی درامایی شیعرن و دوورکەوتنەوەن لە لیریک، لەگەڵ ئەمەش لە نێو شیعرە لیریکییەکانی پەشێودا لەناو ڕستە و دەستەواژە و پەیڤەکاندا هەست بەم چنینە دراماییە دەکرێ، کە جارجارەش دیالۆگێکە لە نێوان خێر و شەڕ یا ڕەش و سپی یا نیشاندانی دوو حاڵەتی دژیەکن و دواییش بە بارێکدا دەشکێتەوە یاخود گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی کورتە.. ئەمانەش هەموو، یا زۆربەیان، ڕەگەزی بوونی درامایی بەخۆیانەوە هەڵدەگرن، ئەگەرچی هەندێک جاریش ئەم ڕەگەزانە ناچنە ناو دیالۆگ، بەڵکو لەناو ڕستە و دەربڕینەکاندا یا لە شیعرە کورتەکاندا وەک مەرجی کورتیلەچیرۆک هەست بەلێدانی ئەم زەربەیە دەکرێ یا لە کۆتاییدا شتێک لای خوێنەر جێدەهێڵێ یانیش هەندێک جار موفارەقەیەک دروست دەکەن یانیش پرسیارێک لە دوا جاردا دەدرێتە خوێنەر وەڵامەکە بۆ ئەو بە جێدەهێڵرێت یانیش هەڵوێست یا ڕووداوێکی مێژوویی دەبێتە مەبەستی دەربڕین و مەدلولێک بەخوێنەر دەبەخشن. جاری واش هەیە ئەو دیالۆگەی لە نێوان شاعیر و ناوەوەی خۆی دروست دەبێت بەسەر کەشی شیعرەکەدا خۆی دەسەپێنێ و دەبێتە دروستبوونی شێوەیەک لە شیعری درامایی و هەندێک جاریش شێوەی درامایی دیکە بەخۆوە دەبینێ.

لە شیعری (کودەتا)دا شاعیر لەگەڵ خۆشەویستەکەی گفتوگۆ دەکات و پێی دەڵێ، پێش خۆشەویستی، یا ناسینی ئەو، دنیا لەلای دەوارێکە تەنیا بۆ ئەو هەڵدراوە، بەڵکو خۆی وەک منداڵێکی خۆپەرستیش هاتۆتە بەرچاو، چونکە بە تەنیا ژیاوە و کەسی دیکەی شک نەبردووە، بەڵام دوای ناسینی ئەو یاساکان

هەموو گۆڕاون، ئەمەش نیشاندانی گۆڕانێکە و لە هەمان کاتیش گێڕانەوەی حاڵەتێکی خۆشەویستییە بۆ خوێنەر ئەگەرچی بە ڕاناوی کەسی دووەمی تاک قسە لەگەڵ کەسەکە دەکات و بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکیش چیرۆکی خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو کچە دەگێڕێتەوە و لە هەمان کاتیش بۆ خوێنەر خۆی گێڕەرەوەی ئەم چیرۆکەیە:

**پێش تۆ ناسین**
**منداڵێکی خۆپەرست بووم:**
**وام دەزانی،**
**ئاسمانی پان دەوارێکە،**
**تەنیا بۆ من هەڵدراوە.**
**زەوی دورگەی دوای تۆفانە،**
**جگە لە من، هیچ کەسێکی تیا نەماوە.**
**ئەوینی تۆ لە پڕ هات و**
**شوورە و قەڵامی خاپوور کرد،**
**ڕەنگەکانی هەموو گۆڕین**
**یاساکانی ژێر و ژوور کرد،**
**وای کرد دنیا**
**بۆ تەنیاییم وەک قەفەس بێ.**
**فێری کردم،**
**شەوان نیو سەرینم بەس بێ!**

شاعیر لە شیعری (فوتبۆڵ)دا چیرۆکی میللەتێکی ستەمدیدەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە میللەتی کوردە و چۆن لە گەمە و بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی، بە تایبەتیش لە کاتی شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤێتی جاران، وەک دوو قوتبی ئەم کێشمەکێشە و لەم یارییەی نێوانیان، کە شاعیر بە یاری فوتبوڵی داناوە، تۆپەکەی یاریی پێدەکەن سەری کوردستانە و گۆڵەکەشی خاکی

کوردستان و تەماشاکەری یارییەکەش ئەو دنیایە یا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە کە هیچ ئیرادەیەکی نییە و وەک تەماشاکەر سەیری ئەم یارییە دەکات! ئەمەش لەناو شیعرێکی کورتی شەش دێڕیدا داڕشتنێکی درامایی ئامێزە، چونکە:

**یەکەم:** شاعیر یارییەکی فوتبۆڵ دەکاتە هێما بۆ هەڵوێستی سیاسی خۆی کە نیشاندانی زوڵم لێکردنی میللەتەکەیەتی لەنێو دنیای پان و بەریندا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست چەوساندنەوەیدا کڕ و بێدەنگە و بۆتە قوربانی بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی و لە یاری شەڕی سارددا بۆتە نێچیر.

**دووەم:** گێڕانەوەی چیرۆکەکە لەسەر زمانی ئاژانسەکانی دەنگوباس.

**سێیەم:** گەیاندنی هەڵوێستی نیشتمانیی شاعیر بە دەرەوە و ناوە.

**چوارەم:** نیشاندانی سۆزی شاعیر لە نێو کەشێکی تراژیدیایی ئامێزدا.

ئەم شیعرەش ئەگەرچی کورتە و تەنها شەش دێڕە، بەڵام لە کاتی خوێندنەوەدا وەستان و تێڕامانێک لای خوێنەر جێدەهێڵێ و دەلالەتبەخشە و وەک کورتیلە چیرۆکێک بە شیعر نووسراوە:

**ئاژانسەکانی دەنگوباس ڕایانگەیاند:**
**یارییەکی فوتبۆڵ دەکرێ،**
**دوو تیپەکە: کرێمل و کۆشکی سپی.**
**تۆپ: سەری کورد.**
**گۆڵ: کوردستان.**
**تەماشاکەر: دنیای کڕی وەک گۆڕستان!**

لە شیعری (بۆ قەرەجێک)دا شاعیر دیالۆگ لەگەڵ قەرەجێکدا دەکات، کە ناولەپی بۆ دەخوێنێتەوە، بەڵام ئەو داوای پێشبینی خۆی و پاشەڕۆژی خێزانەکەی لێناکات، بەڵکو داوای ئەوەی لێدەکات ئاخۆ لە پێشبینیی ئەودا دەبێتە خاوەن وڵات، یانیش هەر بە دەربەدەری دەمێنێتەوە وەک ئەو قەرەجە؟!!

لەم شیعرەدا ڕەگەزەکانی دراما لەوەدا دەبینرێ کە:

**یەکەم:** شاعیر گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ قەرەجێکدا دەکات.

**دووەم:** گێڕانەوەی نیمچە چیرۆکێکە بە دیتنی قەرەجەکە و خوێندنەوەی ناولەپی و داوای پێشبینیکردنی دواڕۆژی وەک مرۆڤێکی بێ دەوڵەت و دەربەدەر!
**سێیەم:** گەیاندنی هەڵوێست و دەلالەتی سیاسییە بە خوێنەر.

ئەمەش ئەگەرچی شیعرەکە کورتە، بەڵام وەک کورتیلەچیرۆکێک ڕەگەزی درامایی بەخۆوە هەڵدەگرێ و لێدانی ئەو زەربەیەی تێدایە کە پێویستە لە کورتیلەچیرۆکدا هەبێت و لە هەمان کاتیشدا وەک هێما و دەلالەت مانا و مەبەست و جیهانبینی دەق بە خوێنەر دەبەخشێ:

**بەس تەماشای ناولەپم کە!**
**خۆ من نامەوێ پێم بڵێی،**
**دەبم بە باوکی چەند منداڵ،**
**زەنگین دەبم، یا هەروا لات...**
**تەنیا شتێکم پێ بڵێ:**
**هەتا ماوم وەک تۆ دەژیم،**
**یاخۆ دەبمە خاوەن وڵات؟!**

لە شیعری (پێلێنان)دا شاعیر بە لێپرسینەوەی جەلادێک دەست پێدەکا. لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەشیعرەکە، کە شاعیر ناوی نەهێناوە و وەڵامی جەلادەکەی دەداتەوە کە دان بەوەدا دەنێ تەنانەت سروشتی وڵاتەکەی و فڕندەکانی و بای گەرمێن و بەفری کوێستانی وڵاتەکەشی و بگرە ملیۆنان دیلی زیندانەکانی شار و گوندان لە وڵاتەکەی هەموویان لەگەڵ ئەودان، چونکە دیارە ئەو جەلادە کە داگیرکەرێکی وڵاتەکەیەتی و نوێنەری دەسەڵاتە سەپێنراوەکەی وڵاتەکەیەتی و پاڵەوانەکەش نموونەی مرۆڤی چەوسێنراوەی وڵاتێکە لەبەردەم ئەم دەسەڵاتەدا نەک مرۆڤەکانی بگرە سروشت و ئاو و هەوا و فڕندە و خاک و زەوی و هەموو شتێکی قەدەغە و دوژمن لە حاڵەتی دژ بە یەکن لەم ڕژێمەدا.. لێرەدا شاعیر زۆر بەجوانی ئەم کێشمەکێشە وێنە دەکێشێ و حاڵەتی دراماکە لە دوالیزمێکی دژەیەکیدا بەرجەستە دەکات کە یەکێکیان داگیرکەر و دەسەڵاتی

چەوسێنەرە و خۆی لە جەلادێکدا دەنوێنێ و شاعیر لەودا نیشانی دەدات و قوتبەکەی دیکەیش مرۆڤی چەوساوە و داروبەردی ولاتەکەی شاعیرە، کە بە تێڕوانینی قوتبەکەی دیکە دوژمنە و مانەوە و بەردەوامی خۆی لە چەوساندنەوەی پاڵەوانی چیرۆکە شیعرییەکەدا دەدۆزێتەوە. ئەنجامەکەیشی هەر سەرکەوتنی ئیرادەی میللەتە، چونکە شاعیر لە لێپرسینەوەکەدا بەرەیەکی گەورەی میللەت و خاک و سروشتی خاکەکەی لە پشتە:

**((کێت لەگەڵدایە، تەرەس؟))**
**((کێت لەگەڵدایە، سەگباب؟))**
**ئێستا دانی پیا دەنێم،**
**بەسە، لێم مەدە، جەناب:**
**ئاوی چەم و ڕووباران،**
**داری شیو و کەناران،**
**دڕندەی دەشت و شاخان،**
**فڕندەی ڕەز و باخان،**
**تەمی دۆڵ، کوچکی بەستان،**
**بای گەرمێن، بەفری کوێستان،**
**ملیۆنان دیلی زیندان،**
**زیندانی شار و گوندان،**
**ئەندامی شانەکەمن،**
**هەموویان لەگەڵ مندان!**

لەم دیوانە شیعرییەدا هەر ئەوەندە شیعرە دراما ئامێزنین، بەڵکو نموونەی دیکەیش هەن. بەلام ئێمە نموونە هەرە دیارەکانمان کردە نموونەی ئەم باسەمان، ئەگەرچی لە دیوانە شیعر و بەرهەمەکانی دیکەی پەشێو شیعری درامایی دیکە زۆرن، بەلام ئەم دیوانە شیعرەی (برووسکە چاندن)مان کردە نموونەیەکی شیعرەکانی پەشێو و دەشکرێ خەڵکانی دیکەیش خوێندنەوەی

جیاوازیـان هـەبێـت، بـەڵام ئـەوەی نکـوڵـی لێناکرێـت ئـەوەیـە کـە پـەشـێو لـەنـاو ڕۆمانسییەتی شیعرەکانی و کوردییە ڕەسەنەکەی و شەفافییەتی نووسینەکانی و لەناو لیریکییەتی خۆیدا توانیویەتی گەلێک لە شیعرەکانی بخاتە ناو بونیادی دەقێکی درامی و مەبەست و دەلالـەت و جیهانبینی و فـەلسەفـەی دەقـەکـەی بۆ خوێنەرانی شیعر ببەخشێ. ئەم پێشوازیکردنە جەماوەرییەش لە شیعرەکانی دیاردەی سەرکەوتنی شیعرەکانیەتی لە هەموو ئاستێکدا کە خوێنەری ئاسایی و دەسـتەبژێـر و ڕۆشـنبیرانیش لێـی وەردەگـرن و زۆربـەی شـیعرەکانیـشی پابەندبوونی شاعیرە بە میللەتەکەی خۆی.

پـەشـێو بـۆ دروسـتکردنی درامـای شـیعرەکـانی هونـەرمـەندانـە سـوود لـە ڕەگەزەکانی دراما وەردەگرێ و بە ئاسانیش دەریدەبڕێ. ئەگەرچی جاری وا هەیە ڕەگەزەکانی دراما یا نیشانەکانی بەڕووکەشی دەستنیشان نەکراوە، بەڵام لەناو ڕستە و مانای گشتی و دیالۆگ و کێشمەکێشی ناوەوەی دەقـەکـەدا وەک دەقـی درامائـامێز خۆیـان دەدەنـە خوێنـەر و لـە گوتـاری مانـادا بونیـادی دەقێک دروسـت دەکـەن کـە ئـەو ڕەگـەزە دراماییانـە ئیش بۆ دەلالـەت و ئیحـاو هێمـا و هۆشـیارکردنەوە و مانـای دەقـەکـان دەکـەن و لـە دواجـاردا شـتێک لای خوێنـەر جێدەهێڵن و لەهەمان کاتیشدا ئەم شیعرە درامائامێزانە لیریکییەتی شیعرەکانی کەم دەکەنەوە و پەیامی شاعیر دەبەخشن.

بەڕاستی پەشێو شاعیرێکی هونەرمـەند و وەسـتاو کارامـەیە لـە چنینی شیعردا و توانیویەتی تایبەتمەندییەک بۆ شیعرەکانی دروست بکات و بە ئاسانی وەک شێوازێکی جوان و ڕەوان لای خوێنەری زیرەک و ئاسایی وەربگیرێ.

---

(١)ولید خلاصی، قصیدتان: مشروع دراما، مجلة المعرفة، العدد (١٣٧)، تموز، یولیو، ١٩٧٣، ص٩٢.

(٢)سابیر ڕەشید، دراما و شیعر، پاشکۆی عیراق، ژمارە (٤٦)، ١٩٨٨/٨/٣، ل٥.

(٣)سابیر ڕەشید، سەرەتایەک دەربارەی چامەی درامایی کوردی، گۆڤاری (کاروان) ژمارە (١٧)، کانوونی دووەمی ١٩٨٩، ل٨٧.

(٤)هەمان سەرچاوە، ل ٩٨.

**سەرچاوە: گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٦٨).**

# خوێندنەوەی دوو شیعری (سەربازی ون) و (پێلێنان)ی عەبدوڵڵا پەشێو

سەعدوڵڵا نووری

نەمری و درێژمانەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی پەیوەندیی هەیە بە توانای بیر و لێکدانەوەی ئەو ئەدیب یا نووسەرەی کە نووسیویەتی. هەڵبەتە لە ئاستی ڕۆشنبیری و تێڕوانینی دووربینانەوە حاڵیبوون لە پێداویستییە گرنگ و درێژخایەنەکانی وڵات و نەتەوەش هۆیەکی یارمەتیدەری دیکەیە بۆ نووسەر کە بتوانێ زیاتر بە ناخی خۆی و گەلەکەیدا شۆڕبێتەوە و چاکتر شارەزای کونج و کەلەبەری ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی کەلەپوورو مێژووی میللەتەکەی بێت، کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە لایەنێکی کاریگەر لە سەر خولقاندنی دەقی زیندوو. بێگومان خولقاندنی ئەم جۆرە دەقانەش کارتێکردنێکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەخەنە سەر ڕادەی تێگەیشتنی فەرهەنگیی کۆمەڵ و دەبنە هاندەرێک بۆ جووڵانەوە و پێشکەوتنی ژیانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری.. هتد.

لەم ڕوانگەوە دەتوانم بڵێم مامۆستا (عەبدوڵڵا پەشێو) یەکێکە لەو شاعیرە داهێنەرە دەق زیندووانەی دونیای شیعری کە بوێرانە و لەخۆبردووانە قەڵەمەکەی لە پێناو داهێنانی نوێ و وێنەی شیعریی زیندوو خستۆتەکار، بۆ خۆشی دەڵێ: (من بۆ شیعر خولقاوم)[١] و (زۆرجار دنیای ناو خۆم بە

دەوڵـەمـەنتـر دەبیـنم، ئـەو ڕەنگانـەی کـاڵن هـەوڵ دەدەم جوانتریـان بکـەم، نەخشاندنی ژیان یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی شیعر و گەلێ پرسیار هەن تەنیا شیعر دەیان وروووژێنێ، گەلێک دەرگا هەن کە کلیلەکانیان لە گیرفانی شیعر دایە)[٢] کەوابێ با بە یەکێ لەو کلیلانە دەرگای چوونەژوورەوەی ناو جیهانی مانا و وێنەی شیعریی پەشێو بکەینەوە. لە ڕاستیدا، ئەوەی سەرنجی منیشی ڕاکێشاوە و بە پێویستم زانی لە سەری ڕابوەستم دوو شیعری زیندووی شاعیرە کە لێکدانەوە و خوێندنەوەیەکی تایبەتیم لە سەریان هەیە، واتە دوو شیعری ((سەربازی ون)) و ((پێڵێنان))[٣] کە من لێرەدا دەمەوێ بە چەشنێک لەم دوو وێنە شیعرییە بدوێم جیا لە هەر باسکردنێکی ڕووکەشانەی شیعری. بێشک لێدوان، یاخود شیکردنەوەی بابەتییانەی هەر دەقێکی ئەدەبی نووسراویش، کارێکە جۆرێک لە تێڕامان و لێوردبوونەوەی پێویستە!

## یەکەم: پێڵێنان

پێڵێنـان یـەکێکـە لـەم وێنـە تاڵـە ڕاسـتییانەی کـە دەربـڕی ئـازار و چەوساندنەوەی میللەتێکی لەسەر خاکی خۆی نامۆکراو نیشان دەدات. پەشێو لە ڕێگەی پەیڤ و دەقێکی شیعرییەوە، دوور لە ئاڵۆزی و سەرلێشێواندنی خوێنەر، چیرۆکێک دەخاتە ڕوو کە لە سەردەمی هەر داگیرکەرێک بەسەر وڵات و میللەتێکدا ڕوو دەدات. ئەو لە ململانێیەکی نابەرابەردا دەیەوێ ڕووی دزێوی دەستەڵاتێکی داسەپاو و خۆڕاگری و بەرخۆدانی نەتەوەیەکی بندەست بخاتە بەرچاوی ویژدانی دنیا (لێرەدا شاعیر زۆر بە جوانی ئەم کێشمەکێشە وێنە دەکێشێ و حاڵەتی دراماکە لە دوالیزمێکی دژواردا بەرجەستە دەکات، کە یەکێکیان داگیرکەرە و خۆی لە جەللادێکدا دەنوێنێ و قوتبەکەی دیکەیش مرۆڤی چەوساوە و دار و بەردی وڵاتەکەی شاعیرە کە بە تێڕوانینی قوتبەکەی دیکە دوژمنە و مانەوە و بەردەوامیی خۆی لە چەوساندنەوەی پاڵەوانی چیرۆکە شیعرییەکەدا دەدۆزێتەوە)[٤].

ئەگەر وای دابنێین (پێلێنان) دەقێکی شانۆییە و لە سەرتەختەی شانۆ نیشان دەدرێت (بڕواننە شیکردنەوە هێڵکارییەکەی پێلێنان) ئەوا:

**١- کارەکتەرەکان، کە بریتین لە:**

أ- جەناب (جەللاد)

ب - شاعیر (کەسی گیراو)

جـ - (ئاو – دار – بەرد – دڕندە – فڕندە – کوتک – گیا – بەفر – دیل).

کە هەر هەموو ئەوانە بە یەکەوە سروشتی وڵات پێک دێنن، کەسایەتی سێیەمی ناو دەقەکەن ئەگەر بێتو جەناب و کەسی گیراو وەکوو کارەکتەرانێکی پلە یەک ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن لە شیعرەکەدا ئەوا هەر لە (ئاوی چەم و ڕووباران) هەتا دەگاتە (زیندانی شار و گوندان) دەتوانن وەکوو کارەکتەرانێکی پلە دوو دەور بنوێنن، کەچی ئەگەر لە لایەکی دیکەوە تەماشای بکەین دەبینین هەر ئەو کارەکتەرانە فاکتەری سەرەکیی ڕووداوی ناو چیرۆکەکەن. خوێنەر لە سەرەتای شیعرەکەدا وای دێتە بەرچاو کە ((تاک)) ((گشت))ی لەگەڵدایە، واتا هەموو ئەوانەی کەسەگیراوەکە ناویان دەبات. کەچی، ئەگەر لە وێنەی ((گشت))ە کەش وردبینەوە دەبینین (تاک)ی سەرەتا بۆ خۆی یەکێکە لەو (گشت)ە. بە مانایەکی دیکە شاعیر، یا کەسە گیراوەکە، لە ڕاستیدا بۆخۆی ئەندامێکی ئەو شانەیە، کە لە وڵات و نەتەوەیەکدا بەرجەستە بووە.

**٢- شوێن:** بێگومان لێرەدا شوێن هەر بریتییە لە چوار دیواری ژوورێک.

**٣ - وەخت:** شەو یا ڕۆژە، لە زۆربەی ئەم جۆرە لێپرسینەوانەدا هەر شەوە.

**٤- گفتوگۆکردن:** بریتییە لە پرسیار و وەڵام لە نێوان "جەناب" و کەسی گیراو بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە ژێر باری هەڕەشە و تووڕەییدا، بەواتایەکی تر پەیوەندیی "جەناب" و کەسی گیراو پەیوەندییەکی توند و تیژە لە نێوان مرۆڤێکی دەستەڵاتدار و مرۆڤێکی بێدەستەڵات (هەڵبەتە، بێدەستەڵات بە مانای ئازادنەبوونە لە ڕووی جەستەییەوە، نەک لە ڕووی بیر و باوەڕەوە). هەروەها، لە قافیەی "پێلێنان"دا جۆرێک لە دەنگهەڵبڕین و هاوارکردنی توندی

تێدا بەدی دەکرێ، کە ئەوەش وەکوو پێویستییەکی بەرچاوە بۆ ئەم جۆرە ناوەڕۆکە شیعرییانە.

**٥- دیاری:** گەرچی "پێلێنان" ڕاستەوخۆ باسی هێنانی دیاریی تێدا نییە، بەڵام چاوەڕێکردن لە دوژمن جگە لە بەدیاریهێنانی مردن و وێرانکاری بۆ وڵات و نەتەوە، دەبێ چ شتێکی تر بێ؟!



**دووەم: سەربازی ون**

بە پێچەوانەی (پێلێنان)، "سەربازی ون" بریتییە لەو وێنە دڵخۆشکەر و ئیجابییانەی کە لە هەر نیشتمان و نەتەوەیەکی سەربەستدا بوونی خۆی دەسەلمێنێ و دیمەنێکی ڕوون و بەرچاوی هەر وڵاتێکی خاوەن بڕیار و قەوارەیەکی سیاسیی ئازادیشە، ئەگەر وەک دەقێکی شانۆیی (سەربازی ون)یش بهێنینە سەر تەختەی شانۆ و لێی بڕوانین (بڕوانە شیکردنەوە هێڵکارییەکەی سەربازی ون) دەبینین پێکهاتووە لە:

١) - کارەکتەرکان کەبریتییە لە:

ا- وەفد (وەک کارەکتەرێکی بە دەسەڵات)

ب- شاعیر (وەک کارەکتەرێکی بە دەسەڵات)

ج- (کەنار – سەکۆ – دەرگای (( ماڵ، کلێسە، ئەشکەوت )) بەرد – درەخت – سەرزەمین – ژێر ئاسمان)

هەر یەک لە وانە وەکوو شوێنێکن بۆ کەسایەتی سێیەمی ناو دەقەکە کە (سەربازی ون)ە. لە هەموو وڵاتانی دنیادا تەنها شوێنێک وەکوو ڕەمز بۆ گۆڕی سەربازی ون دیاریکراوە، کەچی دەبینین شاعیر لە وڵاتەکەی خۆیدا گەلێک شوێنی بۆ سەربازی ون دیاری کردووە ئەویش لەبەر ئەو هەموو شەهید و کوژراوە بێناوانەیە کە گیانیان لە پێناو خاک و نیشتماندا بەخت کردووە.

٢) - شوێن: پێچەوانەی پێلێنان، ڕووداوەکانی سەربازی ون لە دەرەوەدایە و شاعیر کەسایەتییەکی ئازادە لە گفتوگۆکردن و جووڵانەوەیدا.

٣) - وەخت: ڕۆژە، بێگومان هەموو مەراسیمێکی چوونە سەر گۆڕی سەربازی ون لە هەر وڵاتێکدا بێت هەمیشە لە ڕۆژدا ئەنجام دراوە و دەدرێت.

٤) گفتو گۆکردن: بریتییە لە گفتوگۆیەکی دۆستانە و هێمنانە لە نێوان وەفد و شاعیردا. دیتنی شوێن و نیشاندانی شوێن، هەر چەندە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەفدەکە وەڵامێکی دروستی دەست ناکەوێ بۆ ئەو پرسیارەی کردوویەتی، کە بریتییە لە پێزانینی گۆڕی سەربازی ون، کەچی بەلای شاعیرەوە نیشاندانی ئەو شوێنانە وەڵامێکی بەجێیە بۆ ئەو پرسیارەی لێی کراوە. هەروەک

لە پێشدا ئاماژەی پێکرا، هەر یەکێک لەو جێگایانەی ناویان هاتووە ڕەمزی گۆڕی سەربازی ونە. ئەگەر کەمێک سەرنجی قافیەی سەربازی ون بدەین، دەبینین زیاتر بەلای لە سەرخۆ قسەکردن و شێنەییدا دەڕوا، چونکە بابەتی شیعرەکە و مەبەستی وتوێژکردنی نێوان وەفد و شاعیر پێویست بە دەنگهەڵبڕین و هاوارکردن ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستی بە لەسەرخۆیی و لە یەکترگەیشتنێکی هێمنانە هەیە و توند و تیژی هیچ ڕۆڵێک نابینێت. هەروەها، جۆرە ڕێزگرتنێک لە "سەربازی ون"دا دەبینرێت کە لە "پێلێنان"دا ئەو ڕێزگرتنە نییە.

٥) دیاری: لەم شیعرەدا هێنانی دیاریی ڕاستەوخۆیە و بریتییە لە تاجە گوڵینەیەک بە دەست وەفدەکەوە، وەک ڕێز و خۆشەویستییەک بۆ شەهیدانی گەل لەسەر مەزاری سەربازی ونی دادەنێت!


سەربازی ون
وەخت
ڕۆژە
سەر
تەختەی شانۆ
شوێن
دەرەوەیە
دوو کارەکتەر
پەیوەندییەکی
دۆستانە
دەسەڵاتدار
شاعیر
وەفد
دەسەڵاتدار
نیشاندانی شوێن
ویستنی شوێن
گفتوگۆ
نیمچە وەڵام
گەیشتنە
شاعیر
ئامانج
لە کەناری هەر جۆگەیێ
هەتـــــا
لە ژێر هەر گەزە ئاسمانێ
گەیشتنە ئامانجێکی
وەفد
نیوە چل
هەموویان وەک شوێنێکن
بۆ سەربازی ون
نەک وەک کارەکتەرانێک
هەتا وڵات و نیشتمانی ئازاد هەبێت ئەم شانۆیە بەردەوامە

بۆ زیاتر تێگەیاندنی خوێنەر و ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بە پێویستم زانی ئاماژە بە چەند خاڵێکی تر بکەم:

١- **پێلێنان**: هیچ زەمەنێکی تێدا دیاری نەکراوە، هەرچەندە سەربازی ون زەمەنی (سبەی) داهاتووی تێدایە بەڵام ئەویش زەمەنەکەی ڕوون نییە ئایا (سبەی) نزیکە یان دوور؟!

٢- **پێلێنان**: بە بێ هیچ چەندوچوونێک ڕووداو تێیدا ڕوویداوە، بەڵام "سەربازی ون" گەرچی لە سەرەتادا ڕووداوی هەیە کەچی پاش کەمێک ڕووبەڕووی "ئەگەر" ێک دەبینەوە، کە وا لە ((ڕووداوەکە)) دەکا ڕووبدا یان نا. بە مانایەکی تر ((ئەگەر))ی هاتنی وەفد ، وەفد تووشی ئەگەری هاتن و نەهاتن دەکات.

٣- **لە "سەربازی ون"دا** ((وەفد)) ئامادەبوونێکی ناڕاستەوخۆی هەیە و لە زمانی شاعیرەوە بوونی وەفد بە دیار دەکەوێ، کەچی ((جەناب)) ئامادەبوونی ڕاستەوخۆی هەیە لە "پێلێنان"دا.

٤- **جەناب و وەفد**: هەردووکیان بە دوای وەڵامێکی ڕاستدا دەگەڕێن، بەڵام هەریەکەیان بۆ مەرام و مەبەستێکی جیاواز. بە شێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین، هەردوو کەسایەتییەکە دژ بە یەکن لە نییەت و هەڵسوکەوتکردن بەرامبەر بە هەریەک لە شاعیر و کەسە گیراوەکە، لە کۆتاییدا هیوادارم توانیبێتم بەم کورتە لێکدانەوەیە سوودێکم بە خوێنەرانی شیعری پەشێو گەیاندبێ!

## پەراوێزەکان

١) گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٤٨، ساڵی ٢٠٠٢، ل ٥١-٥٢

٢) گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٧٨، ساڵی ٢٠٠٢، ل ٨٢، - ٨١

٣) هەردوو پارچە شیعر لە کاسێتێک بە دەنگی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو وەرگیراون.

٤) گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٤٨، ساڵی ٢٠٠٢، ل ٨١- ٨٣

*سەرچاوە: گۆڤاری (سروە) ژمارە (٢٠٩).

# پەشێو لە ڕوانگەی
# کەسایەتی، هەڵوێست و شاعیرییەوە...

سەعدوڵڵا نووری

(١-٢)

هەر لەو ڕۆژەی زەوی بووە یەکەم جێژوانی ئەڤینداری و یەکەم پشکە خوێنیشی تێدا ڕژا، ململانێیەکی بێبڕانەوە هێلانەی دڵەڕاوکێ و گومانی لە دڵ و بیری بوونەوەرێکدا بە ناوی"مرۆڤ" دروستکرد. ئەو بوونەوەرە دوودڵی لەوەدا بوو ئاخۆ بۆی هەیە دەسکاریی ئەو چارەنووسە بکا کە بۆی دانراوە؟ گومانیشی لەو یەقینە بوو بتوانێ ڕۆژێ لە ڕۆژان تای تەرازووی کێشمەکێشەکە بەلای بەرژەوەندیی مرۆڤایەتییەکەیدا بدا.

لەمە زیاتر نامەوێ بچمە نێو وردەکارییەکانی ئەم بابەتەوە، چونکە ئەمە بابەتێکە و مرۆڤ بە درێژایی مێژوو کەم یا زۆر گەیشتۆتە چارەسەرێکی نیسبی بۆی. هەروەک دەزانین، گەلی کورد مێژوویەکی زیاتر لە دوو هەزار و حەوت سەد ساڵەی هەیە و لە سەرەتای ئەو مێژووەوە کۆمەڵگایەکی شارستانی و دەسەڵاتێکی حکوومەتی گەورەی بە دەستەوە بووە، کەچی هەر لە دوای لە بەینچوونی ئیمپراتۆرییەتی مادەکانەوە تا بە ئێستاکە دەگا، ئەم نەتەوە ستەمدیدە و نەسرەوتە جگە لە چەند دەسەڵاتێکی ناوچەیی و تەمەن کورت، دوژمنان و ناحەزانی نێوخۆ و دەرەوە لێ نەگەڕاون حوکمڕانییەکی سەرتاسەری و سەقامگیر بەڕێوە ببا. هەڵبەتە، زۆر هۆکار و بەربەست هەبوونە و هەن بۆ نەگەیشتنە دەسەڵات و کیانێکی کوردیی سەربەخۆ لەوانە: سەرکوت کردنی

بەردەوام، چەوسانەوەی نەتەوایەتی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتی و... دووبەرەکی و دابەشکردنی کوردستان بەسەر دەوڵەتانی ناوچەدا و....

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، گەلی کورد بەگشتی توانیویەتی خۆڕاگری و مانەوە لە خۆی نیشان بدا، بە تایبەتی لە بواری کەلتوور و زمان و فەرهەنگەوە. هەروەها، نەتوانەوە و نەچوونە ناو بۆتەی فەرهەنگی میللەتانی دەوروبەر یەکێکە لە شانازییە پڕ بایەخەکانی گەلی کورد، بە پێچەوانەی هەندێ گەلانی دنیا کە لەنێو فەرهەنگ و زمانی تردا تواونەتەوە. کەوا بوو، بۆمان هەیە پرسیارێک لە خۆمان بکەین و بڵێین: نهێنیی مانەوەی کەلتوور و زمانی کوردی چیە؟ لە بەرامبەر ئەو هەموو شاڵاوی سڕینەوە و داسەپاندنی بیرۆکەی فاشیزمانەی بە عەرەبکردن و بە توورککردن و بە فارسکردنەدا؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە و چەندین پرسیاری دیکەی لەم بارەوە، جێگای خۆیەتی ئاماژە بە ڕۆڵی ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیرانی نەتەوەکەمان بکەین لەو هەموو خزمەت و گیانی لەخۆبردوویی ئەو مرۆڤانە کە لە پێناو کەلتوور و ئەدەبیاتی کورددا بوویانە و بەبێ لەبەرچاو گرتنی ماندووبوون و چاوەڕێکردنی هیچ پاداشتێک درێژەیان بە کارەکانی خۆیان داوە و بوێرانە قۆڵی خەمخۆری و پەرۆشییان بۆ کەلتووری نەتەوە لێ هەڵماڵیوە، تا ئەو ڕۆژەش سەریان لە بەردی ئەلحەد کەوتووە و دەکەوێ قەڵەم و بیر و ئەندێشەیان لە بەرژەوەندیی گەلەکەیاندا بە کاربردووە و دەهێنن. بۆیە، ئەمڕۆ لەسەر هەریەک لە ئێمە، کە خۆی بە ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو دەزانێ، پێویستە بیرمەند و کەسانێکی خزمەتیان بە زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی کردووە و دەکەن ڕێزیان لێبگرین و بە نەوەی داهاتوویان بناسێنین و لە بەرهەم و بڵاوکراوەکانیان بکۆڵینەوە. بێگومان دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانین کەوا ئەو مرۆڤانەی ژیانی تایبەتی و گشتیی خۆیان قوربانی ئاوات و مەبەستە پیرۆزەکانی نیشتیمان و مرۆڤایەتی دەکەن وەک دڵۆپێ لە دەریا بێ وایە. زۆرن ئەوانەی ئیدیعای ئینسانی یا دڵسۆزی و دڵسووتاوی بۆ نەتەوەکەیان دەکەن، بەڵام لە بوار و زەمینەی کرداریدا، وەک ئەستێرەکانی بەرەبەری بەیانی، هێواش هێواش لەبەر چاوان ون دەبن و وجوودێکیان نامێنێ.

لێرەوە دەمەوێ باس لە مرۆڤێک بکەم کە هەست و بیرکردنەوەی، هەوڵ و تەقەلا و کارەکانی لە بەرژەوەندیی گەلەکەیدایە. بە نووسین و بە کردەوە خەمخۆری و پەرۆشی بۆ میللەت و ولاتەکەی سەلماندووە، ئەم مرۆڤە لێهاتووەش مامۆستا عەبدوڵلا پەشێوی شاعیرە.

پەشێو ساڵی ١٩٤٦ لە بنەماڵەیەکی ئایینی و لە گوندی "بێرکۆت"ی نزیک شاری هەولێر لەدایک بووە (ئەو گوندە ئێستا بووەتە بەشێک لە شاری هەولێر) باوکی مەلای گوندەکە بووە، بەلام بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە هەر زوو ماڵئاوایی لە دنیا دەکا، پەشێو دەڵێ: "مامەکانم هانیاندام بچمە بەر خوێندن، یەکەم جار چوومە قوتابخانەی "خالیدیە" بە عەرەبی دەمخوێند. دوابەدوای ئەوە خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی هەر لە هەولێر تەواو دەکا و ماوەیەک لە گوندی "کەندال"ی بناری قەرەچووغ دەبێ بە مامۆستا، ساڵی ١٩٦١ بۆ یەکەمجار دەست دەکا بە شیعر نووسین و یەکەم شیعری لە هەفتەنامەی "هەولێر"دا بلاو دەکاتەوە.

ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی دەکا بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە نێوەڕاستی شەستەکان بەولاوە دەبێتە بەرپرسی قوتابیان و کادیرێکی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان. هەر لەو سالانەدا دەست دەکا بە بلاوکردنەوەی شیعرەکانی و لە ڕۆژنامەی "الاخبار – دەنگ و باس" شیعر بلاو دەکاتەوە ئەم ڕۆژنامەیە ئەودەم هەفتانە لاپەڕەیەکی بۆ کوردی تەرخان کردبوو.

ساڵی ١٩٦٨ بۆ یەکەم جار لە بەغداد ئاشنایەتی لەگەڵ شێرکۆ بێکەسی شاعیر پەیدا دەکا و کە هەر ئەو کاتەش "بتی شکاو"ی بە چاپ گەیاندبوو، هەر لەو ساڵەدا بە یەکجاری واز لە حیزبایەتی دێنێت و بڕیار دەدا خزمەتی بیری "سەربەخۆییخوازی" بکا. لە پرسیارێکدا کە لێیان کردووە، ئاخۆ ئەوانەی کە ئەو سەردەمە ئازاریان دەدای کێ بوون؟ ئەویش لە ولامدا دەڵێ: (ئەوانەی پیاوی حکوومەتی مەرکەزی بوون دیارە خۆشیان نەدەویستم و وەک چەپەکانی ئەوسا بە نەتەوەپەرستێکی بیرتەسکی شۆڤێنییان دادەنام، لەم لاش لە حیزبەکەی خۆم کشابوومەوە و هەڤالانی دوێنێ لێم زویر بوون، لاکەی تری کوردایەتیش لەبەر

هەڵوێستی جارانم هێشتا دۆستایەتییان نەدەکردم، وەک "نێرکە کاردی" لەو ناوە هەڵتۆقیبووم! هەر یەکە و شتێکی لێم دەویست.

پەشێو لەو هەلومەرجە سایکۆلۆژییە دژوارەیدا تەنیا ڕێگایەک کە لەبەردەمیدا مابۆوە ڕوو کردنە هەندەران بوو:

**دەریان کردم**
**چونکە شیعرم،**
**مناڵێکی چەتوون ئاسا،**
**پلووکە بەردی هاوێشتە**
**ماڵی شووشەبەندی گەوران!**
**دەریان کردم**
**چونکە شیعرم هێڵی بەزاند:**
**لە ڕووی گەنجینەی دزراوا**
**گلۆپێکی**
**دە هەزار ڤۆڵتی داگیرساند!**

بۆیە ساڵی ١٩٧٣ بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن و خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی دەچێتە یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو. لەوێ، لە دانیشگای "مۆریس تۆرێز" کۆلێژی وەرگێڕان، بەشی زمانی ئینگلیزی و ڕووسی، تەواو دەکا. پاشان دوکتۆرا لە سەر ئەدەبیات وەردەگرێ. شایانی باسکردنە، تێزی دکتۆراکەی لەسەر شاعیری گەورەی کورد پیرەمێرد بووە.

پەشێو، جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی، زمانی ڕووسی، ئینگلیزی و ئالمانی زۆر باش دەزانێ و وەرگێڕدراوەکانی لەسەر پووشکین و ویتمەن بەڵگەی لێهاتوویی و بەتوانایی پەشێو نیشان دەدەن لە وەرگێڕاندا. هەر ئەو کاتەی لە دەرەوەی وڵاتدا دەبێ کۆمەڵە شیعری "شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم" لە ڕێی کاک محەمەدی مەلا کەریم ساڵی ١٩٨٠ لە بەغدا چاپ و بڵاو دەکاتەوە. پێش ئەم کۆمەڵە شیعرە، کۆمەڵە شیعرەکانی: "شەو نییە لێتان تووڕە نەبم"، "شەونامەی شاعیرێکی تێنوو"، "دوانزە وانە بۆ مندالآن" بڵاو دەکاتەوە.

لەم ساڵانەی دواییشدا لە هەندەران و لە کوردستان کۆمەڵە شیعری "برووسکە چاندن" و "بەرەو زەردەپەڕ" چاپ و بڵاو دەکاتەوە، هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا نامەی دوکتۆراکەی پەشێو لەسەر پیرەمێرد بوو. لەم بارەوە دەڵێ: "لەهەر کونجێکی کوردستانی گەورە بزاڤێکی ڕزگاریخوازی، یا کارەساتێکی زل، ڕووی دابێ، لە بەرهەمەکانی پیرەمێرددا ڕەنگی داوەتەوە. بەرز هەڵسەنگاندنی بزاڤەکەی شێخ سەعیدی پیران کاریگەریی زۆری لەسەر پیرەمێرد هەبووە و جوانترین شیعرەکانی خۆی بۆ شکستی بزاڤی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان گوتووە. هەندێ زانای ئازەربایجانی هەبوون لە بەشی ئەنیستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسی، ئەوانە زۆر لەگەڵ ئەوەدا بوون، کە کەمالیزم بزاڤێکی پێشکەوتنخوازانە بوو، چونکە یاخیبوون بوو دژی سیستمی فیۆداڵی، هەر بەو پێیەش هەر شتێ لە دژی ئاتاتورک با، سۆڤییەتییەکان بە شتێکی خراپیان دادەنا، یا بە بزاڤێکی سەر بە ئیمپریالیزمیان دادەنا، لەوانەش بزاڤی شێخ سەعیدی نەمر. ماوەی ٦ مانگ دوایان خستم، بۆ ئەوەی لەسەر شێخ سەعید نەکەمەوە، بەڵام هەندێ کەس یارمەتییان دام و لەسەرم وەدەنگ هاتن، بەتایبەتیش زانای گەورە قەناتی کوردۆ، هەروا بە هیممەتی مێژوونووسانی وەک لازاریف و حەسرەتیان، کە هاتن و بەرگرییەکی باشیان لێم کرد."

بە پێویستی دەزانم، وەک حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر، بە گوێی نەوەی داهاتووی کورد ڕابگەیێنم کە پەشێو هیچ ڕۆژانێک مەرەکەبی قەڵەمەکەی نەڕژایە سەر لاپەڕەی کاغەزی هیچ دەسەڵاتێکی خۆیی و غەیرەخۆیی. لە کاتێکدا زۆربەی ئەو قەڵەمانەی هەڵپەی ئەوەیان بوو سەما لەسەر ڕووپەڕی بڵاوکراوەکان بکەن، بە پێچەوانەوە، پەشێو دڵخۆشی هیچ داگیرکەرێکی نەدەدایەوە و ستراتیژییەتی هەڵوێستی لەسەر هیچ دروشمێکی بریقەداری بازاڕی ڕۆژانەی سیاسەتدا دانەدەڕێژت. ئەو، کە خۆشەویست و ئازیزی هەموو کەسێکە، ناتوانێ ئەو ڕێز و وەفادارییە بکاتە قوربانی دەسکەوتێکی بەرتەسکی شەخسی و خۆی لە جەماوەرێک نەبان بکا کە بەردەوام لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا (بەتایبەت کۆڕی شیعر خوێندنەوە) پشتی بەرنادەن و هاودەنگ لە گەڵیدا دەمێننەوە و بەتەنیا جێی ناهێڵن. ئەو بۆ خۆشی دان بەم ڕاستییەدا دەنێ و دەڵێ: "کابرایەکی وەک من، لە هەندێ ڕووەوە، خەڵک هەقی تەواویان داومەتێ. ئەگەر برینێکیش هەبێ، کە لە کۆڕەکاندا بە خوێنەر و گوێگرانی خۆم

شاد دەبم، یەکسەر سارێژ دەبێ، کەچی لەولاوە دەبینی یەک هۆی ڕاگەیاندنی کوردی باسی پەشێو ناکەن (تەعتیم)ی دەخەنە سەر. لەگەڵ ئەوەشدا، خۆم بە زوڵملێکراو نازانم، چونکە ئەوەی لە هەولێر و سلێمانی و ڕانیە و کۆیە و زانکۆ و شوێنی تر بینیم، دەڵێم، خۆزگە زیاترم بۆ ئەو خەڵکە بکردایە، کە شایانی زۆر زیاترن. من هەست بە پشتیوانی گەلەکەی خۆم دەکەم". ئا لێرەدا بە دیار دەکەوێ، کە پەشێو، بەهۆی پشت ئەستووری بە بەرەی جەماوەر و ڕێز لێنانی لە لایەن خەڵکی دڵسۆزەوە، منەتی هیچ لایەنێک و هیچ دەزگایەکی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی هەڵنەگرتووە. جا کە وابێ مرۆڤێک لە ناخی جەماوەرەکەیدا ڕیشەی ئەڤین و وەفادارییی داکوتابێ، چۆن دەتوانێ هەر چییەکی کە لە وجوودی دایە پێشکەشیان نەکا؟ لەبەر ئەوە، نابێ هەروا ڕووکەش و سەرپێیانە سەیری ئەو مەسەلەیە بکەین، چونکە ئەو دژەکرداره ئیجابییەی لە نێوان پەشێو و گوێگر، یاخود پەشێو و خوێنەردا هەیە، هەروا لە خۆڕایی و کارێکی جادوویی نییە، دەبێ لەو پەیوەندییە نهێنییە ڕۆحییە بگەین کە لە مابەینی (هەڵوێست، کەسایەتی، شاعیر)ی پەشێو و ویستی خەڵکدا هەیە کە بە بڕوای من پەیوەندییەکی زۆر ڕاستگۆیانەشە.

ئا لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە کە بۆچی خەڵکی کورد ئەوەندە ڕێز و خۆشەویستی بۆ پەشێو دادەنێن؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە پەشێو کوڕێکی جوانە، یان سەرمایەدارە، یان خاوەن دەسەڵاتە؟ نەخێر! لەبەر ئەوەی بیر و باوەڕەکەی و کاریگەریی هەڵبەستەکانی زۆرە! کەواتە نابێ ئەو پەیوەندییە فیکری و ڕۆحییەی کە هەیە وەک موعامەلەیەکی سیاسی دەستی سیاسەتمەدارەکان تەماشای بەکەین، بەڵکوو دەبێ بە لێکدانەوە و شیکارێکی سایکۆلۆژییانە بۆ ئەم بابەتە بڕوانین.

١- متمانە و پشتبەستنی بە خودی خۆی وەک مرۆڤێک و پاشگەز نەبوونەوە لە هیچ هەڵوێستێک کە وەریگرتووە. بڕوا بەخۆ بوون. یانی ئامادەیی لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە.

٢- ڕاستی و دروستی ئەو ڕێبازەی گرتوویەتییە بەر (تێزی دوکتۆراکەی)

٣- بەرزی ئاستی وشیاری و تێگەیشتنی بۆ پێداویستییەکانی نەتەوە و چۆنیەتی هەست پێکردنی دەردەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و قووڵبوونەوەی لە گرفت

و کێشەکان و بە هەند هەڵگرتنیان (تێگەیشتن لە سایکۆلۆژییەتی کۆمەڵگەی کوردی).

٤- توانای ڕاوەستانی لە بەرامبەر پەلاماری دڵەڕاوکێ و ترسدا

٥- لە خۆبردوویی و چاوەڕێ نەکردنی هیچ پاداشتێک.

٦- پتەوبوون و کاریگەریی کەسایەتییەکەی وای لە بەرامبەرەکەی کردووە ڕێزی تایبەتی بۆ دابنێن.

هەروەها، لەبەر ئەوەی ئەم مرۆڤە هەموو خەون و خۆزگە و ویست و دەغدەغەکانی ناخی بریتییە لە گەیشتنی نەتەوەکەی بە ژیانێکی بەختەوەر و سەربەرزانە. من چەند شتێک لە وجوودی پەشێودا دەبینم، کە لەوانەیە ئەم شتانە لە کەسانێکی دیکەدا بە دەگمەن بەدی بکرێ:

أ) پەشێو، وەک مرۆڤێکی خاوەن بیر و قەڵەمێکی یاخی، پەنجەی ناوە بە زەنگی دەرگای گەلێ بابەتی نەگوتراو نەوێراو. ئەو زۆر بە جورئەتەوە پەردە لەسەر ئەو کێشە و ناکۆکییانە هەڵدەداتەوە کە لە لایەن کەسانی ترەوە جێی ترس و بڤە بوون، یاخود وەک شتێکی موقەددەس باسکردنیان بە کوفر و گوناهێکی گەورە زانراوە، بۆ نموونە، ڕەخنە و باسکردن لە سیاسەتی چەوت و لاری سەرکردەکانی کورد.

ب) خەسڵەت و تایبەتمەندییەک کە لە کەسایەتیی پەشێودا هەیە یەکڕەنگی و یەکدەنگییە. پەشێو لەسەر بیروباوەڕێک خۆی پێگەیاند و درێژەی پێدا (بیری کوردایەتی). ئەوە لە وەختێکدا بوو، کە بیری چەپڕەوی، نەک هەر کوردستان و ناوچە، بەڵکوو تەواوی جیهانی میللەتانی ژێردەستی تەنیبۆوە. ئا لەو سەردەمەدا ئەو، وەک مرۆڤێکی دڵسۆز و بە تەنگەوەهاتووی نەتەوەکەی، هاتە مەیدانی بیری سەربەخۆییخوازی و کوردایەتییەوە، ئەوە لەکاتێکدا زۆر لە هاوتەمەن و هاوقەڵەمی ئەو هەر ڕۆژە لەسەر سفرەی بەرەیەک کۆڕی بیرکردنەوە و لێکدانەوەیان گەرم دەکرد.

ڕەنگە کەسانێک هەبن، لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، دید و بۆچوونی جیاوازیان لەسەر شاعیریەتی پەشێو یا کەسایەتی و هەڵوێستی ئەو هەبێ،

گومانی تێدا نییە هەر قەڵەمێ لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا برەو بەکاری نووسین بدا توانای داهێنان و خوڵقاندنی دەقی ئەدەبی یا هونەری، لەو قەڵەمانەی دەخزێنە کۆشی دەسەڵات و نیازە مادییەکانەوە زۆر زیاتر و پڕ بارترە. سەردەمی پەشێو گەلێ قەڵەم و شاعیر هاتنە مەیدانی ئەدەبەوە، بەڵام چەندانێکی کەم توانییان درێژە بە ڕێگا سەختەکە بدەن و ماندووبوون و بێزاری و چاوسوورکردنەوە و نائومێدی لە فەرهەنگی ئەدەبی و فیکری ئەو چەندەدا جێگایەکیان نەبوو. پەشێوی شاعیر ئەو دەنگە ناڕازییە، نەترسە بوو، کە هەر زوو جاڕی یاخیبوونی لێدا، یاخیبوون لە نەریت، لە دەسەڵات، لەو یاسا دواکەوتووانەی کە تا زەمانێکی دوور و درێژ و ئێستاش کۆمەڵگای کوردەواری بە دەستیانەوە دووچاری دژوارترین بارودۆخ بووە. خەمی میللەت، پەرش و بڵاوی، تیرە تیرە و لێک حاڵی نەبوونی کۆمەڵ ئازاریان دەدا، بۆ دەربڕینی ئەو ژان و حەسرەتە هەمیشە پەنای بۆ وشە و دێڕ و شیعر بردووە، تا هیچ نەبێ لە پەنای نووسینی شیعرێکدا کەمێ هەوری خەمەکانی بڕەوێنێ و ئارامییەک بە گیانە شەکەتەکەی بدا.

**لێم گەڕێن جارێک،**
**لە چەقی ڕێگە، بە ڕۆژی ڕووناک،**
**بێ فتوای مەلا و ئیزنی عەشیرەت،**
**لە ترس ڕەها، لە تانە بێباک**
**تێر ئاوێزانی کچە کوردێک بم**
**هەناسەی بۆنی نێرگزی لێ بێ،**
**بەری دەستیشی تام و بۆنی خاک.**

* سەرچاوە: گۆڤاری (مەهاباد)، ژمارە (٤١).

# پەشێو لە ڕوانگەی:
# کەسایەتی، هەڵوێست و شاعیرییەوە...

سەعدوڵڵا نووری

(٢-٢)

هەر یەکێ لە ئێمە ئەو ڕاستییە دەزانێ کە پەشێو دوژمنێکی سەرسەختی براکوژییە و هیچ کات خۆی پێ ڕانەگیراوە و ناتوانێ لە بەرامبەر ئەو هەموو کارە دزێو و ناحەزانەی شەڕی کوردکوژیدا بێدەنگ بێ و هەڵوێست وەرنەگرێ، بۆیە لە ڕێگای پەیڤ و دەقی شیعریدا بە گژ ئەم دیاردە ترسناک و گەلکوژییەدا دەچێتەوە و نەترسانە دەنگی ناڕەزایی و بێزاریی خۆی بە گوێی هەموو کوردێک و هەموو مرۆڤێکدا ڕادەگەیێنێ و هاوار دەکا:

**نەگبەتی بەرۆکی گرتووین:**
**لەملاوە دێ**
**گێژەڵووکەی لمی ئاران،**
**لەو لاوە دێ**
**تەرزە و برووسک، بەفر و باران.**
**دانەوەختێک... باڕۆڤەیە، ڕەشەبایە.**
**دانەوەختێک... گەرداوی تەڕی دەریایە.**
**کەچی ئێمەی سڕ هەتا ناخ**

**ئێمەی ڕووتتر لە تیشە شاخ**
**خوێنی یەکتر دەخۆینەوە**
**لەسەر کورتی و درێژیی مووی کلکی وڵاخ!**

ئـا لێرەدا پرسـیارێک هـەیە و لـەوانـەیە لـە لایـەن زۆر کـەسـەوە سـەری هـەڵدابێ، ئایا ئـەگـەر پـەشـێو هـەودای وابـەسـتـەیـی خـۆی و قـەڵـەمـەکـەی بـە دەسەڵاتێکەوە گرێ دابا هەمان ئەو پەشێوەی ئێستا دەبوو کە دەیبینین؟! ئایا دەیتوانی ئاوا ئازادانە و بێباکانە ڕاستییەکان بخاتە بەر چاوی جەماوەرەوە؟ من لەم بڕوایەدام نەیدەتوانی. بەڵگەشم بۆ ئەم ڕاستییە ڕووداوێکە کە ئەو لە سـەرەتـای ژیـانی نووسـینیدا تووشـی هـاتووە و دەڵـێ: "لـە بیرمـە لـە مـەخـموور ساڵێک بەڕێوەبەری ئاهەنگی نەورۆز بووم. گەلێکم شیعر بۆ ئازادیی کوردستان و سەربەخۆیی نەتەوەی کورد خوێندەوە، نەمدەزانی ئەو شتانەی کە دەیڵێم هی ئەو جێگەیە نییە کە من کاری تێدا دەکەم. کاسێتی ئاهەنگەکەیان بۆ مامۆستا مـەلا عـەولا ئیسماعیل نـاردبوو، کـە ئـەنـدامی مـەکتـەبی سیاسـی بـوو. بـانگی بارەگای کردم و گوتی: ئەو قسە قۆڕانە چین کردووتن؟ ئەوەی دەیڵێی قسەی کوردکوژەکانە! پاش مشتومڕێک چوومە دەرەوە و پرسیم ئەو کوردکوژانە کێن؟ گوتیان ئەوانە کاژیکن. ئەمە یەکەم جار بوو گوێم لە وشـەی کاژێک بێ. ئـەوجا زانیم ناونیشانم هەڵە کردووە. بۆیە وازم هێنا."

هەروەها دەبێ بە دوای وڵامی ئەو پرسیارەشدا بگەڕێین ئایا ئەو نهێنییە دەبێ چی بێ کەوا پەشێو چ وەک شاعیرێک، یا وەک کەسایەتییەکی خاوەن هەڵوێست، ڕازی نەبووە بچێتە ژێر ڕکێفی هیچ گرووپ و لایەنێکی سیاسییەوە و چ هێزێک لە ناخی کەسایەتیی ئەو مرۆڤەدا هەیە کە وای لێکردووە خۆی لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنێکی فیکریدا ببینێتەوە؟ ئۆپۆزیسیۆنێک کە هەتا لە هەمبەر دەسەڵاتە خۆییەکانیش دەنگی ناڕەزایی و دروشمی ڕەتکردنەوەی سیستەمی دیکتاتۆری بەرز کردۆتەوە.

من پێم وایە، هەڵوێستگرتنی ئەو لە بەرامبەر کێشەی نەتەوایەتی و نیشتمانی یەکێ لەو خاڵە بەهێزانە بێ، کە ئەوی ئاوا لەم شوێنە کۆمەڵایەتییە بەرزەدا داناوە و وای لە لایەنگران و ناحەزانی کردووە حیسابێکی ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ بکەن. هەروەها، کاریگەریی هەڵوێستەکانی کۆمەڵی کوردەواریی ناچار کردووە بە بیر و دیدێکی تایبەتی لێی بڕوانن. دەکرێ ئەم بۆچوونانە لە ڕێگەی قسە و وتەکانی خودی پەشێوەوە بسەلمێنین کە سەنەدێکی ئاشکرا و بەرچاوە. دەبا بە یەکەوە ئەو چەند ڕستەیەی خوارەوە بخوێنینەوە و ئینجا بزانین کەس هەیە لەگەڵیدا نەبێ و پشتیوانیی لێ نەکا: " ئێستا ڕەنگە بیری خۆم دەوڵەمەندتر کردبێ، دەزانم بۆچی ئەبێ کیانی نەتەوەییم هەبێ. بەبێ ئەوە " ئەو کیانە" کەرامەتی ئینسانیم پێشێل کراوە، بۆیە، هەموو شتێکی خۆیشم تەرخان دەکەم بۆ ئەو مەسەلە پیرۆزە، کە هەمان مەسەلەی پیرۆزی حەزرەتی خانی و حاجی قادری کۆییە. لە ناو گەلانی تر هەندێک شت هەیە هێڵی سوورە، خەتی سوورە نابێ لێی بپەڕییەوە، بەڵام لە لای ئێمە ئەم خەتە سوورە نییە. گەمسەخۆردیا، سەرکۆماری گورجستان، بە زۆربەی دەنگ بە سەرکۆمار هەڵبژێردرا، بەڵام کە شڤاردنادزێ ڕووی کردە تیفلیس و ویستی دەسەڵاتی لێ وەربگرێ، وەکوو نیشتمانپەروەرێک، وەکوو کوڕێکی نەتەوەکەی خۆی، کە بینیی گورجی گورجی دەکوژێ گوللەیەکی لە تەپڵی سەری خۆیدا و خۆی کوشت. بەڵام دەبینین سەرکردەی ئێمە، بۆ سەری خۆی، ئامادەیە هەموو میللەتی کورد و هەموو خاکی کوردستان لەناو ببا. باس لە هەڵەبجە و ئەنفال دەکرێ هیوادارم لە دوارۆژێکی نزیک یا دوور هەموو ئەوراقی ئەنفال و کوشتنی بارزانییەکان و هەڵەبجە بێتە گۆڕێ، بزانە تەنیا داگیرکەر تاوانبارە یا سوورەکانی بەر لەشکەریش؟! تاوانیان وەکوو یەکە و وەکوو یەکیش دەبێ ڕابکێشرێنە بەر دادگا. لە هەندێ جێگا ئێمە هەتا ئێستا نازانین ئاڵای نەتەوەییمان کامەیە، سەرکردەکان ئەوەشیان لێ قەدەغە کردین لەبەر خاتری دەوڵەتانی داگیرکەر."

پەشێو هەر وەک ئەوەی لە گەورەکان بێ هیوا بووبێ و ترووسکەی خۆزگە و ئومێد تەنها لە منداڵان و نەوەی داهاتوودا ببینێ، شیعر بۆ منداڵان دەنووسێ و وانەی خەبات و تێکۆشان، سەرکەوتن و هۆکاری شکستی نەتەوەی کورد، ڕاستگۆیانە بە منداڵانی کورد دەڵێتەوە:

**مناڵەکان!**
**لە ئاگردانی چاوتاندا**
**من چاوەڕێی زەردەشتێکم،**
**بێ، جێ بەو بتانە لەق کا.**
**من چاوەڕێی**
**چەخماخەی ئاڤێستایەکم**
**بێ، جەرگی تاریکی شەق کا!**

***  *  ***

**مناڵەکان**
**ئێمە تووشی سەد کوێرەڕێین..**
**چرای بیرمان گەلێک کزە،**
**هەنگاوی کوێرانە دەنێین!**

پەشێو شیعری "دوازە وانە بۆ منداڵان" بە خاڵی وەرچەرخانی خۆی دەزانێ، هەروەک دەڵێ: "پێم وایە ئەگەر ئەوەم بۆ منداڵان نەنووسیبا و لە کەرکووکیش نەمخوێندبایەوە و کە خوێندمەوەش ئەو بایەخەی پێ نەدرابا، چارەنووسی من، چ وەک مرۆڤ چ وەک شاعیر، شتێکی تر دەبوو!" هەر بە نیسبەت شاری کەرکووکەوە، پەشێو پێداگیری لەسەر ئەوە دەکا کە بە هیچ شێوەیەک نابێ لە کوردستانیبوونی ئەم شارە دوودڵ و بەگومان بین، چونکە: "کەرکووک بەشێکە لە تانوپۆی کوردستان و ئەگەر دانیشتووانی سەت لە سەتیش عەرەب و تورکمان بن هەر بە شارێکی کوردستانی دەمێنێتەوە. کێ دەتوانێ سەتان هەزار گەرمیانی شەهید و ئەنفالکراو لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان

ڕاست کاتەوە بۆ سەرژمێری و دەنگدان؟ زنجیرە چیای حەمرین هەمیشە سنووریکی سروشتی بووە بۆ لێککردنەوەی عێراق و وڵاتی کوردان."

لایەنگری و جەخت کردنەوەی پەشێو لەسەر بیری سەربەخۆییخوازی و هەڵکردنی ئاڵا هەروا داوایەکی ڕووکەشانە و ئیحساساتی نییە، بەڵکو ئەو ئەم فیکرەی لەسەر بیرکردنەوەیەکی پڕ لە قەناعەت و بڕوا هەڵچنیوە و دەزانێ ڕۆژێ دادێ کوردیش وەک هەر گەلێکی سەر ڕووی ئەم زەمینە ببێتە خاوەنی وڵات و ئاڵا. بڕوای ئەو تا ئەو جێگایەیە، کە ئامادەیە چەندین شتی پڕ بایەخ و گرنگ هەڕاج بکا لە پێناو پارچە پەڕۆیەکی سادە، کە هەڵکردن و شەکانەوەی ماهییەتی سەربەخۆیی خاک و نەتەوە دەگەیەنێ. ئەم بیرە لە شیعری "مەزاد"، "ئاڵا"، "چاوم تاریکە" زۆر بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە:

**وەرە ژوورەوە خۆشەویستەکەم،**<br>
**وەرە بن باڵم، بنوو دڵنیا.**<br>
**ئەوەی دەیدرووم یەکێ لە دووانە**<br>
**کفن، یا ئاڵای ترۆپکی چیا!**

لە لایەکی دیکەوە، خۆشەویستیی وڵات و نەتەوە وای لە شاعیر کردووە هەر چی لەم جیهانە بەرفراوانەدا هەیە و دێتە بەر دید و زەینی ئەو، بە بەشێک لە وڵاتەکەی خۆی دەزانێ. وێڵبوونی کلوەبەفرێک و بارینی لە شاری مۆسکۆ، توانەوەی ئەم کلوەبەفرە و بوونە ئاوەکەی ناسنامەی کوردستانیبوونییەتی بە لای شاعیرەوە. ئەم هەستکردنە لە شیعری "شەو نوێژی نامۆیان" چاکتر بە دیار دەکەوێ:

**کرێوە بوو، دنیا بوولێڵ**<br>
**لەپم کردە**<br>
**لانەی کلوەبەفرێکی وێڵ**<br>
**وەک ئاشقێک، تا توایەوە تێمڕوانی**<br>
**کە بوو بە ئاو ناسیمەوە:**

**لە کوردستان**

**دڵۆپێک بوو... لە ناو کانی!**

هەر وەک لە پێشدا باس کرا، پەشێو بیرو ڕاو لێکدانەوەکانی زیاتر لایەنی نەتەوایەتی و کوردستانی بە خۆوە گرتووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەو مرۆڤێکی نەژادپەرستە و بۆچوونێکی شۆڤینیستانەی هەیە. نەخێر، بەڵکوو ئەو ڕوانگەیەکی تەواو ئینسانی و مرۆڤدۆستانەی هەیە و حەز دەکا هەموو گەلانی بندەستی جیهان بە مافی مرۆیی و نیشتمانیی خۆیان بگەن، بەڵام شاعیر کە دەبینێ نە بۆ خۆی، نە نەتەوەکەی، ئازاد نییە، ناچارە زیاتر بیر لە نەهامەتییەکانی گەلەکەی بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک وترا، میللەتانی دیکەی فەرامۆش نەکردووە. لە شیعری " بۆ ئینتەرناسیونالیستێک"دا، کە بۆ هاوڕێی سلڤادۆریی خۆسێ ڕۆمیرۆسی نووسیوە، بە ڕوونی دیارە. هەروەها، لە شیعری "دەنگێک لە کوردستانەوە" ئاشکراتر ئەم بابەتە دێتە بەر چاو:

**سەرکۆنەم مەکە**
**منیش وەکوو تۆ گۆی زەویماڵمە**
**ئاسمانیش تافتەی کچی خەیاڵمە**
**وەک تۆ خواکردم**
**وەک تۆش دەمەوێ تا سەر خواکرد بم**
**بۆیە سەربەندی شیعرم هەر کوردە،**
**چونکە کوردم و ناهێڵن کورد بم!**

پەشێو توانیویەتی وردەکاریی ڕۆمانتیکی، شیکردنەوەی سایکۆلۆژی، ورد بوونەوە و سەرنجدان لە تەنگ و چەڵەمەی ژیان و دڵداری و بزووتنەوەی نەتەوایەتی بکا بە هەوێنی هەڵبەستەکانی. شایانی باس و لێدوانە کە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شیعری پەشێو وێنەی کورت و مانادار و زیندووە. هەمیشە لە درێژدادڕی و هێنانەوەی وێنە و دەربڕینی زیاد و ناپێویست خۆی بواردووە. ئەو

له خەمی ئەوەدایە دەقەکانی گیانێکی نەمریان وەبەردابێ و خوێنەر کاتێ دەیانخوێنێتەوە هەست بە گەرمی و ترپەی لێدانی دڵی شیعرەکان بکا. لە کورتە شیعری " گیرفان" دا زۆر وردبینانە تەعبیر لە گیرفانی تەمەن دەکا و کونبوونی ئەم گیرفانە ئەوەندە گەورە بە ئێمە نیشان دەدا، ساڵ بەو هەموو زۆری و گەورەییەی تێیدا گیر نابێ و دەکەوێتە خوارێ. چواندنی تەمەن بە گیرفان خۆی لە خۆیدا هونەر و داهێنانێکە کە پەشێو بیری لێکردۆتەوە:

**تا هەنووکە**

**وامدەزانی گیرفانی خۆم دەپارێزم:**

**زوو زوو پینەم لێیان دەدا و**

**قەت نەمدەهێشت کونیان تیا بێ**

**بێهوودە بوو**

**شەبەقی گیرفانی عومرم**

**نەک سات و ڕۆژ، تا ساڵیشی تیا گیر نابێ!**

ئەگەر چاو لە شیعری "پیری"ش بکەین دەبینین بە چ وێنەیەکی جوان و بە چ هاوکێشەیەک بەراورد لە نێوان تەمەنی لاوی و تەمەنی پیریدا دەکا، گەرچی من بۆ خۆم چوونە تەمەنەوە و پیری وەک دیاردەیەکی مەترسیدار هەست پێدەکەم، بەڵام وشەی پیری بە لای زۆربەی شاعیرانەوە ناچێتە ئەو چوارچێوە مانا باوەی کەوا خەڵک تێیدەگا و لێی حاڵی بووە، واتە پیری لە ڕووی جەستەییەوە. لە شیعری "گەنجی و پیری"دا شاعیر تووشی سەرسامی و حەپەساوی بووە لەوەی، کە ناتوانێ لێکیان جیا بکاتەوە، لە شیعری "تەمەن"دا شاعیر نەک هەر ئیعتراف بە پیری ناکا بەڵکوو لە سێبەری ئەڤین و خۆشەویستیدا وەک مناڵێکی تازە پێگرتوو خۆی دەبینێ و گڕوگاڵ دەکا:

**تا تۆم هەبێ، ئازیزم،**

**من چیم لە مانگ و ساڵە؟**

**هێشتا زەڕنەقووتە بووم**

**ڕیشی خەمم سپی بوو،**
**دەمگوت شادی مەحاڵە.**
**ئێستاش لە سای ئەڤینتا**
**وا بە کۆڵێ ساڵەوە**
**تازە پێڕەوکە دەبم، دەمم پڕ گڕوگاڵە!**

بۆ ئەوەی زیاتریش لە گەورەیی هەڵوێست و شاعیریی پەشێو بگەین وام بە باش زانی هەندێ لە ڕا و بۆچوونی نووسەر و ئەدیب و شاعیرانی کورد بهێنمەوە، کە دەربارەی عەبدوڵڵا پەشێو دەریانبڕیوە:

١- **پرۆفسۆر دوکتۆر مارف خەزنەدار:** پەشێو لە سەرەتای دەستپێکردنی شیعرییەوە بوو بە شاعیر. بە شاعیری لەدایک بوو. پەشێو شیعر بۆ ڕووداو نانووسێ بە پێچەوانەی ئەم تیۆرییە، ڕووداو دەکا بە شیعر. تاکە دەنگێکی شیعری بەرز بوو لەم چەند ساڵەی دوایی توانیی شیعری خۆی نەدۆڕێنێ، بەڵکوو ئازا و جوامێرانە لە بەردەم کاری ناڕەوای ئەم ڕێکخراوانەی ئێرە وەستا. شیعری "ماچ" و کۆمەڵە شیعری "براکوژی" گەواهی ئەم ڕاستییەن.

٢- **شاعیر شێرکۆ بێکەس:** عەبدوڵڵا پەشێو یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی کورد، هاوتەمەن و هاوجیلی یەکترین. پەشێو خۆی بە خۆی تەئسیرێکی گەورەی کردە سەر بەشێک لە شاعیران و بەهرەدارانی شاری هەولێر. دیوانەکانی دواییشی تا ئەوەی ئاخر کە من دیومە، هیچ وەختێک خاڵی نەبووە لە نما و جووڵەی جوانی شیعری کوردی.

٣- **پرۆفیسۆر شوکریە ڕەسووڵ:** جگە لەوەی خەڵکی شاری هەولێرە، بەڵام لە ڕاستیدا پەشێو شاعیرێکی کوردستانییە. ڕاستە پەشێو پەیوەندی بە هیچ حیزبێکی کوردستانییەوە نییە، بەڵام خوێنی کوردە و عەقڵی کوردە و هەڵوێستەکانی کوردە. باشترین بەڵگەشم بۆ ئەوە هەر چەندە ژنێکی ڕووسی هەیە، وەکوو بیستوومە لای کەسوکاری، فێری کوردییەکی جوانی کردووە و منداڵەکانی فێری کوردی کردووە ئەوەش دەلالەتی کوردایەتی پەشێوە.

٤- **دکتۆر ڕەشاد میران:** ئاشنایەتیم لەگەڵ کاک پەشێودا ئەو کاتە بوو کە هاوینی ساڵی ١٩٨٠ نامەیەکم بۆ نووسی بۆ ڕووسیا. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی خۆم بۆنارد، بەڵکوو کورسییەکی خوێندنی بالام لەوێ بۆ دابین بکا. ئەوەبوو بە نامەیەکی قەشەنگ وەڵامی دامەوە، خەبەری وەرگیرانمی پێ ڕاگەیاندم لە ئەنستیتووی ڕۆژهەڵاتناسیدا لە مۆسکۆ و هانیدام بە زووترین کات سەفەر بکەم. مانگی تشرینی هەمان ساڵ گەیشتمە مۆسکۆ و لە ڕێگەی کاک سەلاح عیساوە پەشێوم دۆزییەوە کە لە بەشی ناوخۆی ئەکادیمیای زانستی سۆڤییەتدا دەژیا. پەشێو، جگە لەوەی خوێندنی لە ڕووسیا بۆ ڕەخساندبووم، هەر لە ڕێگەی ئەویشەوە فێری زمانی ڕووسی و فێری کوردیش بووم.

٥- **شاعیر کەریم دەشتی:** پەشێو لە تێڕوانینی ڕەخنەیی زۆر جیاوازە لە شێرکۆ و لەتیف، کە وەڵامدانەوەی شیعری بوون و بەس. بەڵام پەشێو وەڵامدانەوەییێکی شیعری و زەرورەتێکی دیکەی شیعری بوو کە ئەویش وەڵامدانەوەییێکی ڕۆحییەتی ئەڤینی کوردی بوو. من کە وا باس لە پەشێو دەکەم حەز دەکەم بە ڕق لێم هەڵنەگرن، چونکە پەشێو ڕۆڵی گاندیی بینی لە بەنرخکردنی خۆی و دەنگی ئەراگۆنی نواند لە بانگەشەی ئازادی و ڕۆڵی "ئێلیۆت"ی بینی لە تازە کردنەوەدا! زۆر لەو گەمژەلانەی بە ناوی ئەوەی کە مارکسی بوون و حەرفێک لە مارکسییەت نەگەیشتوون ویستیان لە پەشێو کەم کەنەوە، بەڵام زەمەن سەلماندی کە پەشێو لە وان مارکسیتر بووە.

٦- **سەلاحەددین ئاشتی، نووسەر:** عەبدوڵڵا پەشێو شاعیری بۆنەیەکی تایبەت نییە، بەڵکوو شاعیری گەل و نیشتمانەکەیەتی، توانیویەتی لەنێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا جێی خۆی بکاتەوە.

٧- **ئیسماعیل بەرزنجیی شاعیر و ڕۆژنامەنووس:** پەشێو یەکێک لەو کەسانەیە بۆ ئێمەی هەولێری، مۆسیقا و جۆش و خرۆشی لە لا دروست کردووین، خۆشەویستی کچ و جوانیی ئافرەت و شاخ و گوڵ و فێری کوردایەتی و دروستبوونی هەڵوێستی کردووین، من دەڵێم، پەشێو یەکسانە بە هەولێر.

٨- **شاعیر ئەنوەر مەسیفی:** ئێمەی نەوەی دوای پەشێو بە شانازییەوە تەماشای شیعرەکانی دەکەین، هەندێ جاریش من خۆم شیعرەکانی دەخوێنمەوە و

ناتوانم ئەو جۆرە شیعرانە بنووسم. پەشێو یەکێکە لەو شاعیرە تاک و تەرایانەی کە وەکو شاعیرێکی جەماوەردۆست خۆی لە کتابی شیعری جەماوەر نووسی. ئەگەر مۆزەخانەیکی مەرمەڕی بۆ شاعیرانی کورد دروست بکرێ، دەبێ پەیکەری پەشێویش هەبێ وەک چۆن بۆ نالی و بابا تاهیر و... هتد دەبێ هەبن.

**٩- فوئاد محەممەد ئەمین چیرۆکنووس:** عەبدوڵڵا پەشێو ئەو نەفەسە درێژەیە کە توانیی کردار و شیعر ئاوێتەی یەکتر بکا و بەو دەنگە نێرە و بەو وشە جوانانە و بەو تەعبیرە قووڵانەوە شیعر بگەیەنێتە نێو هەموو ماڵێکی کوردەوە. شیعری کرد بە چەکێکی بەرگری لە بەرامبەر داگیرکەرانی کورد و وای لە دەسەڵاتدارانی کوردی کرد کە شیعری ئەم شیعرێکی خۆفرۆش و تاس و لووس نییە، خۆی جوان کا لە بەردەمیاندا و خۆی ئارایشت بکا تاکوو شوێنێک یا جێگایەکی بدەنێ و لێی بحەسێتەوە. پەشێو کە لە نامۆیی و هەندەرانیش بووە، خاک و ئەشکەوتەکانی کوردستان و پیرێژنەکانی کۆڵانەکانی هەولێر و کەرکووکی لە بیر نەچووە. بەڵێ، پەشێو پەشێو نییە بۆ پارە، پەشێو نییە بۆ برسێتی، بەڵکوو پەشێوە بۆ خاک و ئاو و سەربەخۆیی کورد.


**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

گۆڤاری ڕامان ، ژ( ٧٨ ) ، ٢٠٠٢ ١ -

٢ - گۆڤاری کاروان ، ژ(١٦٨ ) ، ٢٠٠٢

٣ - گۆڤاری چیا ، ژ( ٤ ) ، ١٣٨١

٤ - گۆڤاری ئاوێنە ، ژ(٢٦، ٢٧ ) ، ١٣٧٥

٥ - گۆڤاری سروە ، ژ(١٣٨ ) ، ١٣٧٦

٦ - گۆڤاری سروە ، ژ(٢٠٩ ) ، ١٣٨٢

٧ - هەفتەنامەی ئاویەر ، ژ(٩٦ ) ، ١٣٨١

٨ - هەفتەنامەی میدیا ، ژ(١٥٨ ) ، ٢٠٠٤

٩ - عەبدوڵڵا پەشێو-- برووسکە چاندن ، چاپی ٢ ، هەولێر، ٢٠٠١

١٠ - عەبدوڵڵا پەشێو-- بەرەوزەردەپەڕ ، چاپی ٢ ، هەولێر، ٢٠٠٢

١١ - کۆمەڵە شیعری بڵاوکراوەی براکوژی


* سەرچاوە: گۆڤاری(مەهاباد)، ژمارە (٤٢).

# سەمای شیعر لە بەستەڵەکی ژووروودا
# قسەکردنێک لەسەر شیعری
# (شەونوێژی نامۆیان)ی عەبدوڵڵا پەشێو

جەبار سابیر

مرۆڤ تێکەڵەیەکە لە سروشت و هەستی مرۆڤانەی خودی خۆی. سروشت کاردانەوەی سایکۆلۆژیی سەنگین لەسەر مرۆڤ دادەنێت، بەڕادەیەک کە سروشت کۆنترۆڵی هەموو بوون و کەینونەی مرۆڤی کردووە. ئەمەشە وا لە مرۆڤ دەکات زۆر گرێدراوی سروشت بێت، بەجۆرێک خۆی بکاتە قوربانی، وەک چۆن بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەمیشە مرۆڤەکان لەپێناوی زێد و نیشتمانی خۆیاندا جەنگاون و شەهید بوون و بەردەوامیش مرۆڤ ئەو ئامادەییەی زیاتر لا دروست دەبێت. لێرەدا هەردوو لایەنی جەستەیی و ڕۆحی مرۆڤ ئەم ئامادەییە دەسازێنن، چونکە مرۆڤ تا لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ئاوێتەی سروشت نەبێت ناتوانێ وەک جەستە بەناو ئەو سروشتەدا بگەڕێت و گەشت و سەیران سازکات و ناوچەیەکی کوێستانی بە دار و درەخت و گوڵ و گژوگیا ڕازاوە بکاتە شوێنی حەوانەوە و پشوودانی خۆی.

گەر بۆ کەسێکی ئاسایی نیشتمان تەنیا شوێنی ژیان و مردنێکی ئاسایی بێت، ئەوا، بۆ کەسێکی ئەندێشمەند و خاوەن پرۆژە و بەرنامە بۆ خزمەتی نیشتمان و کۆمەڵگەکەی، نیشتمان ماناو تێگەیشتنی زۆرترە و تەنیا بۆ مردن و

ژیانە ئاساییەکە نییە. ئەمەش لەوەوە هاتووە ئەو کەسە خاوەن هەستە دەیەوێت بەهرە لە ژیان وەرگرێت و نیشتمان لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ئاسوودەیی بداتە ئەم و ئەمیش، لەڕووی مادییەوە، وەک پرۆژە و پلانی پێشکەوتنخوازانە خزمەتی نیشتمان بکات. ڕەنگە بۆ شاعیر سەختترین مەسەلە دووری بێت لە نیشتمان و زێدی لەدایک بوون، چونکە شاعیران کەسانێکی هەستیارن و زیاتر سۆز بەسەریاندا زاڵە، هەمیشە لە گریانێکی بەردەوامدان بۆ مناڵی و نیشتمان. شاعیر دەڕوات و لەدوای خۆیەوە نیشتمان و مناڵی جێدەهێڵێ. ئا لێرەوە دەکرێت قسە لەسەر شیعرێک بکەین کە شاعیرێک نووسیویێتی زیاتر لە سی ساڵە ئاوارە و پەراگەندەیە و لە تاراوگە دەژی. هەر لە سەرەتای بەدواداچووندا ئەوەمان لا دروست دەبێت، کە شاعیر هەرچی بنووسێت ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر خۆشەویستیی نیشتمان و گەڕانەوە بۆ مناڵی و بۆ زەمینێک کە لێوەی هاتووە.

(شەونوێژی نامۆیان) ئەو شیعرەیە، کە دەمانەوێت لێی بدوێین. ئەم شیعرە خاوەنەکەی (عەبدوڵڵا پەشێو)ە و لە مۆسکۆ نووسراوە، کە ئەو کات شاعیر ماوەی چەند ساڵێکە لەو شارە دەژی. زەمەنی بڵاوبوونەوە و خوێندنەوەی لەلایەن خوێنەرەوە زۆر دواکەوتووە و، دوور لەهەر جۆرە موجامەلە و حەماسەتێک، دەکرێت وەک یەکێک لە شیعرە جوانەکانی کوردی لێی بڕوانین. دەکرێت ناونیشانی شیعر، یا هەر کارێکی تری ئەدەبی، کلیلێکی باش بێت بۆ کردنەوەی دەرگاکانی شیعر و دۆزینەوەی کۆدەکانی ئەو تێکستەی کە لێی دەدوێین. نوێژ لە کورتترین لێکدانەوە و شیکردنەوەیدا مانای نزیک بوونەوە لەو کەسە یاخود لەو شتەی کە دەتەوێت یادی کەیتەوە، چونکە دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت کە بۆ خۆی نوێژ یادکرنەوە و دواندنی کەسێک یا شتێک دەگەیەنێ. وەک چۆن لای ئیسلام ڕۆژی پێنج جار نوێژی فەرز مانای پێنج جار یادکردنەوە و دواندن و پاڕانەوەیە لە خودا، بۆ ئەوەی بیپارێزێت و یارمەتیی بدات و گەر کرا دوای مردنی بیخاتە ئەو بەهەشتەی خۆی بەڵێنی پێی داوە. بە نەبوونی ئەو شتانە لە کەسی موسوڵماندا لە هەموو ئەو شتانە بێبەش دەبێت کە پێشتر لێی

دواین، بۆیە لای شاعیریش هەروایە. گەر ڕۆژانە یادی نیشتمانەکەی نەکات و بەخەیاڵ و لە تەقسێکی سۆفییانەدا نەیدوێنێ ئەوکاتە نیشتمان باوەشی بۆ ناکاتەوە و لە یادەوەریی خۆیدا هەڵیناگرێت، کە هەموو هەوڵی ئینسانی نووسەر و شاعیر و ئەوانەی خۆیان بە بابەتێکەوە سەرقاڵ کردووە بۆ ئەوەیە لە یادەوەریی نیشتماندا بمێننەوە و ببنە بەشێک لە مێژووی نیشتمانەکەیان.

(شەونوێژی نامۆیان)، واتا ئەم شیعرە، کاریگەریی شەوی زیاتر بەسەرەوەیە ئەویش بەوەی کەسی تاراوگەنشین لە شەودا تەنیایی و نامۆیی زیاتر باڵی بەسەردا دەکێشێت. لە ڕۆژدا ئاپۆرای خەڵک و چوونە دەرەوە و گەڕان لە فەزایەکی فراوانتردا خەمی دووری نیشتمان و نەبوونی هاوڕێ و هاودەم لەبیر دەباتەوە، بەڵام هەر هێندەی شەو داهات و ئینسان بەرەو ماڵ گەڕایەوە ئیتر تەنیایی و نامۆیی و خەم و خەفەت یەخەی دەگرێت. ئیتر ئەمە لەهەر گۆشەیەکی دنیادا وایە تەنانەت لەناو ماڵ و نیشتمانی خۆشتدا هەروایە، بەڵام لە تاراوگە و دوور لە یار و نەیار ئەو وێنەیە تۆختر دەبێتەوە و ئینسانی شاعیر هەموو شەوێکی بە ساڵێک لێ دەڕوات.

لە ڕوانگەی (هیپۆلیت ئادۆڵف تاین)ەوە، قسەکردن لەسەر هەر کارێکی ئەدەبی دواجار قسەکردنیشە لەسەر خاوەنی بەرهەمەکە. ئەو دەڵێت (بۆ ئەوەی بەوردی و دروستی لە بەرهەمێکی ئەدەبی بگەین دەبێ هەم لە تێکست، هەمیش لە نووسەر بکۆڵدرێتەوە). بۆ ئێمە، پەشێو شاعیرێکە ڕۆچوو بەناخی نیشتمان و نەتەوەدا و تەواوی بەرهەمی ئەو پیاوە لاواندنەوەی نیشتمان و سروشت و خەڵکی نیشتمانەکەیەتی، بۆیە ئەوەندەی باسی شیعرەکە دەکەین دەکرێت باسی شاعیریش بکەین. ئەم شیعرەشی گریانێکی بەخوڕە بۆ نیشتمان، کە لێی دوورە و ئەمیش هەرچی شتێک ببینێت پێی وایە ڕیشەکەی لە نیشتمانی خۆیدایە. ئەوکاتەی ئەم شیعرە نووسراوە (١٩٧٩) چەند ساڵێکە شۆڕشی کورد نوشوستی هێناوە، تازە لە سەرەتای دەسپێکی شۆڕشێکی تردایە. واتا ئەودەمە کورد بە سەختترین قۆناغدا تێدەپەڕی، شاعیریش، بەهۆی نەبوونی هۆکانی پەیوەندییەوە، بەدەگمەن هەواڵی پێدەگەیشت و دەیتوانی هەواڵی خۆی بنێرێ.

لێرەشەوە تاکە پەناگەی ئارام بۆ شاعیر شیعرە و لەڕێگەی شیعرەوە خۆی لەو سۆز و هەستە خاڵی دەکاتەوە کە بۆ نیشتمان هەیەتی. واتا لە نەبوونی کەسی دووەمدا ئەم شیعر دەکاتە کەس و قسەی خۆی بۆ دەکات. شیعریش وەک هەمیشە بەدەنگییەوە دەچێت و لە توێی وشە و دێڕەکانیدا هەست و نەستی ئەمی شاعیر تۆمار دەکات و بەدرێژایی سەردەمەکان هەڵیدەگرێت.

**لەهەر جێیەک چیا ببینم**
**دڵم،**
**وەک لە ژوانی یەکەممدا،**
**دادەخورپێ، ڕادەچڵەکێ،**
**سەرسام دەوەستم لە بنیا...**
**وا تێدەگەم،**
**لە چیای منڕا دەست پێ دەکەن**
**چیایەکانی هەموو دنیا!**

دەکرێ سەرەتا لە خورپەوە دەست پێبکەین کە حاڵەتێکی زۆر دەگمەنە و زیاتر کەسێک باوەڕی پێیەتی کە زۆر عەشقی شتێک یا مەسەلەیەک بێت وەک لایەنێکی سۆفیگەری یان عارفانە باوەڕی تەواوی پێی هەبێت. پەشێویش ئەوەندە لە یادەوەری نیشتمان و سروشتی نیشتمانەکەیدا دەژی بەبینینی چیا و کانی کە دوو سمبوڵی مانەوە و جوانیی نیشتیمانەکەی خۆیین دڵەخورپەی پێدەکەوێت. کورد و چیا پەیوەندییەکی ڕۆحییان پێکەوە هەیە، بەجۆرێک کورد مانەوەی خۆی دەبەستێتەوە بە بوونی چیاکانەوە، پێشی وایە تا چیا بمێنێ کوردیش دەمێنێ. هەزاران ساڵە بەهۆی چیاکانەوە کورد خۆی لەبەردەم هێرشی داگیرکەران و دوژمنانیدا ڕاگرتووە و بەردەوام لەکاتی لێقەومان و هەڵاتندا چیاکان سنگی ڕەقیان بۆ کورد بۆتە باوەشێکی نەرم و ئاوەڵا و داڵدەی کوردیان داوە. هەر ئەمەشە وای لە کورد کردووە کە تەنیا چیاکان بەهاوڕێ و پشتیوانی خۆی بزانێت. ئەمە لای بیانییەکانیش سەلماوە. یەکێک لەو

ڕۆژنامەنووسانەی سەردانی ناوچەکەمانی کردووە و لەسەر کوردی نووسیوە، وتوویە، کورد جگە لە چیاکان پشتیوانی تری نییە و تەنیا چیاکان هاوڕێی کوردن. ئەوان (ڕۆژنامەنووسانی بیانی) لە نووسینی خۆیاندا دەڵێن لە هەر کوێ چیا دەستی پێکرد کوردستانە و کوردەکان ئامادەن خوێنی خۆیانی لەپێناودا بڕێژن، بۆیە ئاساییە کورد هەمیشە بەبینینی چیا خۆشحاڵ و شاگەشکە بێت.

ئاینەکان گرنگییەکی زۆریان بە ئاو داوە لە ژیانی ئینساندا، بە ڕادەیەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (وجعلنا من الماء کل شیء حي) واتا هەموو شتێک لە ئاو دروستبووە، بەخودی ئینسانیشەوە. دواتر زانستیش سەلماندوویەتی، کە جەستەی ئینسان چەندە پێویستی بەخوێنە ئەوەندەش پێویستی بە ئاوە و هەر ئاویش پێکهێنەرێکی سەرەکیی جەستەی ئینسانە. گەر بچینەوە سەر ئەو قسە نەستەقەی کورد کە دەڵێ: "ئاو و ئاوەدانی" ئەوە تێدەگەین کە هەر ئاوەدانییەک بەبێ ئاو هیچ ناگەیەنێ، یان، بە مانایەکی تر، بێ بوونی سەرچاوەیەکی ئاو ئاوەدانی دروست نابێت، چونکە هەمیشە مانەوەی ئینسان بە ئاوەوە بەندە و کوردیش بەهۆی ئاوێتەبوونی لەگەڵ سروشتدا زۆر گرێدراوی ئاو و سەرچاوەکانی ئاوە. سەرباری ئەوەش، کوردستان زیاتر ناوچەیەکی کوێستانییە و سەرچاوەی ئاوی زۆرە. ئەمە ڕەنگە هەر بۆ کورد وانەبێت، بەڵکو شتێکی سەراپاگیرە و ئینسان هەمووی وایە. هەر سەیرانگەیەک ئاوی لێ نەبێت نابێتە سەیرانگە و کەس ڕووی تێناکات. بەڵام گرفتی کورد هەر ئەوە نییە بە تەنیا، بەڵکو ئەوەشە، کە لەئاوی کانیدا پاکی و بێگەردی دەبینێتەوە و پێی وایە ئەوە تەنیا ئاوی کانییە دەتوانێ تینوێتی ئینسان بشکێنێ.

ئەمی شاعیریش ئەوەندە گرێدراوی نیشتمانەکەیەتی کە هەر ئاوێک ببینێ، بێ گوێدانە ئەتەکێت و ڕەچاوکردنی دابونەریتی مۆسکۆ، وەک خۆی دەڵێ بینی پێوە دەنێ، بین پێوەنانیش حاڵەتێکی سادە و ساکاری خەڵکی گوندنشینە کە لەسەر کانییەکە ڕادەکشێ و دەم بە ڕووی ئاوەکەوە دەنێ و تا تینوێتی دەشکێ ئاو دەخواتەوە. لێرەدا دەکرێ ئەوە ببینینەوە لە پەشێودا، کە پێمان دەڵێت من

هەر کوڕە سادە و ساکارەکەی (بێرکۆت)م و لەخۆم نەگۆڕاوم. ئەو پێی وایە ڕیشەی ئەم ئاوە گەر لە کوردستانیش نەبێت ئەوا شیرناوەکەیان لە سەرچاوەی ئاوەکانی نیشتمانەکەیەوە دێ:

**لە هەر کوێ کانی ببینم**

**دڵم،**

**وەک لە ژوانی یەکەممدا،**

**دادەخورپێ،**

**ڕادەچڵەکێ،**

**پێش ئەوەی بینی پێوەنێم،**

**لەبەر دەمیا بەهێمنی چۆک دادەدەم،**

**قەوزەی سەری**

**وەک شابسکی شۆڕە ژنێک شانە دەکەم،**

**چونکە من وام بەبیردا دێ،**

**کە شیرناوی گشت کانییەکان**

**لە نیشتمانی منڕا دێ!**

گەر وردتر لەم وێنە شیعرییە کورتە بڕوانین ئەوسا پەی بە ناسکی شیعرەکە و سەلیقەی شاعیرەکە دەبەین لەوەی چۆن بابەتەکان لەیەکتر نزیک دەخاتەوە و بۆ خاڵی هاوبەشیان دەگەڕێت. کانی، یاخود ئاو، هۆی بەردەوامیی ژیانە. ئینسان ڕەنگە بتوانێت دەستبەرداری هەموو ئەو شتانە بێت کە لە سروشتدا هەن، ئیتر خواردەمەنی بێت یاخود شلەمەنی، ئەتوانێ گۆشت نەخوا وەک چۆن ئێستا دەیان دەستە و گروپ هەن بوونەتە ڕووەکی و وازیان لە خواردنی گۆشت و چەورییەکان هێناوە، هەیە هیچ شلەمەنی و شەربەتێک ناخوا، بەڵام کەس ناتوانێ واز لە خواردنەوەی ئاو بێنێت و ئاو نەخواتەوە. لێرەوە ئەوەمان دەستدەکەوێ کە ئینسان بێ ئاو هەڵناکات، واتا ئاو بەردەوامی دەدات بەژیانی زیندەوەران، کە ئینسان سەروەرییانە. دواتر قەوزەی سەر کانییەکە بە شابسکی ژن دەچوێنێ، واتا کانی و ژن لای پەشێو دەبنە یەک و بەردەوامی بەژیانی ئەم دەدەن. ژنیش، وەک کانی، هۆی بەردەوامی و مانەوەی

ژیانی ئینسانە بەتایبەت بۆ پیاو، کە هەرگیز بێ ژن هەڵناکات و لەدوای ئاو تینوێتیی پیاو ژن دەیشکێنێ.

سادەیی لە وشە و ڕستەدا، قووڵی لە ڕوانین و ناوەڕۆکدا، پایەیەکی سەرەکیی سەرکەوتنی هەر شاعیرێک پێکدەهێنێ. تەمومژ خوێنەر لەهەر نووسینێک دوور دەخاتەوە، چ جای ئەو نووسینە شیعر بێت، کە شیعر بۆخۆی جەماوەریترین ژانری ئەدەبییە و خەڵکی سادەو خەڵکی نوخبەش دەیخوێننەوە و هەریەکە و بەجۆرێک چێژی لێوەردەگرن. پەشێو هەر لەسەرەتاوە تا دەمی ئەمڕۆش بەسادەیی دواوە و ئەو سادەییەش ئەوی گەیاندۆتە ئەو پایەیەی ئێستا لە شیعری کوردیدا هەیەتی. فرناندۆ دی سوسور پێیوایە (قسەی شاعیر لە سیستمێکی نیشانەیی جیاواز لەگەڵ سیستمی بەکارهێنراوی ئاخێوەرێکی ئاساییەوە سەرچاوە دەگرێ). واتا ئەوەی شاعیر دەیڵێ ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە سەر وتنەکانی کەسێکی ئاسایی، هەمان قسەی کەسێکی ئاساییە، بەڵام بەجۆرێکی تر و جیاواز لە گرامەر و ڕێسا زمانییەکانی کەسی ئاسایی، چونکە دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێ، کە شیعر ملکەچی گرامەر نابێت، بەڵکو گرامەر و زمان بەگشتی ملکەچی شیعرن و لە کانیی شیعر ئاو دەخۆنەوە. زۆر وشە لە زمانی ئاخاوتنی خەڵکدا بیردەچنەوە، بەڵام جارێکی تر شاعیر دەیانهێنێتەوە نێو زمان.

**سەرمای گەلێک شارانم دی،**

**بەڵام پەنجەم لەگۆ نەچوون،**

**چونکە سەرمای هەموو جێیەک**

**تیشکێک ڕۆژی نیشتمانی منی تیایە.**

**گەرمای گەلێک شارانم دی،**

**بەڵام گیانم وەڕس نەبوو،**

**چونکە گەرمای هەموو جێیەک**

**سروەیەکی نیشتمانی منی تیایە.**

سروشتی ئینسان وایە بەگەرمای زۆر و سەرمای سەختیش هەراسان دەبێت، بەڵام ڕەنگە بۆ ئینسانی عاشق سەرما و گەرماش کاریگەری نەبێت، چونکە عەشق ئینسان دەکاتە دەروێش و وای لێدەکات تەحەمولی هەر ئازار و

دەردەسەرییەک بکات. پەشێویش عاشقی نیشتمانە و هەست بە سەرمای بەستەڵەکی ژووروو و گەرمای هەندێک ناوچەی تر ناکات، کە پێشتر لێی ماوەتەوە و تێیدا ژیاوە. ئەمەش لەوەوە هاتووە، کە شاعیر وا هەست دەکات سەرما و گەرمای ئەو شوێنانەش تیشکی ڕۆژ و سروەکەی نیشتمانەکەی خۆی تێدایە کە کوردستانە. کوردستان، وەک لایەنی سروشتی، وڵاتێکە هەر چوار وەرزەکەی ساڵی تێدا دروست دەبێت، بۆیە خەڵکەکەی هەم بە سەرما و هەم بە گەرماکەشی ڕادێن، بەڵام شارێکی وەکو مۆسکۆ، کە ئەم شیعرەی تێدا نوسراوە، ساڵ دوازدەی مانگ بەفر و کرێوەیە، کە ڕەنگە بۆ ئینسانێکی ڕۆژهەڵاتی زۆری بوێت تا لەگەڵ ئەو بەستەڵەکەدا هەڵبکات.

لای سوکرات (چاو چرای لەشە). لەش، یا جەستە، ئەشکەوتێکی تاریکە و چاو ڕووناکی دەکاتەوە. بەگشتی جەستەی ئینسان چاو تەواوکەریەتی. ئینسان ڕەنگە بتوانێ بێ دەست و قاچ درێژە بە ژیان بدات و چێژ لە ژیان وەرگرێت، بەڵام بەبێ چاو ئینسان ژیانی بەزەحمەت لێدەگوزەرێ و چێژیش لە ژیان وەرناگرێت. سەرباری ئەوەش، چاو سەرنجڕاکێشترین بەشی جەستەی ئینسانە. وەک چۆن ئینسان لە چاوەوە دەبینێ، بەهەمان شێوەش لە چاویشەوە دەبینرێ. هەمیشە گەر کچێک بییەوێ لە کوڕێک بڕوانێ سەیری چاوی دەکات. بۆ کوڕیش هەروایە. بەر لەهەرشتێک چاوی کچەکە دەبێتە جێگەی سەرنجی. هەر چاویش جوانیی ئینسان دیاری دەکات. وەسفی ئینسانیش بەبێ ناوهێنانی چاو هیچ ناگەیەنێت و ناگاتە تەواوگۆیی. چاویش ڕەنگی ڕەش و شین و سەوز و قاوەییشی هەیە کە زۆرجار بەهەنگوینی ناوی دەبەن. لە ناوچە ساردەکاندا چاوشین و سەوز زۆرن و بەدەگمەن چاوی قاوەیی و ڕەش دەبینرێت. بە پێچەوانەشەوە، لە ناوچە گەرمەکانی وەک وڵاتی خۆمان چاوی شین و سەوز کەمە و دەبێتە جێی سەرنج.

**چاوی کیژی ئەورووپایی**

**گەر شینش بێ - خۆشم دەوێ**

**گەر سەوزیش بێ - خۆشم دەوێ**

**وا تێدەگەم:**

**شینترین چاو،**

**سەوزترین چاو**
**لەم دنیایە،**
**تۆزێک ڕەشیی**
**چاوی کچی**
**نیشتمانی منی تیایە**

لە ڕوانگەی زانستەوە سۆمای چاو، یان بینایی، لە دوو ئاوی ڕەش و سپی پێکهاتووە. بە نەمانی، یان کەمبوونەوەی هەر یەکێکیان، چاوی ئینسان تووشی گرفت دەبێ. سەرباری ئەوەش، لەهەر چاوێکی سەوز و شینیشدا ئەو دوو ئاوە هەر هەن و لێرەشەوە ئەو دەربڕینەی پەشێو دەچێتەوە سەر لێکدانەوە زانستییەکە، کاتێک پێیوایە لە هەر چاوێکی سەوز یا شیندا تۆزێک ڕەشی چاوی کچی نیشتمانەکەی ئەمی تێدایە. لە سەرەتای نووسینەکەدا وتمان ئەو ساڵەی ئەم شیعرەی تێدا نووسراوە بۆ کورد زۆر سەخت بووە. ئەمی شاعیری ئاوارەش جەستەی لەوێ و ڕۆحی لێرە بووە، بۆیە بەهیچ شتێکی ئەوێ ڕانایێت و هەمیشە خەیاڵی دەیهێنێتەوە بۆ ئەمێندەر، پێیوایە چیاکانی هەموو دنیا لێرەوە دەست پێدەکەن و ئاوی کانیاوەکانی هەموو دنیا لە کانیاوەکانی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێن و سەرما و گەرمای هەموو دنیاش ڕیشەکەی لێرەوەیە. دواتر، بۆیە کچە چاوشین و سەوزەکانی مۆسکۆشی خۆشدەوێ، چونکە تۆزێک ڕەشیی چاوی کچانی کوردستانەکەی خۆی لە چاوی ئەواندایە. ئەمە ڕەنگە لای هەندێک وەک مەیلێکی شۆڤێنیستی لێکبدرێتەوە بەوەی سەرچاوەی هەموو شتەکان بۆ کوردستانەکەی خۆی دەگێڕێتەوە، بەڵام بۆ شاعیرێک کە هێندە گرێدراوی وڵاتەکەی خۆی بێت دەبێت هەروابێ.

هەموو هەوڵی پەشێو لەم شیعرەدا بەرهەمهێنانی گوتارێکە لەمەڕ ناسنامەی خۆی، بەڵام ئەم وەک نەتەوە بیردەکاتەوە و وەک نەتەوەش دەدوێت بۆیە ئەو گوتارەی بەرهەمی دێنێ گوزارشت لە بۆچوونی کۆی نەتەوە دەکات.

**نیشتمانم!**
**تۆ وەک تانەی لەسەر چاوم**

**تۆ وەک تەمی، لە گشت لاوە دەورەت داوم**
**تۆ ئاوێنەی**
**لەناو تۆدا هەموو دنیا بەدی دەکەم**
**تۆ تەیمانی**
**بەهۆی تۆوە هیچ نابینم:**
**نە کەل دەبینم، نە زەوی**
**نە خوا دەبینم، نەئاسمان**
**جا نازانم**
**نە جیهان وەک تۆ بچووکە**
**نە تۆ گەورەی بەقەد جیهان.**
**نیشتمانەکەم — ک و ر د س ت ا ن!**

پەشێو نیشتمانی لێ بۆتە تانە، نە بۆی دەکرێ لە گەڵیدا هەڵکات و نە لەدووری ئەویش هەڵدەکات. نیشتمان وەک تەم دەورەی دەدا و هیچ نابینێ، لێی دەبێتە ئاوێنە و هەموو دنیا لە کوردستانەکەی خۆیەوە دەبینێ. بەهۆی وێرانیی کوردستان و بێکەسیی کوردەوە نە خوا دەبینێ نە ئاسمان، نە کەل دەبینێ نە زەوی. ڕەگی ئەم شیعرە پێدەچێت بچێتەوە سەر شیعرێکی کورتی کە هەر لەو ساڵانەدا نووسراوە کاتێک دەڵێ:

**ئاسمانی تۆ بەرپێی خۆتە،**
**سەرت شۆڕکە،**
**ملت کەچ کە،**
**چاو مەگێڕە**
**بۆ ئاسمان و ئەستێرە و خوا.**
**ئەوەی بستێک خاکی نەبێ،**
**خوا و ئەستێرە و ئاسمانی کوا؟!**

* سەرچاوە: ڕۆڤار، ژمارە (٣٦)، ٢٠٠٥.

# سەنگرانەوەیەک
# "لەبەر دەرگەی" پەشێودا

ڕزگار خۆشناو

شارەزایان و ڕەخنەگران پێیان وایە شیعر پێکهاتووە لە "خەیاڵ" و "بیر" و "هەست" و دەربڕینی ئەو سێیانە بە زمانێکی ڕەوان و ئوسلووبێکی شاعیرانەی گونجاو لەگەڵ کات و شوێن و بابەت. دیارە بوونی هەر یەکێک لەمانە لە شیعردا پێویستە، بەڵام بە تەنیا، بێ ئەوانەی دیکە، کافی نییە. هەر تەنیا کەلاوەکردنی ئیحساس لە نووسراوەیەکدا نیشانەی شیعربوونی ئەو نووسراوەیە نییە، یان خەیاڵێکی ڕوون: بێ هەست و بیرێکی دیاریکراو زیاتر وڕێنەیە تا شیعر. بیریش هەر بەم شێوەیە تەک و تەنیا ڕامان ناچڵەکێنێ.

ئێمە کاتێک دەتوانین بە نووسراوەیەک بڵێین شیعر، کە کەم یان زۆر ئەو سێ عونسورە گرنگەی تێدا بەدی بکرێ. لە ڕاستیدا هەر یەکێک لەو عونسورانە تەواوکەری یەکترن. تەنیا بەیەکەوە مانادارن و بایەخی خۆیان هەیە و شاعیر دەگەیەننە ئەو مەبەستەی کە بۆی لە هەوڵدایە.

بەسەریەکەوە خەیاڵ پەیوەندیی بەینی شاعیر و هۆگری شیعرە. ئەو دنیایەیە کە شاعیر بە کۆمەگی کۆمەڵێک وێنە دەیخوڵقێنێ. ئایا ئەو دنیایە تا چ ڕادەیەک بۆ ئێمە ئاشنایە، تا چ ڕادەیەک دەتوانین تێیدا بگەڕێین، ببینین، ببیسین، هەستی پێ بکەین، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی و لێزانی شاعیر لە چەند وشەیەکدا چۆنیەتی هەڵبژاردن و دەکارکردنی کەرەستەکان، ناسینی هەلومەرج، کەڵک وەرگرتنی بە ڕێوجێ لە ((تەشخیس))، ((ئیستیعارە))،

((تەشبیە)) و بەکارهێنانی وشەی پڕ بە پێستی مانا بەجۆرێک هەر عیبارەتێک بەشی خۆی خەیاڵ و ئیحساس و بیری تێدا بگەڕێ لە وەها دنیایەکدا لەحزە بە لەحزە لە شاعیر نزیکتر دەبینەوە، ئاشناتر دەبین، تا سەرەنجام خۆیی دەبین و دەبین بە شەریکی غەم و خۆشیی شاعیر.

لە دنیایەکی ئاوادا کەرەستەکان پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە و لابردنی هەریەکەیان کەلێنێک دەخاتە شیعرەکە و لە جوانییەکەی کەم دەکاتەوە. بەم جۆرە دەرگایەک لەڕووی خوێنەر دادەخرێ. لێرەدا ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سێ ئەسڵە یەعنی ((خەیاڵ، ئیحساس، بیر)) بەشێوەیەکی سەرپێیی دەڕوانینە شیعرێکی پەشێو. لەم شیعرەدا شاعیر ئەویندارێکی دڵ بریندار بێ قەرارە، گراوی لێی تۆراوە و نەبانە. شاعیر جۆگە هەڵدەبەستێ بۆ وشە و تەعبیری کاریگەر و دڵتاوێن، کە لە دەروونیا لە گەڕان و گەڕاندان، تا بەڵکوو دەروویەکی بەخێری لێ بکرێتەوە.

ئەم شیعرە لە هەشت بەش پێکهاتووە، جیا لە دوو بەش، تەواوی بەشەکان میسرەعێکی یەکسان و تکراری ((دەرگەکەتم لێ بکەوە)) بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. قافیەی هەر بەشێک جیایە. لەگەڵ گۆڕانی قافیە حاڵەتی شیعرەکە دەگۆڕێ و زیاتر لەجاران هەست بە دەردەداریی شاعیر دەکەین.

هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم شیعرە تا کۆتایی شاعیر، تا ئەو جێیەی بۆی کراوە، خۆی بوواردووە لە درێژدادڕی و هێنانەوەی وێنەی ناپێویست:

**شەو ڕاشکا**
**ئەژنۆم شل بوو**
**مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپرووکا**
**دەرگەکەتم لێ بکەوە**

لێرەدا شاعیر، بێ ئەوەی کەڵک لە وێنەی زێدە وەربگرێ، کە دەورێکیان لە بەرەو باشتربردنی شیعرەکە نییە، پیشانمان دەدا کە دەبێ پەیوەندییەکی عاتفی

گۆڕینەی بووبێ لەگەڵ موخاتەبی خۆی، ئەگەرنا ئاوا بە تێڕادیوی و خۆمانە لەگەڵی نادوێ... هەر لەسەرەتا، بێ ئەوەی باسی لێ کرابێ، زەمینەی ئەو پەیوەندییە دێتە بەر زەینی خوێنەر یان بیسەر. ڕەنگە ئەگەر شاعیرێکی نابەڵەد بووایە لانی کەم چوار پێنج دێڕی بێ کەڵکی بەدوای یەکدا ڕیز دەکرد تا دەگەیشتە ئێرە. ((شەو ڕاشکا)) زەنگی خەتەرە، وریاکردنەوەیە، کە ئیدی ئەوە بەرە بەرە شەو ڕادەبرێ و دەبێ بە ڕۆژ، ئەگەر درەنگ بجووڵێیەوە هاتوچۆ پەیدا دەبێ و ئیتر دەرفەتی دەرگا کردنەوە نامێنێ. دیسان تەعبیری ((ئەژنۆم شل بوو)) یانی ماندوو بوومە و چیدی خۆم لەسەر پێ ڕاناگرم، ئەگەر دەرگا نەکەیەوە ڕەنگە بڕۆم. لێرەدا شاعیر، جودا لەوەی کە دەیەوێ بەم شێوە یار بەزەیی پێیدا بێ و سیلەی ڕەحمی ببزوێ، لە ڕاستیدا خۆی لە خۆیدا هەڕەشەیەکی زیرەکانەشە. تا ئێرە لە دێڕی یەکەم تا دێڕی دووەم ئیحساس زۆرتر دەبێ. دیسان بۆ زیاترکردنی هێشتای ئەم بارە پەنا دەباتە بەر ئیغراق!

((مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپڕووکا)) هەڵپڕووکانی مانگ موناسەبەتی هەیە لەگەڵ حاڵی شاعیر، کە ئەویش وەک ئەو مانگە لە پشت دەرگا هەڵدەپڕووکێ.

دیسان ((تاق)) وشەی تاق و تاک مانای تەنیا دێنێتە بیر، ئەوەش موناسەبەتی هەیە لەگەڵ حاڵی شاعیر کە تاک و تەنیایە.

ئەمانە هەموویان بەسەریەکەوە ڕێ خۆش دەکەن بۆ گوتنی مەبەستی بنەڕەتی ((دەرگەکەتم لێ بکەوە)). ئەوەیە هاوئاهەنگی بەینی شتەکان لە شیعرێکدا. دیارە ئەو هاوئاهەنگییە هەر تەنیا لە مابەینی میسرەعەکاندا نییە، بەڵکو لەبەینی وشەکانیشدا، بگرە لەبەینی حەرفەکانیشدا هەستی پێ دەکرێ. بۆ نموونە، تکرارکردنەوەی سێ جار حەرفی ((ش)) وە هێنانەوەی حەرفی ((ژ)) کە خاوەنی مەخرەجێکی هاوبەشن. هەروەها بەدوای یەکدا هاتنی چەند برگەی بڵند وەک ((ڕا، کا، ما، تا، ئا)) مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە زۆرتر دەکەن و هات و هاوار و بێزاریی شاعیر بەشێوەیەکی هەستپێکراوتر پێشان دەدەن. بەم جۆرە، تەیارترمان دەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ بابەتەکە تێکەڵ بین.

دیارە تێبینیی ئەو وردەکارییانە لە تەواوی شیعرەکە دێتە بەر نەزەر، بۆیە لەوە زیاتر لەسەری ناڕۆین. ڕەنگە خوێنەر لە دڵی خۆیدا بڵێ، پێم وانیە شاعیر ئەو هەموو شتانەی لەبەرچاو بووبێ، بەڵام ئێمە لە دەروونی ئەو وشانەدا ئەو حاڵەتانە هەست پێدەکەین.

((دەرگەکەتم لێ بکەوە))

نەکردنەوەی ئەو دەرگایە بۆتە هۆی ئەوەی ئیحساس بخوڵقێ و شاعیر بتوانێ بە ئیعجازی خەیاڵ، بیرو عاتیفە پەروەردە بکا و بەند لەدوای بەند شیعر بگا بە قۆناغێکی تازە و چاکتر جڵەوی سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێ.

لەگەڵ ئەوەش کە دەرگا هێشتا هەروا داخراوە، بەڵام شاعیر هەر چاوەڕوانە. ئەوە چ ڕازێکە ئاوا ڕاگیری کردووە و نایەڵێ بگەڕێتەوە دواوە؟

((دەربازبوون لە تەنیایی)) شاعیر چاوەڕوانە شۆخی ئەودیو دەرگا لەو تەنیاییە دەری بێنێ. بەڵێ، دەربازبوون لە تەنیایی بیری ئەم شیعرەیە، کە میسرەع بە میسرەع ئاشکراتر و بەرچاوتر دەبێ. وەک ئەوە وایە، ئێمە دووراودوور تەماشای دیمانەیەک بکەین. دیارە لەوێڕا تەنیا دیمەنێکی کوللی دەبینین، بەڵام وەختێک وردە وردە لێی نێزیک دەبینەوە شتی تازەمان بەرچاو دەکەوێ، هەست و بۆچوونی دەقیقترمان دەبێ. ئاشکرایە ئەگەر هەروا دوور مابایەنەوە لەززەتی دیتنی ئەو هەموو شتانەمان بەنسیب نەدەبوو.

هەر گەڕانێک گۆڕانێکی بەدواوەیە. ئەوە ڕازی پشکنین و بینینەوەیە. دەجا با نێزیک ببینەوە. یان وەک ئەوە وایە، ئێمە بمانەوێ بچینە ماڵی دۆستێک دیارە لە پێشدا دەبێ نیشانەیەکمان هەبێ ئەوسا چەند قۆناغێک ببڕین و ڕەنگە سواری تاکسی بین، بە چەند کووچە و کۆڵانێک ڕاببرین تا دەگەینە مەبەستی خۆمان. شیعریش هەر وایە. ئێمە نابێ چاوەڕوان بین هەر لە سەرەتاوە پەی بە مەبەستی شاعیر ببەین و هەموو شتێکمان بێتە دەست. لە ڕاستیدا دێڕەکان وێکڕا شتێکمان پێشان دەدەن. هەریەکەی بە تەنیا دوور لە دێڕەکانی دیکە بێبایەخە و شتێک نادا بەدەستەوە. ئەوەیە شارەزایان باوەڕیان وایە ئەوڕۆ ئێمە

دەبێ لە چوارچێوەی تەواوی شیعردا بە شوێن مانادا بگەڕێین، نەک لە بەیتێک یان میسرەعێک.

لە بەشی دووەمدا شاعیر مەبەستی خۆی بۆ چوونە لای گراوی ڕوون دەکاتەوە کە دەیەوێ دیدەی بە دیداری ڕوون بێتەوە. دەیەوێ کەمێک لە لای بحەسێتەوە و سوکنایی بکەوێتە دڵی. لێرەدا پتر هەست بە دەردی ئینسانی تەنیا دەکەین کە تەنیا لە کەنار تاکی خۆی ئۆقرە دەگرێ، هەست بە بوون دەکا، خەون بە پاشەڕۆژێکی پڕشنگدار دەبینێ و دڕ بە تاریکی و تەریکی دەدا. هاونەفەسێک بتوانێ دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێ. چاوێک چاوەڕوانی بێ. دڵێک دەرگای لەسەر گازی پشت ئاواڵە بێ. هاودەمێک بتوانێ ئەسرینی ڕۆژانی بێکەسی بەسەردا ببارێنێ:

**ئەم شەو هاتووم**
**بۆ چنینی**
**چەپکە نێرگزێکی چاوت،**
**بۆ وچانێ،**
**بۆ خەونێ... تۆزە گریانێ،**
**لەسەر هەوری قژی خاوت.**

وەختێ کە دیقەت دەدەین لە ((شەو، چاو، وچان، خەون)) و هەروەها فیعلی ((چنین)) و ((چەپکە نێرگزێکی چاوت، هەوری قژی خاوت)) (کە دوو تەشبیهی بەلیغن) دەبینین ئەو کەرەستانە گشتیان نزیکییەکی تەبیعییان بەیەکەوە هەیە و هەریەکەیان دەورێکی تایبەتییان هەیە بۆ پێشاندانی حاڵی شاعیر و هەورازبردنی باری عاتفیی.

بوونی ئەو هەموو تەناسوب و لێک هاتنەوەیە جوانییەکی تایبەتیی داوە بەم شیعرە. وای کردووە خوێنەر باشتر بچێتە ناو بابەتەکە و جار لە دوای جار نێوانی لەگەڵ خۆشتر بێ.

ڕەنگە دوای ئەو دابڕان و جودابوونەی بەینی ئەو دوو ئەویندارە، یان چاکتر وایە بڵێم: دوای زیزبوونی یار لەو ماوەیەدا شاعیر زۆرجار جاڕس بووبێ و بە خەیاڵی داهاتبێ بەتەواوی بکشێتەوە و (( دوایی بێنێ بەم عەزاب و مەینەتە)). ئەمما، کاتێک ئاوڕی داوەتەوە ڕابردووی پڕاوپڕ لە بیرەوەریی شیرین و ڕاز و نیازی ئاشقانە، تەنیایی تەنگی پێ هەڵچنیوە و ئۆقرەی لێ بڕاوە:

**ئەمشەو هاتووم**

**تروسکایی شاری یادگار بانگی کردووم**

**لەگەڵ سیمای منداڵیما،**

**لەگەڵ خەمی شۆڕەبیما،**

**هاتووم و ناگەڕێمەوە.**

**یا پێت دەگەم،**

**یا وەک مۆمێک**

**دەسووتێم و دەتوێمەوە.**

شاعیر چارەیەکی لەوە چاکتری پێ شک نایێ کە چاوەڕوان بێ و دڵۆپ دڵۆپ بتوێتەوە. یان بەرە بەرە مردن یان بەیەک گەیشتن. ئیدی ڕێگای گەڕانەوەی نییە.

بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندیی بەینی تاک تاکی وێنەکان ڕەنگە لە یەکەم نیگادا بینەر بڵێ سیمای منداڵی چی و ئێرە چی؟. ئەمما بە نەختێک وردبوونەوە و ڕامان دەبینین منداڵ زیاتر لە ئینسانی گەورە پێویستی بە دابینکردنی عاتفی هەیە. بە واتایەکی دیکە زیاتر نیازی بە پشت و پەنای عاتفی هەیە.

کەوابوو گەڕانەوە بۆ پێشینەی پەیوەندی لەگەڵ خۆشەویستەکەی، گەڕانەوە بۆ بیرەوەریی دەورانی منداڵی نیازی عاتفیی شاعیر زۆرتر دەکەن، تامەزرۆتر لە جاران ئارەزووی دیدار دەیکێشێ، بۆیە زۆر بە کات و سات ئەم بەشە بەم شیعرە کۆتایی دێ:

**یا پێت دەگەم**

**یا وەک مۆمێک**

**دەسووتێم و دەتوێمەوە**

وەک دەبیبنین بوونی ((سیمای منداڵی)) نەک هەر بێجێ نییە، بەڵکوو زۆریش بەجێیە.

**trووسکایی شاری یادگار بانگی کردووم**

**لەگەڵ سیمای منالْیما**

**لەگەڵ خەمی شۆڕەبیما**

trووسکە ئیستعارەیە بۆ ئومێد و خۆشیی جاری جاران. دیسانیش سیمای منداڵی ئەوە دەگەیەنێ کە پەیوەندیی ئەو دووانە دەگەڕێتەوە دەورانی منداڵی، کە بەیەکەوە نزیک بوونە و یەکتریان ناسیوە. لێرەدا ((شۆڕەبی)) بایەخێکی ڕۆمانتیکیی هەیە و خاتیرەی زۆر لە مێشکی ئەو دووانەدا زیندوو دەکاتەوە. ڕەنگە ڕۆژگارێک لەبن ئەو شۆڕەبییە گەلێکیان گەمە بەیەکەوە کردبێ. لە دەورانی لاوێتیشدا جێژوانیان بووبێ.

دیارە پچڕاندنی وەها پەیوەندییەک کارێکی ئاسان نییە، شاعیر ناحەقی نییە کە دەفەرموێ:

**یا پێت دەگەم**

**یا وەک مۆمێک**

**دەسووتێم و دەتوێمەوە**

لێرەش، هەروەک کەرتی دووەم، هیچ شتێک لەخۆڕا نەهاتووە. هەر لە وشەیەک بگرە تا دێڕ و تەواوی بەندەکە هەموو وێکڕا دەستیان داوەتە دەستی یەکدی بۆ ئەوەی دەروونی دەردەداری شاعیر چاکتر هەڵڕێژن و حاڵەتێکی تایبەتی لە زەینی هۆگری شیعر دروست بکەن.

شۆڕەبی بە دەیان دیمەنی دڵداری دێنێتە بەرچاوی خوێنەر، شۆڕەبی بە هەزاران قسەی نەگوتراو بە گوێی خوێنەر دەچپێنێ.

ئەوەیە ڕەمزی سەرکەوتنی هەر شیعرێک کە خوێنەر لە حاڵەتی ئاسایی دەربێنێ و بیباتە ئەودیو میسرەعەکان بە چەشنێ کە مەیلی گەڕانەوەی نەبێ، تەنیا خۆی بێ و دنیای شیعر و هیچی تر.

لە بەشی چوارەمدا شاعیر پەیمان تازە دەکاتەوە، سەرلەنوێ وەفاداریی خۆی بە گوێی یار دەگەیەنێ، دڵنیای دەکاتەوە کە هەر دڵدارەکەی جارانە و لە ساردی و گەرمیی ڕێی ئەوین ناترسێ، تا دوا هەناسە ڕێبواری بە ئەمەگی ئەو ڕێبازەیە.

وەک چۆن جاران گەلێک کڕێوە و ڕێژنەی باران لێیان داوە، بەڵام نەیانتوانیوە لەبەردەم ئەو دەرگایە هەڵیقەنن، ئێستاش هەر وایە:

**دەرگەکەتم لێ بکەوە!**
**هەر دڵدارەکەی جارانم،**
**هەر کێڵگەکەی بەر دەرگەتم،**
**هەر تینووەکەی بەر کڕێوە و باو بارانم.**

شاعیر لێرەدا خۆی داناوە بە کێڵگە. ئێمە دەتوانین لە دوو گۆشەوە چاو لەم وێنەیە بکەین، یەکەمیان ئەوەیە کە دەیەوێ بڵێ وەک چۆن سەوزایی و گەشانەوەی کێڵگە بەستراوەتەوە بە باران، ئەگەر باران نەبارێ وشک هەڵدێ و دەبڕێتەوە، دەجا ئەویش ژیانی بە یار گرێدراوە، ئەگەر ئەوی لێ دیار نەبێ ئەوا دەمرێت و دەبڕێتەوە. یەعنی بوونی یار بۆ ئەو وەک بارانی ڕەحمەت وایە. ئەمەیان لەلایەک، لایەکەی دیکە ڕەنگە بیەوێ بڵێ وەک چۆن کێڵگە هەرچی لێ دابچێنێ هەر ئەویش شین دەبێتەوە، دەجا ئەویش هەر چۆنێکی یار بیەوێ یان بیڵێ ئاوا دەجووڵێتەوە.

لێرەدا بەو ئاکامە دەگەین کە ئاشق خۆی لە خۆیدا شتێک نییە، بەڵکوو جیلوەیەکە لە وجوودی بێبڕانەوەی یار.

ئەو بۆچوونە ئەو بەیتەی مەسنەویی مەولەوی دێنێتە یاد:

**جمله معشوق است و عاشق پردەای**

**زنده معشوق است و عاشق مردەای**

کڕێوە و لێزمەی باران، بێجگە لە بوونی ڕاستەقینەی خۆیان وەک دوو دیاردەی دنیای تەبیعەت، ئیستعارەن بۆ سەختی و تووشی ڕێی ئەوین. وەرزی کڕێوە وەرزی سڕبوون و قەسرینە، وەرزی نەمانی سەوزاییە.

بڵێی تاڵی و سوێری، ناخۆشیی زۆر، بێمەیلی و دووریی ئازیز گەرمای وجوودی ئاشق نەفەوتێنێ؟ وەک کێڵگەی بەردەم هەڵمەتی کڕێوە هیلاکی نەکا؟ فەرهادەکان و مەجنوونەکان پێمان دەڵێن بەڵێ ئەو کارە دەکا. بایەخ و گرنگیی کڕێوە و لێزمەی باران لێرەدایە کە نایەڵێ ئەم بەشە تووشی یەکئاهەنگی بێ. بۆتە هۆی ئەوەی کە حاڵەتی دەروونی ئێرەی شیعرەکە بگۆڕێ، لە ئەنجامدا هەستی خوێنەریش بگۆڕێ. وەک دەیبینین تا ئێرە بیر و عاتیفە بەردەوام هەست پێکراوتر و بەرچاوتر دەبێ. ناسکیی خەیاڵی شاعیر مەنزڵ بە مەنزڵ لە مەبەست نێزیکترمان دەکاتەوە.

دوای ئەو هەموو پاڕانەوە و لالانەوەیە، دوای ئەو هەموو بە بەرداهاتن و چوونە، دوای ساڵەهای ساڵ ئەوین، شاعیر پێی سەیرە کە هێشتا کەلێنێک ناکەوێتە دەرگا، لە دڵی خۆیدا دەڵێ، بڵێی ئەوە ئەمنی جاران نەبم؟! دیسان دەکەوێتەوە بیری گۆرین کە چەندە بەیەکەوە تەبا و ڕەبا بوون. خۆشەویستیی یار بۆ ئەو تا ڕادەیەک بوو کە ئامادەی هەموو چەشنە خۆبەخت کردنێک بوو. بێ گوێدان بەم و بەو، بە ڕۆژی ڕووناک داڵدەی دەدا، کەچی ئێستا دوور لە دیدەی نەیار، لەو هەلومەرجە چۆڵ و تاریکەدا درزێک ناخاتە دەرگا:

**دەرگەکەتم لێ بکەوە!**

**من ئەو کەسەم،**

**تا دوێنێ بوو،**

**لەناو گەرووی ڕووناکیدا دەتشاردمەوە،**

**لەناو جامی مەترسیدا دەتخواردمەوە.**

ئیستعارەی گەرووی ڕووناکی و تەشبیهی جامی مەترسی پێشاندەری ئەوپەڕی ئامێتەبوون و تێکەڵاویی ئەو جووتەیە.

لێرەدا لە نێوان ((گەروو، جام و خواردنەوە)) دا موراعاتی نەزیر هەیە. تەناسوبی بەینی ئەو سێیانە لە باری جوانیناسییەوە جێی سەرنجە و وای کردووە کە ئەم بەشە گرێی تێ نەکەوێ، ئیحساس بگۆڕێ و شیعر بگا بە قۆناغێکی نوێ.

لە بەشی شەشەمدا، بۆ ئەوەی دڵدارەکەی بباتە دنیایەکی ئەویندارانە و ئەفسوون و تەئسیری قسەکانی پێشتری پتر بێ، چەند وێنەیەکی سەرنجڕاکێش و دڵئەنگێو لە کات و شوێن و حاڵەتی دەروونیی ئەوینداران و خشپەی پێ و چرپەی چپە هەڵدەگرێتەوە، بەو ئومێدەی تۆزقاڵێک دڵی نەرم کا:

**کات-**

**لە ژێر باڵی ئاسماندا**

**خەریکە باوێشک دەدات**

**شوێن - قولەڕەشێکی کپە**

**دەرگەکەتم لێ بکەوە**

**شتێک نییە شیرینتر بێ**

**لە خشپەی پێ و چرپەی چپە.**

شاعیر لە پێ کەوتووە، زەمانیش کەم کەمە دەوەستێ و ئیتر ڕانابوورێ. لە هەل و مەرجێکی ئاوادا کە چاو چاو نابینێ و دەنگێکیش نایەتە بەرگوێ، هەموو شت کڕ، هەموو شت خامۆش، خۆشترین ئاهەنگ بۆ دڵدارێکی دیدەلەڕێ خشپەی پێ و چرپەی چپەیە. دیارە چێژی ئەو دێڕەی دوایی پتر ئەو کەسانە هەستی پێ دەکەن و تێی دەگەن کە ئەو ئەزموونەیان هەیە.

وادیارە شۆخی ئەودیو دەرگا لەوە دڵڕەقترە گوێی بەو قسانە ببزوێ و نەرمیی خەیاڵی شاعیر دەروونی دابخورپێنێ.

لەگەڵ گۆڕانی قافیە لەحنی شیعرەکەش دەگۆڕێ. ئەگەر پێشتر دەیەویست بە خاتراتی ئاشقانە و پێکهێنانی هەوایەکی ڕۆمانتیکی دڵبەر ئەفسوون بکا، لە بەشی حەوتەمدا دەکەوێتە تکا کردن:

**دەرگەکەتم لێ بکەوە،**

**کفت و ماندووی ڕێگای دوورم!**

**وەکوو جاران،**

**کەمێک لەلات دەمێنمەوە و ڕادەبوورم.**

بەشی هەشتەم ئەوپەڕی ترس و دڵەڕاوکەی ئینسانێکی تەنیا پێشان دەدا. کەسێک شک نابا پرێسکەی دڵی خۆی بۆ بکاتەوە. کەسێک شک نابا قسەیەکی بەخێری بۆ بکا. هاودەردێک بەدی ناکا، هاواری بەکەس ناگا، بێکەسی بڕستی لێ بڕیوە، وشکەساڵیی ئەوینە.

نیگەرانە، مەبادا قەتی ئەو دەرگایە لێ نەکرێتەوە. بۆیە مەجنوونانە دەستەوداوێنی دار و بەردی بەر دەرگا دەبێ و دەیان هێنێتە تکا:

**شەو ڕاشکا،**

**ئەژنۆم شل بوو،**

**مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپڕووکا:**

**دەرگەکەتم لێ بکەوە**

**دار و بەردی بەر دەرگەتان هاتنە تکا!**

لێرەدا ئیحساس پتر و بە پڕتاوتر شەپۆلان دەدا و عاتیفە پەرەگر دەبێ.

عاتیفە شتێکی دەروونییە و لە هەموو کات و شوێنێک برەوی بووە. ڕەنگە بە تێپەڕبوونی زەمان و گۆڕانی هەلومەرج پلە و چۆنیەتی جووڵانەوە لەگەڵیا شوێن تا شوێن، دەوران تا دەوران بگۆڕێ، بەڵام ئەمە بە مانای نەمانی عاتیفە نییە. چونکە نەمانی عاتیفە یەعنی نەمانی ئینسانییەت و شێوانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی. بە ڕاستی ناتوانم تەسەور بکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوینی ئینسان بۆ

ئینسان، ئەوینی ئینسان بۆ خاک نەمێنێ. هەر بۆیە ئەو هونەرمەندانەی باسی عاتیفە دەکەن هەمیشە زیندوون و سنووری جوگرافیایی و تاریخی دەبەزێنن.

دەردی هاوبەشە دەمانکا بە شەریکە غەمی مەم و زین، لەیل و مەجنوون، ڕۆمیۆ و ژولێت. ((بلا هەر جووتەی سەر بە سەردەم و شوێنێکی جوداش بن.))

* سەرچاوە: گۆڤاری( سروە)، ژمارە (١١٨).

# جەنتاکەی هەڵگرت دابەزی

ڕزگار خۆشناو

لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا دوای گۆران، پەشێو یەکێک لەو شاعیرانەیە کە توانیویە بەینی خۆی لەگەڵ بەشێکی زۆری خەڵک خۆش بکا و ببێ بە وێردی سەر زمانان. کێ بێ لانی کەم بەندێک لە شیعری«لە دەستم دێ»ی لەبەر نەبێ؟ کێ بێ تاجە گوڵینەی سەرگۆڕی "سەربازی ون" ی نەدیتبێ؟ کێ بێ لەگەڵ شاعیر بە تەشییەکەی منداڵی نەیڕێسێتەوە؟ کێ بێ ئەویندارى تیشکی ڕۆژ و تریفەی مانگە شەو نەبێ؟ کێ بێ لە "بەر دەرگەی" پەشێو چاوەڕوان نەبێ؟ کێ بێ و کێ بێ و کێ بێ؟

بڵێی، چ شتێک بووبێتە هۆی ئەوەی پەشێو ئاوا جێی خۆی بکاتەوە و دڵ و دەروونان داگیربکا؟ پێم وایە کلیلی دەرگەی ئەو ڕازە ئەوەیە، کە شیعری پەشێو کانی و کانیاوی عاتیفە و هەستی بێخەوش و سەداقەتی لەڕادەبەدەری لێ هەڵدەقوڵێ، کەچی شیعری زۆربەی شاعیرانی ئەوڕۆی ئێمە وشکەلانێکی کاکی بە کاکییە، شاعیر کون بە کون لە بیسەرێک دەگەڕێ.

نیازی شیعر بۆ عاتیفە و سەمیمیبوون وەک نیازی دەمار بۆ خوێنە. ئەگەر ئینسان خوێنی بە دەماراندا نەگەڕێ دەمرێ، یان ئەگەر کەم بە دەماراندا بگەڕێ ئەوانە لە کزی دەدا و سەرێکی سەلامەت و لەشێکی پتەوی نابێ. بە هەزاران شیعری پلاستیکی، کە ئەوڕۆ ڕووپەڕی کتێب و گۆڤارەکانیان داگیر کردووە، شایەدیی ئەو ڕاستییەن. بەڵێ عاتیفە و بێخەوشی لە شیعردا وەها بایەخێکیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ئەرکی شاعیرە کوڵوکۆی دەروونی

خۆی هونەرمەندانە دابڕێژێ، ئەگەر نا جیاوازی لەگەڵ ئینسانێکی ئاسایی لەچیدایە!

مخابن، جاری وا هەیە سێڵاوی هەست و لاساریی «پەشێو» لەمپەری مەنتقی شیعر دەشکێنێ، جووڵە لە خەیاڵ دەبڕێ و شیعر ڕادەماڵێ. ئەوەی دەمێنێتەوە زیاتر ڕەنگ و ڕووی شعار و وتاری سیاسی هەیە تا ئەوەی شیعر بێ.

شاعیر لەو شوێنانەدا پتر تەئکید لەسەر ڕاچڵەکاندنی خەڵک دەکا نەک لێکدانەوەیەکی مەوزووعی و دووربینانە. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی پارسەنگی بەینی بەشەکانی شیعر تێک بچێ، ناوەڕۆک سەری فۆڕم بخوا. تەشبیە و ئیستعارە و کەرەستەی دیکەی خەیاڵ جیلوەی جارانیان نەمێنێ.

لەم بەینەدا توانای داهێنان، وردەکاریی هونەری، تەکنیک، لە کورتی دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا بڕوام وایە چۆنیەتی گوتن مەسەلەیە نەوەک چەندیەتی گوتن.

ئەگەر چی بەشێکی شیعرەکانی پەشێو بەو دەردە چوون. بەڵام لە لایەکی دیکەدا خاوەنی کۆمەڵێک شیعرە کەتا دڵێک ترپەی بێ، تا پێیەک خشپەی بێ، تا چاوێک بگەڕێ هەر زیندوون و لە سەرینگانی دیوانی شیعری هاوچەرخی کوردیدا بڵند بڵند هەروا زیندووش دەمێننەوە.

یەکێک لەو شیعرانە"بێئاتی"یە. لەو شیعرەدا شاعیر ڕێبوارێکە بە خۆی و تایبەتییەکانی فەرهەنگی ڕۆژهەڵات و داب و نەریتی کوردەواری کە پەڕیوەی دنیایەکی نائاشنایە. شیعرەکە لە ئێستگەی قەتار دەست پێدەکا و هەر لەوێش کۆتایی دێ. شاعیر هاوسەفەری شۆخێکی بێگانەیە. قسە و نیازی هەر یەک لەو دووانە لە مەودای ئەو سەفەرەدا بووە بە هەوێنی شیعری «بێئاتی»:

**شەمەندەفەر**

**وەک مارێکی سەرادوونراو***

**گینگڵی دەدا و دەیفیشکاند**

لایەکی وێنەی یەکەم شەمەندەفەرە، لایەکەی دیکە مارێکی سەردوونراو. وێکچوونیان لە جینگڵدان و فیشکاندندایە. دیسانیش گرێ گرێی لەشی مار بێ شەباهەت نییە لەگەڵ واگۆن و واگۆنی قەتار. ئەگەر شاعیر لە جیاتی ئەم وێنەیە هاتباو گوتبای «شەمەندەفەر دەڕۆیشت و دەنگی لێوە دەهات» ئەوە تەنیا قسەیەکی ئاسایی بوو، وەک ئەو قسانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەیانکەین و گوێمان لێیان دەبێ. بەڵام لێرەدا بەهێنانەوەی تەشبیهێک ئەو دەربڕینەی خۆی لە قسەی ئاسایی دابڕاندووە و بایەخێکی هونەری داوەتێ:

**شەو بۆنی ژوانی لێ دەهات**

**بۆنی پاییز**

**بۆنی شیعر**

**بۆنی بارانی لێ دەهات**

ژوان شتێکە بە چاو دەبینرێ و هەستی پێ دەکرێ تا ئەوەی بۆنی بێ. هەر وەها پاییزیش زیاتر پەیوەندی بە چاوەوە هەیە. ئێمە لەکاتی دیتنی تەبیعەتی ڕەنگ بزرکاو، گەڵای هەڵوەریو، کۆچبار و پۆڵ پۆڵ باڵندەی کۆچەری هەست بەو وەرزە دەکەین. شیعر و بارانیش، هەر بەم شێوەیە، بەر لە هەموو شتێک دەبیسترێن و دەدیترێن. لێرەدا شاعیر هاتووە لە حاڵەتێکی عاتیفیی تایبەتیدا ئەو هەستانەی تێکەڵ کردووە، بەم جۆرە تەئسیری هەر یەک لەو عیبارەتانە بووە بە چەند قات، وای کردووە بە جۆرێکی دیکە تێیان ڕامێنین و لێیان ورد بینەوە.

شەمەندەفەر سەفەر دێنێتە بیر. سەفەریش تێپەڕبوونی تەمەن، ژوان خۆشەویستی و ئاشنابوون، پاییز ماڵئاوایی و لێک دابڕان، باران گریان و ڕێژنەی فرمێسکان، شیعر کولانەوەی برینان، هەر وشەیەک لەمانە چەندین بیرەوەری و ئیحساسی جوداجودا لە دەروونی خوێنەردا دەژێیێنێتەوە. ئێمە لە ڕێگای ئەو عیبارەتانەیە دەزانین شاعیر چی لە دەروونی دەگەڕێ، ناوەڕۆکی ئەو شیعرە لە چی دەدوێ و سەرەنجامەکەی بە کوێ دەگا. لە قاموسی

بـەدیعـدا بـەمجـۆرە جووڵانـەوەیـە دەگـوترێ «براعـة ألاسـتهلال»، مانـا مەجازییەکەی ئەوەیە، شاعیر هەر لە سەرەتا لە چەند میسراعێکدا خوێنەر لە ناوەڕۆکی شیعرەکەی ئاگادار دەکاتەوە.

گەلێ جار شاعیر بۆ دروستکردنی وێنەیەکی شیعری پێویستی بە زیاتر لە چـەنـد وشـەیـەک نییـە. یـان چـاکتر وایـە بڵـێم، پێویـستی بـە پتـر لـە چـەنـد کەرەستەیەک نییە. چونکە شتی زێدە زەینی خوێنەر لەو وێنەیەی کە مـەبـەستی شاعیرە دەترازێنێ و کۆڵەی شیعر دەکوتێ.

پـەشـێو ئـەو ڕاسـتییەی بـاش زانیـوە، نـەک هـەر لێرە، بـەڵکوو لـە شـیعری دیکەشدا تێکەوتووە بە کورتترین و کاریگەرترین وشە قسەی دڵی خۆی بکا.

شاعیر ناڵێ تـەنیابووم و لـە ئێستگەدا تووشـی شـۆخێ بووم بـاڵای ئاوا و برۆی ئاوا، چاوی ئاوا، لە تـەکیا دانیشتم و پێکەوە ئاشـنا بووین. چونکە ئەو شتانەی بە چەند تەشبیە و ئیستعارەیەک پێشان داوە، ئیدی نیازی بەوە نیە بە وشەی زیادی ڕوونی شیعرەکەی شلوێ بکا و تەم بخاتە بەرچاوی خوێنەر. بۆیە ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر کورسیی ناو کووپەی قەتار:

**گوتی ناوم «بێئاتی»یە**

**مات بووم**

**مات بوو**

دیسان، لە بەندەکانی دواتردا، پاش«جگەرەیەکی دەرهێنا»، ئیدی شـاعیر زۆری لەسـەر نـاڕوا و نـاڵێ دەسـتی بۆ گیرفـانی یان جانتاکەی برد بۆ ئـەوەی شـقارتە دەربێنـێ. یـان ئـاگری پـێ نـەبـوو. چونکـە ئـەوانـە هـەمووی لـە زیـادین. ئەوەی لێرەدا گرنگە و جـەرگەی نیاز و ئیحساسە داگیرساندنی ئەو جگـەرەیە کە دەبێتە ئالقەیەکی دیکەی پەیوەندی ئەو دووانە:

**جگەرەیەکی دەرهێنا**

**بۆم داگیرساند**

لێرەدا ئیجاز دەگا بە پلەیەک لێزانانی بەدیع پێی دەڵێن "ئیعجاز". دیارە ڕەچاوکردنی ئیعجاز شتێک نیە ئاوا سووک و سانا بێتە دەست. بەڵکوو پێویستی بە زەینێکی تیژ و داهێنەر و ساڵەهای ساڵ ئەزموون و زانینی زمان هەیە.

زمان، وەک تاکە وەسیلەی دەربڕینی شیعر، جێیەکی تایبەتیی هەیە. دەتوانم بڵێم، لە سەرووی هەموو ئەو شتانەیە کە شیعر پێك دێنن. هەر بۆیە شاعیر، بەر لە هەموو شتێک، دەبێ زمانێکی پوخت و پاراوی هەبێ. شیعرێ زمانەکەی لاواز بێ وەک لاڵێک وایە بیەوێ قسەمان بۆ بگێڕێتەوە. دیارە تێگەیشتن لە وەها کەسێک کارێکی ئاسان نییە.

درێژدادڕی، یان زۆروبۆر گوتن، یەکێک لە گەورەترین گرفتەکانی شیعری ئەوڕۆی کوردییە. گوێ نەدان بەو مەسەلەیە بۆتە هۆی ئەوەی بێحورمەتی بە زمان بکرێ. ئەغلەب شاعیرانی ئەوڕۆ بێ حیساب وشە هەڵدەڕێژنە سەر کاغەز. لە گرنگترین هۆیەکانیشی ئەوەیە عاتیفە و ئیحساس بوونێکی تەبیعیی لە شیعری ئەو شاعیرانەدا نیە، یان ئەگەر جاروباریش هەبێ ئەوا توانای دەربڕینیان نیە، وەک ڕاوچیی خراپ وان، هەر تیرێکی لە کەنداڵێکی دەدەن، بێ ئەوەی توانیبیان ئامانجی خۆیان بپێکن و کوڵوکۆی دەروونیان دابمرکێننەوە. ئەوەی لەو ناوە زەرەری لێ دەکەوێ زمانە.

دنیای ئەو شاعیرانە تەمتومانێکە چاوچاو نابینێ، لە ژاوەژاو بەولاوە هیچ دەنگێک نایەتە بەرگوێ.

لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە تخووب بۆ شیعر دیاری بکەم. چونکە بابەتی وا هەیە کەرەستەی زۆر دەبا. خەیاڵی شاعیر پێویستی بە مەیدانێکی بەرفراوانتر هەیە بۆ ئەوەی ڕمبازێنی تێدا بکا، وەك سوارەی ئێلخانیزادە لە (خەوەبەردینە). فروغ فرخزاد، لە مەنزوومەی (ایمان بیاوریم به آغاز فصل سرد)(نزار قەبانی) لە قەسیدەی (بلقیس)دا. لەگەڵ ئەوەش، هەر یەک لەو شیعرانە لە سەدان میسراع پێک هاتوون، بەڵام چونکە ئەو شاعیرانە قسەیان هەیە بۆ گوتن و خۆیان دووپات ناکەنەوە، نەک هەر زۆری لەسەر نەڕۆیشتوون، بەڵکوو کورتیشیان بڕیوەتەوە.

پەشێو لەو شیعرەدا نموونەی ئەو شاعیرانەیە، کە بەو ئەنجامە گرنگە گەیشتوون و ڕێزیان لە زمان ناوە. هەر وشەیەک لەو شیعرەی پەشێو چەندین

وشـەی دیکـەیـان تێدایـە و چـەنـدین ڕێبـازی تـازە دەخـەنـە بـەر خوێنـەر، دنیـای شاعیر ئاشکراتر دەکەن:

**بەرە بەرە**

**لە بەینی پەنجەکانیدا**

**جگەرەکە بوو بە سۆتەک**

**بەرەبەرە**

**لە بەینی لێوەکانیدا**

**منی سۆتەک بووم بە جگەرە!**

تا دێ تێنوویەتیی ڕۆحی شاعیر زیاتر دەبێ، تا ئـەوەی دەبێ بە جگـەرە و لە مابەینی پەنجەکانیدا دێت و دەچی، لـە مابـەینـی لێوەکانیدا مژمـژ دەسـووتـێ. شۆخی هاوسەفەر ئاگرە و شاعیر جگەرە. لەگەڵ هەر مژێک جارێک دەمرێت و جارێک دەژییێتـەوە. (ئـەوە خۆزگـەی دەروونـی شـاعیرە وەک ئـەو جگـەرەیـە لێی نێزیک ببیتەوە و ببێ بە هاودەمی. ئەگەر چی بە قیمەتی سووتانیشی بێ.)

ئەگەر لێرەدا بڕیبایەوە: جگەرەیەکی دەرهێنا/ بۆم داگیرساند، بلاّ لە قالّبی وەزنیشدا بووایە، ئایا دەیتوانی ئاوا هونەرمەندانە دەروونی خۆی دەربڕێ؟ پێم وا نییە.

ئەو دوو دێڕە بە تەنیا چ جیاوازییان هەیە لەگەڵ قسەی خـەڵکی ئاسـایی؟ بـەڵام بـە هێنانـەوەی دوو تـەشـبیهی بـەلیـغ:«منـی جگـەرە، منـی سـۆتەک» لـە چوارچیوەی دوو وێنەی پەیوەندیدار خوێنـەری بردۆتـە نـاو کووپـەی قـەتـار و بێ سـەبرانـە چاوەڕوانـە داخـۆ سـەرەنجامی ئـەو دوو هاوسـەفـەرە بـە کوێ دەگـا. ئالقەی سێهەمی پەیوەندی ئەو دوو هاوسەفەرە:

**وەنەوزی دا.**

**دەستی سەرپەنجە پەمەیی،**

**وەک نامەیەکی نهێنی،**

**کە پیلانی کوودەتایەکی تێدابێ،**

**خزایە ناو دەستم و مەیی.**

لێرە «مەیین» بە مانای وەستان و گیرسانەوەیە، چونکە ئەو دەستە دەڕوا، دەڕوا تا لە ناو دەستی شاعیر گیر دەخوات و جووڵە بڕ دەبێ.

وشەی«نهێنی»، یانی شاراوە، شتێکە یان کارێکە بەینی دوو کەس یان کەسانێک دوور لە چاوی ئەغیار.

لێرەش شەو دڕەنگانە و زۆربەی کووپەکان نووستوون، دەوروبەرێکی کش و مات لە حاڵ و هەوایەکی ئاوا دایە ئەو دەستە بەرەو دەستی شاعیر دەخوشێ. بۆیە شوبهاندنی دەست بە نامەیەکی نهێنی هەروا لە خۆڕا و بێ حیساب نییە. بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو میسراعەی خوارەوە:«کە پیلانی کوودەتایەکی تێدابێ».

کوودەتا یانی گۆڕان. لێرەش، گۆڕانێک لەو پەیوەندییە دێتە دی. ئەگەر سەرنج بدەینە جیاوازی نێوان«کوودەتا» و «ئینقلاب» دەبینین کوودەتا چەندە وەستایانە لە شوێنی خۆیدا بەکارهێنراوە. ئینقیلاب یانی گۆڕانێکی سەرکەوتووانە، بەڵام کوودەتا هەمیشە سەکەوتوو نابێ. وەک ئێرە کە نیازی شاعیری دابین نەکردووە:

**سەری، وەکوو هۆنراوەیەک،**

**هێدی هێدی لار کردەوە.**

**منیش شانم، وەک دەفتەرێ،**

**تامەزرۆ بوو**

**هەڵبەستێکی بێتە سەرێ.**

**خەو بردیەوە...**

**تا بەیانی خەو بردیەوە...**

تەنیا شتێکی کە بۆ شاعیر دەمێنێتەوە، تۆمارکردنی ئەو سەفەرەیە. بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر شیعرە. تەشبیهی سەر بە هۆنراوە و شان بە دەفتەر وێدەچێ بە خاتری ئەوە بێ، خاوەنی ئەو "سەر"ە سووژەی شیعرە و خاوەنی ئەو "شان"ەش خولقێنەری شیعر. لەگەڵ ئەوەی کە سەر دەخاتە سەر شانی شاعیر لە ناو دەفتەرەکەی گەرای شیعرێک دادەنرێ.

خەو بەرایی لەو پەیوەندییە دەگرێ، ئیدی نایەڵێ بەرەو پێشتر بڕوا:

**منیش، وەکوو بازرگانێک**
**گەڕابێتەوە لە سەفەر،**
**بە درێژایی شەوگاری سارد**
**زێڕ و زیوی ناو پریاسکەی**
**خەونەکانی ئەوم ژمارد!**

چۆن کاتێک بازرگانێ دەگەڕێتەوە لە سەفەر لەبەر حیساب کردنی زەرەر و قازانج خەوی لێ هەڵدەگیرێ و هەر ئەو تەنیشت و ئەو تەنیشتان دەکا، شاعیریش خەوی لە چاواندا شکاوە، چۆرتکەی خەیاڵ بە دەستەوە خەریکی حیسابکردنی زیان و سوودی سەودای ئەوڕۆیە. لەو حیسابانەدایە لە پڕ شەمەندەفەر وەک سەرشێتێک هەودای بیری ئاڵۆز دەکا و ڕیسەکەی لێ دەبێتەوە خوری:

**کە بەیانی**
**شەمەندەفەری فێگرتوو**
**سەرمی نایە کۆشی "پراگ"**
**بێئاتێ - شاژنی نووستوو-**
**وەئاگاهات**

وەختێ قەتار دەگاتە مەبەست، شاعیر چاوەڕوانە هاوسەفەرەکەی دوێ شەوی ببێ بە دۆستێکی هەمیشەیی و ماڵی دڵی ئاوەدان بکاتەوە. باڵام ئەوەی دەیبینێ و دەیبیستێ بە پێچەوانەی ئەو شتەیە کە چاوەڕوانە:

**- گوتن مۆگن**
**+ گوتن مۆگن**
**جانتاکەی هەڵگرت، دابەزی،**
**نە ئەدرێس، نە خواحافیزی!**

زۆر بە ئاسایی هەڵدەستێت و دەڕوا، شاعیریش لەگەڵ ئیستگە و کووپەی قەتار بەجێ دێڵێ. لێرەدا دوو فەرهەنگی جیا تێک هەڵدەنگوون و شاعیر هەناسە سارد دەکەن.

فەرهەنگێک ئەو جۆرە شتانە بە تەرازووی عاتیفە هەڵدەسەنگێنێ، دڵ قسەی خۆی دەکا فەرهەنگێکیش کەمتر گیرۆدەی ئەو تەرازووەیە.

نیازی شاعیر شتێکە و نیازی هاوسەفەرەکەی شتێکی دیکە. ئەگەر چی لەشی لەسەر کورسییەکەی تەک شاعیرە. بەڵام ڕۆحی لە جێگایەکی دیکەدا دەگەڕێ:

**ئاخ «بێئاتێ»**
**خۆزگە، سەد خۆزگە، دەمزانی**
**بە درێژیی شەو**
**سەرت لەسەر شانی کێ بوو!**
**خەونەکانت**
**کام شۆڕە سوار**
**میوانیان بوو، تا بەیانی!**
**ئاخ «بێئاتێ»**
**خۆزگە، سەد خۆزگە، دەمزانی!**

ڕەنگە ئەگەر لە جێی شاعیر پیرەمێردێک یان ژنێک یان منداڵێکیش بووایە، یا خۆ کارتۆنێکی لێ داندرابایە وە یا کورسییەکە هەروا بە بەتاڵی مابایەوە، ئەوە ئەو دەستە بۆ لایەک دەڕۆیشت و ئەو سەڕەش شانێکی بۆ خۆی دەدیتەوە. لێرەدا پەشێو پەنجە لەسەر مەسەلەیەکی گەلێک گرینگ دادەنێ، ئەویش جیاوازیی فەرهەنگی (دوو فەرهەنگ بە دوو بۆچوونی جیا).

شاعیر وەستایانە توانیویە گرفتاری و تەریکی ڕۆحی ئەو کەسانە پێشان بدا کە بە خۆیان و داب و نەریتی خۆیان پەڕیوەی دنیایەکی غەوارەن، جیاوازییان لەگیان خۆش نایێ و هەر بە تەشییەکەی وڵاتی خۆیان دەیڕێسنەوە.

* سەرچاوە: گۆڤاری (سروە)،ژمارە(١٥٠)، ساڵی ١٩٩٩.

# عەبدوڵڵا پەشێو
# تاسەی دووری دەڵێتەوە

مەغدید ڕواندزی

شاعیری مولتەزیم و دووره وڵاتی کورد، ئەو شاعیرەی هێشتا و هێشتا دوای (٢٥) ساڵ، دەنگی دوا فیشەکی شۆڕش لە گوێیدا دەزرینگێتەوە، ئەو شۆڕشەی، کە ناوەڕۆکی تراژیدیایەکی مان و نەمانە و پاڵەوانەکەی بەڵێنی دا:

**ئاسمانی شین،**
**چەمی زیوین،**
**ئاگردانێکی پڕ پشکۆ،**
**ساپیتەیەکی سەربەخۆ،**
**بۆ قەرەجان دەسگیر بکات**(١)

عەبدوڵڵا پەشێو لە شیعرێکدا لەژێر ناوی ((ئەگەر ئەمجارە بێمەوە))، لە ١٩٧٥/١٢/١٧ی شاری مۆسکۆ ، دوورەوڵاتیی خۆی لەو شیعرەدا دەربڕیوە. ئەوەی مەبەستە لەو شیعرەدا ئەو وشە و کەرەستە و ناوانەی شاعیر پەنای وەبەربردوون بۆ یادکردنەوەی وڵاتەکەی بەم شێوەی خوارەوە کورت دەکەینەوە و دەیانخەینە ڕوو، کە بە زنجیرە لەژێر ناونیشانی شیعرەکە ((ئەگەر ئەمجارە بێمەوە)) ڕیزمان کردوون:

قەرسیل، گیای تفت، سمۆرە، دارگوێز، پەڵە هەور، گیای سەوز، شەنگەبی، چەم، زنار، کەنار، گوڵەگەنم، هەنار، سێو، زەرنەقوتە، پەڕەسێلکە، تێل، کارەبا، ڕێ، جۆگەلە، کانی، قومەئاو، دایک، ئەشکەوت، شەو، گاشەبەرد، لانک، زمان، گڕ، لاڵ، شاپەڕ، فرەندە، بێ باڵ، گوڵ، گوڵدان، ژوان، بەرۆک، کچ، ئامێز، منداڵان، چاوشین، شیرین، ماڵ، جوونەوە، نەرم، سادە، جەژن، مۆم، داگیرسان، ئەنگوست، گلێنەی چاو، ساوا، هەڵبەست، بێشکە، یاد، ئەشق، تام، ناڵ، گڵ، قوڕ، زللە، بێرکۆت، شیر، تەشی، دار، بەرد، لێستنەوە[٢].

شاعیر ئەم شیعرەی لە ١٩٧٥/١٢/١٧ لە مۆسكۆ گوتووە كە لە دیوانی ((شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم))دا بڵاوكراوەتەوە و لە لاپەڕەی(٧٣).

(تاسە) پارچە شیعرێكی دیكەی عەبدوڵڵا پەشێوە، كە لە گۆواری سروەدا، لە ژمارە (١٦٦) بانەمەڕی ١٣٧٩دا، بەشێكی بەناوی ڕاستكردنەوە بڵاوكراوەتەوە، بەداخەوە، هەرچەندە دیارە دەقی هەموو شیعرەكە نییە، بەڵام ئەوەی لەوێدا بڵاوكراوەتەوە بەم شێوەیە كە بۆ پتر زانیاریی پێویست بە شیعری دووەم دەینووسمەوە:

**تاسە**

**پەلەقاژەمە!**
**بەڵكوو تا زووە**
**هەندێ گەڵای دار،**
**هەندێ پنجەگیا و گوڵەكێویلەی**
**ئەوێ دەسگیركەم.**
**ناترسم ناویان لە یادم بچێ،**
**بەڵام دەترسم... بۆنیان لەبیركەم![٣]**

شیعری دووەم (تاسە) نزیكەی دوای (٢٣) ساڵ پاش شیعری یەكەم (ئەگەر ئەمجارە بێمەوە) نووسراوە، كە بەهەمان شێوە بە مەبەست بەراوردی

کەرەسە و ناوەکانی پیشان دەدەین، هەرچەندە لەوانەیە بەشێکی شیعرەکە بێت، چونکە من دەقەکەیم نەدیوە.

(گەڵا، دار، بنەگیا، گوڵەکێویلە، ئەویٚ، ترس، ناو، یاد، بۆن، بیر)

لە شیعری یەکەمی شاعیردا دەربارەی دوورەوڵاتی و کاریگەریی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەست و هاونیشتمانی شاعیر، وەک شاعیرێکی هاوچەرخی مولتەزیم، بە تەواوی دەردەکەوێت و ئەوپەڕی تاسە و تامەزرۆیی شاعیر بۆ وڵات و زێدی خۆی پیشان دەدات. پاش خوێندنەوەی دەقی نیوەی یەکەم، ئەگەر دووەم بخوێنینەوە، دەبینین شیعری یەکەم تەواوکەری شیعری دووەمە و، بەڵکو دەتوانین بڵێین پارچەیەکە لە شیعری یەکەم. بۆ سەلماندنی ئەوەش دەکریٚ پارچەی دووەم لە دوای کۆتایی زۆر دێڕی شیعری یەکەم تێکەڵ بکرێت و خوێنەر بەیەک پارچەی بزانێت.

چونکە کە ڕادەمێنین، لە هەردوو شیعرەکەدا ناوەڕۆک یەک شتە و پەیوەندبوونی ئەوەش لە یەکگرتنی وشە و کەرەسەکانی نێوانیان یەک دەگرێتەوە، وەک لە خستنەڕووی وشە و کەرەسەکانی هەر دوو شیعرەکەدا دەردەکەوێت، لە بەراوردکردنی وشەکاندا هاوبەشی بەم شێوەیە وەردەگیرێت:

| شیعری یەکەم | | شیعری دووەم | |
|---|---|---|---|
| **ئەگەر ئەمجارە بێمەوە** | ← | **تاسە** | |
| **گیای تفت** | ← | **بنە گیا** | |
| **دار گوێز** | ← | **دار** | |
| **گوڵە گەنم** | ← | **گوڵە کێویلە** | |
| **چەم** | ← | **گەڵا** | |
| **دایک** | ← | **ترس** | |
| **بێرکۆت** | ← | **ئەویٚ** | کوردستان |
| **یاد** | ← | **یاد، بیر** | |
| **ئەشق** | ← | **بۆن** | |
| **گوڵدان** | ← | **ناو** | |

پەشێو، لە شیعری دووەم، کە نزیکەی پاش (٢٣) ساڵ داینـاوە، هـەمان کەرەسە و وشەی ئەو شیعرەی بەکارهێناون کە لە ساڵی ١٩٧٥دا نووسیویە، بەڵام لێرەدا گرنگە وەک ڕەسوڵ هەمزەتۆڤ گوتوویە (دەکرێ لە وشەی سادە و ساکار مانای گەورە دروست بکرێن)[٤] کە پەشێویش زۆر بەهـرەمەندانە وشە سادەکانی وا لێکردوون بدوێن و چالاک بن و کار لە ناخی خوێنەر بکەن. هەرچەندە نامانەوێت هەموو وشەکانی بەراورد بکەین، بەڵام بۆ گەیاندنی مەبەستی ناونیشانی شیعری یەکەم (ئەگەر ئەمجارە بێمەوە) بەرامبەر ناونیشانی شیعری دووەم (تاسە) شاعیر بە مانای ناونیشانی شیعری یەکەم ئەوپەڕی تاسە و ئاواتی هاتنەوەی وڵاتەکەی دەربڕیوە کەوا ئاواتی وای خواستووە، بەس ئەمجارە بێمەوە دار و بەرد و گڵ و قوڕ، بەڵکو چی بێتە ڕێ بیلێسێتەوە و ماچی بکات. هەروەها دەربارەی هەموو وشەکانی دیکە هەمان مانا و مەبەستی شیعری یەکەم و دووەم دەگەیەنن، بە چاوپۆشین لە بەرواری دانانی هەردوو شیعرەکە.

هەرچی دەربارەی شێوازی شیعرەکانیشە هەمان شێوازیان هەیە و مۆرکی پەشێویان لەگەڵدا ڕسکاوە، هەرچەندە لە ڕووی تەکنیکییەوە جیاوازییەکی بچووک لە بڕگەی تاک و جووتدا هەیە، بەڵام مۆرک و ڕێبازی شاعیر زاڵە بەسەر شێوازەکەیدا کە ڕێچکەی خۆی گرتووە.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرەکان تەواوکەری یەکترن یان، وەک گوتمان، هەردوویان یەک شیعرن و یەکتری تەواو دەکەن، بە چاوپۆشین لە ماوەی نێوان دانانی شیعرەکان. لە پارچە شیعری دووەمیدا، شاعیر پتر باسی شتومەک دەکات و مامەڵە لەگەڵ کەرەستەی بێ گیان دەکات وەک بڵێی مرۆڤەکانی واز لێ هێنابێت. ڕەنگە ئەوە پەیوەندیی بە ناوەوەی لێکدانەوەی شاعیر هەبێت. دەبینین شاعیر بەوپەڕی تاسە و تامەزرۆوە پەلەقاژەیەتی و خۆی هەڵدەکوتێت بەڵکو هەتا زووە فریای ئەوە بکەوێت دەستی بگاتە بنە گیایەک و هەر شتێ تا هیچ نەبێت بۆنیان بکات و تاسەی دووری و غوربەتی هەندێک فەراهەم بێت.

ناوەڕۆکی ئەم پارچەیە هەمان ناوەڕۆکی پارچەی کۆتایی شیعری یەکەمە. کە بە تەواوی یەک دەگرنەوە و تێکەڵ دەبن و یەکتری تەواو دەکەن، لە شیعری یەکەم پارچەی کۆتایی شاعیر بە تاسەوە دار و بەرد و گڵ و قوڕی لێستۆتەوە و تامی کردوون و بە منداڵی ئەوەی لە هەست و ناخ و ویژداندا تۆمار بووە و هەرگیزا و هەرگیز لە یادی ناچێتەوە. لەلایەکی دیکەوە دووریی شاعیر بە چەندین ساڵ لە کورد و کوردستان و دوور لە کەسوکار و گوند و هەڤاڵان، دوور لەو شوێنەی ماوەی ژیانی منداڵی و پەروەردەی تێدا بەسەر بردووە، وای لێ کردووە نەک لە پارچە شیعری یەکەم دڵ و دەروونی ئۆقرە نەگرێت، بەڵکو پاش نزیکەی ٢٣ ساڵ هەمان شیعر بڵێتەوە و کاریگەریی خۆی بکاتە سەر هەست و ناخی خوێنەر. ئەوەش بۆتە لایەنێکی سەرەکیی سەرهەڵدانی شیعری ئاوارەیی. شاعیر بەو شیعرەش دڵی دانامرکێتەوە و تاسەی دووریی ناشکێت، بابەتەکە لای ئەو کۆتایی نەهاتووە.

تازەگەری و داهێنان لای شاعیر لە ستاتیکای وشە سادە و سروشتی و ڕاستەقینەکانی پەیوەست بە خاک و کێشەی نەتەوەکەی، خۆبەستنەوەی ویژدانی شاعیرە بەو بابەتە بەرز و گرنگ و سەرەکییەوە، بەرزو باڵا تەماشاکردنی شاعیر و وردبوونەوە لەو وشە جوانانەی پەیوەندن بە خاک و کێشەی مرۆڤی کورد، هەستی نیشتمانی و نەتەوایەتیی شاعیریان وەک مرۆڤێک لە کۆمەڵ گەورە و پیرۆز و هەڵوێستگردا گرتووە کە لە خۆشەویستییان تێر نەبێت.

(١)عەبدوڵڵا پەشێو/ شەو نیە خەونتان پێوە نەبینم.

(٢) عەبدوڵڵا پەشێو/ شەو نیە خەونتان پێوە نەبینم.

(٣) گۆواری سروە/ ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ژمارە ١٦٦/ ساڵی ١٣٧٩.

(٤)داغستانی من / کتێبی یەکەم (ڕەسوول هەمزەتۆڤ).

* سەرچاوە: ڕۆژنامەی (برایەتی - ئەدەب و هونەر)، ژمارە(٢٤١).

# ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی پەشێو لە شیعری (ئەوپەڕی تینوویێتی)دا*

شاخەوان فەرهاد محەمەد

ئەو پەشێوەی هەردەم نەبەردانە و سەربەرزانە خاوەن هەڵوێست و بڕیاری خۆیەتی، شیعرە نیشتمانپەروەری و خاک و وڵاتپەرستییەکانی گەواهی ئەو ڕاستییەن، کە چەندە تامەزرۆی کورد و چەندە تینوو و شێت و شەیدای وشەی کوردستانە، بەڵام ئەمجارەیان گیانی پەشێو بەرزەفڕانە لە شیعری "ئەوپەڕی تینوویێتی"دا زۆر قەشەنگانە ڕەنگی داوەتەوە. لە ساڵی ١٩٧٣ لە شاری (هەولێر) ئەو شیعرەی نووسیوە. شیعرەکەی کۆمەڵە لێکدانەوە و مەبەستێکی هێجگار جوانکیلە لە خۆ دەگرێ، سەرەتا بەم شێوەیە دەستپێدەکاو دەڵێ:

**ماچت دەکەم**
**ئەی گیانی خۆم، ماچت دەکەم.**
**قۆرتی چەناگەت ماچ دەکەم،**
**نەرمانی گوێت،**
**گۆی مەمکەکانت ماچ دەکەم.**

لەم پارچەیەدا زۆر تامەزرۆیانە، ئەوپەڕی تینووی ماچکردنی یارە شۆخ و شەنگ و دڵڕفێنەکەیەتی، چونکە ئەگەر سەیری یەکە یەکەی وشەکانی بکەین دەبینین لە ناخەوە تامەزرۆی دیدار و ماچکردنی ڕاستەقینەی یارەکەیەتی.

پەشێو زۆر برسییانە تامەزرۆی عەشقی خۆشەویستەکەیەتی، زۆر سۆزدارانە وشە ڕازاوەکانی لەپاڵ یەکتر ئاوێزانی یەکتر کردووە، پاشان

ئاوێزانی تینوویێتی گیانی خۆی کردووە بۆ ئەوەی ئەو تینوویێتییەی بە ماچی یار بشکێ و سووتان و هەژانی هەناوی بەمە نەبێ دانامرکێتەوە. لێکدانەوەیەکی تریش هەڵدەگرێ. ڕەنگە لەم پارچەیەدا هێندە تامەزرۆی کوردستانی خاکی پاکی کوردان بێ، ئاوا کوردستانی بە یاری خۆی چوواندبێ و خۆشی بە تاکێک لە تاکە وڵاتپەرستەکانی کوردستان چوواندبێ، کە چەندە دلێرانە و نەبەردانە شێت و شەیدای ڕاستەقینە و سووتاوی کوردستانە، لە پارچەیەکی دیکەدا دەڵێ:

**زۆر تینووتم،**

**لەگەڵ ئەوەی چاک دەزانم**

**مەمکەکانت، وەک تۆپەخوێ،**

**تا ماچیان کەم**

**نەمامی زەردی تینوێتی**

**لە ئێسکمدا پتر دەڕوێ.**

زۆر شەیدایانە دێتە مەیدانی عیشق و هەناسەیەکی زۆر گەرم لە هەناوە سووتاوەکەی دێتە دەرەوە، کە وەکو تۆپەڵە ئاگرێکی بڵێسەدار هەڵدەقوڵێ لە قووڵایی ناخییەوە، کە زۆر تینووتری دەکا و زیاتر خۆشەویستی نازدارەکەی بە ناخیا ڕەگی دڵداری دادەکوتێ و زیاتر برسییەتی بە سەرجەم گیانیا گوزەر دەکا و دەیکا بە عاشقێکی ڕاستەقینەی سۆفییانە.

لە بەشێکی تری شیعرەکەیدا دەڵێ:

**ئەی گیانی خۆم!**

**لە یەکەم کۆرسی ئەڤیندا**

**مەمکەکانت فێریان کردم**

**ڕێزی بەفری کۆسار بگرم،**

**چاوەکانت فێریان کردم**

**ڕێزی کانیی بنار بگرم.**

پەشێو زۆر پەشێوانەتر یارەکەی دەکا بە مامۆستای فێرکەری عیشق و زۆر بەرز دەینرخێنێ کە چۆن فێری وڵاتپەروەری و فێری ئەمەی کردووە، کە چۆن ڕێز لە چیا سەربەرزەکانی کوردستان و کانیاوە سازگارەکانی بگرێ. واتە یارەکەی کردووە بە ڕێنیشاندەر و ڕابەری قوتابخانەی مەزنی کورد و کوردایەتیی خۆی.

لە دوا بەشی شیعرەکەیدا دەڵێ:

**دەمەوێ بگەڕێمەوە**

**بۆ سەر تەختەی قوتابخانە،**

**چاوەڕێت کەم،**

**لە دووەم کۆرسی ئەڤیندا**

**فێرم بکەی مەمکەکانت بپارێزم،**

**فێرم بکەی چاوەکانت بپارێزم.**

لێرەدا هەست بەوپەڕی بێزاری پەشێو دەکرێ، کە چەندە تووڕە و هەراسانە. بۆ ئەوەی تامەزرۆیی و تێنووێتیی بشکێ، دەیەوێ بگەڕێتەوە سەر تەختەی قوتابخانەی دڵداری و چاوەڕوانی یەکەم ساتە چرکەی ئەوین بێ و یارەکەی جارێکی دیکە، سەرلەنوێ، ببێتەوە بە مامۆستای فێرکەری سۆزی عیشق و فێری ئەوەی بکاتەوە کە چۆن کورد و کوردستانی خۆش بوێ. بەڵام لەم شیعرەدا دەبینین کە پەشێو چۆن هەژان و سووتانی ژیان ڕاوی دەنێ بەدەست ئێش و ئازاری دولبەرەکەی، کە ڕەنگە هەر مەبەستی (کوردستان) بێ، پتر ڕاوی دەنێ و چۆن پەشێوانەتر ئەوپەڕی هەناوسووتانی بەسەر دێڕە جوانەکانی کاغەزی سپیدا ڕشتووە وەکو بارانێکی بە لێزمەی زۆر بە گوڕی سەرشێتانە کە نازانێ چۆن بباریێ. ئەوە ڕەنگدانەوەی کەسیەتییە جوانەکەی پەشێوە لەم شیعرەدا.

*سەرچاوە: ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٢٠١٧، ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٣٠

# زمانی شیعری پەشێو

شاخەوان فەرهاد محەمەد

بڕبڕەی پشتی ئەدەب زمانە. زمان وەکو بوونێکی کۆمەڵایەتی لای هەموو کەسێک بەکاردێت و ئەو دەورەی زمان دەیگێڕێت و دەیبینێت لە خزمەتکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هیچ شتێکی تر بەم شێوەیە نایبینێ و لە هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیاندا بەکارهێنان و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. هەر چین و توێژێک بە گوێرەی پێویستیی ژیانی و بۆ ئەو ئیش و کارەی کە **جێ بەجێی دەکات بەکاری دێنێ. زمان، بۆ نموونە، لە شیعردا (ڕوویەکی تایبەتی وەردەگرێ. ئەرکی شاعیر لێرەدا بەرزکردنەوەی ئاستی زمانە لە شێوازە گشتییەکەی و گۆڕینی بۆ دەنگی تایبەتی، ئەمەش لە ڕێگای بینین و بەهرەیەکی تایبەتی خۆڕسکەوە شاعیر وەدیی دێنێت و ڕێکی دەخات لە دەوڵەمەندترین شێوەدا، بۆ ئەوەی باشترین بەرهەم لە ڕووی واتا و دەنگ و پەیوەندیی بنیاتنان و ئاوازەکان بدات بە دەستەوە)**[1] جا لێرەدا شاعیر لە ڕێگای زمانە شیعرییەکەیەوە دەنگی تایبەت بۆ خۆی پەیدا دەکات و ئەزموونی شیعریی لەو ڕێگەیەوە نەشونما دەکا. زمان لە شیعردا ڕۆڵێکی دووانەیی دەبینێت. جگە لە شێوازە زمانییەکەی، ئیقاعیش بە شیعر دەبەخشێ. هەروا زمانی شیعریی نەتەوەیەتی. گرنگیدان بە زمانی شیعر و جیاکردنەوەی لە زمانی ئاسایی خەڵک و دەستنیشانکردنی خەسڵەتە تایبەتییەکانی کارێکە هەر لە کۆنەوە پەیڕەو کراوە لەلایەن شاعیرانەوە، بگرە لای فەیلەسووفەکانیش حیسابی بۆ کراوە.... زمانی شیعر ئازادە. شاعیر بە ئارەزووی خۆی و بەپێی پێویستیی ئەو بابەتەی کە دەیەوێت باسی بکات وشەکانی بەکاردێنێت و دەبێت بەرگێکی هێما بۆ کراوی هەبێ و ئەو هێمایانە واتای تایبەتی ببەخشن. کەواتە زمانی شیعری دەبێ کۆمەڵێک خەسڵەتی زمانەوانیی تایبەتی هەبێ، کە لە هەموو قۆناغ و سەردەمێک لە

زمانی شیعری بەکاردێت و لە پێناسەیەکدا دەڵێت : (زمان بنچینەیە و کۆڵەگەی بەهێزی شیعرە. ئەو ئامرازەیە کە شاعیر هەست و سۆز و بیر و بۆچوونەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت)[٢] وشە کەرستەی خاوی دەربڕینە و کاریگەری گەورە و مەزنی لەسەر مرۆڤ هەیە. بەکارهێنانی وشە بەپێی بەکارهێنەکانییەتی، هەروا بەپێی ئەو بوارەی کە ئەو کەسە بەکاری دێنێ و دەیگۆڕێت. لای شاعیر وەکو زەخیرەیەکی ئەدەبی کۆی کردۆتەوە لە کات و شوێنی خۆی بەکاری دێنێ .
وشە لە شیعردا مانای فەرهەنگیی خۆی لە دەست دەدا، ئەو کاتەی شاعیر بیرۆکەیەکی تایبەتیی خۆی پێ دەردەبڕێت، چونکە (وشە لە بەکارهێنانی شیعریدا بریتییە لە هێماکان بۆ شتەکان)[٣] ئەوەی ئێمە لێرە ئاماژەی پێدەکەین زمانی شیعری پەشێوە.

پەشێو، هەر لە سەرەتای نووسیندا، وەک مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و پێگەیشتوو و هەستکردوو بە دابڕانی نەتەوەکەی لە بواری فیکری و هونەری، سەرەڕای کاریگەریی ڕوانگەییەکان، هەوڵیداوە بە زمانێکی کوردیی پەتی و ڕەوان شیعر بنووسێت. بەکارهێنانی وشە و زاراوە سووک و ساناکانی بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

١- بە حوکمی ئەوەی خۆی لە زمانی سادەی خەڵکی لادێیەوە هەڵقوڵاوە، خەڵکی چەوساوەی کوردستانە و تەمەنێکی زۆری لە لادێ بەسەر بردووە، بۆیە وشە سادە و ساکارەکانی هەڵبژارد تا زۆرترین کەس تێی بگات.
٢- خۆی، چونکە هەڵقوڵاوی نەتەوەکەیەتی، هەوڵیداوە ئەو وشانە پیشان بدات کە لە سروشتی میللەتەکەی هەڵقووڵابن و هەموو خەڵک تێیان بگەن.
٣- پەشێو، وشەی تەسکی ناوچەیی بەکارنەهێناوە، بەڵکو توانیویەتی لە هەر ناوچەیەک چەند وشەیەک هەڵبژێرێ و لە بۆتەی زمانی شیعری خۆی بەکاریان بێنێ. ئەوەش بەیەکێک لە خاسیەتەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنرێت.
٤- پەشێو، خاوەنی تەکنیکێکی تازە و بنیاتێکی نوێیە. وێنەی زمانی شیعریی هەڵگری وێنەی ژیان و مرۆڤ و شتەکانە و نهێنیی دەق ئاشکرا دەکا و

واقیعی کۆمەڵگەکەی بەدەردێخێ. بۆ نموونە لە شیعری (ئۆتۆنۆمی) بەو زمانە و شێوازە مەبەستەکەی خۆی دەردەبڕێت.

**(پێناسەکەی وا لای منە:**
**کورد کوژە، هیواخەسێنە**
**دەست و دەم و پێ بەخوێنە**
**ڕێگایەکە نابڕێتەوە**
**لە نوێنەوە بەرەو سەنگەر**
**لە وێشەوە بەرەو نوێنە.**
**عەیامێکە من دەیناسم:**
**دێو جامەیە ،**
**خەمەگڕووی هەزار ڕەنگە ،**
**قوتابخانەی بێسەوادی دەبەنگیە،**
**کانگای گوێل و**
**سووزەنک و**
**فەڕەنگییە)**(٤)

لەم شیعرەدا وشەکانی (هیواخەسێن، نوێن، عەیام، دێوجامە، خەمەگڕوو، بێسەوادی، دەبەنگ، کانگا ...) هی ناوچەی جیاجیای کوردستانن. شاعیر هەمووی وەرگرتووە و لە سنووری تەسکی ناوچەیی دەریهێناون و کردوونی بە موڵکی زمانی شیعریی پەشێوانەی خۆی. پەشێو زمانێکی سادە و ساکار و ڕەوانی هەیە، (زمانێکی بێ گرێ و گۆڵی هەیە)(٥). ئەمە بۆ سادەیی و ساکاریی شاعیر ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ خۆشەویستیی بۆ سامانی کەلەپووریی نەتەوەکەی و بۆ دڵسۆزی بۆ زمانی کوردی دەگەڕێتەوە. لە شیعری (بۆ چیایی یە دوورەکان) دەڵێ:

**(ئەی چیاییە دوورەکان!**
**چۆن ئاگر کەسێک بگرێ ،**
**منتان گرتووە وەک ئاگر.**

**هەر چەند بە تاوتر هەڵێم ،**
**هەرچەند دوورترکەومەوە ،**
**دەبینم بڵندترن،**
**گەورەترن، نێزیکتر)**[٦]

وشەکانی (بەتاو، دوور، ئاگر، بڵند، گەورە، نێزیک...) وشەی سادە و ساکارن، بەڵام لە ناو دەقە شیعرییەکەدا شوێنی شیاوی خۆیان گرتووە، مانای بەهێزیان بەخشیوە. هەروا لە شیعری (لەبەر دەرگە)دا ئەو شێوازەی پەشێو بەکاری هێناوە، شێوازێکی لیریکی ئامێزە، دەڵێت:

**(شەو ڕاشکا**
**ئەژنۆم شل بوو،**
**مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپڕووکا.**
**دەرگەکەتم لێ بکەوە ،**
**ئەمشەو هاتووم**
**بۆ چنینی چەپکە نێرگزێکی چاوت،**
**بۆ وچانێ ،**
**بۆ خەونێ....تۆزە گریانێ...**
**لەسەر هەوری قژی خاوت)**[٧]

وشەکانی (شەو، ئەژنۆ، دەرگا، ئاسمان، گریان ، هەور، قژ) وشەی ئاسایی و ناشیعرین، بەڵام پەشێو زانایانە زانیویە چۆن و لە کوێ بەکاریان بێنێت. بەمەش ئاستی شیعری و ئەزموونی شاعیریەتیی خۆی بەرەو پێش دەبات و شێوازی زمانی خۆی بە دەردەخات. بۆیە (شێرکۆ بێکەس) دەڵێ: (شێوازی پەشێو وەک گوڵە کێویلە سادەیە و وەک کۆتر نیان و لە تاوسە لە خۆباییەکان نییە)[٨] هەروا پەشێو لە شیعرەکانیدا توانیویەتی گیانی نوێ بە وشەکانی بدات و زمانە شیعرییەکەی پێ دەوڵەمەند تر بکا، بۆ نموونە لە شیعری (گوڵە بەڕۆژە)دا، دەڵێ:

**(نیشتیمانی من**

**هێلانەی خۆرە**

**پڕشنگە جاڕە**

**سەرم سەر نییە**

**گوڵە بە ڕۆژەی هەمیشە لارە)**[٩]

وشەکانی (نیشتیمان، هێلانە، خۆر، سەر، گوڵەبەڕۆژە، لار) وشەی ئاسایین، بەڵام توانیویەتی لە نێوانیان پەیوەندیی بەهێز دروست بکات، بۆ نموونە، (نیشتیمان)ی بە (هێلانە) چواندووە، (هێلانەی خۆر) وشەیەکە بوعدێکی دەلالی نوێی وەرگرتووە. جارێکی کە (پڕشنگە جاڕ)، کە تایبەتمەندیی بە وڵاتەکەی داوە، شاعیر دایتاشیوە لەسەر شێوەی (نێرگزەجاڕ). سەری دەبێتە گوڵەبەڕۆژە و هەردەم لەبەر خۆردا دەوەستێت. ئەوەش داهێنانی پەشێو بەدەردەخات. هەندێک جار پەشێو وشەی بێگانەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی زمانە شیعرییەکەی پێ دەوڵەمەند بکات و لە هەمان کاتدا خەڵکی لە دۆزینەوەی شتی زانستی و نوێ ئاگادار بکاتەوە، وەکو لە شیعری (لەوەتی هەم خەو دەبینم) دەڵێ:

**(جار هەیە جەنگی ئەستێران،**

**تشێرنۆبڵ، هەڵەبجەی وێران**

**دەمامکەکەی مایکڵ جاکسن،**

**لە شووشەدا مرۆڤچاندن ،**

**ئینتەرنێت و**

**کونتێبوونی چینی ئۆزۆن**

**ڕاوم دەنێن ...دەمتۆقێنن)**[١٠]

چەند وشەیەکی نوێی بەکارهێناوە ،وەکو (تشێرنۆبڵ، مایکڵ جاکسن، ئینتەرنێت، چینی ئۆزۆن..) ئەوانەش ئاگاداری و شارەزایی شاعیر بەدەر دەخەن کە چۆن توانیویەتی زانیارییان لەسەر کۆبکاتەوە و لە شوێنی خۆی

بەکاریان بێنێت. هەروەها پەشێو چەند وشەیەکی بەکار نەهاتوو یان پشتگوێخراوی وەرگرتووە و لە بەرگێکی تازە و بە گیانێکی نەمرانە لە دەقی شیعریی خۆیدا بەکاری هێناون، وەکو لەشیعری (ئەگەر ئەمجارە بێمەوە) دەڵێ:

**(ئەگەر ئەمجارە بێمەوە**

**بەیانییان**

**وەک بەرخۆڵەیەکی ساوا،**

**لەناو قەرسیلی پاراوا**

**تل دەخۆم و گیاییێکی تفت تێر تێر دەجووم،**

**تا کفت دەبم**

**پێ و بەلەکم لە شەونمی سارد هەڵدەسووم)**[١١]

لێرەدا وشەی (قەرسیل، بەلەک، کفت، تفت، بەرخۆڵەی ساوا...) وشەی میللیی بەکارهاتوون. واتە، زمانی پەشێو زمانێکی تایبەتی و ئامادەکراو نییە، هەڵقولاوی زمانی ئاسایی خەڵکە و زمانی قسەپێکردنی خەڵکی ئاساییە، وەکو(وردس وۆرت)دەڵێ: (باشترین زمانی شیعری ئەو زمانەیە کە خەڵک قسەی پێ دەکەن و ئەوەی دەیکاتە زمانی شیعر بریتییە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی)[١٢]

**سیفەت و تایبەتمەندییەکانی شیعری پەشێو:**

١- بە زمانی کوردی پەتی دەنووسێت

٢- هەوڵیداوە بە ڕێنووسێکی یەکگرتوو ، وریایی و لێهاتوویی وشەکان لە قالبی جوان بنووسێت.

٣- زمانەکەی تەڕ و ناسکە.

٤- زمانێکی سادە و رەوان و ئاساییە، خەڵک زوو تێی دەگات. پێویست بەوە ناکات لە ناو فەرهەنگەکاندا بە دوای واتای وشەکاندا بگەڕێیت.

٥- لە بواری زانستی زمان شارەزایە، هەر لەنگییەک لە زمانەکەدا هەبێ زوو هەستی پێ دەکات، چارەسەری هەڵەکانی دەکات.

٦- چەندین زمانی جیهانی بە باشی دەزانێ، بۆیە بۆتە سەرچاوەی دەوڵەمەندی فەرهەنگی شێواز و زمانە شیعرییەکەی.

## پەراوێزی سەرچاوەکان

١- عدنان حيش العوادي ، لغة الشعر الحديث في العراق بين مطلع العشرين والحرب العالمية الثانية.

٢ - حسين عبود حميد ، في الشعر العراقي الحديث

د. عزالدين اسماعيل / التفسير النفسي للادب.٣ -

٤ - عەبدوڵڵا پەشێو ، برووسکە چاندن

٥ - دیدار لەگەڵ شێرکۆ بێکەس ، سلێمانی

٦ - عەبدوڵڵا پەشێو ، شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم

٧ - عەبدوڵڵا پەشێو ، شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم

٨ - دیدار لەگەڵ شێرکۆ بێکەس ، سلێمانی،٢٠٠٢/١١/١٢

٩ - عەبدوڵڵا پەشێو، بەرەو زەردەپەڕ

١٠ - عەبدوڵڵا پەشێو، بەرەو زەردەپەڕ

١١ - عەبدوڵڵا پەشێو ، شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم

١٢ - د.عمر محمد الطالب / المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)

## سەرچاوەکان

### أ- کوردییەکان:


١ - عەبدوڵڵا پەشێو ، برووسکە چاندن / چاپی دووەم /چاپخانەی ڕۆشنبیری / هەولێر/ ٢٠٠١

٢ - عەبدوڵڵا پەشێو، بەرەو زەردەپەڕ ./ چاپی یەکەم/ سوید /٢٠٠١

٣ - عەبدوڵڵا پەشێو ، شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم. چاپخانەی الادیب /بغداد/١٩٨٠

٤ - دیدار لەگەڵ شێرکۆ بێکەس ، سلێمانی . لە ٢٠٠٢/١١/١٢


### ب- عەرەبییەکان:


١- حسين عبود حميد ، في الشعر العراقي الحديث. رساله ماجستر، جامعه البصرة، كلية الاداب، ١٩٨٤.

٢- د. عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للادب. دار العودة، بيروت، ١٩٨٨.

٣- د.عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق). دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٣.

٤- عدنان حيش العوادي ، لغة الشعر الحديث في العراق بين مطلع العشرين والحرب العالمية الثانية. دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٥.



* سەرچاوە: گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە(١٧٢)، ئەیلول ٢٠١١.

# زمانی پەشێو سووتمانێکی گڵپەدارە*

شاخەوان فەرهاد محەمەد

هەر شاسوارێکی مەیدانی هۆزانڤانی کوردی خاسییەتێکی تایبەتیی خۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە هاوپیشەکەی خۆی. یەکێ لەو هۆزانڤان و بیرمەند و بیر فراوانانەی ئەو ڕێچکە درەوشاوەیەی ئەمجارەمان پەشێوی هەڵۆی چیا سەرکەش و شکۆمەندەکانی کوردستانە.

پەشێو.. خاوەن کەسایەتییەکی چەسپاو و نەگۆڕە، هەرگیز سەری بۆ دوژمن دانەنواندووە. خامەی دەستی بووە بە چقڵێکی ئاگرین بەچاوی دوژمنیدا. هەموو کات هەناسەکانی سۆزی غەریبیی وڵات و ژانی هەژارانی میللەتی لێ هەڵساوە. دەست و پەنجەکانی لەگەڵ خامە شەڕیان بووە کە بە چ شێوازێک بیر و بۆچوونەکانی دەربڕێ، بە چ زمانێک باسی کارەسات و ڕووداو و خۆشی و ناخۆشیی گەلەکەی بکا. وشە و بۆچوونەکانی هێندە ڕەنگین و دولبەر و ڕازاوە و جوانکیلەن کە مرۆڤ لە ئاستیا سەرسام و سەرمەست دەبێ. هێندە بە قووڵی چووەتە ناخی هۆنراوەکانی کە خوێنەر بە مێشکیدا گوزەر دەکا و لەگەڵ یەکە بە یەکەی وشەکانی دەتوێتەوە بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ ئازارێکی دژواربکا، بەڵکو دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە لە هۆزانەکانی پەشێو، بۆیە لێرەدا با لەسەرخۆ هەنگاو بنێین بۆ خزمەت هۆزانە گڵپەدار و درەوشاوەکانی پەشێو، بۆ ئەوەی کەمێ لەگەڵ توانا و بەها و کەسایەتییە ناسراوەکەی ئاشنابین و دەستپێکی ناسینەکەشمان بەو هۆنراوەیە دەستپێدەکات:

**هۆنراوەم شیلەی دڵ و دەروونمە،**
**ئاوێنەی ژین و بوون و نەبوونمە،**
**سروودی گەرمی تافی لاویمە،**
**هەڵچوونی خوێنی ئاگراویمە،**
**بۆیە جیاوازیی نییە، ئەی جوانم،**
**منت خۆشبوێ یا شیعرەکانم.**

ئەوە یەکێکە لە هۆزانە زۆر بەرز و پڕ لە ماناو جوانەکانی پەشێو کە هەست بە خۆشەویستییەکی ئێجگار باڵا لەو هۆنراوەیە دەکرێ، کە پەشێو بەرامبەر یارەکەی دەریدەبڕێ. کەسێک پەشێو، یاخود هۆنراوەکانی، خۆشبووێ هەر هەمان شتە، چونکە دێڕ بە دێڕی هۆنراوەکانی هەمان گڕ و سۆز و عەشقی بڵێسەداری پەشێوانەیان پێوە دیارە. با ئەمجارەیان زیاتر بە قووڵاییی ناخی پەشێو تێکەڵاو ببین و بزانین لە هۆزانی (کێوی باوەڕ) چۆن متمانە و باوەڕە پەشێوانەکەی خۆیمان پێ دەناسێنێ. بە بڕوای پۆڵایینەوە دێتەگۆ و دەڵێ:

**با تریشقەبێ، با برووسکەبێ،**
**ئاسمانی ژینم بێ ترووسکەبێ،**
**با دەوروپشتم گرمە و گاڵەبێ،**
**با دیمەنی خوێن بۆن گوڵاڵەبێ،**
**پەیمانم داوە بەزنجیرەی کێو،**
**کە تیشکی خۆری نێزیکە لە لێو،**
**گەر ڕەهێڵەبێ و بەردیش بباریێ،**
**لە کێوی باوەڕ نایێمە خواریێ.**

لەو هۆنراوەیەدا پەشێو خۆی دەسەلمێنێ و شابڕوا و متمانە بێهاوتایەکەی خۆیمان پێ ئاشنا دەکا و فێری وانەیەکی زێدە شکۆمەندی باوەڕداریمان دەکا.

له هۆزانێکی دیکەیدا زمانە گڵپەدارەکەی تیشکی نیشتمانپەرستی لێدەردەچێ و دەڵێ:

**هەروا لەبیرمە،**
**دایکی نیشتیمان**
**کاتێ نایەدەم گۆپکەی مەمکی ژیان،**
**چرپاندییە گوێم، بەسۆز، بە گریان:**
**(چەند ساڵە ڕۆڵە،**
**لەم خاک و خۆڵە**
**دێ دەنگی زیلی**
**پڕ ترسی دیلی**
**بۆ تۆڵە گۆش بە، نەک بۆ زەلیلی)**

پەشێو زۆر کورد پەرستانە چەکی باوەڕی خستۆتە سەر شانی زمانی هۆزانی و لە (دەنگێک لە کوردستانەوە) زۆر ڕاستگۆیانە دێتە وەڵام و دەڵێ:

**چەند حەزدەکەم**
**منی کوردیش**
**ئادەمیزادێکی سەربەست بم.**
**بە چەلین و کەوشی کوردی**
**لە چیاکانی فەلەستینا چەک بەدەست بم.**
**هێرش بەرم**
**بۆ سەر ئەو بووکەشووشانەی،**
**بۆ سەر ئەو داڵە تووشانەی**
**گۆشتی کۆرپەی ساوا دەخۆن،**
**مزگەوتەکان،**
**کلێسەکان،**
**بەخوێن دەشۆن.**

یاخود بەگڕ و تینێکی گڵپەدارەوە دێتە مەیدانی ژیان و دەڵێ:

**من کوردێکم....**
**هەرچەند ئەمڕۆ دەنگ هەڵبڕم،**
**دەنگم نییە**
**من کوردێکم....**
**هەرچەند ئەمڕۆ خۆم نیشاندەم ،**
**ڕەنگم نییە**
**کوردستانی گەورە و مەزن،**
**وەک خەرمانی جوتیاری کورد بەش کراوە...**
**باستیلێکە،**
**توند کوردی تێ ئاخندراوە،**
**بەڵام، پەیمان**
**هەزار پەیمان**
**لەدواڕۆژا،**
**کە خۆم بینی کەسێکم نایێ بەگژا،**
**کە خۆم بینی،**
**لە سێبەری کوردستانی ڕزگاربووما،**
**لە کەی دیلی سڕاوەتەوە لە ڕووما،**
**ئەوسامنیش،**
**وەک کوردێکی خاوەن کیان،**
**چەک هەڵگرم**
**بۆ هەرکەسێک بڵێ، ژیان!**

دەبا هێمنانەتر بچینە خزمەت پارچە هۆزانێکی دیکەی پەشێو بەنێوی (خۆکوشتن) و بزانین چی لە هەگبەدایە و زمانە پەشێوانەکەی خۆیمان زیاتر و قووڵتر پێ ئاشنا دەکا و دەڵێ:

**من بەخوێنی خۆم شیعر گۆش دەکەم،**
**گەرچی دەزانم گیانێکیشم ئەوە!**
**شەو لەتوێی خۆیدا گزنگ هەڵدەگرێ،**
**گەرچی دەزانێ،**
**یەکەم تیری ڕۆژ بۆ جەرگی شەوە!**

پەشێو لە هۆزانی (قیبلەنما) دا نەک هەر بەخۆی، بەڵکو بیر و هۆش و گیانی هەمووی بۆ خۆشەویستیی کوردستان دێتە دەنگ و سۆزی ئەڤینیان لێ دەبارێ و دەڵێ:

**بیری من و قیبلەنما وەکو یەکن،**
**ڕوو دەکەمە**
**هەرجێیەکی ئەم جیهانە،**
**ڕووی میلی ئەو**
**تەنیا بەرەو کوردستانە!**

ئای لەو پارچە هۆزانەدا چەند شێت و دێوانەیە بۆ عیشقی کوردستان و چۆن لە هەر جێیەکی جیهاندا بژی هەر خەون و خەیاڵی لای کوردستانە و گڕکانی ئەوینی کوردستان چۆن لەگەڵ هەناسەیدا بارانی بە لێزمەی پەشێوانەی لێ دەبارێ. کە ناتوانین وا بە ئاسانی دەستبەرداری پەشێو بین، نووکی خامەمان زۆر بە شانازییەوە دەچێتە خزمەت هۆزانێکی دیکەی بەنێوی **(جاران و ئێستا)** کە دەڵێ:

**جاران.. شیعر**
**بە تەماشای کەپکە شاخێک،**
**وەکو کانی، لە پەنجەکانم دەردەبوو.**
**جاران.. شیعر،**
**کە داغ دەکرام،**
**وەکو زیڕەی کۆرپەڵەیەک**

**له بێدەنگیی شەو بەردەبوو.**
**جاران.. شیعر**
**دوای ماچێکی کۆڵانی تار،**
**وەکو گزنگ**
**بە هەموو دنیا وەردەبوو.**
**ئێستا.. شیعر**
**شنەشنی بە ئاستەمی**
**ترووسکەی ئەولای تونێلە،**
**ئێستا.. شیعر**
**لایەلایەی خەواندنی**
**بڵێسە و برووسکە و پێلە.**
**هەلاجێکە،**
**ژین و مەرگ پەڕە دەکا!**
**هەم بۆ بێشکە دەسرازەیە ،**
**هەم قانەگیای دەوری کێڵە!**

لێرەدا هەڵوەستەیەک لە خزمەت هۆزانەکانی پەشێو دەکەین، چونکە پەشێو کەسایەتییەکی وای هەیە کە بەباسێکی وا خێرا تێنوویەتیم ناشکێ ناتوانم هەقی تەواوی خۆی بدەمێ، بەڵام ئەگەر سەیری شێوازی ڕێنووسی کوردییەکەشی بکەین، دەبینین ڕێنووسێکی تەواوی بێ هەڵە و کەم و کوڕییە و زمانەکەشی تەواو پاراو و پەتی و ساف و بێگەردە کە فێری وانەیەکی بەرزی خۆشەویستیمان دەکا بۆ هۆزان و ڕێنووسی کوردی و خزمەتێکی یەکجار نایابیشی پێشکەش بە ئێمە کردووە. هەزاران هەزار سڵاوی شکۆمەندانەی سەربەرز و کێوانەی لێ بێ.

سەرچاوەکان:


١. هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا،شیعری . (١٩٨٠-٢٠٠٥) .
٢. پشت لە نەواو ڕووڵەکرێوە،شیعری . (١٩٦٥-١٩٧٩).


* سەرچاوە: ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٢٣٥٧) ل (٨)، یەکشەممە ٢٠٠٦/١٢/١٧.

# "دوانزە وانە بۆ منالآن و چەند تابلۆیەک" *

ئازاد مستەفا (ڕزگار)

سەر وتاری یەکەم ژمارەی " ئالآی سووری کوردایەتی " ، کە" ئۆرگانی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک"بەم ڕستە پڕشنگدارە دەست پێدەکات: (وشە سەرەتای کردارە و بڵێسەی کاروان... وشە دینامیتە و نارنجۆک، قەلآی زوڵم و زۆر و زۆرداری هەڵدەتەکێنێ... وشەی پیرۆز و پاک و ڕاست، بیری ڕەسەن، بیرکردنەوەی دروست دەڕسکێنێ، نەتەوەیەک بە ئاگا دێنێتەوە و چەوساوان دەورووژێنێ و بەشخوراوان هان دەدات... وشەی کوردیی پیرۆزیش چێوەی بیری کوردایەتیی ڕەسەنە، کوردایەتیش چارەنووس و بوونی نەتەوەی کوردە...).

ئەمەش یەکێکە لە ڕاستییە زانستی و مێژووییە هەرە بەرچاو و گرنگەکانی ژیان و بوونی کۆمەلآیەتیی مرۆڤ. ڕووپەڕی مێژوو و ڕووداوە گرنگە بەرچاوەکانی خەبات و نەبەردی نەتەوەکان هەڵدەرەوە، دەبینی هەمیشە وشەی ڕەسەن پێشەنگی کاروان و زەنگی ڕاستبوونەوە و ڕاپەڕین بووە... (ڤۆڵتێر، ڕۆسۆ، تومپین، فیختە، مایکۆفسکی و لۆرکا) دەنگی دلێر و ڕەسەنی هەرگیز نەمری شۆڕشانی مەزنی " فەرەنسای گەورە و ئەمەریکا و ئەڵمانیا و ئۆکتۆبەر و ئیسپانیا" بوون... ئەمان گیان و هەناو و بزوێنەری شۆڕش بوون...

ڕۆڵەی هەڵکەوتووی کوردیش "**عەبدوڵڵا پەشێو**" دەنگی هەرە ڕەسەن و سازگار و ترۆپکی شۆڕشی کورد و کوردایەتییە. پەشێو، دەنگی ویژدانی نەتەوەی کورد و پەیامبەری بیری ڕەسەنی کوردایەتیی پیرۆزە!.

ئەگەر "پەشێو" کورد نەبووایە، کە کوردیشە "کوردایەتی فەلسەفەی ژیان و خەبات و ڕێبازی نەبووایە... پێم وایە، هەزار هێندەی "نازم حیکمەت و مایکۆفسکی "لەبەر چاوان و لەسەر دڵان دەبوو!! بەڵام ئەو هێندە شانازییەی بەسە کە چاکترین دەربڕ"معبر"ی ویژدان و دەروونی کوردە... پەشێو ئیمڕۆ دەنگی هەست و خواز و ژان و ژوانی نەتەوەیەکی لە بیربراوەیە، پێغەمبەری هەستی بڵندی بە خۆنازین و داوای ڕەوای کوردە... ئەو لەسەر بڵندایی زاتێکی باوەڕبەخۆ و واقعی ویست و ڕەوای نەتەوەکەیەوە چاوی هیوا و ئاواتی بڕیوەتە " ئازادی و یەکسانیی کورد... کەس وەک پەشێو ڕەپوڕاست و گردەبڕ نەچۆتەوە بەگژ واقعێکی تاڵی سەپێنراوی ناڕەوادا. لە نێو هۆبەی مەسڵەتبازی و خۆدان بەدەستەوە و ناوەڕاستڕەویی دنیای سیاسەتی ئاڵۆزی بێلۆژیکی دوێنێ و ئیمڕۆی کورددا ، وەک دارسەروو، وەک بەربەست ، وەک کێو بە ڕووی داگیرکەرانی کوردستان و خۆفرۆشانی ناوخۆدا دەوەستێتەوە و وشەکانی ئاگر لەسەر پشتی داگیرکەران دەکاتەوە و سەری نەویی بووکەشووشە خۆرکەکانی ناوخۆی پێ نەویتر دەکات ، چەک دەداتە دەست شۆڕشگێڕان و داس بۆ جوتیار و چەکوش بۆ کرێکار و بیری تیژ و ڕەسەن بۆ ڕۆشنبیران ، بە کورتییەکەی، وەک تاکێکی هەڵکەوتوو، ڕێچکەی بەستەڵەکی واقع و بیر بۆ تاکەکانی دوای خۆی دەشکێنێ و چاویان دەکاتەوە بۆ ڕۆشناییەکی ڕوونتر... بۆ "کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان". ئەم ڕێگا سەخت و پیرۆزە ، وەک هیچ ڕێگایەکی دی گوڵڕێژ نییە... پڕ کەند و کۆسپ و لەمپەر و لەوێرە، بەڵام ڕێگای پیاوی مەرد و نەترس و دلێرە... هەمیشەش پیرۆزی و ڕاستی و مەزنی هەر ڕێبازێک بەسەختی و دژواریی ڕێبازەکەوە بەندە... سەختی و دژواریی ڕێبازی پەشێویش دووجاران لە ڕێبازی ئاسایی و عادەتیی خەڵکی تر سەخت و

دژوارتـره ... ئـەم لـە دوو بـەرەوە دەجـەنگـێ ... بـەرەی داگیرکـەران و بـەرەی بیروباوەڕی کۆسمۆپۆلیتانەی خۆفرۆشانی نێوخۆ!!.

نموونەی ئەمە ، کاتی خۆی کە پەشێو، پاش تاقیکردنەوەیەکی تاڵ لەگەڵ سیاسییە محتـەرەف و بوودەڵـە و لێنەهـاتووەکانی کورددا، دیتـی خۆفرۆشـی و بـەکرێگیراوییـان ، یـان بـە فیـرۆدان و بـەرەو هـەڵدێریان لێشین بۆتـەوە.... بـە " دوانـزە وانـە " بـەناوبانگـەکـەی ڕوو دەکاتـە منـاڵانی کـورد، نـەوەی داهـاتوو و چـارەنووسـبەدەسـتان، پـەردە لـە ڕووی دەمامککـەران دادەدڕێ و وەکـو هـەن دەیانخاتە ڕوو ، دەست لەسەر دەرد و ژانەکانی کورد دادەنێ و ئامانج و ئاوات و مـەبـەسـتە ڕەواکانی بە ڕوونـی و بێگرێ و گۆڵ وەکو هـەن دیاری دەکات و ڕێگای ڕاپەڕین و شۆڕش و ڕێبازی دانبەخۆداگرتن و بەردەوامـی و فـەلسـەفـە و تیۆری "کوردایـەتـی"ی ڕەسـەن و خۆمـاڵی وەک {تاکە ڕێی چارەنووسی کورد} دەداتـە دەسـتیان ، تـا وەک هـەمـوو دنیـا ، مرۆڤـی کـورد لـە ژێـر سـایەی (کوردسـتانێکی ئـازاد و گـەلێکی یـەکسان)دا وەحـەسـێن. بـەڵام خـۆی وتـەنـی (دەیان وەک بەچکە چۆلەکە سـەربڕی و دووانیشیان رزگاریان بوو !)... ئینجا دەوری مۆرانەی ناوخۆ و جاش ڕۆشنبیران هاتە پێش و ئەو دووانـەی کە لـەبـەر دەستی چەپەڵی داگیرکەرەکە ڕزگاریان ببوو، " سامی شۆرش" نـاوێکی بێئـابڕوو کـەوتـە ئـاوەڕووتکردنیـان. هـەرچـی ژەهـراوی داخ لـە دڵـی و کوردنـەویـستیی کۆسـمۆپۆلیتانەی هـەبـوو ڕشـاندییەوە بـە ڕووی سـووری ئـەو دوو کۆپلـە تاسـاوەدا!!! ئـەمـەش یـەکـەمجـار نـەبـووە و دواجـاریش نابیـت کـە قـاپـی 'کوردپـەروەران "بگیرێت !! بـەر لـەم بـەرمـاڵ بـە" کامیل ژیـر" گیرا بـوو لـەسـەر دیوانی "کوردایـەتـی" یـەکـەی... و سـەربـەست بامـەڕنیش لە وەڵامـی شیعرێکی "ئەحمەد سەلام "دا کە بە جـەنگاوەرێکی ڤێتنامی پێشکەش کرابوو.. بـەوپـەڕی بێشەرمییەوە دەڵێ: (چۆن دەبێ و چۆن دەشێ پێشمەرگەیەکی کورد بگەیەنرێتە ئاستی جەنگاوەرێکی ڤێتنامی؟؟!!.)... لەم قاپگرتنەدا هەتا "حاجی قادری کۆیی" یش ڕزگاری نەبووە!!.

" پەشێو "شۆڕشگێڕ و خاوەن هەڵوێستە، هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی ڕەسەن و واقعی... دوور لە قرمە و قاوی دروشمی زڕە شۆڕشگێڕانەی ساختە... پەشێو مرۆڤدۆستە، بەڵام، ئەم مرۆڤایەتیی مرۆڤی کورد لە "کوردایەتی" دا دەبینێ. ئەو ناتوانێ لە زاتی کوردانەی خۆی هەڵگەڕێتەوە و بەرگی درۆزنەی خواستەمەنیی بێگانە بپۆشێ، وەک ڕێوییەگەڕە لە کونی خۆ هەڵگەڕاوەکان!..ئەو کوردی پێ مرۆڤە، بۆیە مرۆڤایەتییەکەی لە کوردایەتییەوە سەرهەڵدێنێ و ڕەنگ دەداتەوە..بە پێچەوانەی گۆشکراوانی بیری ناڕەسەنی بێگانە، کە کوردایەتی بە تاوان و تەنگنەزەری دەزانن، ئەوانە، کورد نەبێ هەموو شتێکی دین!!... ئەوانە نانی کونەماسی دەخۆن و پاسی جرتاوا دەکەن!!

" پەشێو" دەزانێ هەموو شۆڕشگێڕانی مەزنی دنیا ئەوانە بوون و ئەوانەن کە نەتەوەکانی خۆیان لە هەموو شتێکی تر خۆشتر ویستووە. مازینی و دیڤالێرا، جیڤرسۆن و فیختە ، سەن یان سەن و ماو و گاندی و نەهرۆ و عرابی و ناسر، قازی و بەکر سدقی... کەسانێک بوون کە مەزنی و نەمرییان لە خۆشەویستێتی نەتەوەکانیانەوە هاتووە... "پەشێو" ئەو سەرەتا بەڵگەنەویستە دەسەلمێنێ کە ئەوەی نەتوانێ نەتەوەکەی خۆی خۆش بووێت، مومکین نییە بتوانێ ببیتە دۆستی نەتەوەیەکی دیکە، ئەوپەڕەکەی دەتوانێ بەکرێگیراوێکی خۆبەکەمزان بێت!!.ئەو بەمجۆرە لە یەکێتی و خەباتی نێوگەلان دەگا و دەڵێ:

**چەند حەز دەکەم**
**منی کوردیش، ئادەمیزادێکی سەربەست بم**
**بە چەلین و کەوشی کوردی ،**
**لە چیاکانی ..فەلەستینا چەک بەدەست بم..**

*ئەدی کاکە "پەشێو" بۆ وەستاوی ؟*
**بەڵام چی بکەم ؟!**
**خۆشم ئەمڕۆ وا دەست بەستەم**
**داگیرکەران.. لە چوار لاوە ،**

**ناهێڵن بجووڵێ جەستەم ..**

کەوابێ هیچ !؟

پەشێو دێتەوە زمان و دەڵێ : ***نەخێر !!***

**بەڵام پەیمان**

**هەزار ..پەیمان**

**لە دواڕۆژا،**

**کە خۆم بینی،**

**کەسێکم نایە بە گژا**

**کە خۆم بینی**

**لە سێبەری کوردستانی رزگاربووما**

**لەکەی دیلی سڕاوەتەوە لە ڕووما،**

**ئەوسا.. منیش ،**

**وەک کوردێکی خاوەن کیان**

**چەک هەڵگرم ،**

**بۆ هەر کەسێک ، بڵێ : ژیان!**

ئێ کەوابێ تۆ "شۆڤێنی" و "تەنگنەزەری"! چونکە کوڕی خۆت ناکەیتە قوربانی کچی خەڵکی...

دیسانەوە پەشێو ڕاست دەبێتەوە و بە پرسیارێک، کە وەڵامی نییە، قوڕ دەدات بەدەمی کۆسمۆپۆلیتانی خۆفرۆشدا و دەڵێ:

**بۆ شۆڤێنیم؟!!**

**وا ڤێتنامی ـ**

**بۆ ڤێتنامیان سەر دادەنێن.**

**فەلەستینی ـ**

**دەمرن .. دەژین**

**بۆ هەر دڵۆپە ئاوێکی**
**بۆ هەر بەردێکی فەلەستین.**
**ئەگەر منیش داوا بکەم**
**سەربەست بژیم وەکو پیاو**
**لە کوردستانێکی ئازاد**
**نەک لەت لەت و پێشێل کراو**
**بۆ شۆڤێنیم و خۆپەرستم ؟**
**دە پێم بڵێ خۆشەویستم**
**بۆ شۆڤێنی و خۆپەرستم ؟!.**

وە نەبێ ئەمە پاڕانەوە و خۆدەربازکردن بێت و باوەڕی بە مەسەلەکەی نەبێت! تەنها لە ڕووی دەرخستنی دەمچەوتێتی و بێلۆژیکی بیرگیرانەوە ئەمە دەڵێ، ئەگینا پەشێو پڕ بەدەم هاوار دەکات:

**دۆستەکانم ! باش بزانن**
**دوژمنانم ! باش بزانن**
**چەند باوەڕم بە زەردەشت و**
**بە ئاوێستا و بە خوا هەیە**
**هەزار هێندەش**
**باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە**

ئەمەش خەیاڵی شاعیرانە و وڕێنە نییە. بیانەوێ و نەیانەوێ هەردەبێ ئەو بەردە لەسەر دڵیان هەڵێ، پەشێو زەمینەی هەڵکردنی ئاڵا خۆش دەکات و دەڵێ:

**زۆر تکایە**
**بۆ ئەوەی منالی ئێمەش**
**بووکە شووشەیان دەسکەوێ**
**. وەکوو هەموو**
**منالانی ئەم دنیایە .**

**فێریان بکەن، ڕایان بێنن ،**

**تانک و تۆپی داگیرکەران تێک بشکێنن!**

کاکە پەشێو دڵنیایە لە سەرکەوتن، چونکە:

**سەردەکەوین .**

**چونکە دوێنێ**

**تۆپە قوڕێکی دەستکردم**

**دایە دەست منالێکی کورد .**

**ئەو لە باتی بووکەشووشە**

**تفەنگێکی بچکۆلانەی لێ دروست کرد!**

حەز بەمەش ناکات، بەڵام کە تاکە ڕێگای سەربەستی و ئازادی بێت دەبێ بگیرێتە بەر، ئەگینا:

**خوا دەزانێ....**

**باڵای تفەنگم خۆشناوێ**

*بەڵام (تەنیا لە لوولەی تفەنگدا ئازادی چاوی هەڵدێنێ)، ئاشتیمان بەبێ چەک دەست ناکەوێ...*

**وەک بیستوومە**

**ئەو کۆترە مانگرتووە**

**لە ئاسمانی وڵاتێکی بێ ئاڵادا**

**بە شریخەی تفەنگ نەبێ**

**قەت لەشەقەی باڵی نادا !**

*ئەم عاشقە مەزنە ، لە کوردستانی عیشقی پیرۆزی دابڕاوە چونکە* :

**خۆشەویستم ..**

**خاوەن وشە، لەم وڵاتە ،**

**هەمیشە .. هاتی .. نەهاتە !**
**دەیانەوێ**
**خاوەن وشە ،وەک هەنگ وابێ**
**هەر کە بە ڕووی کاغەز وەدات ..**
**بمرێ.. وەکات!**

**ئەیانەوێ وشەکانمان،**
**کۆت و زنجیر، بۆ پێیان بێ**
**سایەی سێدارە.. جێیان بێ!**

**ئەیانەوێ..**
**وشەکانمان ،**
**بێ دەنگ .. بکەون بە ڕوودا،**
**وەک حەزرەتی سمایل کەوت**
**لەژێر رەحمەتی .. چەقۆدا !**

دیارە داگیرکەر لە ملکەچی بەولاوە قبوڵ ناکات ، داگیرکەرانی کوردیش دڕندەترین داگیرکەرانی سەر ئەم دنیایەن ، هەر بەوەوە دابین نەبوون سامان و دارایی کورد بدزن و خوازی خۆیانمان بەسەردا بسەپێنن.. ئەوەتا وەک پۆلە کوللە بە نیشتماندا وەربوون.. بۆیە پەشێو هاواریان لێدەکا:
**بارکەن بڕۆن..**
**کانیاوەکان جگە لە من**
**کەسێکی تر تێر ئاو ناکەن**
**....................**
**بارکەن بڕۆن..**
**زەوی ئێمە ،**

**دانی ئێوەی لێ شین نابێ .**

......................

**بارکەن بڕۆن..**

**میوەی درەختەکانمان کاڵە**

**ئاومان سوێرە ،**

**هەنگوینمان بە دەمتان تاڵە!**

ئیمڕۆ سبەی هەر دەبێ بارکەن، بڕۆن، چونکە نە کورد باریوە و نە کوردستان ماڵی بابی ئەوانە، وەکو پەشێو دەڵێ:

**لە ئاسمانەوە نەهاتووم**

**من میوان نیم .**

**من میوانی**

**سێبەری قورسی کوردستان نیم .**

**بەر لە مێژوو ،**

**کانییەک بووم لێرە دەربووم .**

**بەر لە مێژوو ،**

**ئاگرێک بووم لێرە هەڵبووم .**

پەشێو تەنها نیگارکێشێک و ڕێبوارێکی سەرپێنۆڕ نییە... ئەو ژان و ژوان پێکەوە دەبینێ.. دەردەکانی کۆمەڵی کوردەواری دەدۆزێتەوە و چارەشی دیاری دەکات.. دەستنیشانی مەبەست و ڕێگا پێکەوە دەکات.. وەکو دوو شتی دیالێکتیکی دەیانبینێ، کە ئاوێتەی یەکن و جوێ نابنەوە. ئامانجی ستراتیژیی بزووتنەوەی کوردایەتی دەخاتە ڕوو و تاکە ڕێگای سەرکەوتن و گەیشتنە ئامانجیشی لەگەڵدا دیاری دەکات و دەڵێ:

**مناڵەکان !**

**ئێوەن زەلکاو دەشڵەقێنن ،**

**ئێوەن ئەو بوومەلەرزانەی**

**سبەی کانی دەتەقێنن ،**

**ئێوەن سبەی**

**سنووری دەستکرد دەشکێنن ،**

**قەفی زنجیری لێکپچڕاو**

**بەیەکترەوە دەلکێنن**

**ئێوەن سبەی**

**لە قامیشلی ،**

**لە دیاربەکری شێخ سەعیدا ،**

**لە سلێمانیی بریندارادا ،**

**لە مەهابادی" قازی" دا ،**

**بە یەک فەلسەفە پێ دەگەن**

**گشت تێ دەگەن :**

**ئەوەی کورد بێ ، نەوەی نوێ بێ ،**

**دەبێ تێشووی**

**ڕێی یەکێتی کوردی پێ بێ .**

پەشێو وەکو بۆرژوا چاوچنۆکەکان ، بۆ ئەوە شین ناکات ، کوردستان لە دەست داگیرکەران دەربێنێ تا خۆی هەڵی لووشێ . چۆن کوردستانی بێ ئالا و کیانیشی ناوێ . ئەو کوردستانی ڕزگار و یەکگرتوو و ئازادی دەوێ تا کورد تێیدا یەکسان بن ، کە دەڵێ :

**پێ ناکەنم ..**

**تا ئەو ڕۆژەی هەژارەکان**

**مامزی خەندە ڕاودەکەن**

**بۆ لێوی لادێ و شارەکان.**

**کە ئەوەم دی ..**

**ئەوسا .. منیش ، وەکو ئەوان،**
**وەکو ئارەقەی ناوچەوان،**
**لە ناخەوە  پێ دەکەنم !**

دواجار پەشێو دەزانێ لە هەموو لایەکەوە و لەهەر بن بەردێکدا ، داگیرکەرێک ، خۆفرۆشێک ، خۆرکەیەک خۆی مەڵاس داوە ، بۆیە بە منداڵەکان... پیاوانی دواڕۆژ و چارەنووس بەدەستانی کورد دەڵێ :

**منداڵەکان !**
**کە وانەکان دەخوێننەوە**
**ئەگەر ڕۆژ بوو .**
**لە کونجێدا ، کپ هەڵتووتێن .**
**ئەگەر شەو بوو .**
**با چراکان کز بسووتێن .**
**چاک دەزانم ،**
**گەورەکانتان بتانبینن ،**
**داختان دەکەن ،**
**وانەکانم دەسووتێنن ،**
**دێن ، دووبارە ،**
**جەستەی حەللاج ،**
**دەدەنەوە لە سێدارە !**

*********

کاکە " پەشێو"ی مامۆستا... وانەکانمان خوێندەوە و لەبەر کرد، تێشووی فەلسەفەی "کوردایەتی " مان لە پشت بەست ، ڕێی ( ئازادی و یەکسانی ) مان گرتەبەر... لەگەڵ کاروانی ڕزگاریدا، لەبەر تیشکی زێڕینی فەلسەفەی کوردایەتیدا بە ڕابەریی پاسۆک" ی پێشڕەو هەنگاو هەڵدێنین ...

ڕزگار -  بارەگای پاسۆک
١٩٨١/٥/٦

* ئەم وتارە لە ماڵپەڕی (پاسۆک) وەرگیراوە.

**تێبینی**: ئەم نووسینەی سەرەوە پێشەکیی خوالێخۆشبوو ئازاد مستەفا (ڕزگار)ی سکرتێری هەرە پێشووی پاسۆکە ، کە لە ١٩٨١ دا، لە ڕۆژگارێکی سەختی خەباتی چەکداریدا، بۆ (١٢) وانە بۆ منداڵان و چەند تابلۆیەک)ی نووسیوە و مۆرکی ڕاستگۆیی ئەو سەردەمەی پێوە دیارە. بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە ئامانجی سەرەکی بووە، نەک لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادێمییانە، لە کونە ئەشکەوتان نووسراوە، نەک لە هۆڵی کتێبخانان. مەبەست لە بڵاوکردنەوەی ئەم پێشەکییە ئەوەیە، دەقە ئۆرێژیناڵەکە، کە بە ڕۆنیۆ چاپ کراوە، خەریکە دەسڕێتەوە و لە ناو دەچێ. جگە لەمەش، ئەم دەقە یادگاری گەورە پیاوێکی سەرکردە و کوردیزانێکی خۆڕسک و دڵسۆزی ئەم نەتەوەیە. ئەمەی سەرەوە، دەقی پێشەکییەکەیە، بە ڕێنووسی ئەمڕۆ لە چاپمان دایەوە. بە پێویستمان نەزانی شیعرەکان چاپ بکەینەوە، هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی خۆشبەختانە هەموویان لەم چەند ساڵەی دواییدا لە دوو بەرگدا بڵاو کراونەتەوە و خوێنەر دەتوانێ لە دیوانەکاندا بیانخوێنێتەوە.

ماڵپەڕی پاسۆک....

# ئیستێک
# لەسەر ژیانی عەبدوڵڵا پەشێو

زیاد نادر عاڵڵایی

پەشێو.. نۆبەرە و یەکەم دیوانە شیعری کە (فرمێسک و زام)ە، لەساڵی ١٩٦٧ بڵاو دەکاتەوە، دوای ساڵێک بە تێپەڕینی (فرمێسک و زام) ئەوا دیوانە شیعری (بتی شکاو) یش بە چاپ دەگەیەنێ و دێتە گۆڕەپانی وێژەی کوردی و بوونی خۆی دەسەلمێنێ و هەژان و تەکانێک لە نێو شاعیرەکاندا دروست دەکا.

پەشێو هەر لەدەسپێکی ئەزموونی شیعرییەوە جێگەی سەرسوڕمان و سەرنج بووە، چونکە شیعرەکانی وەکو گەوهەری نایاب و نرخدار هەردەم کڕیارێکی زۆری بەسەرەوە بوون و خوێنەر باوەشی بۆ واڵا دەکرد. بەداخەوە، لەبری ئەوەی دەستی کوڕە کرمانجێکی بێ نەوای خۆپێگەیێنی وەکو پەشێو بگیرێ و یارمەتی بدرێ، بەپێچەوانەوە، دژایەتی دەکرا و ئازار دەدرا. زۆرینەی ئەوانەی هەدایان لە گیانی شاعیر هەڵگرتبوو، بەهۆی جیاوازیی ئیدیۆلۆژیی ئەوسای حیزبایەتی بوو، هەندێکیشیان لە سۆنگەی شێوەی شیعر نووسین و ڕوانگەی ڕۆشنبیرییەوە بوو. ڕەنگە هەر ئەو تەوژمە بێبەزەییەی دەوروبەریش بێ، وای لە شاعیر کردبێ بکەوێتە سەر کەڵکەڵەی سەرهەڵگرتن. لێرەدا ناکرێ ڕۆڵی ئەوانەش لەبیر بکرێ، کە لە دژوارترین ڕۆژگاردا پشتەوان و داڵدەدەری بوون، بەتایبەتیش (محەممەد مەولوود مەم)ی چیرۆکنووس. لە دیمانەیەکی خۆیدا، لە بارەی (مەم)ەوە، پەشێو دەڵێ: (ئەگەر مەم نەبووایە دەکرا قەڵەمم بشکێ)[١] ئیدی واز لەقەڵەم ناهێنێ و بگرە توند توند بە پەنجەکانی دەیگرێ،

بەڵام گیانی یاخیی ملنەدان بۆ زەبر و زەنگی ئیدیۆلۆژیی ئەوان سەردەمان و مەیلی خۆپێگەیاندن وای لێ دەکەن لە بڕیاری چوونە دەرەوەی وڵات پاشگەز نەبێتەوە. ئەو دەیزانی بەم سەفەرکردنە لە هەرا و هەڕەشەی ناحەزان دوور دەکەوێتەوە و لەم بارگرژی و جەنجاڵی و ئازارە دەروونییە دەرباز دەبێ و پەنجەرەیەکیش بە ڕووی دنیای دەرەوەدا دەکاتەوە. شاعیر لە کۆتاییی ئابی ١٩٧٣ دا، بەهەوڵی چەند کەسایەتییەکی دیاری کوردستان، بەتایبەتیش سەرۆکی ئەوسای یەکێتیی نووسەرانی کورد، سەیدا سالح یووسفی، زەمالەی خوێندن لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران وەردەگرێ و ئیدی بەرەو وڵاتی پوشکین و گۆگل و تولستۆی دەڕوا و هەر لەوێ ماجستێر لە هونەری وەرگێڕان و دکتۆراش لەسەر پیرەمێردی گەورە وەردەگرێ.

پەشێو.. یەکێکە لەو دەنگە نەشئەبەخش و گەورە و بەرچاوانەی کە هەر لە سەرەتاوە تا هەنووکە چریکە چڕ و زایەڵەدار و خۆشخوێنە.. دەنگێکە بە هەموو مانایەکەوە تەواو و ڕێک و ڕەوانە.. دەتوانم بڵێم، نەوەی هەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکان زۆربەیان بەشیری شیعری پەشێو زوبانی خامەیان پژاوە و کەوتۆتە گۆ، بە واتایەکی تر، پەشێو کاریگەریی لەسەر ئەو فەریکە خامانە هەبووە، هەریەکەیان بەڕادە و ئەندازەی خۆی.. پەشێو قوتابخانەیە و نەوە دوای نەوە لێی فێر دەبن..

نابێ ئەوە لەبیر کەین، کە پەشێو یەکێک بوو لەو کەسانەی لەسالآنی شەستەکاندا لەگەڵ کۆمەڵێک هزرڤانی تر ڕاپەڕینێکی نوێخوازیی هەمەلایەنەیان لە هەولێر خولقاند...

پەشێو دەروێشێکی حاڵ گرتووی عیشقی نیشتیمان و کوردستان و ئازادی و ژن و جوانییە. ئەگەر بێت و لە شیعرەکانی ڕامێنین، دەبینین هەڵقولآوی عیشقی وڵات و ژن و جوانی و ژیانی تاڵاوچێژی هەژاری و نەداری و سەرکەوتن و شکستن. لە دیوانی (برووسکە چاندن) و (بەرەو زەردەپەڕ)یشدا هەست بەخەمی تاراوگەو غوربەت و هەڵسانەوە دەکرێ..

سەرلەبەری شیعرەکانی بە زمانێکی ڕوون و سازگار و دڵبزوێن و هەستتاسێن، زۆر وەستایانە، بە ژیکەڵەترین شێواز، داڕشتووە. شیعری (سەربازی ون) یەکێکە لە شاکارە شیعرەکانی و بە زمانێکی ئاودار و لێوڕێژ لە وێنەی جوان داڕێژراوە و گەورەترین مانا بەدەستەوە دەدا:

**کە وەفدێ دەچێتە شوێنێ**

**بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون**

**تاجە گوڵینەیەک دێنێ**

**ئەگەر سبەی**

**وەفدێک بێتە وڵاتی من**

**لێم بپرسێ..**

**کوانێ گۆڕی سەربازی ون؟..هتد**[٢].

پەشێو..یەکێک بوو لەو شاعیر و کەسایەتییانەی دژی شەڕی خۆکوژی و براکوژی بوو. هەمیشە بەهەڵوێستە نەگۆڕ و جوامێرانەکانی نەفرەتی لەم شەڕە نەگریسە کاولکارە دەکرد و دەیوت:

**ئەمڕۆ ڕۆژی شیعر نییە**

**بۆیە من بۆتان دێمەگۆ**

**بەزمانێکی یەکجار سادە،**

**پێتان دەڵێم**

**ئەوەی کوردبێ و کورد بکوژێ**

**زۆڵە، تەرەسە، گەوادە!**[٣]

پەشێو لە ژیانی ڕابردوو و ئێستایدا، هەندێک جار بە مرۆڤێکی گۆشەگیر و لاتەریک دێتە بەر چاو. زێتر گوێ لە سرتەی دەروونی خۆی دەگرێ، نەک قەرەباڵغیی دەوروبەر. هەر بەم بۆنەوە، پێش ئاوارەبوون، کاتێ کە لە هەولێر بوو ( زۆربەی شێتەکانی هەولێری دەناسین و لە چایخانە لەتەک خۆی دایدەنان و

چای بۆ دەکرین و بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە و دەیوت "ئەو شێتانە وەکو ئێمە وان، لەبەر ئەوەی شێتەکان بە ئەفعال و ئێمەی شاعیریش بە ئەفکار، نە کۆمەڵگا قەبووڵمان دەکا و نە کۆمەڵگا قەبووڵ دەکەین" ئەمەش فەلسەفەیەکی جوانی پەشێو بوو)[٤].

پەشێو، مرۆڤێکی سەودا سەر و عاشقە... عەشقی ژن و جوانی. کیژۆڵەکانی ئێرە و ئەوێ لێی جودا نابنەوە. ئەم مرۆڤە دەڵێێ بۆ عیشق و ژن خولقاوە. ئەوەتا هەر خۆشی دان بەم ڕاستییەدا دەنێ و دەڵێ: (هەر لە منداڵیمەوە تا ئێستاش بەبیرم نایێ ڕۆژێکی ژیانم بەبێ عەشق بەسەرچووبێ)[٥].

زیاتر دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە تا سەر ئێسقان عیشقی ژن ڕۆچووە و لە شیعری (لە ڕۆما) دا دەڵێ:

**چەندە بەخشندەو دلۆڤانی!**

**وا لە سایەت،**

**لەم شارە دوور و نامۆیە،**

**سەرم لێوان لێوی ژنە**

**سەرم لێوان لێوی تۆیە!**[٦].

لەوساوە پەشێو کوردستانی جێهێشتووە، تا هەنووکەش، دەنگۆیەک هەیە، کە گوایە بە دوای عیشقی کچێکەوە بەرەو تاراوگە سەری هەڵگرتووە، کەچی (ئەو قسەیە هیچ ئەساسێکی نییە و تەنیا پڕوپاگەندە و چیرۆکی هەڵبەستراوی خەڵکە... پەشێو کە لە کوردستان ڕۆیی تەنیا و تەنیا پشکۆی عیشقی کیژۆڵە میهرەبانەکانی هەولێری جێهێشت)[٧].

ئەوەتا لەم کۆپلە شیعرەدا چۆن باسی ئەو کەسە دەکا کە تاڵە مووەکانی پرچی بۆن کردووە و نەرمایی سنگی گوشیوە..

**تاڵێک لەپرچت نەماوە**
**تێر تێر بۆنم نەکردبێ!**
**جێی دەرزییەک**
**لە سنگی برسیت نەماوە**
**پەنجەم پەی پێ نەبردبێ!**(7)

**ژێدەر:**


١. گۆڤاری ڕامان. ژ. (٧٨)، ساڵی حەوتەم –کانوونی دووەم- ٢٠٠٢.
٢. پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل ٤٢٩.
٣. هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل ٤٢٦.
٤. دانیشتنێکی بەندە لەگەڵ عەبدولخالق سەرسامی شاعیر و نووسەر لە ١٧-١١-٢٠٠٣.
٥. ڕۆژنامەی میدیا، ژ. (١٤٠)
٦. هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ل ٣٩
٧. دانیشتنێکی بەندە لەگەڵ عەبدولخالق سەرسامی شاعیر و نووسەر لە ١٧-١١-٢٠٠٣
٨. پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، ل ١٦٧.


* سەرچاوە: گۆڤاری نواڵەی نوێ، ژ(٥) کانوونی یەکەم (٢٠٠٣).

# دوو ئاوا بوون

## عەبدوڵلا پەشێو، لە نێوان ڕەنگ و ماناكانی ڕەنگدا

سامی هادی

*** دانی ئێواران**
**سەرنج دەدەمە ئاوابوونی خۆر...**
**دەزانم منیش،**
**زووبێ یا دڕەنگ، دەبێ ئاوا بم.**
**بەڵام، مخابن، دەمی ئاوا بوون**
**وەكوو زەردەپەڕ سیحراوی نابم!**

٢٠٠٠/١/٧ هێلسنكی
"بەرەو زەردەپەڕ ل ١٦١ چاپی سوید"

پەشێوی شاعیر، لەم كورتە هەناسەیەی شیعردا، هێندە سەیری مەودای كورتبوونەوە و درێژبوونەوەی مەوداكانی زەمەن دەكات و پیشانمان دەدات، ماناكانی شیعر و خەونە ئەزەلییەكانی وشەمان بیر دەباتەوە و ڕووبەڕووی بەڕەنگبوونی مانا و وشەمان دەكاتەوە. لە "دانی ئێواران"دا، كە بەرەو ئەو ڕەنگە خۆڵەمێشییەی دوای دامركاندنەوەی ڕۆژ دەچێ، لە تەنیایی خودەوە، ماڵێك لە تێڕامانی قاوەیی بەدی دەكەیت، بەڵام ئەو ماڵە، تەنیا شیعر و وێنە چڕەكانی شیعر دەتوانن خەواڵووبوونی پەنجەرەكانی بدوێنن. "ئێواران" كردنەوەی پەنجەرەیەكە لە ڕووی هەموو ئەو نیگەرانییانەی نە زمانی شەقام

تێدەگات، نە گفتوگۆی خۆبەخۆش سەرنجەکانی دەدۆزێتەوە. لێرە تەنیا بەرجەستەبوونێکی ڕۆحی دەبێت بە ڕامانێک لە "ئاوابوونی خۆر" . چرکە زەمەنییەکانی ئەم سەرنجدانەیش، هەر لە تافی ئێوارەدا، ماناکانی بە ڕەنگبوونی خۆیان دەدۆزنەوە. لێرەشەوە شیعرییەتی پەشێو هێندە بالآ دەکات، کە تۆ نەتوانیت تەنیا سەرنج بدەیتە ئەم دیالۆگە نێوخۆییەی شیعر لە دەمی ئێوارەدا، بەڵکو سەرنج بدەیتە ئاوابوونی خۆر و هەموو ماناکان و وێنەکان، بە سادەیی زمانیشەوە، لەگەڵ سەرنجدانی خاڵێکی قاوەیی، هێندێ جاریش تێکەڵ بە زەردێکی دوا هەناسەکانی پاییزی. ئای لەم ڕەنگانەی کە لە مانا خۆشەویستترن! چ ڕامانێکن لە واتای وشەی پڕ مانای سیحرئامێز! تەنیا شاعیر خۆی و چرکە زەمەنییەکانی شیعر دەتوانن لە دەرەوەی لوژیک واتای بۆ ئەم هەڵچوونە پڕ لە بێدەنگییە بدۆزنەوە. دەنا فەرهەنگی زمان، بە هەموو فراوانییەکەی خۆیەوە، ئەگەر پەنا نەباتە بەر شەپۆلەکانی خۆشەویستیی بەڕەنگبوونی ماناکان، ناتوانێت نیگەرانیی ئەم ئێوراەیەت بۆ پێناسە بکات.

**"دەزانم منیش،**

**زوو بێ یا دڕەنگ، دەبێ ئاوا بم".**

گەڕان بەدوای قەدەری ئاوابووندا، لای پەشێوی شاعیر، گەڕانێکی میتافیزیکی، یان تەنیا تەسەوفێکی مەرگئامێز نییە. ئەو دڵنیایە، کە ئاوابوونی خۆر، ئاوابوونێکی زەمەنییە، ئاوابوون لە مەرگدا مەرگی ڕەنگ و جەستە نییە. کەوایە، شیعریش لەم پێوانە ئەزەلییەوە، سەیری هەنگاوەکانی بە ڕەنگبوونی ژیان دەکات. شاعیر، ئەگەر تەسلیمی ئەو قەدەرە ئەزەلییە ببایە، بێگومان، مەرگی شیعر و لە سەرووی ئەوەشەوە، بە ڕەش سەیرکردنی وشەکانی پێ ڕادەگەیاندین.

داهێنان و گەورەیی ئەم دەقە لە چرکەساتەکانی مەرگ و ماڵئاوایی و بە خاکبوونی جەستەدا نین، بەڵکو، لە ساتەوەختەکانی هەموو خۆرئاوابوونێکدا، زەمەنێکی تر چاوەڕوانمان دەکات، ئەمیش داگیرسانی ڕەنگی خۆرهەڵاتێکی ترە.

شاعیر جەستە نابەخشێتە شیعر. شاعیر، لە نێو مەرگ و گۆڕستانەکانی تاریکیدا، بۆ ژیان لە مردن ناپاڕێتەوە. بەڵکو لە نێو بەراوردێکی بەردەوامی دیالۆگی مانەوەدایە.

شیعر هەمیشە مردوویەتی ڕەنگەکان زیندوو دەکاتەوە. ئاخۆ ئەم چرکە شیعرییانە زادەی چ لەدایکبوونێکن؟ گەورەیی شیعر دەیانخولقێنی یان داهێنان و توانای گەورەی شاعیر؟ بە بێگومان، هەردووکیان.

**"بەڵام، مخابن، دەمی ئاوابوون**

**وەکوو زەردەپەڕ سیحراوی نابم."**

ئەوەی مایەی سەرنجە، هێمانەکردنی پەشێوی شاعیرە بە تەسلیمبوون بەو قەدەرە میتافیزیکییەی کە دواجار هەمووان دەگرێتەوە.

بۆیە لە ڕامانە ئێوارانەکەی خۆیەوە، مەرگ و ماناکانی مەرگی بەخشیوەتە شیعر. شیعر بە چ ئاست و ئاڕاستەیەکیدا دەبات، ئەوە شیعرە، نەک زەمەنە بە ئاگاییەکانی شاعیر. ئەوە ئەندێشە و شەڕە گەرمەکانی خەیاڵە، نەک پاڕانەوە لە خواوەندە بەردینەکان. ئەوەتا نیکۆس کازانتزاکیس لە (ڕاپۆرتێک بۆ گریکۆ)دا دەڵێت:

**"خودایە، من کەوانێکم وام لەدەستتا**

**ڕامکێشە ئەگینا دەڕزیم. "**

بەڵام، پەشێوی شاعیر پەنا بۆ هیچ پەنجەرەیەک لەو پەنجەرانە نابات و "مخابنیش" لەو چوارچێوەیەدا کۆ دەکاتەوە، کە ڕەنگی دەمی ئاوابوونی ئەو قەت نابێت بە ڕەنگی پڕ لە خۆشەویستیی زەردەپەڕ، چونکە زەردەپەڕ هێندە سیحراوییە، خەفەت بۆ ئەو سیحرە دەخوات کە شاعیر لە یەکەم بەڕەنگبوونی هەموو ماناکاندا، نەیتوانیوە بگاتە ئەو ئاستەی زیندووبوونەوە ڕۆمانسییە. کە ئەمەش ڕێک پێچەوانەی دوا وەسیەتی مارکیزیشە کاتێ دەڵێت:

"ئەگەر خواوەند، جارێکی تر تەمەنم پێ ببەخشێ جلوبەرگی سادە دەپۆشم. لەبەر هەتاودا ڕادەکشێم، نەک تەنیا جەستەم لەبەر خۆردا هەڵخەم، بەڵکو ڕۆحیشم هەر دەخەمە بەرهەتاو."

پەشێوی شاعیر لە چوارچێوەی ئەم وێنە شیعرییە باڵابەرزەیەوە، لەبەردەم گفتوگۆیەکی ئەندێشەئامێزدایە: "دەمی ئاوابوون سیحراوی نابم"

(من) سەرسەختترین زیندووبوونەوەی ڕەنگەکانە. نیگەرانی خەفەتێکیشە. ئەگەر بەراوردکاری لە نێوان سیحراویبوونی زەردەپەڕ و سیحراویبوونی (من)دا هەبێت، ڕەنگەکانی خۆرئاوابوون لەگەڵ ئاوابوونی خودی خۆیدا بەراورد ناکات. ئەم پێچەوانەیەش لە ڕەنگی قاوەییدا خۆی بەدیدەکات. قاوەیی خۆرئاوابوون قاوەییەکی زەرد ئامێزە، بەڵام قاوەییی ئاوابوونی ڕۆح و جەستە قاوەییی خاک و خەواڵووبوونی گۆڕستانە. کەواتە، ماناکان لە ڕووی بەرجەستەبوونی زەمەنییەوە، یەکیان گەڕانەوەی بەردەوامبوونی هەیە، بەڵام قاوەییبوونی دووەم، یاخود بەڕەنگبوونی قاوەییی دووەم گەڕانەوەیەکە لە نێوان ماناکانی میتافیزیکدا و ماناکانی تواندەوە لە نێو هەناسەکانی شیعر و شیعریەتدا. خودی پەشێو لەم هەناسە باڵدارە پڕاوپڕ لە شیعرەدا هیچ لەو مانایانە ناگرێتە خۆی، چونکە هێندە لە گەورەیی شیعر ڕادەمێنێ، یان شیعریەت هێندە باڵانمایە لای ئەو – مەرگ بێجگە لە خۆرئاوابوونێ هیچ مانایەکی تری نییە. جەستە نازانێت گۆڕستان لە کوێیە. ئەوەی هەمیشە بە زیندوویی خۆی بە پەنجەی پیانۆیەکی ئێستاتیکایی هەڵدەواسێت ئەو هەناسە ئێجگار کورتەیە کە لە بۆتەی ئەم وێنە شیعرییە ڕەنگا و ڕەنگەی پەشێوی شاعیردایە، کە هەر جارەی بە شێوازێک لە شێوازەکانی "ڕەنگ بووندا" پێناسەکانی بەشیعریەتبوونی خۆمان پێ دەڵێت و هیچی ترنا.

* سەرچاوە: رۆڤار، ژمارە(٣٦)، ساڵی ٢٠٠٥.

# ئستاتیکای شار
# لە نێوان (گۆران) و (پەشێو)دا
## (مۆسکۆ بە نموونە)

سەدیق سەعید ڕواندزی

پەیوەندیی شار نەك تەنها بە دەقی شیعرییەوە، بەڵکو بەکۆی ڕەگەزە هونەری و ئەدەبییەکانی تریشەوە دەبینرێت. ئەم پەیوەندییە چ لە چوارچێوەی وێناکردنی شاردا بێت، بە هۆی کارتێکردنی کۆمەڵێ بنەمای نێو خودی شار، یاخود بە هۆی ئەزموونی ژیانی شاعیرانەوە بێت، ئەم تایبەتمەندییە بە ئەدەبی جیهانیشەوە دەبینرێت و شاعیرانی وەك (بۆدلێر و مالارمێ و ڕامبۆ) دیارترین ئەو شاعیرە جیهانییانەن، کە کاریگەریەتی شار، وەك چەمکێك بەدەقەکانیانەوە دیارە. ئەو پەیوەندییەی شار وەك بونیادێکی شوێن، بەدەقی شیعریەوە دەگەڕێتەوە بۆ دروست بوون و سەرهەڵدانی شارەکان، وەك نێوەندێکی کۆمەڵایەتی و ژیاری و تەکنەلۆژی پێشکەوتوو. ئەگینا شیعر وەك ڕەگەزێك سەرەتا لە ژیانی سادە و ساکاری نێو سروشتەوە دەرکەوتووە، دواتر بە هۆی سەرهەڵدانی شارەکانەوە ئەو پەیوەندییە دروست بووە. واتە شار ڕەنگدانەوەی هەبووە لە شیعردا. دەکرێ بڵێین: سەرەتای ئەو پەیوەندییەش لە چوارچێوەیەکی سادە و ساکاردا بووە، وەلێ دوای ئەوەی شارەکان بوونە مەڵبەندی شەڕ و کوشتارگە و خوێن ڕشتن، ئەوا ڕوانینەکانی شاعیریش دەهەمبەر شاردا گۆڕانی

بە سەر داهات. بێگومان گەر پەیدابوونی شارەکان، بە دیویێکدا گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی و ژیاری گەورە بووبێت لە ژیانی کۆمەڵگادا، ئەوا بە دیوێکی ترەوە ئەم شارانە جۆرێ لە کارەسات و نامۆبوونی دەهەمبەر ڕۆحی مرۆڤەکان دروستکرد. چونکە شارەکان لە ئاستی ژیان و بوونی مرۆڤەکاندا، گۆڕانکارییان بە سەر ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەدا هێنا، کە مرۆڤەکان بەر لە شاردا هەیانبوو. ڕەنگە تاکو ئێستاش وەکو پێویست، شار بە کۆی ڕەهەند و بنەماکانیەوە نەبووبێتە کەرەستەیەکی نووسینی شیعر لە نێو ئێمەدا. ئەگەرچی بەشی زۆری شاعیرانی ئێمە لە شیعرەکانیاندا ئاماژەیان بۆ شار کردوە، وەلێ ئەو گوزارشتکردنە لە شار ئەوەندەی وەسفی شار بووە، لە ئاستی شوێن و ئستاتیکادا، ئەوەندە وەسفێکی قووڵی شار بە هەموو بنەماکانیەوە، لە ڕووی کلتووری و ژیاری تەکنەلۆژییەوە نەبووە. بەو مانایەی هەموو ئەو پەیوەندی و کاریگەرییانەی شار لە سەر ژیان و ڕۆحی مرۆڤەکان جێی دەهێڵێت لە دەقی شیعریدا ڕەنگدانەوەیان نەبووە. بە پێچەوانەوە، تەنانەت بەشێکی زۆر لەو شیعرانەی لە فەزای ئاڵۆز و پێشکەوتوویی مەنفاشدا نووسراون، هێندەی هەڵگری گوتاری نوستالۆژیا و گەڕانەوەن بۆ نیشتمان، هێندە ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیاری شارەکانی مەنفا نین. لەو شیعرانەدا هێندەی وەسفی سروشت و یادەوەرییەکانی شاعیر دەکرێت هێندە وەسفی خودی ئەو شارە ناکرێت، کە شاعیر لەو کات و ساتانەدا تێیدا دەژیت. بۆ نموونە: نالی لە ئەستەنبۆڵەوە شیعر بۆ خاك و خۆڵی شارەزوور دەنووسێت! لە کاتێکدا ئەگەر ئەم دوو شوێنە بەراورد بکەین، لەو سەردەمەی کە نالی شیعرەکەی تێدا نووسیوە، دەبینین نیشتمانی ڕاستەقینەی شاعیر، بە بەراورد لەگەڵ شوێنی دووەمیدا، شوێنێکی هێندە پێشکەوتووی ژیاری نییە. کەچی نالی پشت دەکاتە جوانی و پێشکەوتنەکانی ئەستەنبۆل و تاسەی گەڕانەوە دەکات بۆ دەشتێکی وەك شارەزوور. دەشێ ئەم پەیوەستبوونەی مرۆڤی کورد بە خاکەکەی، تا ئەو ڕادەیەی جگە لە شوێنی ڕەسەنی خۆی هیچ شوێنێکی تر نەبینێت پەیوەندی بە نەبوونی ناسنامەی دەوڵەت و قەوارەی نەتەوەییەوە هەبێت. ئێمە وەك نەتەوەیەك،

چونکە بە درێژایی مێژوو بێ خاك و نیشتمان و ئاڵا ژیاوین، ئیدی خەونی گەورەی هەموومان ڕزگارکردنی ئەو خاکە بووە لە ژێردەستەیی. واتە نەبوونی ئەو قەوارە نەتەوەییە ئەوەندەی تر مرۆڤی کوردی پەیوەست کردووە بە خاك و نیشتمانەکەیەوە، بۆیە هەمیشە ڕەنگدانەوەی هەبووە لە دووتوێی شیعری کوردیدا.

بێگومان پەیوەندیی شاعیر بە شوێنەوە لەو کاتانەدا دروست دەبێت کە شاعیر تەماس لەگەڵ خودی ئەو شوێنە دەکات. واتە شاعیر کاتێ لە شوێنێك دەبێت ئیدی ڕووداو و دیاردە و دیمەنەکانی ئەو شوێنە کار لە ڕوانین و دنیابینیی ئەو دەکەن و دواجاریش لە یادەوەری دەمێنێتەوە. بەدەربڕینێکی تر، هیچ شوێنێك لە سروشتەوە نابێتە جێگەی تێڕوانینی شاعیر، ئەگەر لە پەیوەندیدا نەبێت لەگەڵ خودی شوێنەکە. لێرەوەش کاتێ سەرنج لەو شیعرانە دەدەین کە وەسفی شوێنێك یاخود شارێك دەکەن، دەبینین دەرەنجامی پەیوەندیی شاعیرە بە شوێنەکەوە. بۆ نموونە: وەك گەشتی هەورامانی گۆرانی شاعیر، یاخود دیدەنی کردنی بۆ شاری مۆسکۆ. بێگومان ئەگەر شاعیر سەردانی ئەو شوێنانەی نەکردایە و لە نزیکەوە دیمەنەکانی ئەو شوێنەی نە بینیایە، ئەوا ئەستەم بوو ئەو دوو شیعرە بێنە ئاراوە. وەلێ چونکە شاعیر وەك مرۆڤێك گەشتی بۆ ئەو دوو شوێنە کردووە، ئیدی سروشتی شوێنەکان سەرنجی ڕاکێشاوە.

دیارە ئستاتیکای شوێن و ڕەنگدانەوەی لە دەقی شیعری شاعیراندا، بابەتێکی شیعریی بەرجەستەیە و لە ئەزموونی زۆربەی شاعیرانی ئێمە دەبینرێت، کاتێ شوێنێك یاخود دیمەنێك دەبێتە جێگەی سەرنجیان و ڕەنگدانەوەی دەبێت لە شیعرەکانیاندا. لەو ڕوانگەیەشەوە هەریەك لە شاعیران(گۆران) و (پەشێو) شیعریان بۆ (مۆسکۆ) نووسیوە وەك شارێك. دیارە هەردوو شاعیر لە دوو هەلومەرجی جیاواز و لە بەر دوو بارودۆخی جیاواز، سەردانی مۆسکۆیان کردووە و ئەم شارە بۆتە جێگەی هەڵوەستە و ڕوانینیان. ئیدی دیمەنەکانی مۆسکۆ، وەك شارێك، ڕەنگدانەوەی هەبووە لە شیعرەکانیاندا. ئەگەرچی ناوەڕۆکی هەردوو دەقەکە لە بارەی ئستاتیکای شارەوەیە، وەلێ ڕوانین و

دنیابینی  هەردوو شاعیر لە بارەی وەسفی ئەم شارەوە لە یەکتر جیان. گۆران وەك شاعیرێك، چونکە سەرسام بووە بە سروشت و  ئەو ڕەگەزە پانتاییەکی زۆری لە شیعرەکانی گرتووە، ئیدی لە ڕێی زمانی  وەسف و جوانکارییەوە دەڕوانێتە مۆسکۆ. واتە ئەوەندەی مۆسکۆ بە دیوە جوانەکەی دەبینێت، ئەوەندە ڕەنگدانەوەی ئەقڵیەتی  شار و ڕەهەندی پێشکەوتوویی شار بە هەموو بنەماکانیەوە نابینرێت. بۆیە ڕوانینی گۆران بۆ مۆسکۆ وەك شارێك ڕوانینێکی تەواو  وەسفیانەیە و ئەم شارە بە کچێکی سپی و جوان و ناودەم ئاڵ، دەچوێنێت. گۆران ئەوەندە لە ڕووی ئستاتیکییەوە سەرسام بووە بە مۆسکۆ، بۆیە ئەم شارە وەك ژنێکی جوان دەبینێت و هەرچی خەسڵەتی ژن هەیە، لە ناسکی و جوانی و سەرسامبوونەوە، دەداتە پاڵ مۆسکۆ. ئەمەش  لووتکەی وەسف و گوزارشتکردنی گۆرانە بۆ ئەم شارە، هەروەك خۆشی دەڵێت:-

**ئەی مۆسکۆ ئەی ژنی جوانی سپی پۆش..**

**ناودەمی ئاڵ پڕ لە گۆرانی خۆش خۆش..**

**لەناو بەفری بەر پێتا واق وڕماوم...**

**لەکام جوانیت نازانم بدوورم چاوم...**

گۆران وێڕای ئەم هەموو گوزارشت و وەسفەی بۆ مۆسکۆی کردووە، کەچی هێشتا بە بڕوای خۆی نەیتوانیوە گوزارشت لە ئستاتیکای ڕاستەقینەی مۆسکۆ وەك شارێك بکات. بە پێچەوانەوە، لەڕوانگەی ئەو، ئەم شارە هێندە جوان و سەرنج ڕاکێشە تەنانەت زمان و شیعریش ناتوانن وەسفی ڕاستەقینەی ئەم شارە بکەن. بگرە لەوە زیاتریش گۆران  پەیوەستبوون و سەرسامبوون و خۆشەویستی خۆی بۆ مۆسکۆ وەك شارێك دەردەبڕێت. هەروەك خۆشی دەڵێت:-

**ئەی مۆسکۆ ئەی ژنی جوانی سپی پۆش...**

**هەروەك مەمێك، زینێك ناکا فەرامۆش..**

**هەتا ئەمرێ..**

**منیش هەتا هەتایە...**

**دڵگیری تۆم لە دڵ دەرنایە...**

ئـستاتیکای  مۆسـکۆ وەك شـارێك، بـەڕادەیـەك کـاری لـەگـۆران کـردووە وەك شاعیرێك، کە تیایدا خۆشەویستی خۆی بۆ ئەم شارە هاوشێوەی خۆشەویستیی مـەم و زیـن وێنـا   بکـات. ئـەم وێناکردنـە دوا سـنووری پـەیـوەسـتبوونە بـە خۆشـەویـستییەوە. بـەو مانایـەی گـۆران هـەرگیـز ناتوانێـت دیمـەن و شـوێنە جوانـەکانی مۆسکۆ وەك شـارێك لـەبیرخۆی بـەرێتـەوە، لـەو کاتانـەی ئـەم  شـارە جێدێڵێت و دەگەڕێتەوە نیشتمانی خۆی. کەواتە ڕوانگەی گۆران بـۆ مۆسـکۆ وەك شـارێك ڕوانگـەیـەکی (ئـستاتیکی و سروشـتییە). بـەومانایـەی گۆران بـەتـەنیا لـە چوارچێـوەی سروشـت و جوانییـەوە ئـەم شـارە  دەبینێـت و لایـەنـەکـانی دیکـە فەرامۆش دەکات. ئەم دیدەش پێچەوانـەی دیدی پەشێوە بۆ مۆسکۆ، کە لـەپاڵ ڕەهەندی سروشتییەوە، ڕەهـەندێکی سیاسـیش بە مۆسـکۆ دەدات، وەك شـوێنێك کە کاریگـەریـەتـی هـەبـووە لـە  ئاڕاسـتەکـردن و وێنـاکردنی ژیـانی پـەشـێو، بـە شێوەیەکی جیا لەوەی کە لە کوردستان بووە. بۆیە پەشێو دەڵێت:-

**"ئەی مۆسکۆی جوان.."**

**ئەی مەڵبەندی**

**گوڵ و بەفر و هەمیشە ژوان...**

**لە ئامێزی نەرمی تۆدا..**

**بۆ یەکەم جار، بە ئاشکرا،**

**بەسەرهاتی ئاڵایەکم گێڕایەوە کە هەڵنەکرا...**

پـەشـێو   لـە پـاڵ ڕەهـەنـدی ئـستاتیکانەی مۆسـکۆ وەك شـارێك، ڕەهـەنـدێکی سیاسیشی  بـەو شـارە داوە. بـەدەربڕینێکی تـر، ئـەگـەر مۆسـکۆ، لـە دنیـابینی هـەردوو  شـاعیردا، هێمـای شـارێکی جوان و سـەرنجڕاکێش و پـڕ لـە دیمـەنـی نـاوازە بێت، وەلێ لـەگـەڵ ئـەمـەشـدا بۆ پـەشـێو، بـە جیـاوازی لـەگـەڵ گۆراندا، شارێك بووە کە تێیدا بە ئازادی و سەربەستی گوزارشتی لـە ناسنامە و خـاك و ئاڵای خۆی کردووە. واتـە مۆسـکۆ بۆ پـەشـێو هـەر تـەنها شـارێك نییـە بـە تـەنها سروشتێکی دڵگیر و جوانی هەبێت، بە پێچەوانەوە، بەڵکو شارێکیشە کە ئازادی

و سەربەستی بە پەشێو بەخشیوە. مرۆڤیش کە ئازاد و سەربەست نەبوو مانای وایە ناسنامەی لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی نییە. بۆیە لە ڕوانگەی پەشێودا، مۆسکۆ دواجار ئەم شارەیە کە ناسنامەیەك لە ئاستی مرۆڤبووندا بە مرۆڤ دەبەخشێت، کە تێیدا ئازادانە و سەربەستانە بتوانێت گوزارشت لە نەتەوە و خاك و نیشتمانی خۆی بکات، بەوەی کە ئەمیش خاوەنی نیشتمانێکی ژێردەستە و چەوساوەیە. بۆیە گەر لە ئاستی ناوەڕۆکدا سەرنجی هەردوو دەقەکە بدەین، دەبینین گۆران، مۆسکۆ وەك شارێك لە چوارچێوەیەکی ئستاتیکی دەبینێت، تاڕادەی سەرسامبوونێکی زۆر بەم شارە هەروەك خۆشی لە شیعرەکەیدا ئاماژەی پێکردوە، بەڵام بۆ پەشێو مۆسکۆ شارێك بووە کە تێیدا، ئازادانە توانیویەتی گوزارشت لە ناسنامە و بوونی خۆی بکات، بە پێچەوانەی نیشتمانەکەیەوە، کە بەهۆی ستەم و ژێردەستەیی دوژمنانەوە، نەیتوانیوە باس لە ئاڵا بکات وەك سیمبولێکی نەتەوەیی خۆی. کەچی وێڕای ئەمەش دەبینین، پەشێو بە پێچەوانەی گۆرانەوە ئستاتیکای مۆسکۆ ئەوەندە نابێتە جێگەی سەرنج و ڕامانی. ئەگەرچی ئەمیش هاوشێوەی گۆران، مۆسکۆ وەك کچێکی جوان دەبینێت و لە شیعرەکەشیدا، ئاماژە بە شیعرەکەی گۆران داوە کە بۆ مۆسکۆی نووسیوە، وەلێ پەشێو لەگەڵ ئەمەشدا، بە بۆچوونی خۆی، هێشتا نەیتوانیوە هاوشێوەی گۆران ئەوەندە سەرسام و کاریگەربێت بەو شارە تاکو شیعرێکی بۆ بنووسێت. هەروەك خۆشی لە شیعرەکەیدا دەڵێت:-

**ئەی نازانم بۆچی لە بەر ڕووناکییان..**

**شیعرێکم بۆت پێ نەنووسرا؟!**

**ئەی مۆسکۆی جوان..**

**ئەی مەڵبەندی**

**گوڵ و بەفر و هەمیشە ژووان...**

بە پێچەوانەی گۆرانەوە، پەشێو وای دەبینێت کە نەیتوانیوە هاوشێوەی گۆران شیعرێك بۆ مۆسکۆ بنووسێت، ئەگەرچی وەك ئەم لەو شارە ژیاوە و دیمەنە

جوانەکانی سەرنجی ڕاکێشاون و کاری لێکردوون. لەکاتێکدا گۆران تا ئەو ڕادەیە سەرسام بووە بە ئستاتیکای مۆسکۆ وەك شارێك، کە پەیوەندی و خۆشەویستی نێوانیان هاوشێوەی زین و مەمێك وێنا بکات، کە ئەمەش وەك هێمایەکە بۆ کاریگەرییەتی ئەم شارە لە سەر گۆرانی شاعیر. لە کاتێکدا پەشێویش، مۆسکۆ وەك شارێکی جوان دەبینێت، وەلێ لەگەڵ ئەمەشدا بە تێگەیشتنی خۆی نەیتوانیوە شیعرێك بۆ مۆسکۆ بنووسێت. بێگومان ڕەگەزی سروشت چونکە پانتاییەکی زۆری لە شیعری گۆران گرتووە و هەمیش سەرسام بووە بە جوانیی سروشت، ئیدی لەم ڕوانگەیەوە بوونی مۆسکۆ بە تەنها لە ڕەهەندە جوانییەکەی دەبینێتەوە. واتە وەك چۆن لە کوردستاندا گۆران شیعری بۆ هەورامان نووسیوە و پێیەوە سەرسام بووە، بەهەمان شێوە کە گەشتیشی بۆ مۆسکۆ کردووە، سروشتی ئەم شارە سەرنجی راکێشاوە. لە کاتێکدا بۆ پەشێو بەو ئەندازەیە نییە، ئەگەر چی بۆ یەکەم جاریش پەشێو لەم شارەدا بە ئازادانە سەربوردەی ئالآیەکی هەڵنەکراوی باسکردووە. پەشێو بۆیە نەیتوانیوە هاوشێوەی گۆران شیعر بۆ مۆسکۆ بڵێت، چونکە هەرگیز ئەم شارەی وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ شوێنە ڕاستەقینەکەی خۆی کە کوردستانە، نەبینیوە. ئەو ئەگەرچی لە مەنفادا ژیاوە، وەلێ هەمیشە لە خەیاڵی ئەوە دابووە، ڕۆژێك بێت و بگەڕێتەوە وڵاتەکەی. بۆیە دەبینین وێڕای ئەوەی هاوشێوەی گۆران بە جوانییەکانی ئەوێ سەرسامە، کەچی بە خەیاڵی خۆی نەیتوانیوە وەك ئەو شیعرێك بۆ مۆسکۆ بنووسێت. ئەگەرچی مۆسکۆ ئەو شارەش بووە، کە ئەو بە ئازادی هەناسەی تیا داوە و سەربوردەی ئالآیەکی هەڵنەکراوی لێوە گێڕاوەتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە ڕوانگەی شاعیر خۆشەویستی خاك و نیشتمانەکەی لە پێشەوەی ئستاتیکای مۆسکۆ بووە، بەو مانایەی هەمیشە بە ئاواتی ئەوە بووە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە خاك و نیشتمانەکەی شاد بێتەوە. بۆیە لە ڕوانگەی پەشێوەوە دیمەنە جوانەکانی مۆسکۆ ناتوانن تاسەی ئەو غەریبییەی ئەو بشکێنن بۆ کوردستان. هەر ئەمەشە بە پێچەوانەی گۆرانەوە بە تێگەیشتنی خۆی نەیتوانیوە شیعرێك بۆ مۆسکۆ بنووسێت. ئەگەرچی هاوشێوەی گۆران

ئەمیش مۆسکۆ بە شارێکی جوان و مەڵبەندی گوڵ و بە فرو هەمیشە ژوان دەبینێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندیی ئەو بەم شارەوە نەگەیشتۆتە ڕادەی کاریگەرییەکی زۆر بە سەر ژیانی ئەودا، بە پێچەوانەی گۆرانەوە کە خۆشەویستیی خۆی بۆ ئەم شارە وەك خۆشەویستی زین و مەمێك وێنا دەکات. گۆران چونکە شاعیرێك بووە هەمیشە سروشتی بە جوانی بینیوە و گوزارشتی لێکردووە، بۆیە ئستاتیکای سروشتیانەی مۆسکۆ وەك شوێنێك کاری لێکردووە، بە پیچەوانەی پەشێو کە مۆسکۆی بەستۆتەوە بە ناسنامەی خۆی لە ئاستی نەتەوە و نەبوونی نیشتماندا....

* سەرچاوە: ڕۆژنامەی (خەبات) ژمارە (٤٠٦٠) لە ٢٠١٢/٥/٤).

# تاسەی گەڕانەوە لە شیعری (هەردێمەوە)ی نزار قەبانی و (ئەگەر ئەمجارە بێمەوە)ی پەشێودا*

سەدیق سەعید ڕواندزی

ڕەنگە هیچ خەونێك بۆ مرۆڤ، بەقەد خەونی شادبوونەوە بە نیشتمان پیرۆز و گەورە و پڕ لە تاسە نەبێت. ئەوانەی بەهەر هۆیەك و لە بەر هەر هەلومەرجێك بێت، نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆیان جێدێڵن و ڕووە و غەریبی سەر هەڵدەگرن، هەمیشە خەونێکیان هەیە ئەویش شادبوونەوەیە بە نیشتمان. تاسەی گەڕانەوە بۆ زێدی ڕەسەن و سەرلەنوێ باوەش کردنەوە بەو شوێنەی نیشتمانی ڕاستەقینەی مرۆڤەکانە، ئەو خەونەیە کە بە بەردەوامی لە هزر و دڵ و دەروونی مرۆڤی پەڕاگەندە، ئامادەیی هەیە. ئەوانەی نیشتمان جێدێڵن و بە ناچاری مەنفا دەکەنە دوا مەنزلگای خۆیان، لە دووریی نیشتماندا وردە وردە غەریبی گەڵاکانی تەمەنیان هەڵدەوەرێنێت. ئەوان لە باوەشی هەزارەها دیمەنی جوان و باڵاخانەی ناوازە و جەنگەڵستانی سەوزدا سوکنایی دڵیان نایەت و هەمیشە چاوەڕوانن ڕۆژێك بێت و بگەڕێنەوە نیشتمانیان. تا ئەو ساتەی دەشمرن هەر ئەو خەونە دەبینن. وەلێ کاتێ ناتوانن ئەو خەونە بگۆڕن بە واقیع، ئیدی ڕووبەڕووی نائومیدی و خەفەتی قووڵ دەبنەوە و ژیانیان بە یادەوەرییە بە جێماوەکانی نێو نیشتمان دەسپێرن. لەو ڕوانگەیەشەوە، گەر سەرنج بدەین، دەبینین هەمیشە ئەو شیعرانەی لە مەنفادا دەنووسرێن هەڵگری گوتارێکن کە ئەویش نوستالۆژیای

گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان. بۆیە، کاتێ کەسی تاراوگەکراو لە مەنفادا ناتوانێ بە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆی بگاتەوە، ئیدی هەوڵ دەدات نیشتمان لە ڕێی وێنەی شیعرییەوە بگوازێتەوە نێو خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی. واتە لە نێوان شوێنی واقیعی، کە مەنفای کەسی تاراوکراوە، لەگەڵ شوێنی خەیاڵی، کە نیشتمانی ڕاستەقینەی مرۆڤەکەیە، ئەو تەنها بە جەستە لە شوێنی یەکەم دەژیت. دەنا بە ڕۆح و هەست لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیدایە، کە زێدی ڕەسەنیەتی. بۆیە قورسترین پرسیار کە دەشێ کەسی تاراوگەکراو لە ئاستیدا هەموو کات بێ وەڵام بێت ئەو پرسیارەیە، کە ئەو کێیە لە دووتوێی ئەو شوێنە نامۆیەدا، کە تاراوگەیە؟ کاتێکیش نەیتوانی لەگەڵ ئەو شوێنە هەڵبکات، کە مەنفایە، ئیدی پەنا دەباتە بەر گەڕانەوەی نیشتمان لە ڕێی خەیاڵ و ئەندێشەی شیعرییەوە. بەدەربڕینێکی تر، شاعیر کاتێ بە جەستە ناگاتەوە نیشتمان، ئەوا بە خەیاڵ ئەو گەڕانەوەیە ئەنجام دەدات و نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆی بە هەموو دیمەنەکانیەوە لە شیعردا بەرجەستە دەکات و سەرلەنوێ نیشتمان لە نێو دێرەکاندا وێنا دەکاتەوە. هەڵبەتە ئەو خەونەی کە مرۆڤی تاراوگەکراو لە خەیاڵیدایە، کە ئەویش گەڕانەوەیە بۆ نیشتمانی خۆی، خەونێکە وەك سێبەر بەدوایەوەیە. ئەو لە هەر شوێنێك و لە هەر جێگەیەك بژیت، دواجار خۆی پێ غەریبێکی بێ لانەیە، بۆیە هەمیشە بە خەیاڵی ئەوە دەژیت، کە ڕۆژێك دابێت و بگەڕێتەوە نیشتمان. تا ئەو ساتانەی شاد دەبیتەوە بە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆی، ئەو تاسەیەی هەر هەیە. لەو ڕوانگەیەشەوە گەر سەرنج لە بەشێکی زۆری ئەزموونی شیعری کوردی لە مەنفادا بدەین، دەبینین خەونی گەڕانەوە بۆ نیشتمان ڕووبەرێکی گەورەی لە شیعرەکاندا گرتووە. ئەم تایبەتمەندییە تاڕادەیەکی زۆر بە کۆی ئەزموونی شیعری کوردییەوە دەبینرێت، چونکە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد بە شێوەیەك بووە، کە هەمیشە شاعیرانی ئێمە ڕووبەڕووی ئاوارەیی بوونەتەوە. ئیدی شیعریش ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە بووە.

شیعری (هەر دێمەوە)ی شاعیری ناوداری عەرەب (نزار قەبانی)و هەروەها شیعری( ئەگەر ئەمجارە بێمەوە)ی شاعیری ناوداری گەلەکەمان(عەبدوڵڵا پەشێو) ئەو دوو شیعرەن، کە لە ناوەرۆکدا هەڵگری ئەو خەونەن کە باسمان کرد، ئەویش خەونی شادبوونەوەیە بە نیشتمان. بێگومان لە نێوان هەردوو شاعیردا، وێکچوون و هاوشێوەبوونێکی نزیك هەیە لە ژیانیاندا. چونکە هەردوو شاعیر ناچاربوونە نیشتمانی خۆیان جێبێڵن و لە مەنفادا بگیرسێنەوە. بۆیە کاتێ بەراوردی هەردوو دەقەکەش دەکەین، دەبینین گوتاری سەرەکی لە شیعرەکاندا گوتاری گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان و دنیابینیی شاعیرەکان دنیابینییەکی پڕ لە تاسەی شادبوونەوەیە بە نیشتمان. لەو دوو شیعرەدا، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و نیشتمانەکەی بەرجەستە دەبێت، کە ساتێك لە ساتەکانی دابڕانیدا، یادی دەکاتەوە. لەو دوو شیعرەدا، خەونی گەورەی مرۆڤ دەبینین لە غەریبیدا کاتێ هەموو خەیاڵی بەلای ئەوەوەیە، کە جارێکی تر بە نیشتمانەکەی شادببێتەوە. بۆیە شیعر دەکەنە ئاوێنەی گوزارشتکردن لەو دوورییە و خەمەقووڵەی خۆیان. ئەگەرچی ڕەنگە جیاوازی لە ناوەڕۆکی شیعرەکان هەبێت، لەڕووی بونیادی دەربڕین و گوزارشتکردنەوە، وەلێ دواجار گوتار و ناوەڕۆکی سەرەکی هەردوو دەقە شیعرییەکە گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان. واتە هەردوو شیعرەکە لە زەمەنی غەریبی و دوورکەوتنەوە لە نیشتمان نووسراون. ئیدی بە تاسەوەن جارێکی تر بگەڕێنەوە نیشتمان و زێدی ڕەسەنی خۆیان. بۆیە هەردوو شاعیر هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوە دەژین، کە جارێکی تر بگەڕێنەوە نیشتمانەکانیان. لێرەوەش گوتاری سەرەکی هەردوو شیعرەکە، گوتاری گەڕانەوەیە بۆ ئەوێ، کە نیشتمانە، وەلێ بە جیاوازی گوزارشتکردنەوە.

لە شیعری (هەر دێمەوە)ی قەبانیی شاعیردا، دیالۆگی گەڕانەوە ئاڕاستەی یار دەکرێت، کە لەوێ، واتە لە نیشتمان جێی هێشتوە. بەڵام لە شیعری (ئەگەر ئەمجارە بێمەوە)ی پەشێودا، دیالۆگی گەڕانەوە ئاڕاستەی کۆی نیشتمانە بە هەموو شوێن و دیمەنەکانیەوە. بەو مانایەی شاعیر لەڕێی ئەو شیعرەوە وەسفی هەموو شوێنەکانی نیشتمان دەکات. هەروەها لە شیعری(هەر دێمەوە)ی قەبانی

شاعیردا یەقینێك هەیە بۆ گەڕانەوە، وەلێ لە شیعری پەشێودا ئەم یەقینە نییە. بەڵكو جۆرێك لە دوودڵی و گومان هەیە بۆ گەڕانەوەی، بە تایبەتیش، كە شاعیر لە شیعرەكەیدا دەڵێ: ئەگەر ئەمجارە بێمەوە. ئەمەش دەلالەت لەوە دەكات كە شاعیر هێشتا دڵنیا نییە لە شادبوونەوەی خۆی بە نیشتمان. دیارە ئەمەش پەیوەستە بە هەلومەرجی سیاسیی ئەو كات، كە بچووكترین ئومێدیش بۆ گەڕانەوەی شاعیر نەبوو. بۆیە دوو دڵ بووە لە گەڕانەوەی خۆی. وەلێ دواجار لە ناوەڕۆكی هەردوو دەقەكەدا، ئەو خەونە گەورەیەی قەبانی و پەشێو دەبینین بۆ شادبوونەوەیان بە نیشتمانیان. قەبانی خۆشەویستەكەی جێهێشتووە و پەشێویش نیشتمانەكەی، بۆیە هەردووكیان تاسەی گەڕانەوەیانە بۆ نیشتمان.
هەروەك قەبانی لە شیعری(هەر دێمەوە) دەڵێ:

**خۆشەویستم**
**لەم غوربەتە تەمەن بێ یادگاری**
**بەرەو پیری رامدەكێشێت...**
**مەترسە لێم...هەرچەند دووربم..**
**دووریم تەنیا چەند ڕۆژێكەو..هەردێمەوە...**
**لەگەڵ شنەی شەماڵ بێت...**
**لەگەڵ هاژەی رووباربێ...یان باڵی پیرۆزی پەڕەسێلكە....**

پەشێوی شاعیریش دەڵێ:

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە**
**سەرنج دەدەم:**
**زەرنەقوتە چۆن باڵ دەگرێ...**
**پەڕەسێلكە كۆچەرەكان**
**لە سەر تێلی كارەبا چۆن ڕێزدەبن...**

ئەگەر سەرنج لەناوەڕۆکی هەردوو شیعرەکە بدەین دەبینین، هەردوو شاعیر بەتاسەوە خەونی گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەبینن و تالاّوی ئەو دووریە دەچێژن. قەبانی خەمی ئەوەیەتی پیر ببێت و جارێکی تر نەتوانێ یارەکەی، کە لە نیشتماندا جێهێشتوە، ببینێتەوە. چونکە پیری سەرەتایەکە بۆ نزیك بوونەوە لە قۆناغێکی دیکەی تەمەن کە ئەویش مردنە. بۆیە خەمی شاعیر لێرەدا ئەوە نییە کە پیر دەبێت، کە خەسڵەتێکی حەتمی ژیانی مرۆڤەکانە، بەڵکو ترسی ئەو لەو پیربوونەدا لە غەریبی ئەوەیە، کە جارێکی تر خۆشەویستەکەی نابینێتەوە، بە هۆی دابڕان و دوورکەوتنەوەی لە نیشتمان. بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر بە ئومێدەوە دەژیت و یارەکەی دڵنیا دەکاتەوە، کە چەنێ ئەو دوورییە بخایەنێت سەرەنجام کۆتایی دێت و ئەو هەر دەگەڕێتەوە. ئەمەش پێچەوانەی تێڕوانینی پەشێوە، کە ئەگەرێکی خستۆتە گەڕانەوەی. واتە هێشتا دڵنیا نییە لەوەی کە ئاخۆ ئەو جارێکی تر دەگەڕێتەوە نیشتمانەکەی یاخود نا. کاتێ قەبانی شاعیریش هەست دەکات کە ناتوانێت بەجەستە بگەڕێتەوە نیشتمان، ئیدی دەیەوێت کرداری گەڕانەوە بە خەیالاّوی بکات. هەروەك خۆشی ئاماژەی پێدەکات کە لەگەڵ شنەی شەماڵ و باڵی پەرەسێلکە و هاژەی ڕووبار دەگەڕێتەوە. لێرەوەش ئەوەی دەگەڕێتەوە خەیال و ڕۆحی شاعیرە، دەنا بە جەستە شاعیر هێشتا دوورە لە نیشتمان. وەلێ کاتێ مرۆڤ لە خاك و نیشتمانی خۆی دادەبڕێت، ئیدی هەمیشە لەخەیاڵ و ئەندێشەی گەڕانەوە دایە بۆ ئەو شوێنە، وەك چۆن پەشێوی شاعیریش ئەگەر ئەمجارە بگەڕێتەوە سەرنج لەهەموو دیمەنەکانی نیشتمان دەدات، تەنانەت بە زەڕنەقوتە و پەڕەسێلکەکانی سەر تەلی کارەباشەوە. ئەم هێماکردنەی پەشێوی شاعیر دەلالەتە بۆ ئەوەی کە کاتێ مرۆڤ لە خاك و نیشتمانی خۆیدایە ئیدی ئەو پەیوەست بوون و خۆشەویستییەی نییە، بە دیمەن و شوێنەکانەوە. وەلێ کاتێ هەمان مرۆڤ ئاوارە و پەراگەندەی ولاّتانی تر دەبێت و لە نیشتمان و خاکی خۆی دوور دەکەوێتەوە، ئەوسا درك بەوە دەکات کە دوورکەوتنەوە لە نیشتمان چ برینێکی قوڵە، برینێك تەنیا بە شادبوونەوە بە نیشتمان ساڕێژ دەبێت. بۆیە پەشێو

غەمگینانە تاڕادەی پەشیمانبوونەوەش، ئەگەر ئەمجارە بگەڕێتەوە نیشتمان، سەرنج لە دارتێلەکانی سەرشەقام و زەڕنەقوتە و پەڕەسێلکەش دەدات، کە دەشێ ئەوکاتانەی لە نیشتمان بووە، هەرگوێشی پێ نەدابن! نەك هەر ئەمە بگرە گیایەکی تفتیش تێر تێر دەخوات و پێ و بەڵەکی لە شەونمی سارد هەڵدەسوی. هەموو ئەو دەربڕینانە گوزارشتن، بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خاکەکەی ئەو کاتانەی لە نیشتمان دوورە. ئەگەرنا دەکرێ بپرسین پەشێو ئەو کاتانەی لە نیشتمان بووە، بۆچی سەرنجی لە زەڕنەقوتە و دارتێلەکانی سەر شەقام نەداوە؟ خۆ ئەوکاتیش ئەو دیمەنانەی بینیون. وەلێ ئێستا چونکە لە نیشتمان دوورە، ئیدی بە خەیاڵ و بیرەوەری گەڕاوەتەوە سەر بچووکترین دیاردەی نیشتمانەکەی، هەربۆیەشە، بە تاسەوە خۆزگەی ئەوە دەخوازێت کە جارێکی تر بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە هەموو دیمەنەکانی وڵاتەکەی ڕابمێنێت. ئەمەش وەك هێمایەك بۆ دووری و دابڕان لە نیشتمان و تاسەی گەڕانەوە بۆی. لێرەوەش ئەگەر سەرنج لەو شیعرەی پەشێو بدەین، دەبینین شاعیر بە ئەندازەیەك غەریبی نیشتمانەکەی دەکات، تەنانەت دارتێلەکانی سەر شەقامیشی دێنەوە یاد. واتە ئەوەندە بە قووڵی تاسەی بینینەوەی نیشتمانەکەی دەکات. پێچەوانەی قەبانی شاعیر کە تەنها خەیاڵی لای یارەکەیە، کە ئاخۆ جارێکی تر دەیبینێتەوە یاخود نا. واتە جیاوازی نێوان هەردوو شاعیر لە گەڕاونەوەیان بۆ نیشتمانەکانیان لەوەدایە، قەبانی بەتەنیا لە سۆنگەی یارەوەیە تاسەی گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەکات وەلێ پەشێو لە سۆنگەی هەر هەموو نیشتمانەوە دەگەڕێتەوە. واتە دووریی پەشێو لێرە دووری مرۆڤێکە لە خاکەکەی، کە هەموو خۆزگەی جارێکی تر شادبوونەوەیە بە نیشتمانەکەی، بۆیە، بەپێچەوانەی قەبانی ، پەشێو خەیاڵ و بیری لای یەك بەیەکی دیمەنەکانی نیشتمانە، هەروەك خۆشی دەڵێت:

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە...**

**سەرنج دەدەم**

**گوڵەگەنم چۆن زەرد دەبێ...**

**هەنار و سێو چۆن پێ دەگەن..**
**قەتێیەکان**
**هێلانەیان چۆن چێ دەکەن!**
**سەرنج دەدەم**
**زەرنەقوتە چۆن باڵ دەگرێ...**
**پەڕەسێلکە کۆچەرەکان**
**لەسەر تێلی کارەبای ڕێ چۆن ڕیز دەبن...**
**جۆگەلەکان لە کوێوە دێن، بۆ کوێ دەچن...**
.....
**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە..**
**لەگۆی مەمکی هەر کانییەک**
**قومە ئاوێک دەخۆمەوە...**
**گشتیان دەکەم بەدایکی خۆم...**

پەشێوی شاعیر ئەوەندە غەریبی نیشتمانەکەی کردووە، ئەگەر جارێکی تر ژیان دەرفەتی پێ بدات بگەڕێتەوە نیشتمانەکەی، ئەوا بە تاسەوە سەرنج لەهەموو دیمەنەکانی نیشتمان دەدات. دووری و دابڕانی شاعیر لە نیشتمانەکەی کاریگەرییەکی ڕۆحی و دەروونیی وای لە سەر ژیانی شاعیر لە مەنفادا جێهێشتووە، ئەگەر جارێکی تر بگەڕێتەوە تاسەی ئەو دوورییەی خۆی بە هەموو دیاردەکانی نیشتمان دەشکێنێت، بەڵام قەبانی بە تەنیا مەبەست لەگەڕانەوەکەی بۆ نیشتمان بینینەوەی یارەکەیەتی و جگە لەمە خەیاڵی بەلای شتەکانی دیکەی نیشتماندا ناچێت. پەشێولە شیعری (ئەگەر ئەمجارە بێمەوە)دا، بە پێچەوانەی قەبانی شاعیرەوە، نیشتمان بە هەموو جوانی و یادەوەرییەکانییەوە، لە ڕێی ناوەڕۆکی شیعرەکەوە، دێنێتەوە نێو بوون و ژیانی خۆی، بۆیەشە لە شیعرەکەیدا، ئاماژەی بە هەموولایەنەکانی نیشتمان داوە. ئەگەرغەریبیی قەبانی، وەك شاعیرێك، بۆ نیشتمانەکەی لە سۆنگەی یارەوە بێت، ئەوا بۆ پەشێو لە

سۆنگەی خاك و نیشتمانەوەیە، بە تایبەتیش، مەنفا هەمیشە ئەوشوێنەیە کە تیایدا نوستالۆژیای گەڕانەوە بۆ نیشتمانی ڕاستەقینە لای مرۆڤەکان قووڵتر دەکاتەوە. واتە بیرکردنەوە لە نیشتمان لە مەنفادا جیایە وەك ئەوەی لە خودی نیشتماندا ئەو بیرکردنەوەیە بکەین، بەتایبەتیش، کە لە مەنفادا هەمیشە مرۆڤ، هەست بە جۆرێ لە بێ ناسنامەیی و غەریبی و بێکەسی دەکات. پەشێو، چونکە دووری و دابڕانی لە کوردستان، کاریگەرییەکی گەورەیان لە سەر هەست و نەست و تێڕوانینی جێهێشتووە، ئیدی لە شیعری "ئەگەر ئەمجارە بێمەوە"دا بە تاسەیەکی زۆرەوە چاوەڕوانە بگەڕێتەوە نیشتمانی، کە دەگەڕێتەوەش سەرنج لە هەموو جوانی و ناشرینییەکانی نیشتمان دەدات و تاسەی دووریی خۆی بە هەموو شتەکان دەشکێنێت. خۆشبەختانە، دوای ساڵانێکی زۆر لە غەریبی و دابڕان لە نیشتمان، پەشێوی شاعیر جارێکی تر بە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆی شادبۆوە، کە لە شیعری ئەگەر ئەمجارە بێمەوە، وەسفی کردووە، وەلێ نازانین ئایا لە ڕوانگەی پەشێوەوە ئێستا نیشتمان هەمان ئەو نیشتمانەیە، کە ئەو لە شیعری "ئەگەر ئەمجارە بێمەوە"دا وێنای کردووە، یاخود نیشتمانێکی دیکەیە، کە ئەو خۆزگەی نەدەخواست بەم شێوەیە بێت؟! هەرچییەك بێت، دواجار ئەو شیعرەی پەشێو شاکارێکی ئەدەبی گەورەیە، گەورە وەك شاعیر، سەربەرز وەك شاعیر....

* سەرچاوە: هەفتەنامەی "ڕێگای کوردستان"، ژمارە (٩٩٠) ساڵی ٢٠١٢.

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەتەکان |
| --- | --- |
| | پێشکەشە بە |
| ١٨ | خەونێک، پڕ مەراق و ماندوویەتی،<br>زیاد نادر عاڵڵایی |
| | بۆ برای بەڕێز عەبدوڵڵا پەشێو<br>مارف خەزنەدار |
| | پێشەکی<br>دکتۆر مارف خەزنەدار |
| | درامای "مردن" لە ئێستێتیکای ڕامانە شیعرییەکانی پەشێودا<br>ناسح حوسێن سلێمان |
| | شنەبای ئێوارانی شیعرەکانی پەشێو - بەشی یەکەم<br>ناسح حوسێن سلێمان |
| | شنەبای ئێوارانی شیعرەکانی پەشێو - بەشی دووەم |
| | ناسح حوسێن سلێمان |
| | شنەبای ئێوارانی شیعرەکانی پەشێو - بەشی سێیەم |
| | ناسح حوسێن سلێمان |
| | ئافرەت لە فێمینیتی شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا |
| | ناسح حوسێن سلێمان |
| | شاعیری بەڕاستی پەشێویزم لە چەمکی شۆڕشەوە بۆ ڕێنیسانس |
| | ناسح حوسێن سلێمان |
| | شیعر وەك چەك |
| | کامەران جەوهەری (هەڵوەدا) |
| | پەشێو، شاعیرێك لە ڕەگەزی سەربزێوی |
| | ن. ڕەزا کەریم مجاور(تاپۆ) لە فارسییەوە: کامەران (هەڵوەدا) |
| | پەشێو، مناڵێکی سەرسپی |
| | کامەران جەوهەری (هەڵوەدا) |
| | مەتەرێزی خەون |
| | کامەران جەوهەری(هەڵوەدا) |
| | هێورکردنەوە |

| بابەتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| کامەران جەوهەری (هەڵوەدا) | |
| لەو لووتکانەی تیلماسکی خۆرێك چراوگی چاوی دوو پڵنگی ... | |
| کامەران جەوهەری (هەڵوەدا) | |
| پەشێو، لە نێوان عەشق و نیشتماندا | |
| کامەران جەوهەری (هەڵوەدا) | |
| سۆزی منداڵ.... لە ڕوانگەی شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا | |
| ئەمین چاوڕەش | |
| عەبدوڵڵا پەشێو قەیرانی شووناس لە کەلتووری خوێن و پیترۆڵدا | |
| عەتا قەرەداخی | |
| لایەنی کوردایەتی لە شیعرەکانی "عەبدوڵڵا پەشێو"دا | |
| هەڵۆ بەرزنجەیی | |
| گوڵاڵە سوورەی نیشتمان | |
| هەردی شەفیق | |
| "پەشێو" لە شیعری گەورەی "ژن"دا | |
| فەرامەرز ئاغابەگی | |
| گەشبینیی گەڕانەوە لە شیعری "چاوەنواڕی"ی* پەشێودا | |
| سوارە نەجمەدین | |
| یا خوا ئەو ئاگرە هەر گڕفەی بێ | |
| سلێمان دڵسۆز | |
| لە سێدارەدانی عەبدوڵڵا پەشێو | |
| سوهراب لەحافدوزی | |
| بەفرەڵۆك | |
| دڵشاد عەبدوڵڵا | |
| لایەنێك لە دنیای تایبەت بە پەشێو | |
| ناسر باباخانی | |
| عەبدوڵڵا پەشێو قوربانیی مێژووی ئاوەژوو | |
| تەڵعەت تاهیر | |
| بۆ پیاوە سپییەکە، بۆ عەبدوڵڵا پەشێو... | |
| نووری بێخاڵی | |
| دراما لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا دیوانە شیعری... | |
| سابیر ڕەشید | |

| بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| خوێندنەوەی دوو شیعری (سەربازی ون) و (پێڵێنان)ی عەبدوڵڵا پەشێو | |
| سەعدوڵڵا نووری | |
| پەشێو لە ڕوانگەی کەسایەتی، هەڵوێست و شاعیرییەوە... | |
| سەعدوڵڵا نووری | |
| سەمای شیعر لە بەستەڵەکی ژووروودا قسەکردنێک لەسەر شیعری... | |
| جەبار سابیر | |
| سەنگرانەوەیەک "لەبەر دەرگەی" پەشێودا | |
| ڕزگار خۆشناو | |
| جەنتاکەی هەڵگرت دابەزی | |
| ڕزگار خۆشناو | |
| ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی پەشێو لە شیعری (ئەوپەڕی تینوویێتی)دا | |
| شاخەوان فەرهاد محەمەد | |
| زمانی شیعری پەشێو | |
| شاخەوان فەرهاد محەمەد | |
| زمانی پەشێو سووتمانێکی گڵپەداره | |
| شاخەوان فەرهاد محەمەد | |
| دوانزە وانە بۆ منداڵان و چەند تابلۆیەک | |
| ئازاد مستەفا (ڕزگار) | |
| ئیستێک لەسەر ژیانی عەبدوڵڵا پەشێو | |
| زیاد نادر عاڵڵایی | |
| دوو ئاوا بوون عەبدوڵڵا پەشێو، لە نێوان ڕەنگ و ماناکانی ڕەنگدا | |
| سامی هادی | |
| ئستاتیکای شار لە نێوان (گۆران) و (پەشێو)دا (مۆسکۆ بە نموونە) | |
| سەدیق سەعید ڕواندزی | |
| تاسەی گەڕانەوە لە شیعری (هەردێمەوە)ی نزار قەبانی و ... | |
| سەدیق سەعید ڕواندزی | |
| پێرست | |